# پێشەکی

**.١/ ) ناونیشانی نامەکە:**

**ناونیشانی نامەکە بریتییە لە (سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا)، لێکۆڵینەوەیەکی واتایی و پێکهاتەییە، بۆ تیشکخستنەسەر پەیوەندیی سینۆنیمیی لە نێوان یەکەکانی هەریەك لە ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیی سنووری ناوچەی گەرمیان، بەشێوەیەکی پراکتیکی و مەیدانی.**

**.٢/) هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

**دەرخستن و دەست نیشان کردن و ناساندنی پێکهاتە سینۆنیمییەکانی ناوچەی گەرمیان و پاراستن و چەسپاندنیان، لەفەوتان و ڕزگارکردنیان، بۆ ئەوەی بە گشتی بەر شاڵاوی کارتێکردنی زمانی عەرەبی و تورکمانی و جیهانگیری (عەولەمە) نەکەون.**

**.٣/) کەرەستە و سەرچاوە بەکارهاتووەکان:**

**ئەو کەرەستانەی، کە لە نووسینی ئەم نامەیەدا بەکارهێنراون پەیوەندییان بە شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەکەرانی ناوچەی گەرمیانەوە هەیە، هەر بۆیە کەرەستەی نموونەکانیش، کە بەکارهێنراون بەپلەی یەکەم زمانی ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەی گەرمیانە، کە لە ڕێگەی ئەو سەردان و چاوپێکەوتنە پراکتیکی ومەیدانیانەی کردوومانن، لەگەڵ سودوەرگرتن لە هەندێك نموونەی نووسراوی ئەو ناوچەیە بەدەستهاتوون. لە پاڵ ئەمانەشدا کەڵك لەو سەرچاوانەی کە بەزمانی کوردی و فارسی وعەرەبی و ئینگلیزی و ڕووسی نووسراون وەرگیراوە، بۆ دەرخستن و پیشاندان و سەلماندنی بۆچوونەکانی لێکۆڵینەوەکە.**

**.٤/) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:**

**بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی و سەرەکی ڕێبازی پەسنی (وەسفی) پەیڕەوکراوە، ڕەنگە هەندێکجار لە هەندێك شوێندا، (بەتایبەتی لە بەشی سێیەمدا) لە پێناو زیاتر خزمەتکردن و ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و بە مەبەستی زیاتر گەیشتن بە ئەنجامە ڕاست وزانستییەکان، ڕێبازی گوێزانەوە، بەپێی پێویست کاریان کردبێتەسەر نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە و پەنای بۆ برابێت.**

**٥/.) گرفتی نامەکە:**

**لە گرنگترین گرفتەکانی ئەم نامەیە:**

نەبوونی نەخشەیەکی باوەڕ پێکراو و چەسپێنراو دەربارەی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کە بتوانین پشتی پێببەستین گرفتی سەرەکی نامەکەمانە، ئەمەش وای لێکردین لەنووسینی ئەم نامەیەدا پشت بەلێکۆڵینەوەی مەیدانی ببەستین.

**٦/.) ناوەڕۆکی نامەکە:**

نامەکە، لە پێشەکی وسیٚ بەش و ئەنجام و پاشکۆیەك پێکهاتووە بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:** کە بە ناونیشانی (سینۆنیم وەك دیاردەیەکی واتایی)یە، تیایدا بەشێوەیەکی گشی لایەنی تیۆری بابەتەکە دەگرێتەوە و کۆمەڵە باسێك لەخۆدەگرێت، لەوانە: باسکردن و ناساندنی چەمك و زاراوەی دیالێکت و دیاریکردنی هۆکاری سەرهەڵدانی و دابەشکردنی دیالێتکەکانی زمانی کوردی و دەستنیشانکردنی جیٚ و شوێنی شێوازی ئاخاوتنی ناوچەی گەرمیان، لە ناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، هەر لەم بەشدا باس لە واتا و یەکەواتاییەکان و پەیوەندییە واتاییەکان کراوە، دواتر باس لە چەمك و زاراوەی سینۆنیم کراوە لە ڕوانگەی تیۆرە زمانەوانییە جیاوازەکانەوە، لەگەڵ تیشکخستنەسەر ڕۆڵ و گرنگی سینۆنیم لە زماندا، هەروەها ئاماژە بە هۆکارە و سەرچاوەی سەرهەڵدان و درووستبوونی سینۆنیم و جۆرەکانی دراوە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا پەیوەندی دیاردەی سینۆنیم و چەند دیاردەیەکی واتایی وەکو پۆلۆسیما و هایپۆنیم خراوەتەڕوو.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە (سینۆنیم لە چوارچێوەی فۆنێم و مۆرفیم و وشەدا)، بەشێوەیەکی پراکتیکی پەیوەندی سینۆنیمی لە چوارچێوەی فۆنێمدا پیشاندراوە، پاشان باسمان لە پەیوەندی سینۆنیمی لە سنوری مۆرفێم و جۆرەکانیدا کردووە، بەپێی ئەو پۆلێنبەندییەی، کە (فرۆمکین) بۆ مۆرفێمی کردووە، دواتر پەیوەندیی سینۆنیمیی لە سنوری بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتندا خراوەتەڕوو، لە کۆتایی ئەم بەشەدا سینۆنیم لە سنوری مۆرفێمە بەندە گراماتیکی و وشەداڕێژەرەکاندا پیشاندراوە.

**بەشی سێیەم:** بۆ (سینۆنیم لە چوارچێوەی فرێز و ڕستە)دا تەرخانکراوە، لەم بەشەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی باس لە دیاردەی سینۆنیم لە چوارچێوەی فرێزدا کراوە و هۆکارەکانی بە سینۆنیمبوونی بە وردی خراونەتەڕوو، پاشان ئاماژە بە هەندێك پەیوەندی واتایی لە ئاستی ڕستەدا دراوە، دواتر سینۆنیم لە چوارچێوەی ڕستەدا پیشاندراوە، لەگەڵ دەرخستنی هۆکارەکانی سینۆنیمبوونی ڕستەکان، گۆشەیەکی تری ئەم بەشە بۆ پیشاندانی سینۆنیم لە هەندێك چەمك و دەستەواژەی واتایی و کۆمەڵایەتی تەرخانکراوە، وەك: ئیدیۆم، سوێندخواردن، دوعاکردن، سڵاوکردن.

## 1/1) دیالێکت، چەمك و تێڕوانین

### ١/١-١) زاراوە و چەمکی دیالێکت:

زاراوەی دیالێکت (Dialect) لە بنەڕەتدا لاتینییە و دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان ((بۆ یەکەمجار یۆنانییەکان بەشێوەی (Dialektos) بەکاریانهێناوە، یۆنانییەکان ئەو زاراوەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەکارهێناوە))(عەبدولمەناف ڕەمەزان احمد: ٢٠٠٩ :١٠)، واتە یۆنانییەکان بە زمانی فەرمی و ئەدەبییان گوتووە (Dialektos)، بەلاّم ((زاراوەی (patios) یان بۆ زمانی چینە نزمەکانی ناو کۆمەڵ بەکارهێناوە))(J.K. Charmbers and Peter Trudgill:2004:30).

هەرچەندە دواتر (palios)، ((وەکو زاراوەیەك لە بواری دیالێکتۆلۆجیدا بەکارهاتووە، بەکارهێنانەکە بە مەبەستی بەشە دیالێکت بوو)) (عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد:٢٠٠٩:١٠).

وەك زۆربەی زمانانی جیهان، لە زمانی کوردیدا، زاراوەی دیالێکت (Dialect) بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە کۆمەڵێك زاراوەی تریش هەیە وەك: (زار، زاراو ، زاراوا، زاراوە، شێوە، بەش، بن، خوار، نیمچە، بێچوو، لەهجە ، دیالێکت)(حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥:٣٢٩-٣٣٠)، بۆ دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکان داتاشراوە، هەروەها هەندێکجار لەبری دیالێکت و نیمچە دیالێکتدا، زار و وەچەزار بەکاردەهێنرێن، (نیعمت علی سایە: ٢٠٠٤:٥).

دیاردەی هەبوونی چەند دیالێکتێك لە زمانی کوردیدا، وەك هەموو زمانێکی تری جیهان، دیاردەیەکی زمانەوانی سروشتی و ئاساییە، چونکە ((زمانی هەر میللەتێك بەتەنیا بگریت، ئاوێنەو دەربڕی عەقڵو هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی بەرامبەر بە سروشت و دەورووبەرو جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر، هەر ئەو تێگەیشتنە، جیاوازەشە کە دەبێت بە بناغەی سەرهەڵدانی ئەو نیشانە تایبەتی و گرنگ و بەرچاوانەی کە مرۆڤ لە شتدا، هەستییان پێدەکات و دواتر لە ناوناندا، بەکاریان دەهێنێت))(فاروق عومر سدیق:٢٠١١:٣٩١).

لە ئاستی تاکیشدا، زمان ڕەنگدانەوەی چالاکی بیری مرۆڤە، لە ناو کۆمەڵگادا، بیری مرۆڤەکانیش چوون یەك نین و لە یەکتر جیاوازن، بۆیە شێوەی ئاخاوتن و دەربڕینی مرۆڤێك بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە و لەیەکتر ناچێت، ئەمەش دەبێت بە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی دیالێکتی تاکەکەسی، کە ((بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر))(ڕەفیق شوانی:٢٠٠١:٦٦) .

زۆرجار دیالێکت چوارچێوەی تاکەکان دەبەزێنێت و دەردەچێ و سنورو ناوچەیەك لەخۆدەگرێت، بەم جۆرەش دیالێکت ((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا و ئەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە چەند تایبەتییەکی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی خۆی هەیە، بەلاّم لە هەمان کاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو

خەڵکە))(کامل حسن بصير:١٥:١٩٨٤)، بۆیە هەندێکجار ((شێوەی ئاخاوتنی دێیەك لە دێیەکی تر و شارێك لەگەڵ شارێکی تر و ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەکی تر جیاوازە))(عەبدولواحید موشیر دزەیی:١٧:٢٠١١)، لە ئاکامدا ئەم جیاوازیانە دەبنە فاکتەری دروستبوونی دیالێکت‌و نیمچە دیالێکت لە ناو زماندا، چونکە ((کاتێك زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر لە نێو چوارچێوەی هەمان زمان جیاوازی ئاشکرای هەبێت، ئەوا ئەم جیاوازییە پێی دەگوترێت دیالێکت))(غازی عەلی خورشید:٢٤:٢٠١١).

زمانەوانان سەبارەت بە دیاردە و پێناسەی دیالیکت، ڕاوبۆچوونێکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا بەدیناکرێت، چونکە ((لە کۆمەڵێ ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە دیالێکت کۆڵدراوەتەوەو پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە (کۆمەڵایەتی، ئابوریی، دەرونیی، سیاسیی، مێژوویی، زمانەوانیی، ...هتد)،))(نەریمان عەبدوڵا خۆشناو:٤٩:٢٠١٤).

ئێمە لێرەدا هەندێك لەو پێناسانەی، کە زمانەوانان بۆ دیاردەی دیالێکت کردوویانە دەخەینەڕوو:

یوسف شەریف سەعید بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە))(یوسف شەریف سەعید:٢٤٧:٢٠١١).

نەریمان عەبدوڵا خۆشناو بەم جۆرە پێناسەی دیالێکتی خستووەتەڕوو: ((دیالێکت شێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە دەبێتە تایبەتمەندییەك و بەهۆیەوە ئاخێوەرەکانی ناوچە جیاوازەکانی تاکە زمانێك لەیەکتر جیادەکرێتەوە))(نەریمان عەبدوڵا خۆشناو:٥٢:٢٠١٤).

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانرێت بگوترێت: دیالیکت بەو شێوە ئاخاوتنە دەگوترێت کە لە ژینگەیەکی تایبەت‌و دیاریکراودا کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی زمانی لەخۆدەگرێت، کە سەرجەم تاکەکانی ئەو ژینگەیە لەم تایبەتییە زمانییەدا هاوبەشن، ژینگەی دیالێکت بەشێکی تایبەتە لە ژینگەی گشتی زمانێك، بەم بێیە ((سنوری دەسەڵاتی زمان، فراوانترە لە زار))(سەلام ناوخۆش:١٥٥:٢٠١٢)، واتە دیالێکت بەشێکە لە زمان، لەبەرئەوەی هەموو دیالێکت‌و نیمچە دیالێکتەکانی زمانێك دەکەونە ژێر چەترو سێبەری ئەو زمانەوە، بۆیە پەیوەندی نێوان زمان‌و دیالێکت پەیوەندییە لە نێوان گشت‌و بەشدا.

بوونی چەند دیالێکت‌و نیمچە دیالێکتێك لە زماندا مایەی لەنگی نییە، بەڵکو بنەماو فاکتەرێکی دیارو گرنگەو ڕۆڵی گەورەو فراوان لە گەشەسەندن‌و دامەزراندن‌و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی ستانداردی نەتەوەیەکدا دەگێڕێت، ئەمەش لە ئەنجامی بوونی فۆرمی جیاواز بە هەمان واتا (سینۆنیم) لە دیالێکت‌و نیمچە دیالێکتەکانی هەمان زماندا سەرهەڵدەدات. وەکو:

**مریشك ≈ مامر ≈ كەرگە**

**مراوی ≈ سۆنی/ سۆنە**

فۆرمی جیاواز | ( فاروق عمر سدیق:٢٠١٥:١٥٥)    بە

هەمان واتا

**گلیا ≈ ڕمیا ≈ كەفت / كەوت**

**ژنەفت ≈ بیست**

**سەندن ≈ كڕین**

**كوچك ≈ بەرد**

## ١/١-٢) هۆكارەكانی سەرهەڵدانی دیالێكت:

### ١/١-٢-١) هۆكاری ئابووری:

**یەكێك لە هۆكارە سەرەكی و بنچینەییەكانی سەرهەڵدان و دروستبوونی شێوەی ئاخاوتنی جوداجودا و دواتر سەرهەڵدانی دیالێكت و نیمچە دیالێكت لە نێو زماندا، بەتوندی و ڕاستەوخۆ پەیوەست و گرێدراوە بە هۆكاری ئابوورییەوە، دەكرێت سەرچاوەی هەموو هۆكارەكانی تری وەك (سیاسی، كۆمەڵایەتی، تاكەكەسی، جوگرافی ...هتد )، لە پەیدابوونی دیالێكت و نیمچە دیالێكتەكاندا، لە بنچ و بناغەدا لە ژێر كاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم هۆكارە سەرهەڵبدەن، چونكە لە دەرئەنجامی جیاوازی باری ئابووری تاكەكانەوە، جیاوازی چینایەتی نێوان توێژەكانی ناو كۆمەڵگا لە هەموو بوارە جیاجیاكانی ژیاندا دێتە كایەوە ، دواتر بەهۆی ئەو جیاوازییەوە، جیاوازی لە كار و پیشە و ئاستی خوێندەواری و باری زانستی و مەعریفی و ڕۆشنبیری درووست دەبێت، هەموو ئەمانەش ڕۆڵ لە سەرهەڵدانی شێوازی ئاخاوتنی جیاجیا، كە بنەمای سەرهەڵدانی دیالێكتەدا دەگێڕن، ئەمە جگەلەوەی دەوڵەمەندی و بەپیێزی خاك و نیشتیمان زۆرجار دەبێتە فاكتەری داگیركردن و بەشبەش كردنی ناوچەكانی (كوردستانی گەورەش) باشترین بەڵگەی سەلماندنی ئەم ڕاستییەن، كە لەڕووی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەوە لە یەكتر دابڕاون و ((یەكێتی ئابووری لە نێوان هەموو بەشەكانیدا نابینرێت تابیان بەستێتەوە بە یەكتر. ئا ئەم بارودۆخە، هۆی ڕاستەوخۆیە بۆ پەیدابوونی زار و گەشەسەندنی لە زمانی كوردیدا))(ڕەفیق شوانی:٢٠٠١:٧٤)، گەشەسەندنی باری ئابووری فاكتەرێكی كارایە، لە ئاسانكردنی هاتوچۆی نێوان خێڵ و هۆز و ناوچە دەوورەكان، كە**

لەئاکامدا زۆر جار جیاوازی شێوەی ئاخاوتنەکان بەرە و کزی دەبات، هەروەها لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە، دیاردەی سەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکتی بەرەو کاڵبوونەوەی بردووە، کە ئەمەش دیسان هۆکارەکەی هەر ئابوورییە، کەواتا کاریگەری هۆکاری ئابووری لە سەرهەڵدان و کاڵکردنەوەی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکاندا دوو جەمسەرییە.

### ١/١-٢-٢) هۆکاری سیاسی:

خاکی کوردستان لە دێرزەمانەوە پێگەی شەڕوشۆڕو ململانێی نێوان داگیرکەران و زلهێزەکانی جیهان بووە، بۆیە نەتەوەی کوردیش هەرگیز نەیتوانیوە یەکگرتنێکی سیاسی بۆخۆی دەستەبەربکات، بە شێوەیەك، کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی پەرژینێك لە نێوان ناوچەکانی کوردستاندا، دواتر ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد لە بواری سەرهەڵدانی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا دەرکەوتووە، (هەرچەندە بە درێژایی مێژوو چەند دەوڵەت و میرنشینێکی ناوچەیی لە کوردستاندا دامەزران، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستەڵاتیان بەسەر گشت کوردستاندا نەبوو، دواتر زمانی ناوچەییان کردووەتە زمانی فەرمی)(فواد حەمە خورشید:١٩٨٥:٤٤)، کەواتە دەسەڵاتی زمانی هەر میرنشینێك لە سنوری میرنشینییەکەی تێنەپەڕیوە، هەروەها لە سەدەی بیستەمی ڕابردودا بە دیاریکراوی لەساڵی (١٩٢٣)دا، خاکی کوردستان بەر دابەشکردنێکی ترسناك کەوتووە، ئەمەش بە دابەشکردن و دابڕانی خاکی میللەتی کورد بەسەر (عێراق و ئێران و سوریاو تورکیا)دا کۆتایی هات و ئەنجامەکەشی دروستکردنی لەمپەرو پەرژینێکی قایم بوو، لە بەردەم مرۆڤی کورددا، کە ناتوانێت لە سنوری دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر بە ئاسانی هاتوچۆ بکات، کەواتە باری ئاڵۆزی سیاسی کوردستان وەکو وڵات و نەتەوەیەکی دابەشکراوو لێکدابڕاو بووە هۆکاری سەرهەڵدانی جیاوازی شێوەی ئاخاوتنی دانیشتوانی هەرچوار پارچەی کوردستان و دواتر دروستبوونی دیالێکتی جیاجیا لە زمانی کوردیدا.

هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا باشوری کوردستان خاوەن قەوارەیەکی سیاسی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین زمانی ناوچەیی (دیالێکت) خزمەت دەکرێت و پەرەدەسێنێت، ئەم دیاردەیەش زۆر بە ڕوونی لە ڕاگەیاندنەکانی ئەمڕۆدا لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا دەبینرێت و بۆتە هۆی ئەوەی هەر ناوچەیەك شانازی بە زمانی ناوچەیی خۆیەوە بکات و بەو شێوەیە بنوسێت و هەوڵی یەکگرتن و دامەزراندنی زمانێکی یەکگرتووی ستاندارد فەرامۆشبکرێت، کە ئەمەش هۆکارەکەی دیسانەوە هەر سیاسییە، کەواتە هۆکاری سیاسی ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ و بنچینەیی لەسەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانیدا دەگێڕێت.

بۆیە دەکرێت بوترێت هۆکاری سیاسی لەسەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، کە هەندێکجار هۆکارەکان ناوخۆیین و هەندێکجاریش دەرەکین.

### ٣-٢-١/١) هۆکاری جوگرافی:

تۆپۆگرافیای کوردستان زۆرجار بووەتەمایەی جۆرە بڵاوبوونەوەو گەمارۆدانێکی سروشتی بۆ مرۆڤی کورد لە چوارچێوەیەکی جوگرافیدا، ئەمەش ڕۆڵ و کاریگەری لە ترازاندن و کەمبوونەوەی تێکەلأوی خێڵەکاندا لە چەرخە کۆنەکان و لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا هەبووە، لە ئەنجامدا سەرهەڵدانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لێکەوتووەتەوە، بەشێوەیەك هەر ناوچەیەك بۆ ناولێنانی کەرەستەکانی دەوروبەر هەندێك وشەو زاراوەو دەستەواژەی تایبەت بەکاربهێنێت و سیمای زمانیی تایبەتی پێببەخشێت، کە لەگەڵ شێوەی ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەکانی تردا جۆرە جیاوازییەکی هەبێت، هەر ناوچەیەك لەگەڵ دیالێکتی ناوچەکانی تردا جیایە، بەجۆرێك هەندێك وشەو زاراوە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت بەبێ ئەوەی لە ناوچەکانی تر بەکاربێت، واتە هەر ناوچەیەك دەبێتە خاوەن خەسڵەتی تایبەتی خۆی لە ئاستە جیاوازەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکیدا ((ئەو دیالێکتانەی کە لە مەودای شوێنەوە سەرهەڵدەدەن، بە دیالێکتی جوگرافی یان هەرێمی ناودەبرێت))(نەریمان عەبدوللا خۆشناو:٢٠١٤:٥٣) یان هەندێك جار ئەم دیالێکتە بە ((دیالێکتی خۆجێی دەناسرێت یان بە دیالێکتی جوگرافی ناو دەبرێت وەکو کوکنی (Cockny) لە لەندەن))(یوسف شەریف سەعید:٢٠١١:٢٤٨)، کەواتە هۆکاری جوگرافی دەبێتە فاکتەری ((گۆشەگیربوونی گروپێك لە قسەکەران، بە تێپەڕبوونی کات جیاوازی دروستدەبێت پێی دەگوترێت دیالێکت، یان نیمچە دیالێکت))(عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم:٢٠١٤:٤٠) هەروەها لە ئەنجامی گەشەکردنی لێکۆڵینەوەکان لەسەر دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکان بە شێوەی پراکتیکی و لەکاری مەیدانیدا، ئەتڵەسی زمانیی لەدایکبوو، کە بە داهێنانێکی ئەوروپی لەقەڵەم دەدرێت و مێژووی سەرهەڵدانی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە لەسەر دەستی زانایانی دیالێکتۆلۆژی جۆرج فینکەر (Gorg wenker) ی ئەڵمانی و جولز چیلیرۆن ( Golz Gillieron) ی فەرەنسی هاتووەتەکایەوە، فینکەر یەکەم کەس بوو لە مێژوودا کە ئەتڵەسی زمانی لە ساڵی (١٨٨٧)دا بۆ زمانی ئەڵمانی داناوە (یوسف شەریف سەعید:٢٠١١:٦٧)، بۆیە دەتوانرێت بوترێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، هۆکاری جوگرافی لە سەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، خەریکە کاریگەری لاوازتر دەبێت لە ژیانی ڕۆشنبیری هاوچەرخی کوردیدا.

### ١/١-٢-٤) هۆكاری كۆمەڵایەتی:

مەبەست لە هۆكاری كۆمەڵایەتی، دابەشبوونی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگایە، بە واتایەكی تر جیاوازی نێوان تاكەكان لە ڕووی كۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕۆشنبیرییەوە، وەك باڵادەستی، پلەوپایەی كۆمەڵایەتی، جۆری كار و پیشە، ئاستی خوێندەواریو نەخوێندەواری، ڕادەی جیاوازیی ڕۆشنبیریو بیركردنەوەی جیاواز، كاریگەریو ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر شێوەی دەربڕینو ئاخاوتنی تاكەكاندا هەیەو دابەشیان دەكات بەسەر چەند چینێكی جیاواز لە ناو كۆمەڵگادا، هەر یەكە لەو چینە جیاوازانەش خاوەن تایبەتمەندی خۆیانو لە ئەنجامی دابەشبوونی كۆمەڵایەتی ناو كۆمەڵگاشەوە دیالێكتی كۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە، ئەمەش ((هەموو ئەو جیاوازییە زمانەوانیانە دەگرێتەوە كە لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا هەستی پێدەكرێت كە پشت بە جیاوازی چینەكانی كۆمەڵو بۆنەو تەمەنو ڕەگەز دەبەستێت لە بری جیاوازییە ناوچەییەكانی دابەشبوونی دانیشتوان))(بەكر عومەر عەلیو شێركۆ حەمە ئەمین:٢٠٠٦:٢٢) بەم شێوەیە جیاوازی كۆمەڵایەتی ڕۆڵێكی گرنگو كاریگەری هەیە لە سەرهەڵدانو دروستبوونی دیالێكت، چونكە ((ژینگەی كۆمەڵایەتی شارو شارۆچكەو گوندو هۆزو ناوچە جیاوازی لە نێوان قسەپێكەرانیان دروستدەكات))(یوسف شەریف سەعید:٢٠١٢:٦٨).

پەیوەست بە توێژینەوەكە، دەتوانین ناوچەی گەرمیان بە نموونە بهێنینەوە، چونكە چەندین تیرەو هۆزو تایفەی جیاوازی وەك (جاف، زەنگەنە، كاكەیی، شوان، بەرزنجی، باجەلان، لەك، داودە...هتد)، لە خۆدەگرێتو هەریەكە لەو هۆزانەش شێوەی ئاخاوتنی جیاوازیان هەیە، ئەم جیاوازیەش دیالێكتی گەرمیانیان پێكهێناوە، بۆیە خوڕەوشتو دابونەریتی ناو كۆمەڵو دابەشبوونی چینەكانی كۆمەڵ، لەگەڵ ئەندازەی ڕۆشنبیریو بیركردنەوەی جیاواز، فاكتەرێكی سەرەكی پەیدابوونی دیالێكت و نیمچە دیالێكتە.

### ١/١-٢-٥) هۆكاری بەریەككەوتنی قسەكەرانی زمان:

ئەو ناوچانەی، كە دەبن بە هاوسنور لەگەڵ زمانێكی دیكەداو دوای بەریەكەكەوتنو تێكەڵكردنی نێوان قسەكرانیان دەكەونە بەر كاریگەریو كارتێكردن لەسەر یەكتر، بە تایبەتی لە ڕووی دەنگو گراماتیكو سیمانتیكەوە، واتە ((ململانێی نێوان دوو زمان بە گرنگترین هۆكاری دروستبوونی دیالێكت دادەنرێت))(عوسمان كەریم عەبدولڕەحمان:٢٠١٤:٤١)، ئەم ڕاستیەش لە ناوچەی گەرمیاندا بە ڕوونی بەرچاودەكەوێت، چونكە ڕووبەرێكی زۆری ناوچەی گەرمیان دراوسێتیو تێكەڵی لەگەڵ زمانەكانی (عەرەبی، توركمانی) دا هەیەو بەریەك دەكەون. بەتایبەتی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، چونكە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە تاوەكو پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١) لەم ناوچەیەدا زمانی عەرەبی زمانی خوێندن بووە، هەروەها لە هەموو دامودەزگا حكومییەكاندا

زمـانی عـەرەبی بـەکاردەهات، ئـەم بەریـەك کەوتنـەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر شـێوەی ئاخـاوتنی دانیشتوانی گەرمیان هەبوو، ئەمەش تا ڕادەیەك کاریگـەری خراپـی لەسـەر گەنجینـەی فەرهـەنگی تاکـەکان و فەرهـەنگی گشـتی زمـان هـەبووە، چـونکە زۆرجـار بەریەککـەوتنی نێـوان زمانـەکان فاکتەری وەرگرتنو خواستنی وشـە و دەربڕاو و دەستەواژەی زمـانی بەرامبـەر و بـەکارهێنانیان سـەرهەڵدەدات و لـە ئەنجامـدا هەنـدێکجار جێلـەقکردنی وشـە و دەربڕاوەکـانی زمـانی یەکـەمی لێدەکەوێتـەوە، بۆیـە بەریەککـەوتنی زمانـەکان فاکتـەرێکی کاریگـەرە بـۆ سـەرهەڵدانی دیالێکتـە جیاوازەکان.

## ١/١-٢-٦) هۆکاری تاکەکەسی:

ئاشکرایە، بەپێی تایبەتمەندی تاکەکەسیو کەسایەتی مرۆڤ ((ئاخاوتنی مرۆڤێك لە ئاخاونی مرۆڤێکـی تـر ناچێت))(غازی فـاتیح وەیـس:١٩٨٧: ١٢٥) واتـە بـەکارهێنانی وشـەو دە ستەواژەو ئەتەکێتی دەربڕینو شێوازی قسـەکردنی کەسێك لـە کەسێکی دیکـە جیاوازە و چوونیەك نییـە، چـونکە شـێوازی ئاخـاوتن و دەربـڕینی هـەموو تاکێـك ڕەنگدانـەوەی سـەرجەم تایبەتمەندییـە ناوازەکـانی ئـەو کەسـەیە، لـەم ڕوانگەیـەوە دیـالێکتی تاکەکەسـی دەردەکـەوێت، کـە تێکـڕای جیاوازییە کەسییەکان لەخۆدەگرێت، چونکە بێگومان شێوازی ئاخـاوتنی مامۆسـتایەکی پسـپۆر لە بواری زمانەوانیدا، جیاوازە لەگەڵ شێوازی ئاخاوتنی کەسێکی نەخوێندەواری ناو بـازاڕ، هـەر ئـەم جیاوازییـەش جیـاوازی دیـالێکتی کەسـەکەکان دێنێتـە ئـاراوە، کـە خـۆی لـە دیـالێکتی تاکەکەسیدا دەبینێتەوە.

## ١/١-٣) دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

بـەپێی ئـەو دێکۆمێنـتو لێکۆڵینـەوە زانسـتیو ئەکادیمیانـەی کـە مێژوونووسـانو زمانـەوانانی کـورد لـە بـارەی دیالێکتـەکانی زمـانی کوردییـەوە کردوویانـە و لـە ئێسـتادا لەبەرداسـتدان، (شـەرەفخانی بەدلیسـی) بـە یەکـەم نووسـەری کـورد دادەنرێـت، کـە لـە سـەدەی شازدەهەمدا لە کتێبی (شەرەفنامە)دا لە چوارچێوەی (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ڕەگـەزی کـورد و چۆنێتی ژیانیـان)، بـۆ یەکـەم جـار دەربـارەی دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی دوواوە، نووسـەر لـە لێکۆڵینەوەکەیدا، چوار جۆرە دیالێکتی بۆ زمانی کوردی دیاریکردووە، بەم جۆرە:

١- کرمانج

٢- لوڕ

٣- کەڵهوڕ

٤- گۆران (شەرەفخانی بدلیسی:١٩٧٣: ٢٩)

ئـەم کتێبــە مێژووییــە بــە هــەنگاوی یەکــەمو بــەردی بناغــەی دیــاریکردنو دابەشــکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دادەنرێت، هەرچەندە تـەنها دیالێکتـە سـەرەکییەکانی بەشێوەیەکی کورتو سەرپێیی دەستنیشانکردووە، بە بێئەوەی دەربارەی نیمچە دیالێکتەکانی ئەو دیالێکتانە بـدوێو سـنوری ئاخـاوتنی هـیچ یـەك لـە دیالێکتـەکان دیـاری بکـات، ئەمـە جگـە لـەوەی نیمچـە دیالێکتی کەلهوڕی بە دیالێکتێکی سەربەخۆ داناوە، کە لـە ڕاسـتیدا لـە ڕووی زمانەوانییـەوە، بـە پێی ئەو دابەشکردنە نوێیانەی کە بۆ دیالێکت و نیمچە دیالێکتە کوردییەکان کـراون، یەکێکـە لـە نیمچـە دیالێکتـەکانی دیـالێکتی لـوڕ، بـەڵام ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هـەم لـە ڕووی مێـژوویی و هـەم لـە ڕووی زمانەوانییەوە لە ڕۆژگاری خۆیو لە ئێستاشدا گرنگـی و بایـەخی گـەورەو گرانـی هـەبووەو هەیە، بۆیە ناکرێت بە کەم سەیربکرێت.

(محەمـەد ئـەمین زەکـی) لـەکتێبی (خولاصـەیەکی تـأریخی کـورد و کوردسـان)دا کـە لـە سـاڵی (١٩٣١) یەکەم چاپی بڵاوکراوەتەوە، دیالیکتەکانی زمانی کوردیی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

١- بەشی ئێرانی
أ- لەهجەی سنە - کرمانشان
ب-لەهجەی شاخیو بلاوە: لەهجەی (گەروس)ەکانی خواجەوەندی مازەندەران، کالول عەبدوی فارس، کوردی خوراسانو تەهرانە، لەهجەی ئە بەش دواییە نزیك لەهجەی ئەرزڕوومە.
٢- کرمانجی شەرقی: لەهجەی سلیمانی و موکریانە.
٣- کرمانجی شیمالی و غـەربی: لەهجـەی کـوردی (ئـەریوان) زمـانی کـوردانی (بـاروکلی)ی دەوری ئــارارات و ولاتــی ئــەرزرۆم بایەزیــد: ئورمیــە-حــەکاری-شــەمدینان: بادینــان- بۆتــان، تورعابـدین- مـاردین- دیاربـەکر، شـیمالی سـوریایە.(محەمەد ئـەمین زەکـی: ٢٠٠٤، ب١-٢، ٢١٧). بـە شـێوەیەکی گشـتی شـێوەی زانسـتی لـەم دابەشـکردنەدا بـەدی ناکریـت، بـەڵکو ((بـە شــێوەیەکی هەڕەمــەکیی، ناوچــەکانی کوردســتانی مــەزن، بەســەر دیالێکتەکاندادابــەش دەکات))(حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥:٥٦).

(تۆفیـق وەهـبی) لـە گۆڤـاری (گەلاوێـژ)دا و لـە چوارچێوەی بابـەتی(کرمانج لـە کوردمانجـەوە نـەهاتووە)، دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی بـۆ چـوار دیـالێکتی سـەرەکی و هـەر دیالێکتێکشـی بـۆ چەند نیمچە دیالێکت دابەشـکردووە، لەگـەڵ دەستنیشـانکردنی شـوێنو سـنووری هـەر یەکـەیان، بەم شێوەیە:

١- كرمانجیی: بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشیکردووە:

أ- کرمانجیی ژووروو (شیمالی): دەکەوێتە سنوری هێڵی (ئەریوان – فارس – ئەرزەڕووم – ئازەربایجان-مەلاتییە- مەرعەش- ئەسکەندەروونە)و نیمچە دیالێکتەکانی بریتین لە:

١- بایەزیدی

٢- هەکاری

٣- بۆتانی

٤- ئاشتی

٥- بادینی

ب- کرمانجیی خواروو (جنوبی): دەکەوێتە نێوان سنوری هێڵی ( کرمانشان – خانەقی- قەشقەر – دجلە) نیمچە دیالێکتەکانی بریتیین لە :

١ – موکری

٢- سۆرانی

٣- سنەیی

٤- سلێمانی

٢- لوڕی : سنوری باکوری دەکەوێتە (سوڵتان ئاباد – دەوڵەت ئاباد- کرمانشان-خانەقین)، سنوری نیوە ڕوویەکی دەکەوێتە نزیکی باکوری (شیمالی) (شیراز-کازرونە)، نیمچە دیالێکتەکانی بریتیین لە:

١- کەلهوڕی

٢- لەکی

٣- فەیلی

٤- لوڕی

٥- بەختیاری

٦- مامەسەنی(کوەگەلویی).

٣-گۆران : دەکەوێتە هێڵی (سنە – کرمانشان) بەرەو ڕۆژئاوا و لە هەندێك لە دێهاتی سنوری عێرق و ئێران قسەی پێدەکرێت، نیمچە دیالێکتەکانی بریتیین لە:

١- هەورامی

٢- زەنگەنە

٣- کاکەیی

٤- باجەلانی

٤- زازا: دەکەوێتە ناوسنوری هەندێك لە پارچەی ویلایەتەکانی (ئەرزرووم، خەرپوت، بتلیس، دیاربەکر).

(تۆفیق وەهبی:١٩٤٠: ٢٧-٣٠)

جێی ئاماژەیە (تۆفیق وەهبی) لەم دابەشکردنەدا کە بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردوویەتی، ئاماژەی بۆ ئەو نیمچە دیالێکتانە کردووە کە لەیەکتر نزیکن، بۆ نموونە بەلایەوە نیمچە دیالیکتی ( سنەیی و سلێمانی) لە زۆر شتدا هاوبەشن، تەنانەت بەدەستەیەك داینـاون، هەروەها پێیوایە نیمچە دیالێکتەکانی (لەکی، کەلهوڕی، فەیلی) لەگەڵ کرمانجی خوارووودا نزیکن[١]، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا پشت بەم دابەشکردنە ببەستین.

(محەمەد مەردۆخی) لە کتێبی ( مێژووی کورد و کوردستان)دا کە دێتەسەر باسی (دەربارەی نووسین و زمان و دین و خۆڕەوشتی کورد)، دیالێکتەکانی زمانی کوردی هاوشێوەی (شەرفەخانی بەدلیسی) دابەشکردووە، تەنها ڕیزبەندی دیالێکتەکانی گۆڕیوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هەریەك لەم دیالێکتانە دەبن بە چەند بەشێکەوە ( نیمچە دیالێکتێکەوە)، کە شێوەیان لەیەك جیاوازە، بە بێئەوەی ناو یاخود باسی هیچ یەك لەو نیمچە دیالێکتانە بکات، بۆیە هاوشێوەی دابەشکردنەکەی شەرەفخانی بەدلیسی، لەم دابەشکردنەشدا هەمان ئەو خەوش و ڕەخنانە بەدیدەکرێت، جگە لە بوونی ماوەی مێژووی نێوانیان، دابەشکردنەکەشی بەم شێوەیەیە:

١- کرمانج
٢- گۆران
٣- لوڕ
٤- کەلهوڕ (محەمەد مەردۆخی کوردستانی:٢٠٠٧:٧٣)

(جەمال نەبەز) لە کتێبی ( دوو بابەتی زمانەوانی زمانی کوردیی)دا، کە دوو بابەتی زمانەوانی لەخۆگرتووە. یەکێکیان کۆی ئەو بابەتانەیە، کە وەك خۆی دەڵێت لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦١) لە خوێندنگای مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر وتوویەتییەوە، هەر بە شێوەی دەستنووسی ئەو کات بڵاوی کردووەتەوە. تێیدا دیالیکتەکانی زمانی کوردی بەم شیوەیە دابەشیکردووە:

---

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ( تۆفیق وەهبی:١٩٤٠: ٢٧-٣١)

**١- شێوەی کرمانجیی:**

**أ- کرمانجیی سەروو**

**ب- کرمانجیی خواروو**

**کرمانجیی سەرووش دەبێت بە پێنج شیوەی بچووکەوە، بەم جۆرە:**

**١- بایەزیدی**

**٢- بۆتانی**

**٣- ئاشیتایی**

**٤- هەکاری**

**٥- بادینی**

**کرمانجیی خوارووش دەبێت بە چوار شێوەی بچووکەوە، بەم جۆرە:**

**١- موکری**

**٢- سۆرانی**

**٣- سلێمانی**

**٤- سنەیی**

**٢- شێوەی لوڕ:**

**ئەمش دەبیتە پێنج شێوەی بچووکەوە، بەم شێوەیە:**

**١- بەختیاری**

**٢- لەکی**

**٣- فەیلی**

**٤- کەلهوڕی**

**٥- مامەسەنی**

**٣- شێوەی گۆران:**

**ئەم دیالێکتەش دەبێە چوار شێوەی بچووکەوە:**

**١- باجەڵانی**

**٢- کاکەیی**

**٣- زەنگەنە**

**٤- هەورامی**

**٥- شێوەی زازایی. (جەمال نەبەز:٢٠١٤:٦٤)**

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم دابەشکردنەی (جەمال نەبەز) بدەین، دەبین هەمان دابەشکردنی (تۆفیق وەهبی)یە.

دواتر نووسەر شوێنی ئاخاوتن‌و قسەکردنی هەریەك لەم دیالێکتانەی دیاریکردووە، بەم شیوەیە:

١- شێوەی کرمانجیی:

أ- کرمانجیی سەروو: هەریەکە لە (ئەریڤان، قارسی، ئەرزنجان، ئەرزڕوم، مەلاییە، مەڕەش، ئەسکەندەروونە، گۆلی وان، بە درێژایی زێی گەورە، ڕووباری دیجلە) دەگرێتەوە.

ب- کرمانجیی خواروو: هەریەکە لە (گۆلی وان، بە درێژایی زێی گەورە، ڕووباری دیجلە، کرماشان، خانەقین) لە خۆدەگرێت.

٢- شێوەی لوڕ: ناوچەکانی(سوڵتان ئاباد، دەوڵەت ئاباد، کرماشان، خانەقین، ڕووباری دەجلە، شیراز، کازە ڕوون، نزیك خەلیجی فارس) لە خۆدەگرێت.

٣- شێوەی گۆران: ناوچەکانی(نزیك سنە، ڕۆژئاوای کرماشان، هەندێ گوندی بەینی سنە و سلێمانی) لەخۆدەگرێت.

٤- شێوەی زازایی: ناوچەکانی(هەندێ ناوچەی ئەرزڕۆم، خەرپووت، بتلیس، هەندێ ناوچەی دیاربەکر) دەگرێتەوە.

(فـواد حەمـە خورشـید) وەك شـارەزایەکی جوگرافیـای کوردسـتان لـە کتـێبی (دابەشـبوونی جوگرافیـایی دیالیکتـەکانی زمـانی کـوردی)دا، دیالێکتـەکانی زمـانی بـۆ چـوار دیالێکـت دابەشیکردووە، بەم شێوەیە:

١- کرمانجیی باکور: (بایەیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).

٢- کرمانجیی ناوەڕست:(موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی).

٣- کرمانجیی باشور:(لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ).

٤- گۆران:(گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا).

(فواد حەمە خورشید:١٩٨٥:٤٠)

پاشـان بـەوردی نەخشـەی سـنوری جوگرافیـای سـەرجەم دیالێکـت و نیمچـە دیالێکتـەکانی بـەگوێرەی ئـەو مەڵبەندانـەی ئاخـاوتنی پێـدەکرێت، پـۆلێن کـردووە و بەشـێوەیەکی پراکتیکـی لەسـەر نەخشـە خسـتوویەتییەڕوو، بـەڵام یـەکێك لـە خەوشـەکانی ئـەم دابەشـبوونە ئەوەیـە، کـە بەگشـتی پـەیڕەوی دابەشـبوونی جوگرافیـایی نـەکردووە، بـۆ نموونـە بەلامانـەوە ناونـان لـە

دیالێکتەکان بە کرمانجیی ( ژووروو و ناوەڕاست و خوارو) لەگەڵ سروشتی کارەکە و جوگرافیای کوردستاندا دەگونجیٚ، بەڵام دەبوایە ناوی هەورامانی بەکاربهێنایە لە بری وشەی گۆران، وەك ناوچەیەکی بەناوبانگی کوردستان ، هەروەها یەکێکی تر لە خەوشەکانی ئەم دابەشکردنە دانانی (زازا)یە بە نیمچە دیالێکت لە سنوری دیالیکتی گۆراندا، ئەمە جگە لەوەی باسی هەردوو نیمچە دیالیکتی زەنگەنە وکاکەیی نەکردووە لە ناو ئەو دیالێکتەدا، هەرچەند بەلای هەندێك لە شارەزایان و زمانەوانەوە هەم دیالێکتی (زازا)یی بە دیالێکتێکی سەرەکی دادەنێن و هەمیش نیمچە دیالێکتەکانی زەنگەنە و کاکەیی سەر بە دیالێکتی گۆران لە قەڵەم دەدەن[٢]، هەرچەندە خودی لێکۆڵەریش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ڕووی جوگرافییەوە زازایی دەکەوێتە ناوچەی دەرسیمی ناوچەی باکوری کوردستان و دورە لە ناوچەی هەورامان (فواد حەمە خورشید:١٩٨٥:٧٢)، بۆیە چاکتر وابوو (زازا) یی بە دیالێکتێکی سەرەکی لە قەڵەم بدابایە(حوسێن محەمەد عەزیز:٢٠٠٥:٥٩) ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە سەنگ و گرنگی خۆی هەیە و دەتوانرێت لە زۆر شوێندا پشتی پێببەسترێت بۆ دانانی بەردی بناغەی زمانی یەکگرتوی کوردی لە داهاتوودا و چەند هەنگاوێکی گەورە و گرنگی هاویشتووە، هەروەها چەند ئەنجامێکی گرنگی خستۆتەڕوو.

نیعمەت عەلی سایە لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی)دا، کە توێژینەوەیەکی زمانییە دەربارەی زاری کەلهوڕی، تیایدا دیالێکتەکانی زمانی کوردی بۆسەر چوار دیالێکت دابەشکردووە بەم جۆرە:

١- کوردیی ڕۆژئاوایی: کوردی ئازەربایجان، ئەرمەنستان، تورکیا، سوریاو بادینانی عێراق، تا دەگاتە گۆمی ورمێ، قسەی پێدەکەن، لەم شێوەزارەدا چەند وەچەزاریك دەبێتەوە.
٢- کوردیی ڕۆژهەڵات: کوردی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلەو باکوری چیای (حەمرین)و سیروان، تا دەگاتە سنە لە ئێران‌و لەورەوە بەرەو باکور، تا باشوری شاری ورمێ پێی دەئاخاوێن‌و لە چەند وەچە زارێك پێکهاتووە.
٣- کوردیی گۆران: کوردی باشوری کوردی ڕۆژهەڵاتی تا ڕێگای کرماشان-خانەقی، جگە لە هەندێك ناوچەی تر قسەی پێدەکەن‌و ئەمیش لە چەند وەچەزارێك پێکهاتووە.

---

[٢] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( تۆفیق وەهبی:١٩٤٠:٣٠)، ( جەمال نەبەز:٢٠١٤:٦٤)، (شێخ محەمەدی خاڵ: ١٣٦٧:٣٦)، ( طاهر صادق:١٩٦٩:٩٢)، ( عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد:٢٠٠٩: ٥٩-٦٠)، (تارا عەبدوڵڵا سەعید:١٩٩٨:٧).

٤- کوردیی باشوری: کوردی باشوری کوردیی گۆران، واتە لە کرماشان تا عێراق بە ڕێگای کرماشان، خانەقی و تادەگاتە سنوری لوڕستانی گەورە و لەکستان لە چەند ناوچەیەکی تر قسەی پێدەکەن، کە لەم وەچەزارانە پێکهاتووە:

١- کولیایی

٢- کرماشانی

٣- فەیلی

٤- کەلهوڕی (نیعمەت عەلی سایە:٢٠٠٤:٥)

ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئەم دابەشکردنەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ئەوا چەند نادروستییەکی زەق بەدیدەکرێت، لەوانە: ناوچەی ژوورووی کوردستانی بە کوردی ڕۆژئاوایی لەقەڵەمداوە، هەروەها جۆرە تێکەڵکردنێك لە دابەشکردنەکەدا بەدیدەکرێت. بۆ نموونە لە خاڵی دووەمدا لە ڕووی جوگرافییەوە باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و بە دیالێکتەکانی ئەو ناوچەیە ناوزەدی دەکات، هەروەها لە خاڵی چوارەمدا نیمچە دیالێکتی لەکی و بەختیاری لەبیرکردووە، کە دوو نیمچە دیالێکتی کرمانجی خواروون بەپێی ئەو دابەشکردنە، ئەمە جگە لەوەی نیمچە دیالێتکەکانی هەرسێ خاڵی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی دیارینەکردووە.

هەروەها (محەمەد ئەمین هەورامانی) لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراووردا) دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەسەر سێ دەستەدا دابەش کردووە، لەگەڵ دیاریکردن و دەستنیشاکردنی شوێنی ئاخاوتنی هەریەکەیان بەم شێوەیە :

١- شێوەی کرمانجیی سەروو، یا ژووروو، کە ئێستا حاڵی حازر و بەشێوەی هەڵە-هەڵەیەکی باو- نێوی بادینی وەرگرتووە ، کە ناوچەکانی دیاربەکر و بەدلیس و ماردین وبۆتان وحەکاری و ئاکرە و شێخان و پارێزگای دهۆك ئاخاوتنی پێدەکەن .

٢- شێوەی کرمانجیی ناوەڕاست، کە بەشێوەیەکی هەڵە زاراوەی (سۆرانی) وەرگرتووە، ناوچەکانی موکریان وسۆران و پارێزگای سلێمانی و کەرکوك ئاخاوتنی پێدەکەن .

٣-شێوەی کرمانجیی خواروو، یاخود بەشێوەیەکی هەڵە (گۆران)ی پێیدەڵێن و ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامانی عێراق و هەورامانی ئێران و لە نێوان کرماشان و سنە و پنجوێن و بەرەو خواروو (کوردستانی خواروو) بەم شێوە زارە ئاخاوتن دەکەن، و نیمچە دیالێکتەکانیشی بریتین لە (هەورامانی، لوڕی، باجەڵانی، زازایی)، هەروەها پێیوایە، زاری باجەڵانی(زەنگەنە و شەبەك) دەگریتەوە.


(محەمەد ئەمین هەورامانی:١٩٨١: ٦٨-٦٩)

بەلای ئێمەوە ئەم دابەش کردنەی (محەمەد ئەمین هەورامانی) جگە لەوەی هەڵەی ڕێنووسی تێدایە ، چەند خەوشێکی تری تێدا بە دیدەکرێت، وەك دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەسەر سێ دیالێکتدا، لە کاتێکدا زۆربەی شارەزایان و زمانەوانانی زمانی کوردی بە سەر چوار دیالێکتی سەرەکیدا دابەشیانکردوون، هەروەها لەم دابەشکردنەدا لەگەڵ ئەوەی دیالێکتی (گۆران)ی بەهەڵە سەر بە کرمانجیی خواروو داناوە، لە هەمان کاتدا تەنها ئەم دیالێکتەی بۆ چەند نیمچە دیالێکتێك دابەشکردووە، ئەویش دیسان بەشێوەیەکی هەڵە دابەشی کردوون، وەك دانانی هەردوو دیالێکتی (لوڕ و زازا) بە نیمچە دیالێکتەکانی سەر بە دیالێکتی گۆران، کە لە زۆربەی دابەشکردنەکانی زمانەوانان و شارەزایانی زمانی کوردیدا کە بۆ دیالێکتە کوردییەکان کردوویانە، بە دوو دیالێکتی سەربەخۆ ئەژمار کراوون. هەرچەندە ئەگەر لە ڕووی جوگرافییشەوە سەرنج لە بۆچوون و دابەشکردنەکەی بدەین، ئەوا دەبینین هەر یەك لە (لوڕ و زازا و هەورامان )ی لە ناوچەیەکی دوور لە یەکەوە هەڵکەوتوون. یەکێکی تر لە خەوشەکانی ئەم دابەشکردنە ، باس نەکردنی نیمچە دیالێکتەکانی (زەنگەنە و کاکەیی)یە وەك دوو نیمچە دیالێکتی سەر بە دیالێکتی گۆران، ئەمە جگە لەوەی بە لایەوە زاری باجەلان، زەنگەنە و شەبەك دەگرێتەوە، کە لە ڕاستیدا بە دوو نیمچە دیالێکتی سەر بە گۆران دەژمێردرێن.

وەك دەردەکەوێت شارەزایان و زمانەوانان و لێکۆڵەرانی زمانی کوردی زیاتر لە ناوێکیان بۆ دیالێکتەکان داتاشیوە و بەکارهێناوە، هەروەها زۆربەی دابەشکردنەکانی دیالێکتە کوردییەکان لەسەر بنەمای زانستی و بە دیراسەی مەیدانی دانەنراون و دانەڕێژراون، تاکە لێکۆڵینەوەیەك کە لە بواری دیاریکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا، کە بەشێوەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی کرابێت، دەگەرێتەوە بۆ (باکایێڤ)[3] کە بۆ کوردی (ئەرمەنستان، ئازاربایجان، تورکومانستان) کردوونی، بەڵام دابەشکردنەکانی (تۆفیق وەهبی، جەمال نەبەز) لە ڕووی زاستییەوە نزیکن و دەکریت پشتیان پێببەسترێت، بەتایبەتی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشت بە دابەشکردنەکەی مامۆستا (تۆفیق وەهبی) دەبەستین.

[3] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (باکایێڤ، چ. خ: ١٩٦٢)، (باکایێڤ، چ. خ:١٩٦٥)، (باکایێڤ، چ. خ: ١٩٧٣).

**نەخشەی تۆفیق وەهبی بۆ دابەشکردنی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردی:**



### ٤-١/١) جێوشوێنی شێوازی ئاخاوتنی گەرمیان لە ناو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا:

بە پشت بەستن بە نەخشەی ( تۆفیق وەهبی) شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی گەرمیان، تێکەڵەیەکە لە دیالیکتی خواروو و لوڕ و گۆران، واتا ناوچەی گەرمیان چەند نیمچە دیالێکتێکی سەربە دیالێتکە جیاوازەکانی زمانی کوردی تێدا کۆبووەتەوە، چونکە هەریەك لە نیمچە دیالێکتەکانی (لەکی، فەیلی، کەلهوڕی) کە سەربە دیالێکتی لوڕن و نیمچە دیالێتکەکانی (باجەلانی، کاکەیی، زەنگەنە) کە سەر بە دیالێکتی گۆرانن، لەگەڵ بوونی کاریگەری و کارتێکردنی دانیشوانی هۆزی جاف وتیرەکانی، ئەمە لەلایەك، هاوسنوری و نزیکی ناوچەی گەرمیان لەگەڵ شێوەزاری سلێمانی، کە سەربە دیالێکتی خوارووە لەلایەکی ترەوە، هەروەها بوونی چەند تایبەتێتییەکی زمانیی شێوازی ئاخاوتنی قسەکەرانی ناوچەی گەرمیان خۆشی، هۆکاری تێکەڵی شێوەی ئاخاوتنی دانیشتوانی ناوچەی گەرمیانە، ئەم تێکەڵیەش لە دایکبووی ئەمرۆ نییە، بەڵکو پاشخانێکی مێژوویی هەیە و بەهۆکار و ڕووداوی سروشتی و ناسروشتی کۆبوونەتەوە.

هەرچەندە زۆربەی هەر زۆری دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان کوردن، بەڵام نەتەوەکانی تری وەکو عەرەب و تورکمانیش تێیدا نیشتەجێیە، ئەمەش بۆخۆی فاکتەرێکە وایکردووە شێوەی ئاخاوتنی دانشتوانی ناوچەی گەرمیان بکەوێتە ژێر کارتێکردنی زمانی(عەرەبی و تورکمانی) یەوە، چونکە لە هەندیك شوێنی ناوچەی گەرمیاندا هەرسێ نەتەوەی کورد و عەرەب و تورکمان، لە شار و شارۆچکە و لادێکانیدا تێکەڵن و پێکەوە دەژین، بۆ نموونە لە (خانەقین، سەعدیە، جەلەولا، مەندەلی، ناوچەی زەنگاباد، قەرەتەپە، کفری، دووزخورماتوو، داقوق، ناوچەکانی حەمرین، کەرکوك (کە گەورەترین پارێزگای ناوچەی گەرمیانە).... هتد) ئەم سێ نەتەوەیە دراوسێی یەکن و پێکەوە دەژین، لەئەنجامی ئەو تێکەڵیەیی کە لە نێوان دیالێکتەکان و نەتەوەکانی تری ناوچەی گەرمیاندا هەیە، گەنجینە و پاشخانێکی زۆری وشەو دەستەواژەی سینۆنیمی هاوبەش لە ناوچەی گەرمیاندا بەدیدەکرێت و دەتوانرێت لە دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی ستانداردی کوردیدا لە بوارەکانی زمانەوانی و ئەدەبی و مەعریفی و زانستی و کەلتووری و ڕۆشنبیری و...هتد، سودی زۆری لێوەربگیرێت.

زمانی هاوبەشی دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان زیاتر بریتییە لە دیالێکتی خواروو شێوەزاری سلێمانی، چونکە زۆربەی دانشوانی ناوچەی گەرمیان تا ڕادەیەکی باش شارەزاییان لێی هەیە و دەیزانن و بەکاریاندێنن، بە تایبەتی لە دامودەزگا حوکومیی و فەرمییەکان، هەر لە بواری خوێندن (زانکۆ و پەیمانگاو خوێندنگاکان)، تا نامەناردن و بەڵگەنامە و تۆمارنامە و مامەڵەی نێوان فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکاندا. سەرەڕای ئەوەی مامۆستایانی ئاینی، وتار و ئامۆژگارییە ئاینییەکانیان زیاتر بە شێوە زاری سلێمانی پێشکەش دەکەن، هەروەها لە بواری ڕاگەیاندنە

لۆكاڵییـەكانی ناوچـەی گەرمیانـدا، بـە هـەموو جۆرەكانییـەوە (بیسـتراو و بینـراو و نووسـراو)، تەنانەت لە بواری كڕینو فرۆشتنیشدا ئەم شێوەزارە زۆر بەكارە، بۆیە بە بڕوای ئێمـە كرمـانجیی خواروو نیمچە دیالێكتی سلێمانی بە باشترینو گونجاوترینو پاراوترین شێوەزار دەزانین بۆ بە ستانداربوونی، چونكە لە هەموو بوارە مەعریفیو كلتوریو زانستیو ئەدەبیو زمانەوانییەكانـدا هـەنگاوی باشـی بڕیـوە. سـەرەڕای سـودوەرگرتن لـە هـەموو دیالێكـتو نیمچـە دیالێتـەكانی تـر، بەمەبەسـتی پڕكـردنو دەوڵەمەنـدكردنی فەرهـەنگی زمانەكـەمان لـە هـەموو بـوارە جیاجیاكـانی ژیانـدا، ئاشـكرایە گۆڕانكـاری لـە پێكهاتـەی كۆمەڵایـەتی، ڕامیـاری، گەشـەی ئـابوری، زانسـتی، تەكنۆلۆژی فاكتەری لاوازكردنی زاری ناوچـەیینو ئاسـتی بیركردنـەوەو ڕۆشـنبیری تـاكی كـوردی لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا، تـا ڕادەیـەكی زۆر لـە بیری تەسـكی ناوچـەگەریی دەرچـووە و دامەزرانـدنی زمـانی نەتــەوەیی یــەكگرتوو بــووە بــە زەروریــەتو پێویســتییەكی هەنووكــەیی نەتــەوەییو زمانەوانیی، بۆیە زۆربەی دیالێكتە ناوچەییەكان بەرەو كزی دەڕۆنو هەنگاو بۆ زمـانی سـتاندارد دەهاوێـژن، چـونكە زمـانی نەتـەوەیی (سـتاندارد) بـە هـەموو پێوەرێكو لـە هـەموو ڕوویەكـەوە لـە زمانی ناوچەیی گرنگترو گونجاوتر و شكۆدارترە.

## ٢/١) واتاو واتاسازی:

## ١/ ٢-١) واتاو یەکە واتاییەکان:

واتا دیاردەیەکی ئاڵۆزو تێکچرژاوە، لە ناو زانستی واتاسازیدا، بە لقێکی سەرەکی زانستی زمانەوانی دادەنرێت‌و بە ((سەرپۆپەڵی لێکۆڵینەوە زمانییەکان دەژمێردرێت))(محمود السعران: ١٩٩٩: ٢١٣)، چونکە واتا تەنها پەیوەست نییە بە ئاستێکی زمانییەوە، بەڵکو بەسەر هەموو ئاستەکانی زماندا دابەشبووە، واتە لە هەموو ئاستەکاندا دەبینرێت، هەروەها واتا پەیوەستە بە شیکردنەوەی هەموو یەکە زمانییەکانەوە ((هەر لە ئاستی شیکردنەوەی فۆنێمەوە تا دەگاتە شیکردنەوەی دەق))(تاڵیب حوسێن عەلی:٤٢:٢٠١١). بەم پێیە واتا لە سەرلەبەری ئاستەکاندا بوونی هەیەو دیوی دووەمی هەر یەکەیەکی زمانییە، لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت (( واتا << زاراوەی ناوجەرگەیی‌و ناوەندیی سیمانتیکەو نرخی هێمایەو کرۆک‌و هێزی گەیاندنە. بەبیٚ واتا، شێوەو بیچمی هێمایەك، هێما نییە، بەڵکو تەنها فۆرمێکی بۆشە >> واتا << بە >> هێزی وشەکان << یش دانراوە))(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب٢:٢٢).

لە لایەکی ترەوە واتا تەنها بە زمانەوە پەیوەست و گرێدراو نییە ، بەڵکو پەیوەندیی بە کۆمەڵێك دیاردەی تری دەرەوەی زمانیشەوە هەیە، وەك (فەلسەفە، لۆجیك، دەروونناسی، کۆمەڵناسی...هتد)، لەم ڕوانگەیەوە واتا خاڵی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵێك زانستی جیاوازە، هەر بۆیە بە لای هەندێك زمانەوانەوە وەك (لیچ)، ((واتاسازی خاڵی بەیەکگەیشتنی زۆر زانست‌و بیرکردنەوەیە، وەك: فەلسەفەو دەروونناسی‌و زمانەوانی))(عبدالواحید مشیر دزەیی:٣١:٢٠١١) بەم پێیەش ((دیاردەی واتا لای زمانەوان‌و فەیلەسوف‌و لۆجیکستەکان جێگەی سەرنج‌و گفتوگۆیەو سنورێکی دیاریکراوی بۆ دانەنراوە))(پەروین عوسمان مستەفا عەللاف:٥٩:٢٠٠٩)، هەر لەم سۆنگەیەوە فەیلەسوفی ئەمریکی (Charls sanders peire) دەڵێت: ((واتاسازی ئەو زانستەیە کە دەکرێت لە ناو هەموو زانستەکانی تردا لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکرێت))(نور الهدی لوشن:١٥:١٩٩٥)، ئەمەش لەلایەك بۆ ئەو بوارە فراوانەی، کە واتاسازی تێیدایەتی‌و لەلایەکی ترەوە بۆ پەیوەندی بەربڵاوو بەستنەوەی بە زانستەکانی ترو تێڕوانینی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ واتاسازی دەگەڕێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە، لەلایەکەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ واتاسازی بێتە ئاراوە، لەلایەکیترەوە چەندین تیۆری واتایی[٤] جۆراوجۆر بۆ لێکدانەوەی چەمکی واتا سەرهەڵبدات.

---

[٤] - دیارترین تیۆرە واتاییەکان بریتین لە: ( تیۆری (ناولێنان )ی ئەفلاتۆن ، تیۆری ( هۆشەکی)ی ئۆگدن و ریچاردن، تیۆری (ڕەفتاری)ی (پاڤلۆڤ) ، تیۆری (شیکردنەوەیی)ی (فۆدەر و کاتز)، تیۆری بەکارهێنان ( دەوروبەر -سیاق)ی فێرس ) ....هتد).

دیــاریکردنی یەکــە واتاییــەکانی زمــان لــە چوارچــێوە و ســنوری واتاســازیدایە، کــە بەسەرەکیترین‌و چالاکترین ئاستی زمانەوانی دادەنرێـت، ((چونکە واتا هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، هەر لە ئاستی دەنگسازییەوە کە فۆنیمەکانن، لەسەر بنەمای دروستکردنی جیاوازی واتایی دادەنرێن‌و لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا، مۆرفیم‌و وشەن‌و لە ئاستی ڕستەسازیشدا ڕستە‌و فرێز هەن. لەپاڵ ئەوەشدا پێوەندی واتایی لە نێوان یەکەی گەورەتریشدا دەبینرێت، کە دەق‌و ئاخاوتنن))(شـێروان حسـێن خۆشـناو:٢٠١١: ٢٤)، لەمەشــدا ڕیزکــردن‌و ڕێکخســتنی یەکــە واتایـەکانی زمـان بەشێوەیەکی هەڕەمـەکی نییـە، بـەڵکو بـەپێی پێکهاتـەی گرامـاتیکی‌و واتـایی زمانەکەیە، چونکە ((زمان دەربڕی واتایە))(میدیا مراد محەمەد امین:٢٠٠٩: ٣٩)، واتە گرنگی‌و ئەرك‌و ڕۆڵی سەرەکی‌و بنچینەیی یەکەکانی زمان واتا بەخشینە، مرۆۋ یەکە واتاییـەکانی زمـان، بۆ واتا بـەکاردێنێت، وەك بەشێك بۆ تێگەیشتن لـە گفتوگۆدا، ((زمـان بـە یـەکێتی‌و هەماهـەنگی تێکـڕای ئاســتەکان‌و تێهــەڵکێش بوونیــان، ئەرکــەکانی بــەجێ دینێــت، هــیچ ئاســتێك بــەبێ هاوکـاریکردنی ئاسـتێکی تـر، ناتوانێـت، ئـەو واجبـەی دراوە بەسـەریدا، بیباتەسـەر، کـارکردنی فۆنیمـەکانی زمـان‌و یـەکگرتنیان لـە کەرەسـەیەکی لـە خۆیـان گـەورەتر کـە مۆرفیمـە، گـرنگترین‌و یەکـەم هەنگاونانـە بـەرەو جیهـانی تێگەیشتن و تێگەیانـدن و واتـا، یـا سـیمانتیك))(فاروق عمـر سدیق:٢٠١١:٦٥).


لــە زمانەوانیــدا دەســپێکی پەیوەنــدی واتاســازی، بــە دەنگســازی لــە فۆنیمەکانــەوە دەستپێدەکات، چونکە لەسەر بنچینەی گۆڕینی واتا دەستنیشاندەکرێت، بەجۆرێك گـرنگترین‌و دیاریترین سیما‌و ئەرکی سەرەکی فۆنیم گۆڕینی واتایە. بـەپێی پێناسـەی هەندێك لـە زمانـەوانان ((فـۆنیم ئــەو دەنگەیــە کــە واتــای وشــە دەگۆڕێت))(محەمــەد ئــەمین هــەورامانی:١٩٨١:٧٧)، دەنگـەکانی زمـان ئەوەنـدە گـرنگن لـە زمانەوانیـدا ((تەنانـەت هەنـدێك لـە زمانـەوانان زمـان بـەوە پێناسەدەکەن کە بریتییە لە واتا و خراوەتە ناو دەنگەوە))(احمد مختار عمر:١٩٨٢:٥)، هـەروەها لـە پێناسـەیەکی تـردا هـاتووە ((فۆنیم بچوکترین دانەیـە کـە ئـەرکی جیاکردنـەوەی واتـا دەگرێتـە ئەستۆ))(محمد معروف فتاح:٢٠١١:٦٧)، کەچی کەمجار وەکو دانەیـەکی واتـایی تەماشادەکرێـت و لێیدەڕوانرێت.

زۆربەی زمانەوانان بایـەخی سـەرەکی بـە مـۆرفیم دەدەن‌و هـاوڕان لـە سـەر ئـەوە پێناسـەی کـە دەڵێت: ((مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتـاداری زمانـە))(Blomfild:1933:161)، لەمەشـدا وشـە بـە یەکەیەکی گرنگی واتاداری زمان دادەنرێت‌و زۆرکات هـەموو دیـاردەو پەیوەندییـە واتاییـەکان لـە ڕێگەی وشەوە پیشاندەدرێن، کەواتە ((واتاسازی پێویستی بە یەکـەی گـەورەتر لـە مـۆرفیم هەیـە، ئـەویش وشـەیە)) (کـورش صـفوی:١٣٩٢:٣٢)، هەرچـەندە لـە لێکۆڵینـەوەی واتاییـدا وشـە بـە سـەرەکیترین یەکـەی واتــاداری زانســتی واتاســازی دادەنرێــت، بــەڵام لــە لێکدانــەوەی واتــای

ڕستەیەکدا زۆرکات ناتوانرێت تەنیا پشت بە مۆرفیم و وشە ببەستین، بۆیە ((دەبێت ڕاستەوخۆ ڕستە وەك یەکەیەکی واتایی سەربەخۆ وەربگرین))(شێروان حسێن خۆشناو:٢٥:٢٠١١)، ڕستە سەرەڕای ئەوەی پێکهاتەیەکی گراماتیکی هەیە، خاوەن پێکهاتەیەکی واتاییشە، بەشێوەیەك زۆرجار ((واتای تەواوی ڕستەیەك تەنیا لە واتای یەکە پیکهێنەرەکانییەوە بەردەستناخرێت)) (شیلان عومەر:١٠٩:٢٠١٢)، بەڵکو زۆرجار ڕستە واتای وشە دەستنیشاندەکات. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت وشە خاوەن واتایەکی چەسپاو نییە، بەڵکو بەپێی شوێنەکەی دەگۆڕێت و واتا و بەهای هەموو وشەیەك لەو شوێنەدایە کە تیایدا بەکاردێت، کەواتە ڕستەش دانەیەکی گرنگی ئاستی سیمانتیکە.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانەی کە لەسەرەوە باسکران، پێویستە ئەو پۆلێنەی، کە نیدا (Nida) بۆ یەکە واتاییەکانی کردووە بخرێتەڕوو:

١- وشەی سەربەخۆ
٢- گەورەتر لە وشە (ڕۆنان)
٣- بچوکتر لە وشە ( باوەند مۆرفیم)
٤- بچوکتر لە مۆرفیم (فۆنێم)




(احمد مختار عمر:٣٢:١٩٨٢)

لەم پۆلێن و ڕیزکردنەی (نیدا)وە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چەند ئاستێکی جیاوازی بۆ یەکە واتایەکانی دەستنیشانکردووە، بە جۆرێك کە لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەبینرێت،((واتا لە هەموو ئاستەکانی زماندا هەیە))(تالیب حوسێن عەلی:١٩:٢٠١١)هەر لە بچوکترین دانەی زمانەوە کە (فۆنێم)ە، تاوەکو گەورەترین دانەی زمان، کە خۆی لە(ڕستە)دا دەبینێتەوە، کە دواتر (دەق و ئاخاوتن)ی لێپێکدێت، بەر چاودەکەویت و (وشە)شی بە چەقی

ئەو ڕیزکردنە داناوە، چونکە زۆربەی زمانەوانان وشە بە گرنگترین یەکەی واتایی دادەنێن، جگە لەوەی لە زانستی زمانەوانیدا وشە بە سەرەکیترین و گرنگترین یەکەی واتاداری زانستی واتاسازی دادەنرێت، هەروەها هێزو ئاوازەش کە زۆرجار بە (( فۆنێمی ناکەرتی))( هـ.د. ویدۆوسن:١٥٢:٢٠٠٨) ناودەبرێن، ڕۆڵ و گرنگی و کاریگەریی دیار و بەرچاویان لە گۆڕینی واتای وشە و فرێز و ڕستەدا هەیە، چونکە ((واتای ڕستە، کە زۆرجار لە کەرەستە پێکهێنەرەکانییەوە تێبینیدەکرێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەندێك دیاردەی وەك هێزو ئاوەزەوە))(دارا حەمید محەمەد:١٩٣:٢٠١٠). واتە هێزو ئاوازە یارمەتیدەرێکی بێهاوتان لە ڕێکخستن و دەرخستنی واتای دەربڕاوەکان، بۆیە((کەرەسە کەرتیەکان و ناکەرتیەکان هاوکات بەیەکەوە مەبەستی ئاخاوتنەکان دەگەیەنن))(عەبدولوەهاب خالید موسا:١٢٠:٢٠٠٩). کەواتە لە لێکۆڵینەوەی واتاییدا ناکرێت بایەخ و گرنگی بە (هێزو ئاوان) نەدرێت و وەکو یەکەیەکی واتایی تەماشانەکرێت.

## ٢/١-٢) پەیوەندییە واتاییەکان (Semantic relation):

بنەما و تۆو و هەوێنی سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە بۆ دامەزرێنەر و بناغە داڕێژەری زانستی نوێی زمانەوانی (دی سۆسێر) دەگەڕێتەوە، کاکڵەی پەیوەندییە واتاییەکان بریتییە لە پەیوەندی و پێکەوەهاتنی هەر دانەیەکی زمانی، لەگەڵ دانە دەرکەوتووەکان و دانە دەرنەکەوتووەکانی تردا لە هەموو ئاستەکانی زماندا، لە سنورێکی دیارکراو و لە سەر بنەمای گونجاندنی هەردوو لایەنی (سیمانتیکی و گراماتیکی) لە ناوەوەی زماندا، بە واتایەکی تر بریتین لە پەیوەندی نێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی زمان، کە لە نێوان خۆیاندا هەیانە، لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا.

بۆئەوەی یەکە زمانییەکان خاوەن واتایەکی ڕاست و دروست بن، دەبێت پەیوەندییەکی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت. بوونی ئەم پەیوەندییە واتاییە تاکە ڕێگایە، کە یەکە زمانییەکان بەیەکەوە دەلکێنێت، یان ئاڵوگۆڕیان پێدەکات، بە مەرجێك لە ڕووی (سینتاکس، سیمانتیك)ەوە دروست و گونجاوبن، هەرچەندە بەلای (R.M.Dixon)ەوە ((بنەڕەت و بنەمای وشەو ڕێزمانیش سیمانتیکە))(شیلان عومەر:٩٩:٢٠١٢)، کەواتە لە هەموو ئاستەکانی زماندا ((فۆرمەکانی زمان بەسەر دوو ڕەهەند، یان تەوەردا ڕێکدەخرێن، لەلایەکەوە دەتوانن یەکبگرن بۆ پێکهێنانی ڕۆنانی فراوانتر لە ئاستی ئاسۆیدا..... لەلایەکی دیکەوە، کاتێك فۆرمەکانی زمان هەمان ئەرکی بەکارهێنان و دەرکەوتنیان دەبێت لە ئاستێکی تایبەت لە ڕۆنانێکی دیاریکراودا، ئەوا پەیوەندییەکی ستونی پێکەوە دەیانبەستێتەوەو دەبن بە ئەندامی هەمان دانە پۆل class ofitems))(هـ.د. دیرۆوسن:٥٣:٢٠٠٨) واتە دەکەونە هەمان بەشی ئاخاوتنەوە.

کەواتە کەرەستەکانی زمان لە دوو جۆرە پەیوەندی بنچینەییدان، لە بارە ئاسۆیەکەدا یەکدەگرنو لە باری ستونیدا بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بەم پێیە لە زانستی زمانەوانی نوێدا دوو جۆر پەیوەندی واتایی لە نێوان یەکەکانی زماندا دیاریکراوە، کە لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕۆڵو چالاکی گرنگ دەبینن، ئەوانیش، پەیوەندی ئاسۆیی(syntagmatic) و پەیوەندی ستونی(paradigmatic)ن، (( بە بڕوای سۆسێر ناسین یان دابەشکردنی بنەما سازێنەرەکانی ڕستە (یان هەر پەرەگرافێکی زمانی) لەسەر بنەمای دوو جۆر پەیوەندی بونیادنراوە کە ئەوانیش (پەیوەندی ستونی)و ( پەیوەندی ئاسۆیی)ە))(محمد رضا باطنی:١٣٨٩:٨٠)[٥] ، لە بارەی ڕۆڵ و گرنگی پەیوەندییە واتاییەکانەوە (سبستیان) دەڵێت: ((پەیوەندییە واتاییەکان گرنگترین بەشی واتاسازییە))( دارا حەمید محەمەد:٢٠١٠:٦٦)، لەم ڕووەوە دەکرێت بوترێت، پەیوەندییە واتایەکان دەبێت بە کرۆکو بەشێکی کاریگەر لە واتاسازیدا، لەبەر گرنگی و ئەرك و نرخی گەورە و بەرچاوی ئەم پەیوەندییە واتاییانە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا، بەباشی دەزانین لەسەر هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیا بدوێن.

## ١/٢-٢-١) پەیوەندی ئاسۆیی (syntagmatic relation):

پەیوەندی ئاسۆیی بریتییە لە پەیوەندی نێوان کەرەستە زمانییە ئامادەبووەکانو گونجانیان لەگەڵ یەکتردا ((پەیوەندی ئاسۆیی لەسەر بنەمای کەرەستە ئامادەبووەکانی ناو دەربڕاوێك بەدیهاتووە))(مهری باقری:١٣٩٢:٥١)، ئەم پەیوەندییە لەسەر بنچینەی ڕێکەوتنو یەکتر تەواوکردنی یەکە زمانییەکان دامەزراوە، بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی ڕۆنانو پێکهاتەیەکی دروست لە ڕووی گراماتیكو سیمانتیکەوە، چونکە ((گۆڕانی ڕێکخستنی سینتاکسی کەرەستەکان لە لێکدانەوەکاندا واتاکانیش دەگۆڕێن))(شیلان عومەر:٢٠١٢:١٠١)، وەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بەشێك لە واتای هەر کەرەستەیەکی زمانی بەپێی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەردەکەوێت دیاریدەکرێت، کەواتە دەرخستنو دەستنیشانکردنی ئەركو ڕۆڵو نرخو بەهای کەرەستە زمانییەکان، لێکەوتەو دەرئەنجامی پێکەوەهاتنو پەیوەستبوونی کەرەستە زمانییەکانە لە چوارچێوەی یەکەی زمانەوانیدایەو لە پەیوەندی ئاسۆیی (تەکنشینی) دا بەدەردەکەوێت، پەیوەندی ئاسۆیی لە نێوان یەکەکانی هەموو ئاستەکانی زمانەوانیدا، بەر چاودەکەوێتو لەسەر بنچینەو بنەمای گونجانو نەگونجانی (سینتاکسو واتایی) دامەزراوە لە زمانێکی دیاریکراودا.

---

[٥] لە زمانی کوردیدا زمانەوانان گەلێك زاراوەیان بەرامبەر ئەم دوو پەیوەندییە واتاییە بەکارهێناوە، وەك (سینتاگماتیكو پارادیگماتیك)و (جێنشینی و تەکنشینی)، ( هەمەنشینیو هاونشینی، دراوسێیەتی) یان (ئاسۆییو ستونی)، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا زاراوەی (ئاسۆییو ستونی) بەکاردێنین.

بۆ نموونە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا پەیوەندی نێوان، یاخود پێکهاتەی فۆنێمەکانی وشەیەك بەشێوەی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بەپێی یاسای تایبەتی فۆنۆلۆژیو سیمانتیکی ئەو زمانەیە، بۆ نموونە: یاساکانی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی ڕێگەنادەن لەسەرەتای وشەوە فۆنێمی / ر/ی لاواز بێتو هەمیشە بە دەنگی / ڕ/ی قەڵەو دەستپێدەکات، هەروەها دەنگی /ڵ/ی قەڵەو لەسەرەتای هیچ وشەیەکی کوردیدا نایەتو بەردەوام دەنگی / ل/ی لاواز دێت، واتە ( /ر/، /ل/) لەسەرەتای وشەدا بەهیچ جۆرێ ناگونجێت بەکاربهێنرێن، (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦:٨) هەروەها یەکێك لە دیارترین یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی نەهاتنی دەنگە ڤاوڵەکانە لەسەرەتای وشەوە، جگە لەوەش ڕیزکردنی فۆنێمەکان دەبێت لەسەر بنەمای واتایی بنیادبنرێت، بۆ نموونە وشەی (داس) ڕیزکردنی فۆنێمەکانی هەڕەمەکی نییە، چونکە جێگۆڕکێکردنی هەر فۆنێمێکی دەبێتە هۆکاری نەگونجان و لەناوچوونو تێکدانی واتاکەی. بەم پێیەش ( پەیوەندی سینتاگماتیکی ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان یەکەکانی دروستەیەکی زمانیدا هەیە، هەربۆیە، ئەو جۆرە پەیوەندییەی کە فۆنێمێك لەگەڵ فۆنێمێکی تردا لە ڕۆنانی وشەیەکدا ڕێکدەخات، ڕەهەندی ئاسۆی زمانە )(Crystal:1991:341).

ئەگەر بە وردی تەماشای پەیوەندی نێوان یەکە پێکهینەرەکانی ئاستی ڕستەسازی (سینتاکس)ی هەر زمانێك بکەین دەبینین ڕیزبوونو ڕێکخستنی یەکە زمانییەکان بەپێی یاسای تایبەتی ئەو زمانەیە، بە لەبەرچاوگرتنی گونجانو نەگونجانی واتایی ئەو پێکهاتەیە، بەمپێیە ((دەبێت توخمەکانی لە ڕووی سینتاکسییەوە درووستو لەڕووی سێمانتیکییەوە ڕاستو لەگەڵ یەکترییدا گونجاوبن))(محەمەدی مەحوی:٢٠١١:٣٥)، کەواتە نرخو بەهای هەر دەربڕاوێکی زمانی لەو شوێنەدایە کە تیایدا بەکاردەهینرێت، بۆ نموونە:

**١- بەختیار پاسارییەکەی برژان.**

لەم ڕستەیەدا هەر سێ کەرەستەی ڕستەکە (بەختیار)، (پاسارییەکە)، (برژان) لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدان و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پێکەوە هاتوون، هەم لە ڕووی یاسا گراماتیکیەکانەوە، هەم لە ڕووی واتاشەوە. بەڵام لە ڕستەیەکی وەکو:

**٢- بەختیار کوچکەکەی برژان.**

هەر سێ کەرەستەی ڕستەکە (بەختیار)، (کوچکەکە)، (برژاند) لە ڕووی یاسا گراماتیکییەکانەوە بەشێوەیەکی تەواو گونجاو پێکەوەهاتوون، بەڵام لە ڕووی واتاوە دورن لە لۆجیکەوە و نەگونجاوە، ((واتای ڕستەکان لە واتای وشەکانو چەشنو جۆری خستنەتەکیەكو پێکەوەبوونیان لە ڕستەدا درووستدەبێت، لەبەرئەوە مەودای سیمانتیك زۆر توند بە

سینتاکسەوە بەندەو لەبەرئەمەیشە کە بۆ پەسەندکردنی یاسا سینتاکسییەکان پێویستی تەواومان بە سیمانتیك دەبێت))(محەمەدی مەحوی:٢٠١١:٣٨)، لە هەمان کاتدا ((لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستە، لەسەر واتای مۆرفێم‌و وشە پێکهێنەرەکانی‌و پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نیوانیاندا دەوەستێتەوە)) (شیلان عومەر:٢٠١٢:١٠٧)، نرخ‌و بەهای واتایی، هەموو کەرەستەیەکی زمانی لەو شوێنەدایە کە تیایدا دەردەکەوێت، کەواتە ئەوەی درووست‌و نادرووستی ڕستەی (١) و (٢) مان پێدەڵێت، سیمانتیکە ((ئەوە ئاستی سیمانتیکە، کە پەیوەندی ئاسۆیی نێوان کەرەستە زمانییەکان، واتە گونجان و نەگونجانی نێوان کەرەستەکان خۆیان ئاکامی لەباری یاخود نالەباریی ڕیزبەندییەکە، یان هاوڕێیەتیی کەرەستەکان دەردەخەن و دواجار ئەرێیی‌و درووستیی وتراوەکە یان پێچەوانەکەی دەگەیەننە گوێگر یان گوێگران))(هۆگر مەحموود فەرەج:٢٠٠٧:١٢٤).

پەیوەندی ئاسۆیی لەسەر ئاستی واتاشدا بە ڕوونی دەبینرێت ((پەیوەندییە واتاییەکان لەسەر ئاستی (سینتاگما)ی واتاکانی کەرەستەکانی ڕستە پەیوەندییە سیمانتیکیەکانیانن لە ناو گشت ڕستەکەدا))(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب٢:٣٤).

ئەم کەرەستەیەش دەکرێت وشەی نائاسادە، یان فرێز، یا ڕستە بێت.وەکو:

| | | |
|---|---|---|
| قومارباز | باز | + پیشە<br>+ مرۆڤی خراپ |
| قومارچی | چی | + پیشە<br>+ مرۆڤی خراپ |
| قومارکەر | کەر | + پیشە<br>+ مرۆڤی خراپ |

## ٢-٢-٢/١) پەیوەندی ستونی (paradigmatic relation):

ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان یەکەیەکی زمانیی لە قاڵبو ڕۆنانێکی دیاریکراودا لەگەڵ یەکەیەکی نەهاتووی تری زمانیی، کە لە ناو زمانەکەدانو دەتوانن بچنە شوێنی یەکتر، یان لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن، واتە پەیوەندی ستونی ئەو پەیوەندییەیە کە ((لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان یەکە نادیارەکانی زمان بونیادنراوە))(ابوالحسن نجفی:١٣٩٠:٤٤)، هەر بۆیە ((ڕەهەندی ستونی زمان لە بونیادگەریی سۆسێردا ئەو جۆرە پەیوەندییە لەجیاتییە دەگەیەنێت کە یەکەیەکی زمانەوانی لەگەڵ یەکەیەکی دی زمانەوانی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو هەیەتی))(سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨:٣٧) واتا ئەو کەرەستە زمانیانەی کە دەتوانن هەمان ئەرکی بەکارهێنانو دەرکەوتنیان هەبێت لە ئاستێکی زمانی دیاریکراو و لە پێکهاتەیەکی تایبەتدا بەبێئەوەی کار لە ڕۆنانی گراماتیکیو ڕێککەوتنی واتایی پێکهاتەکە بکات لە پەیوەندییەکی ستونیدان.


ئەم پەیوەندییەش لە هەموو ئاستەکانی زماندا بەرچاودەکەوێت ((لە هەر ئاستێکدا دانەکانی زمان وەربگرین، پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵێك دانەی هاوشێوەی خۆیان هەیە، کە دەتوانن لە شوێنی یەکتری بێنو بەرامبەر بکرێن، بێ ئەوەی ئەو دانەیەی، کە دروستدەبێت بێ واتا بێت، یان لە ڕووی زمانییەوە نەگونجاوبێت))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٣١)، بۆ نموونە لەسەر ئاستی فۆنۆلۆژی ئەم جۆرە پەیوەندییە فۆنێمەکانی زمان دەردەخات، ئەمەش دەبێت لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی فۆنێمێك لەگەڵ فۆنێمێکی دی لە چوارچێوەی سیستەمی فۆنۆلۆژی زمان بەڕێوەبچێت، کە ڕێگەیەکە بۆ ((دەستنیشانکردنی فۆنێمە جیاوازەکان، کە فۆنێمێك بە فۆنێمێکی تر دەگۆڕدرێت لە ژێر کاریگەری گۆڕانی وشەکاندا، یاخود بە پێچەوانەوە وشەکان لە ڕووی واتاوە گۆڕانیان بەسەردا دێت بە هۆی فۆنێمە جیاوازەکانەوە)) (بازیان یونس محی الدین:٢٠٠٨:٥٠)، کەواتە لە ڕێگەی پەیوەندی ستونییەوە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا دەکرێت ژمارەی فۆنێمو واتای جیاوازمان دەستکەوێت، وەکو:

| | |
|---|---|
| ساز | /س/ |
| باز | /ب/ |
| ناز | /ن/ |
| قاز | /ق/ |
| ڕاز | /ڕ/ |
| گاز | /گ/ |

جێی ئاماژەیە، هەموو فۆنێمێك توانای ئەوەی نییە شوێنی فۆنێمی /س/ پڕبکاتەوە، تەنیا ئەوانە نەبێت، کە توانای ڕۆنانی وشەو دەستەواژەیەکی واتاداریان هەیە، ئێمە لێرەدا

مەبەستمان دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمان نییە، بەڵکو مەبەستمان پیشاندانی پەیوەندی ستونییە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا.

لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژیدا پەیوەندی ستونی ((بریتییە لە پەیوەندی فەرهەنگی نێوان وشەکان‌و گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی تر لە هەمان ژینگەدا لەسەر باری ستونی، بێ ئەوەی کار لە ڕستەکە بکات‌و واتاکەی بشێوێنێ))(تاڵیب حوسێن عەلی:٢٠١١:٦١)، واتە ئەو پەیوەندییەیە کە هەر وشەیەکی ناو ڕستە لەگەڵ وشەیەك یان چەند وشەیەکی دیکەی زمانەکەدا هەیەتی کە بتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بە ڕەچاوکردنی لایەنی گراماتیکی‌و سیمانتیکی ڕستەکە، بەمەش پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان کەرەسەکان ئاشکرا دەبێت، وشەکانی زمان بەپێی ئەم سیستەمەو لەسەر بنچینەی ئەو پەیوەندییە هاوبەشەی کە لە نێوانیاندایە پۆلێندەکرێن، وەکو:




وەك دەبینین هەریەکە لە توخمەکانی (کامەران)، (مامۆستا)، (زیرەك) لەگەڵ کۆمەڵێك بێسنوری کەرەستەی هاوشێوەی خۆیان لە پەیوەندییدان، بۆ نموونە (کامەران) پەیوەندی هەیە لەگەڵ هەموو ناوەکانی تری وەك (ئازاد، نەوزاد، پیاو، کوڕ،.....هتد) و دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، هەروەها (مامۆستا) لەگەڵ ژمارەیەکی بێکۆتایی ناودا لەپەیوەندییدان وەکو (خویندکار، کرێکار، نانەوا....هتد) هەروەها ئاوەڵناوی (زیرەك)یش دەکرێت لەگەڵ گروپێکی زۆری ئاوەڵناوی وەك: (چالاك، ژیر، شارەزا، لێهاتوو، ...هتد) لە پەیوەندییدابێت، هەروەها کرداری (ە)ش لەگەڵ کارەکانی (بی)و (ئەوێ) لە پەیوەندییدایە.

لێرەوە سیستەمێك دێتەکایەوە، کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ هەڵبژاردنی هەریەك لەو توخمانەی ((کە لە هەندێك تایبەتمەندیدا هاوبەشن‌و ڕێگەیەکە بۆ پۆلێنکردن‌و لێکجیاکردنەوەی هەموو بەشەکانی ئاخاوتن، ئەمەش بە توانای مێشکەوە بەستراوەتەوە))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٣٣)، چونکە ئەگەر ئەو پەیوەندییە واتایانەی نێوان یەکە زمانییەکان لە گەنجینەی قسەکەرانی زمانەکەدا نەبێت، ئەوا زمان لە توانایدا نابێت کردەی پەیوەندی ئەنجام

بدات، بەدیوێکی تردا، توانای ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستە زمانییەکان لە پەیوەندی ستونییدا، ڕادەی گەنجینەی زمانیی قسەکەر پێکدەهێنێت و ئاشکرادەکات.((پەیوەندی ستونی نێوان کەرەستە زمانییەکان، گەنجینەی زمانیی قسەکەر پێکدەهێنێت))(ف.دی. سوسیر:١٤٢:١٩٨٨).

پەیوەندی ستونی لە ئاستی واتادا، ((برتییە لەو پەیوەندییە واتاییانەی کە لە نێوان، ئەو فۆرمانەدا دەبینرێن کە لە خاڵێکی ڕۆنانێکدا لە بری یەکتر بەکاردێن))(کەوسەر گەلاڵی:١٠٥:٢٠٠٦) بەم پێیە بەشێوەیەکی گشتی ((پەیوەندییە سیمانتیکییەکان دەبنە بنەما بۆ دیاریکردنی دروستەی سیمانتیکی کەرەستەکان))(شیلان عومەر:١٠١:٢٠١٢)، چونکە ((وشە لە ناو زماندا چەندین جۆری پەیوەندی واتایی دروستدەکەن))(عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد بابان:٢٣:٢٠٠٥)، کەواتە پەیوەندی ستونی لە ئاستی واتادا، دەبێتە فاکتەری سەرهەڵدانی چەند دیاردەیەکی واتایی وەکو (سینۆنیمو دژواتاییو هایپۆنێم....هتد).

ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە و لە سنوری پەیوەندی ستونیدا بەرچاودەکەوێت و باسدەکرێت دیاردەی (سینۆنیم)ە.

دەکرێت هەردوو جۆری پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستونی بەشێوەی ئەم هێڵکارییە بخەینەڕوو:

واتا (سیمانتیك) ← پەیوەندی ئاسۆیی

دوێتەگە ← قزانێ ← ئاشی ← حازرکردە
↓ ↓ ↓ ↓
کەنیشکەکە ← قوشقانەێ ← خواردنی ← دروستکردە
↓ ↓ ↓ ↓
پەیوەندی ستونی ↓ کیژەکە ← مەنجەڵێ ← چێشتی ← لێناوە
↓ ↓ ↓ ↓
کچەکە ← پاتیلەیە ← نانی ← کردە

ئەگەر بەوردی بڕوانینە ئەو هێڵکارییە دەبینین یەکەکانی زمانەوانی لە هەر ئاستێکدابێت لە دوو جۆر پەیوەندییدان (ستونیو ئاسۆیی)، لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە ئەویش خاڵی واتایە، واتە لە هەردوو پەیوەندییەکەدا بەلایەنی سیمانتیکیدا تێدەپەڕن، چونکە ((زمان لە وشەو ڕێزمان (مامەڵە لەگەڵ دروستەی وشەو ئەو ڕێگایانە دەکات، کە وشەکان دەخاتە تەك یەك) پێکهاتووە.))(شیلان عومەر:٩٩:٢٠١٢)، هەر بۆیە بەلای (Dixon) ەوە ((بنەڕەت و بنەمای وشە و ڕێزمانیش سیمانتیکە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو:هەمان لاپەڕە)،خاڵێکی گرنگی تری ئەم

هێڵکارییە ئەوەیە، جگە لە پەیوەندی گراماتیکی نێوان یەکەکانی هەردوو لایەنی ئاسۆیی و ستونیی، پەیوەندییەکی واتاییش لە نێوان یەکە زمانییەکانی ئەو هێلکارییەدا هەیە، بەشێوەیەك، ئەگەر یەکێك لە یەکەکانی ستونی یەکەم بۆ نموونە (دوێتەکە) وەربگرین دەتوانرێت لەگەڵ یەکەیەکی تری ستونەکانی تردا واتایەکی تەواو ببەخشێت، واتە هەر دانەیەکی ستونی یەکەم، هەڵبژێرین لەگەڵ هەموو دانەکانی ستونەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمدا، بە شێوەیەکی ئاسۆیی ڕیز بکەین لە ڕووی گراماتیکیی و سیمانتیکەوە ڕاست و درووست گونجاو دەبن و هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن، هەروەها بۆستونەکانی تریش بە هەمان شێوە راست و دروست و گونجاو دەبێت، بەم شێوەیە:

**دوێتەکە قوشقانەیٚ چێشتی کردە**
**کچەکە مەنجەڵیٚ خواردنی حازرکردە**
**کەنیشکەکە قەزانی ئاشی لێنا**

وەك دەبینین بە وەرگرتنی هەر یەکەیەك لە ستونەکەکان دەتوانرێت ڕستەیەکی تەواو دروستبکەین، جێی ئاماژەیە، کە ((پەیوەندی ستونی لە ژێر دەسەڵاتی ئاسۆییدایە))(ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی:٢٠١٣:٤٢)، هەروەها (ڤێنج) باوەڕی وایە (( پەیوەندی ئاسۆیی و ستونی لە ناو سیستەمێکی زمانەوانی هەمەلایەندا ناسنامەی وشە پێکدەهێنن))(سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨:٤١)، ئەم ڕاستیەش تەنها وشە ناگرێتەوە، بەڵکو لە بچوکترین کەرەستەکانی زمان، کە فۆنێمە دەستپێدەکات، تاوەکو گەورەترین کەرەستە، کە ڕستەو دەقن .

## ٣/١) لێکدانەوەیەکی واتایی بۆ سینۆنیم:


### ٣/١-١) چەمك و زاراوەی سینۆنیم:

سیمانتیك وەك لقێکی سەرەکی زانستی نوێی زمانەوانی، لە واتای کەرەستە زمانیەکان و پەیوەندییە جیاوازییەکانی نێوانیان لەسەر بنەما و بنچینەیەکی زانستیانە دەکۆڵێتەوە، سینۆنیمیش وەك دیاردەیەکی پەیوەست بە واتاوە، هەر لە کۆنەوە خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و بە چەشنێك لە چەشنەکانی پەیوەندی واتایی نێوان کەرەستەکانی زمان دەژمێردرێت و یەکێکە لە پەیوەندییە گرنگ و دیارو بەرفراوان و ئالۆزەکانی نێوان کەرەستە زمانییەکان،(سینۆنیم وەکو زاراوەش لە وشەی (Synonymos)ی گریکییەوە وەرگیراوە، کە واتای یەك ناوی گەیاندووە)(ئارنۆڵد:١٩٥٩:٢٧٢).

**لە زمانی کوردیشدا شارەزایان وزمانەوانان کۆمەڵێك زاراوەی جۆراوجۆریان بەرامبەر بەم دیاردە واتاییە بەکارهێناوە، هەروەك (جێوێ، هاومەعنا، هاومانا، هاوواتا، هاووات).[٦]**

**سەبارەت بە چەمك و پێناسەی سینۆنیم لە زمانەوانیدا ڕێکەوتن و یەکدەنگییەکی تەواو لە نێوان زمانەواناندا بەدیناکرێت، بەڵکو بیروڕاو بۆچوونی جیاوازو جۆراوجۆر لە ئارادایە، دیارە هۆکاری ئەم بیروڕا جیاوازانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێبازو پەیڕەوە جیاوازانەی کە زماننناسان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەیگرنەبەر، چونکە ((هەر بیروبۆچوونێك کە دێتە ئاراوە لە ژێر کاریگەریی ڕێبازێك یان چەند ڕێبازێکەوە بوونیاد دەنرێت))(عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان:٢٠٠٥:٣١)، بەمپێیە تێڕوانینی جیاوازی زمانەوانان لەبارەی چەمك و پێناسەی دیاردەی سینۆنیم، لە سۆنگەی ئەو ڕێبازو تیۆرو پێڕەوە جۆراوجۆرانەی لێیکۆڵراوەتەوەو سەریهەڵداوەو هاتووەتە ئەنجام، چونکە سینۆنێم ((وەك دیاردەیەکی واتایی لە ڕوانگەی هەریەك لە تیۆرەکانی واتاوە لێکدانەوەی تایبەتیی بۆ دەکرێت))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٤٠).**

**بۆ نموونە ئەگەر بەپێی تیۆری ئەفلاتۆن (ناولێنان) بڕوانینە دیاردەی سینۆنیم. ئەم تیۆرە پێیوایە، هەر تەنێك لە بەرامبەر دوو هێمادا بوەستێت، ئەم دوو هێمایە دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:**





---

[٦] **بۆ یەکەم جار مامۆستا (سەعید صدقی کابان) زاراوەی (مرادف)ی بەکارهێناوە (سعید صدقی کابان:١٩٢٨:١٠)، پاشان لەلایەن (جگەرخوێنەوە) زاراوەی (جێوێ) بۆ ئەم دیاردەیە بەکارهاتووە (جگەرخوێن:١٩٦١:٥٣)، دواتر لەلایەن هەریەك لە (فاروق عومەر صدیق) و (عەبدورەحمانی زەبیحی)یەوە زاراوەی (هاومەعنا) بەکارهاتووە، (فاروق عومەر صدیق:١٩٧٥:٤٧١)، (عەبدوڕەحمانی زەبیحی:١٣٦٧:٩٩)، هەروەها (فواد حەمە خورشید) زاراوەی (هاومانا)ی بۆ ئەم دیاردەیە بەکارهێناوە،(فواد حەمە خورشید:١٩٨٥:٩٦)، هەر لەم بارەیەوە زمانەوان (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) و (بێخاڵ عبدالله سعید) و (عەبدوڵلا عزیز محەمەد) زاراوەی (هاوواتا)یان بۆ ئەم دیاردە واتاییە بەکارهێناووە، (ئەوڕحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٤٧١)، (بێخاڵ عەبدوڵلا سعید:١٩٨٩:٧٦)، (عەبدوڵلا عەزیز محەمەد:١٩٩٠:٥٣)، یەکێکی تر لەو زاراوانەی کە بۆ دیاردەی (سینۆنیم) بەکارهاتووە بریتییە لە زاراوەی (ئەلۆمۆرف) بۆ ئەم دیاردەیە بڕوانە (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسولً:١٩٩٥) ، لەم دوایانەشدا زاراوەی (سینۆنیم) بۆ ئەم دیاردە واتاییە بەکارهاتووەو لە زمانەوانی کوردیدا جێگای خۆی کردووەتەوە بڕوانە (سازان زاهیر سەعید:٢٠٠٩:٤٧)، (شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١)، (مستەفا ڕەزا مستەفا:٢٠١٣:٣٢)، سەرەڕای ئەو زاراوانەی کە بۆ سینۆنیم بەکارهاتووە، ئیسماعیلی ئەیوبی (سمکو ئەپرام) چەمکی (هاووات)ی بۆ ئەم دیاردە واتاییە بەکارهێناوە (ئیسماعیلی ئەیوبی(سمکو ئەپرام):١٣٨٢:١١٤).**

بۆیە بەپێی ئەم تیۆرە وشەکانی (دەرگا) و (قاپی) دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ناتوانن لە هەموو دەوروبەرێکدا لە بری یەکتری بەکاربێن.

بەپێی تیۆری هۆشەکی، کە بە تیۆری سێگۆشەی واتایی ئوگدن و ڕیچاردز بە ناوبانگە، (ئەگەر دوو دەربڕین گوزارشت لە هەمان چەمکی هۆشەکی یان وێنەیی بکات، ئەوا دەبن بە سینۆنیم)(احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٢٣)، وەك لەم وێنەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو:




جاجگ ≈ بنێشت

وەك دەردەکەوێت، هەریەکە لە وشەکانی (جاجگ)و (بنێشت) دوو هێمای جیاوازن، بەڵام لەبەرئەوەی هەمان وێنە، یان بیری هۆشەکیمان پێدەدەن، بۆیە دەکرێت وەکو سینۆنیمی یەکتر سەیربکرێن.

لەکاتێدا تێڕوانینی تیۆری ڕەفتاری (ڕەوشتی) بۆ (واتا) لە تیۆرەکانی تر جیاوازە ، ئەویش بریتییە لەو دەرەنجامەی کە لە (کار)و (کاردانەوە)بەرهەمدێت، واتە بنج و بناغەی ئەم تیۆرە لە سەر بنەمای تاقیکردنەوەکانی (پاڤلۆڤ) کە بۆ گیانداریك ئەنجامیداوە بنیاد نراوە، کە تەماشای واتا وەکو کارو کاردانەوە دەکات. لە ڕوانگەی((ئەم تیۆرەوە (واتا) بریتییە لەو بارەی کە دەربڕینەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت، لەگەڵ ئەو وەڵامدانەوەیەی کە گوێگر دەینوێنێت))(جمعە سید یوسف:١٩٩٠:١٣٢)، بەواتایەکی تر ((دوو دەربڕاو هەمان وروژاندن و وەڵامدانەوەی هەبێت دەبن بە سینۆنیم))(احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٢٤)، تێڕوانینی ئەم تیۆرە سەبارەت بە سینۆنیم زیاتر لە چوارچێوەی ڕەستەدا لەبارەو گونجاوترە، جێی ئاماژەیە ئەم تیۆرە هەموو وشەو دەربڕاوێك کە هەمان کاردانەوەی هەبێت دەکات بە سینۆنیم، بەمەش دیاردەی سینۆنیم پانتاییەکی فراوان لە نێو زماندا داگیردەکات و زۆربەی وشەو دەربڕاوەکانی نێو زمان دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بۆ نموونە:

**کاکە بێدەنگی هۆڵەکە بپارێزە ≈ برادەر هێمنی هۆڵەکە بپارێزە.**

**نەوزاد پارەیەکی فرەی داوە بە خانێکە ≈ نەوزاد خانییەکەی گران سەند ≈ نەوزاد وە پارەیەکی زۆر خانییەکەی سەند.**

**پیاو ئەویٚ خاوەن قسەی خۆی بیٚ ≈ پیاو ناویٚ لە قەولی خۆی پەشیمان بێتۆ ≈ پیاو ئەو پیاوەیە خاوەن وەعدی خۆی بێت.**

هەموو ئەم ڕستانە لەبەرئەوەی هەمان وەلاٚمدانەوەیان هەیە لای گوێگر، بەپێی تیۆری ڕەفتاری دەبن بە سینۆنیمی یەکتر.

تیۆری شیکردنەوە، کە بناغەو بنچینەی ئەم تیۆریە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە (کاتز (Katz)و فۆدەر (Fodar) لە ساڵی (١٩٦٣)دا بلاٚویانکردەوە، بە ناونیشانی (ڕۆنانی تیۆری سیمانتیکی) (The structure of asemantic Theory)، دواتر هەموارکردنەوەی زۆر تیاداکرا (احمد مختار عمر:١٩٨٢:١١٤)، لە تێڕوانینی بۆ دیاردەی سینۆنیم، ((گرنگی بە شیکردنەوەی وشەو توخمە پێکهاتووەکانی وشە دەدات))(پەروین عوسمان مستەفا عەللاف:٢٠٠٩:٧٧)و لەسەر بنەمای شیکردنەوەی هەر واتایەك لە واتای وشەیەك بۆ سیما واتاییەکانی بونیادنراوە، بە جۆرێك لە گشتەوە هەنگاو بنرێت بۆ تایبەتی ((بە پێی ئەم تیۆرە دوو وشە یان مۆرفیٚمو هەریەکەیەکی واتایی، کە سیما واتاییەکانیان یەك بێت، دەبن بە سینۆنیم، یان سیما سەرەکییەکانیان هاوبەش بێت))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٤٥)، بە هۆی دەستنیشانکردنی سیما واتاییەکانی یەکە زمانییەکانەوە لە ڕێگای ئەم تیۆرەوە دەتوانرێت جۆری سینۆنیم دیاریبکرێت، هەروەها((یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بە دەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندییەکانی نێوان مانای یەکە فەرهەنگییەکان ( کە ئایا هاوواتاییە یان دژواتاییە یان گرتنەوەیە))( محەممەد محەممەد یونس عەلی:٢٠١٠:٣٨)، بۆیە ئەگەر دوو دەربڕاو لە کۆمەڵێك (سیفات)ی بنچینەییو تایبەتیدا هاوبەشبوون، ئەوا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بۆ نموونە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **پاساری** | ± **باڵندە** | ± **نێر** | + **گۆشتی دەخورێت** |
| **چۆلەکە** | ± **باڵندە** | ± **نێر** | + **گۆشتی دەخوریت** |
| **مەلۆچك(مەلیچك)** | ± **باڵندە** | ± **نێر** | + **گۆشتی دەخورێت** |

بەلاٚم ئەگەر یەکە واتاییەکان لە هەندێك سیمای ناسەرەکیدا جیاوازبوون ئەوا دەبن بە سینۆنیمی ناتەواو، ئەمەش لە دۆخێکدا ڕوودەدات کاتێك کە سیما واتاییەکان زۆر شیبکرێنەوە، وەکو:

**مەی ≈ خواردنەوە ≈ مەشروب**

ئەگەر سەرنجی وشەکانی (مەی و خواردنەوە و مەشروب) بدەین زۆربەی سیما واتاییەکانیان وەك یەکە، تەنها لە یەك باردا نەبیت، ئەویش ئەوەیە وشەی (خواردنەوە) بە شێوەیەکی گشتی بەرکادیت بۆ ئەو دیاردەیە، هەروەها وشەی(مەشروب)، بەڵام وشەی (مەی) زۆرجار لە بەرهەمی ئەدەبیدا بەکاردیت، بەم شێوەیە:

خواردنەوە { + شلەمەنی + مادە کحولییەکان + بەکارهێنانی گشتی}

مەشروب { + شلەمەنی + مادە کحولییەکان + وشەی بیانی خواستراو}

مەی { + شلەمەنی + مادە کحولییەکان + بەکارهینانی ئەدەبی}

تێورێکی تر، کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە چەمكو پێناسەی سینۆنیمی پێ دیاریبکرێت بریتییە لە تیۆری بەکارهێنان (سیاق) (Contextual Theory) سەرەتاو دەسپێكو سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی زمانەوانی (لەندەن)، بەناوبانگترین دامەزرێنەری ئەم تیۆرە زمانەوان (جۆن رۆبەرت فێرس)(G.R.Firth ) ە، ((کە جەختی زۆری لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان دەکردەوە))(احمد مختار عمر:١٩٨٢:٦٨)، چونکە وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دەیڕوانیە زمان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە ژێر کاریگەری بیر و بۆچوونەکانی زانای پۆڵەندی بواری ئەنترۆپۆلۆجی (مالینۆڤسکی – B.Malinowski) کاری دەکرد، دواتر هەریەکە لە زانایان هالیدای (Halliday) و مکلنتۆش (Mclntosh) و شنگلال (Shinclal) و میشێل (Michell) بە تایبەتی لیۆنس(Lyons) ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاویان بینیوە لە پەرەپێدان و پێشخستنی ئەم تیۆرەدا، گرنگترین بنەمای ئەم تیۆرە، بریتییە لە شیکردنەوە و دیاریکردنی واتای وشە بەپێی بەکارهێنانی لە دەوروبەردا، چونکە ((واتا ڕوون نابێتەوە تەنیا لە دەوروبەری یەکەکانی زماندا نەبێت، واتا دانانی یان بەکارهێنانی لە دەوروبەرری جیاجیادا))(تاڵیب حوسێن عەلی:٢٠١٤:٨٠) کەواتە دەتوانین بڵێین: بەکارهێنانو دەوروبەر لە تیۆری سیاقدا دوو چەمکی پەیوەستو گرێدراون و تەواوکەری یەکترن، کە سەرەنجام دەبن بە فاکتەری دیاریکردنی نرخو بەهاو ئەرکی یەکە زمانییەکانو دواتر دەستنیشانکردنی واتایان بەپێی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەردەکەون، بۆ نموونە ئەگەر وشەی (باش) لە دەوروبەری جیاوازدا بەکاربهێنین، ئەوا واتای جیاوازمان پێدەبەخشێ، وەکو:

| | |
|---|---|
| خویندکارێکی باش | باش ≈ زیرەك / بەڕەوشت...هتد. |
| پزیشکی باش | باش ≈ شارەزا / لێهاتوو / بەئەزموون / پسپۆر...هتد. |
| خواردنی باش | باش ≈ تازە / بەتام / بەسود / خۆش / بەلەزەت...هتد. |
| خوشکی باش | باش ≈ بەسۆز / میهرەبان / خەم خۆر / دڵسۆز...هتد. |
| هاوڕیی باش | باش ≈ ڕاستگۆ / بەوەفا / دڵسۆز / بەئەمەك...هتد. |

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو نموونانەی سەرەوە بدەین، جۆرێك لە سینۆنیمان بۆ دەستەبەر دەكات، ئەویش سینۆنیمی (دەوروبەربەند)ە، چونكە وشەی (باش) بەپێی ئەو دەوروبەرەی، كە تیایدا بەكارهێنراوە كۆمەڵێك واتای جیاوازو جۆراوجۆری گەیاندووە، لەم سۆنگەیەوە ((بەهۆی دەوروبەرەوە دەتوانین واتای جۆراوجۆر بدەینە وشە و ڕستە و دەوروبەرەكە واتاكە ڕوون دەكاتەوە))(ساجیدە عەبدوڵلاَ فەرهادی:٢٠٠٨:٣١)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت كە واتای وشە بەندە بەو دەوروبەرەی كە تییدا دەردەكەوێت، چونكە هەمەئاهەنگییەك لە نێوان هەردوو چەمكی (دەوروبەر و بەكارهێنان)دا هەیە، بۆ بە كاربردنی ئەو جۆرە وشەیە، لەو جۆرە دەوروبەرەدا بەو جۆرە واتاییەوە.

ئاشكرایە زۆربەی وشە فەرهەنگییەكانی زمان خاوەن زیاتر لە واتایەكن، ((ئەو وشانەی كە هەڵگری تاقە واتایەكن لە زماندا زۆر دەگمەنن، زۆربەی یەكە فەرهەنگییەكان پتر لە واتایەكیان هەیە))(كلۆد جێرمان و ڕیمۆلۆبلان:٢٠٠٦:٣٢)، چونكە ((هەموو وشەیەك واتای بنەڕەتی و واتای سیاقی هەیە، دەوروبەر واتای دیاردەكات))(ساجیدە عەبدوڵلاَ فەرهادی:٢٠٠٨:٣٠)، كەواتە دەوروبەر ڕۆڵێكی گەورە و بنجیی دەبینێت لە دەستنیشانكردن و ئاڕاستەكردن و جیاكردنەوەی واتای یەكە زمانییەكان بەپێی بەكارهێنانیان لەگەڵ دانەی زمانیی جیاوازو لە شوێنی جیاجیادا.

زۆربەی زمانەوانان، كە باس لە چەمكی سینۆنیم دەكەن، بەكارهێنانی دانە زمانییەكان لە شوێنی یەكتر، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێكی واتایی بێتەكایەوە، دەكەنە پێوانەی سینۆنیم بوونیان، واتە ئەگەر دوو كەرەستەی زمانی یان زیاتر بتوانن لەبری یەكتر بەكاربهێنرین بەبێ ئەوەی گۆڕانی واتایی ڕووبدات ئەوا دەبن بە سینۆنیم، وەكو:

یاسا ≈ قانون

عەسر ≈ فرمیسك ≈ ئەشك

زرانی ≈ ئەژنۆ ≈ زەنگۆڵ ≈ چۆك

چاك ≈ باش ≈ خاس

بەمەش دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە ئەم تیۆرە، زیاتر بەكارهێنانی لە دەوروبەری جیاجیادا دەكاتە مەرجی سینۆنیمبوون، لەم ڕووەوە (K.Ammer) چوار جۆر سیاق پێشنیاردەكات:

١- سیاقی زمانەوانی (Linguistic Context).

٢- سیاقی دەرونی (Emotional Context).

٣- سیاقی شوین (Situational Context).

٤- سیاقی شێوازو ڕۆشنبیری (Cultural Context). (احمد مختار عمر:١٩٨٢:٦٩)

ئەگەر لە تێڕوانینی ئەم زمانەوانانە وردبینەوە سەبارەت بە چەمك و پێناسەی دیاردەی سینۆنیم، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی زمانەوانان وەكو دیاردەیەكی بەسود و گرنگی زمانیی تەماشای دەكەن و دان بە بوونیاندا دەنێن، كەچی هەندێك زمانەوان نكوڵی لە بوونی دەكەن[٧] ، زۆرجار ئەو زمانەوانانەی كە نكوڵی لە بوونی سینۆنیم دەكەن، نایەكسانی بوونی واتایی یەكە واتاییەكانی زمان دەكەنە بەڵگە، بێگومان بوونی سینۆنیم لە ناو زماندا دیاردە و ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگرە، چونكە جگە لە بوونی ژمارەیەكی زۆری لێكۆڵینەوەی زانستی و ئەكادیمی، كە بەڵگەی سەلماندنی ئەم دیاردە واتاییەن، هەروەها (واقعی) زمانیش ئەوە ڕووندەكاتەوە، كە تاكەكانی ناو كۆمەلگا لە ئاخاوتن و ژیان ڕۆژانەیاندا چەندین وشەو دەربڕینی جیاواز، بۆ گوزارشتكردن لە بیرێك، یان چەمكێك، یان دەربڕاوێك بەكاردەهێنن. زمان و دیاردە زمانییەكانیش ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی واقعی ئاخاوتن و هەست و بیری تاكەكانی كۆمەڵگایەو زمان و كۆمەڵ دوو شتی لەیەك دانەبڕاون، جگە لەوەی ((گۆڕانی واتای وشەو توانستی بەكارهێنانی لە شوێنی جیاوازو گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆر زۆرجار دەبێتەهۆی پەیدابوونی دیاردەكانی هاوواتایی، دژواتایی، هاوبێژی ... تد، لە زماندا))(دارا حەمید محەمەد:٧٨:٢٠١٠).

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو كارانە بدەین، كە باس لە دیاردەی سینۆنیم دەكەن دەبینین، كۆمەڵێكیان سینۆنیم بەیەكسانی واتایی دادەنێن، ((دوو وشە یان زیاتر كە یەك واتا ببەخشن))(محمد معروف فتاح:١٦٧:٢٠١١) یان ((ئەو وشانەن كە جیاوازن لە ڕوخسار و دەربڕیندا و وەك یەكن لە ڕووی واتاوە))(كلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان:٤٦:٢٠٠٦)، یان دەگوترێت سینۆنیم((ئەو دەربڕاوانەیە كە هەڵگری یەك واتان))(جۆن لاینز:٥٣:١٩٨٧)، هەروەها (سیبەوی) لە پێناسەكردنی سینۆنیمدا دەڵێت: ((دوو دەربڕینی جیاوازە بۆ یەك واتا))(حاكم

٧ - هەر لە كۆنەوە كۆمەلێك زمانەوان باوەڕیان بە بوونی سینۆنیم نەبوو، وەك:

أ- (ابن العرابی ٢٣١ ه)، (ابی العباس ثعلب ٢٩١)، (ابن درستویه ٢٤٧ ه)، (ابن خلویه ٣٧٠ ه)، (ابوبكر الزبیدی ٣٧٩ه)، (ابی جنی ٣٩٢ه)، (الرمانی ٣٨٤ ه)، (ابوالحسن احمد بن فارس ٣٩٥ه)، (ابو هلال العسكری ٣٩٥ه)، (جمز الاصفهانی ٣٨٤ ه)، (الراغب الاصفهانی ٥٠٤ ه)، (ابن سیده ٤٥٨ه)، (الفیروزێبادی ٨١٧ ه)، (السیوگی ٩١١ه)، هەروەها هەندێك لە زمانەوانە عەرەبە نوێیەكان هەمان بۆچوونیان هەیە، وەك: (ابراهیم انیس)، (رمضان عبدالتواب)، (حسن رظا)، ( صبحی الصالح)، (محمد الانطاكي). بڕوانە: (حاكم مالك لعیبی:١٩٨٠).

ب- جگە لە زمانەوانە عەرەبەكان، ژمارەیەك لە زمانەوانە هاوچەرخە ئەوروپپیەكانیش هەمان بۆچوونیان هەیە واتا دان بە بوونی سینۆنیمدا نانێن، لەوانە: (لیۆناردۆ بلۆمفیلد Blomfeld)، (هارس Harees)، (گۆدمان Goodman). بڕوانە: (دارا حەمید محەمەد:٢٠١٠).

مالـك لعـيبى:١٩٨٠:٣٥)، يـان دەگوترێـت ((سـينۆنيم بريتييـە لـە چـەند دەربڕاوێـك بۆيـەك واتا))(فايز الدايە:٢٠٠٦:٨٣).

هەنديك لە زمانەوانان جگە لە يەكسانى واتا گەياندنى هەمان مەبەستو ناوەڕۆكيان كردووە بە پێوەر بۆ ديـاردەی سينۆينمبوونى يەكە زمانييـەكان، لـەم ڕوانگەيـەوە ((سينۆنيم بـەو وشـانە دەگوتريت كە هەمان مەبەست و هەمان واتـا دەگەيـەنن))(ف. ر. بـالمر:١٩٨٥:٨٥)، يـاخود كاتيك ((دوو وشە دەبن بە سينۆنيم كە يەك واتاو ناوەڕۆكيان هەبێت))(احمد ابو محبوب:١٣٨٧:١٣١).

هەنـدێك لـە زمانـەوانان جووتبـوونى نيشـانەی سـيمانتيكى دەكـەن بـە مـەرج و پێـوەری سـينۆنيمبوونى دوو وشـە يـان زيـاتر ((دوو وشـە سـينۆنيمن، ئەگـەر هـەمان كۆمەڵـە نيشـانەی سيمانتيكييان هەبيت))(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب٢:٥٥)، بەم پييـە بيت ديـاردەی سينۆنيم لـە زمانـدا زۆر دەگمـەن دەبێـت، چـونكە زۆر ئەسـتەم و گرانـە دوو وشـە هـەمان كۆمەڵـە نيشـانەی سيمانتيكييان هـەبێت. ئەمـە جگـە لـەوەی ديـاردەی سينۆنيم تـەنها لـە ئاسـتى وشـەدا قـەتيس و چەقبەستوو نييە، تاوەكو ئێمە نيشانەی سيمانتيكى بكەين بە پێوەری سينۆنيمبوون، هـەروەها يەكسانبوونى نيشانە سيمانتيكييەكان لە ئاستى فۆنيمدا شتێكى مەحاڵە.

گرووپيكى تر لە زمانەوانان، چوارچێوە و چەمكى سينۆنيم بەپێى توانـای بـەكارهێنانى يەكە زمانييەكان لە شوێنى يەكتردا ديارى دەكەن، كە زۆربەی زمانەوانان لەم بارەيەوە كوك و هاوڕان و پێيـان وايـە پەيوەنـديى سـينۆنيمى ((بـەو جـۆرە پەيوەندييـە دەگـوترێ كـە، كاتێـك لـە نێـوان دوو وشـەدا پەيـدا دەبـێ، كـە لـە هـەموو شـوێنێكدا بتـوانن جيگـەی يـەك بگرنەوە))(كەوسـەر گـەلالى:٢٠٠٦:١٠٨)، يـان دەگوترێـت سينۆنيم ((ئـەو جـۆرە وشـانەن كـە لـە هـەموو چوارچێوەو بەكارهێنانێكدا دەتوانن بيانگۆڕينەوە يان لەبرى يەكتر بەكاريان بهێنين)) (كلـۆد جێرمـان و ريمـۆ لۆبلان:٢٠٠٦:٤٦)، بەلام زۆر بە كەمى دوو وشە دەتوانن لە هەموو ڕوويـەكى واتاييـەوە وەك يـەك بـنو لەهـەموو شـوێنێكدا جێگـەی يـەك بگرنـەوە، يـان لـە هـەموو دەوروبەرێكـدا لـە بـرى يـەكتر بەكاربهێنرێن، بـەم جـۆرەش بێـت سنورو مـەودای چـەمكى سينۆنيم زۆر بەرتەسك دەبێتـەوە، كە ئێمـە بـەم ئاقـار و تێڕوانينـە كـار لەسـەر ديـاردەی سينۆنيم ناكـەين، چونكە ((هـيچ دوو وشـەيەك نييە كە خاوەن واتای تەواو و يەكسـان بن))(ويكتوريـا فرامكينو ديگـران:١٣٨٧:٢١)، بـۆ ئـەوەی بتوانن لە هـەموو شـوێن و دەوروبەرێكدا جێگـەی يـەكتر بگرنـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەيـەنيت كـە دوو وشە يان زيـاتر بـەهيچ شێوەيەك، تـەنها يـەك واتـا لـەخۆناگرن، هەرچـەند ((هەنـدێ سـينۆنيم ڕەنگە لە هەندێ دەوروبەردا بتوانن لە شوێنى يەكتر بەكاربهێنرێن، بەلام لە هەنـدێ چوارچێوەی تردا نـەتوانن لـە جێگـەی يـەك بگرنەوە))(محمـد رضـا بـاطنى:١٣٩٠:٢٢٦)، بـۆ نموونـە وشـەكانى (گەورە) و (فراوان) دەتوانن لە هەندێك دەوروبەردا يەك بگرنەوە، يان لە برى يەك بەكاربهينرێنو ببن بـە سينۆنيمى يـەكتر، بـەلام لـە هەنـديك دەوروبـەری تـردا ئـەو توانايـەيان نييـە، بـۆ نموونـە

دەتوانین بڵێن (ژووری گەورە) یان (ژووری فراوان) یان دەتوانین بڵێین (پیاوی گەورە) یان (مامۆستای گەورە)، بەڵام مەحاڵە بووترێت (پیاوی فراوان)، یان (مامۆستای فراوان) بە پێچەوانەشەوە دەتوانین بڵێین (شەوگارێکی فراوان)، بەڵام ناتوانین بڵێین (شەوگارێکی گەورە). بەم پێیە دەکرێت بوترێت دەورووبەر ڕۆڵیکی گەورەو گرنگو بنچینەیی دەگێڕێت و سینۆنیم دەستنیشان دەکات. یەکیك لە تایبەتێتییەکانی زمان ئەوەیە بەردەوام و بێوەستان بە پرۆسەی گۆڕان و گەشەکردندا دەڕوات، ئەمەش وادەکات واتای یەکە زمانییەکان هەمیشە لە دۆخێکی قەتیسماویدا جێگیر نەبن و پەنگ نەخۆنەوە، بەڵکو بەپێی سەردەمو ژینگەو باری کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری، بەردەوام گۆڕانی بەسەردادێت، ئەم بارەش وادەکات ((هەندێك لەو یەکە زمانیانەی کە ئیستا دەبن بە سینۆنیم لە سینۆنیمی دەکەونو بەپێچەوانەشەوە هەندێکی دیکە پێشتر سینۆنیم نەبوونو دەبن بە سینۆنیم))(کلیوێڤا.ڤ .ن:١٩٦١:٣)، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت دیاردەی ((سینۆنیم ڕێژەییە ))(احمد ابو محبوب: ١٣٨٧، ١٣٢)، چونکە هەر دانەیەکی زمانی بۆ بە سینۆنیمبوونی لەگەڵ یەکەیەکی تری زمانییدا، دەورووبەرو هەلومەرجی تایبەتیو پێکهاتەو جێکەوتەی گونجاوی خۆی پێویستە. هەر ئەمەش وایکردووە کە هەندێك یەکەی زمانیی لە فەرهەنگدا دژواتابن، کەچی لە هەندێك دەوروبەردا ببن بە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

**شەپالزەیەکی باشی لیدا ≈ شەپالزەیەکی خراپی لێدا**

**باش ≈ خراپ**

کاتیك کەسێك کارێك یان هەڵسوکەوتێکی نابەجێ دەکات کەسی بەرامبەری بە پێچەوانەوە قسەی لەگەڵدا دەکات، وەکو:

**ڕاستیم پێ بێژە ≈ درۆم پێ مەیەژە**

**ڕاستی ≈ درۆ**

**بێژە ≈ مەیەژە**

**عەمر درێژ بی بۆ ئیشێك کە کردت ≈ عەمر کۆتا بی بۆ ئیشێك کە کردت**

**درێژ ≈ کورت**

**ئەگەر ڕاست ئەکەیت سوێن بخۆ ≈ ئەگەر درۆناکەیت سوێن بخۆ**

**ڕاست ≈ درۆ**

**ئەکەیت ≈ ناکەیت**

زۆربەی زمانەوان توانای بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان لە شوێنی یەکتر و لە دەورووبەری جیاجیادا دەکەن بە پێوەر بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی سینۆنیم، لەم ڕووەشەوە زمانەوانان نەبوونی چوارچێوەو قەوارەو سنورێکی نەگۆڕو دیاریکراو بۆ چەمکی سینۆنیم دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ چەمکی واتا، بەشێوەیەك کە هەموو زمانەوانان لەسەری کۆکبن، چونکە ئاشکرایە، دیاردەی سینۆنیم پەیوەستە بە واتاوە، یان دیاردەیەکە لە پەیوەندییە واتاییەکان (واتاش بەپێی باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەرونی، هەروەها بەپیی کات و شوێن و سەردەم گۆڕانی بەسەردادێت)( حاکم مالك لعيبي:٨:١٩٨٠) بۆیە تێڕوانینی زمانەوانان بۆ چەمکی سینۆنیم، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر جیاوازەو چون یەك نییە.

کۆمەڵێکی تری زمانەوان، سینۆنیم بە لێکچوونی واتایی نێوان یەکە زمانییەکان دادەنێن (سینۆنیم لیکچوونی واتایە لە نێوان دوو وشە یان زیاتر لە هەمان زماندا )( محمد علی الخولی:٢٧٨:١٩٨٢)، یان دەوترێت ((لێکچوونی چەند وشەیەك لە واتادا سینۆنیمە)) (ستیپانۆڤ .یو.س:١٥:١٩٧٥).

هەرچەندە هەندیك لە زمانناسان نزیکی واتایی بە پێوەری سینۆنیمبوونی یەکە زمانییەکان دەزانن (دوو وشە یان زیاتر کە واتایان لەیەکەوە نزیکبوو، ئەوا ئەو دوو وشە دەبن بە سینۆنیم)(کورش صفوی:٣٥:٢٠٠٥)، یان دەگوترێت سینۆنیم ((ئەو وشانەن کە یەك مانا دەبەخشن، یاخود مانایان لێك نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوەو نوسیندا جیاوازن))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠:١٩٧٥) یاخود دەگوترێت سینۆنیم ((بریتییە لەو پەیوەندییە واتاییەی کە دوو وشە یان زیاتر لە نزیکی لە واتادا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ناگاتە ڕادەی وەك یەکی)) (عبدوالواحید مشیر دزەیی:١١٤:٢٠٠٩).

بەلای (ئارنۆڵد)ەوە ((سینۆنیم ئەو وشانە دەگرێتەوە کە جیاوازن لە پێکهاتەی دەنگیدا، بەلام لەیەك ئەدەن لە واتادا، یان زۆر نزیك لە واتایەکیانا، یا چەند واتایەکیان)) (ئارنۆڵد:٢٧٢:١٩٥٩)، واتە لە شتێکدا دەبن بە سینۆنیم، بەڵام لە هەندێك شوێندا نابن بە سینۆنیم، بۆیە بەهۆی واتایەکی گشتیانەوە، یا چەند واتایەکیان، دەبن بە سینۆنیم و لە سنورێکی دیاریکراودا و دەتوانن جێگای یەکتر بگرنەوە، وەکو:

دەست ≈ قۆڵ
دەستی ئەو منالە بگرە ≈ قۆڵی ئەو منالە بگرە
دەستبڕ ≈ قۆڵبڕ
دەستی ئەڕوا ≈ قۆڵی ئەڕوا*
دەست بلاو ≈ قۆڵ بلاو *

**دەستپاك ≈ قۆڵپاك***
**دەستاودەست ≈ قۆڵاوقۆڵ***

ئەو وشانەش، كە جێگەی یەكتر ناگرنەوە لەو شوێنەدا نابن بە سینۆنیم، گرنگ ئەوە نییە سینۆنیم لەیەك نزیك بێت، بەڵكو گرنگ ئەوەیە لە كوێدا لەیەكتر جیاوازن.

لە لێكۆڵینەوەی سینۆنیمیدا، نابێت تەنها لایەنی نزیكیو لێكچوونی پیشانبدرێت، بەڵكو دەبێت لایەنی جیاوازیشیان پیشانبدرێتو بخرێتە بەرچاو، ئەو جیاوازیانەش لەوانەیە لە تەواوكردنی واتادا بن، یان سروشتی شێواز (ستایل)، یان بەكارهێنانی لەگەڵ وشەی تردا.

بەپێی ئەو باسانەی سەرەوە سەبارەت بە دانانی لێكچوونو نزیكی لە واتادا، وەك پێوەری سینۆنیمبوونی یەكە واتاییەكان، دەگەینە كاكڵەو ناوەڕۆكی راستەقینەی چەمكی سینۆنیمو لە كۆمەڵێك ئەگەر و گریمانە دوورمان دەخاتەوە بە تایبەتی لەوەی كە گومان لە هەندێك لە جۆرەكانی بكەین، چونكە دیاردەی سینۆنیم لە سەر بنەما و پێوەری نزیكیی و لێكچوونیی واتایی بنیاد دەنرێت، نەوەك یەكسانیی لە واتادا.

دەتوانین بەپێی ئەو تێڕوانینانەی كە باسی سینۆنیم دەكەن ئەوە هەڵبهێنیجینو بڵێین: سینۆنیم ئەو پەیوەندییە واتاییە ستونییەیە، كە لە نێوان دوو یەكەی واتایی یان زیاتردا هەیە، لە ڕووی لێكچوون، یان نزیكی لە واتادا و جیاوازن لە فۆرمیاندا، وەكو:

**چۆلەكە ≈ پاساری ≈ مەلۆچك ≈ كێشكە**
**بۆیسان/ بۆسن ≈ دالیٚ**
**مامر ≈ مریشك ≈ مر**
**تریٚ ≈ عەنگور ≈ ئەنگیر**
**لەگەڵ ≈ لەتەك / وەتەك / تەك ≈ لێل / یەل / وەل ≈ گەرد/ وەگەرد**

پێویستە ئەوەش بگوترێت كە ((سینۆنیم لە بچوكترین یەكەی زمانییەوە كە فۆنێمە دەستپێدەكات بۆ مۆرفیٚمو وشەو ڕستە))(ستیپانۆڤ.یو.س:١٩٧٥:٨٤) بۆیە لەباسكردنی چەمكی سینۆنیمدا ناكرێت تەنها لە سنوری وشەدا كورتبكرێتەوە، بەڵكو لە هەموو ئاستەكانی زماندا بەرچاودەكەوێت، هەروەها دیاردەی سینۆنیم دیاردەیەك نییە تەنها تایبەتبێت بە زمانێكی دیاریكراوەوە، بەڵكو لە ناو هەموو زمانەكانی جیهاندا هەیە، واتا سینۆنیم دیاردەیەكی جیهانییە.

## ٢-٣/١) ڕۆڵ و گرنگی سینۆنیم لە زماندا:

ڕۆڵ و گرنگـی پەیوەندییـە واتاییـەکان بەگشـتی و پەیوەنـدی سـینۆنیمی بـە تایبـەتی لـەنێو زماندا لە کردەی پەیوەندی و گەیاندنی واتا و سەرپشککردنی قسـەکەر بۆ هەڵبـژاردن و دەربڕینی جـوان و ناسـك و ڕازاوە پانتاییـەکی فراوانـی داگیرکـردووە، ئەمـەش وا دەکـات بـیرو هەسـتەکان بەشـێوەیەکی وردتـرو باشـترو گونجـاوتر بگەیـەنرێت (کلیۆێڤا.ڤ.ن:١٩٦١:٣)، چـونکە زۆرێـك لـە دەربڕینـە جـوان و ناسـکەکان لـە سـینۆنیمەوە سەرچـاوە دەگـرن و هەڵـدەقوڵێن، لـەم ڕێگەیەشـەوە وروژاندنی هەسـت و نەسـت و بیرمـان بۆ فەراهـەم و دەستەبەردەکات، هـەروەها بـواری دەربـڕین لـە بەردەم ئەدیب و شاعیرو نووسەر دەکاتەوە بۆ ئەوەی لـەم ڕێگەیـەوە بتوانێـت دەربڕاوی هەمـەجۆر دەربڕێــت و لــە دووبارەبوونــەوەو بــەکارهێنانی وشــەیەك بەیــەك فــۆرم بــۆ چــەند جارێــك دووریبخاتەوە، کە ئەمەش لاوازی دەق و کەم دەسەڵاتی نوسەر و ساکاری زمانەکەش دەردەخات، بۆیـە ((سـینۆنیم هۆکارێکـە بـۆ جـەخت کـردن لـە واتـا، بـەبێ پـەنابردن بـۆ دووبارەکردنـەوەی وشـەکان))(حاکم مالـك لعیبی:١٩٨٠:٥٧) ئەمـەش بۆخـۆی ((کەشـی دەربـڕین خۆشـتر و جـوانتر دەکـات))(هێمن عـومر خۆشـناو:٢٠١٠:١٣٥)، کەواتـە سـینۆنیم ڕێگایەکـە بـۆ دەربـڕینی جـوان و شێوازی ڕەوانبێژی و ڕازاندنەوەو جوانکاری بەرهەم و زمان و بوار دەڕەخسێنێت بۆ بەکارهێنان و بەگەڕخستن و پیشـاندانی توانـای هونـەریی دەربڕین و دەسـتەبەرکردنی بناغـەکانی شیعر لەوانـە (کێش، سەروا، ئاواز) و یاریکردن بە وشەو دەستەواژەکان لە بەرهەمی شاعیراندا.


تەنیا لە ڕووی چەندێتییەوە زمان کامڵ نابێت، هەرچەندە ئەم لایەنـە زۆر گرنگـەو بەردەوام و بێوچان بە هێزو قووەتەوە وشەی تێدەڕژێت و لێشی کەمدەبێتەوە و دەوەرێت، لەیەك کاتدا لەگەڵ بەرزبوونــەوەی ژمــارەی وشــەدا چــۆنێتی وشــەکانیش شــوێن و ڕۆڵــی گرنگیــان لــە کــامڵبوون و تـــەواوبوونی فەرهـــەنگی گشـــتی زمانـــدا هەیـــە (ئارنۆڵـــد:١٩٥٩:٢٧١) لەبەرئـــەوەی ئـــەرکی پەیوەندیکردنی دەربڕینی زمان، پێویستی بە دەربڕینی وردو ڕوون و ئاشکرای ژمارەیـەکی زۆری دەربڕی وشە هەیە، کە لـە تواناییانـدا هـەبێت بـە باشـی چەمك لەیـەکتری جیابکەنـەوەو گەیەنـەری وردەکـاری هـەموو بیرو هەسـتێك بـن، واتـە پێویسـتی بـە جیاکردنـەوەی چەمکە بەشـێوەیەك، کـە بتوانرێت دەربڕی هەموو بیرو هەستێك بن، کە سینۆنیم بهێننە ژیانەوە.

وردیــی و وردەکــاری و ڕێکــوپێکی و ڕوونیــی دەربــڕین، ئامــانجی زمانــە، لــە هەمانکاتــدا ((پێشـکەوتن و گەشەسـەندنی زمـانی هـەر میللـەتێك بـە تونـدی بەسـتراوەتەوە بـە گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی شارسـتانییەتییەوە))(فاروق عمـر سـدیق:تێرمینۆلۆژیـا:٢٠١٣-٢٠١٤)، هـەر بۆیـە ((بەدیهێنانی دەربڕین و شێوازی نوێی ئاخاوتن بە توانـای گـۆڕینی شارسـتانیەت و پێشخسـتنی کاروانەکـەی))(بـەکر عـومر عـەلی:٢٠٠٠:١٧) بەسـتراوەتەوە، لـەم ڕووەوە (ڤنگشـتاین) دەڵێـت:

((داهێنـانی دەربـڕینێ، واتـە داهێنـانی شـێوازێکی نوێیـە لـە ژیان))(سەرچـاوەی پێشـوو:هەمان لاپەڕە).

سینۆنیمیش یەکێکە لـەو ڕێگـە و فاکتەرانـەی، کـە بـە هۆیـەوە دەتوانرێت شێوازی دەربڕینی نـویێ پێشـکەش‌و گەشـە پێبکـات، کەواتـە دەتوانرێـت لـە ڕێـی سـینۆنیمەوە ڕووی گەشـی شارستانیەتی هەر میللەتێك ببینرێت،چونکە ((سینۆنیم دیاردەیەکی پێشکەوتن‌و گەشەسـەندنی زمانە))(حاکم مالك لعیبی:١٩٨٠:٣٠٦) لەلایـەکی تـرەوە سینۆنیم هۆکارێکـە بۆ بـە بەرهـەمی لـە زماندا ((بە بەرهەمیی سیمانتیکی لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکاندا دەردەکەوێت، بە تایبـەتی لـە سـینۆنیم و فرەواتادا))(نـەرمین عومـەر ئـەمین:٢٠١٠:١٢)، هـەروەها سـینۆنیم ڕێگەیەکـە بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی فەرهـەنگی زمـان ((هـەر زمانێـك یەکـەی سینۆنیمی زۆربێـت، نیشـانەی ئەوەیـە فەرهەنگی ئەم زمانە دەوڵەمەندە))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٧٥).

دەوڵەمەندبوون‌و گەشەسەندن‌و پێشکەوتنی فەرهەنگی زمان دەبێت بە فاکتـەری جوانکردنی زمان‌و ڕازاندنەوەو بەهێزکردنی توانای دەربڕین‌و پێشخستنی ستایلی تایبەتی، لە هـەمان کاتـدا توانـا و شـێوازی دەربـڕین و بـەکارهێنانی دەربـڕاوە سـینۆنیمییەکان، بـە پێـی کـات وهەڵوێسـتە وشوێن و جۆری بابەت، دەرخەری کەسێتی تاکە، چونکە ((توانای ئاخاوتن کەسێتی مرۆڤ دیاری دەکـات، هـەر لـەم ڕوانگەیەشـەوە دەتـوانرێ مـرۆڤ هەڵبسـەنگێنرێ))(بەکر عـومر عـەلی و شـێرکۆ حمەئـەمین:٢٠٠٦:٣٩)، کەواتـە سـینۆنیم لـەو ڕووەشـەوە ڕۆڵـی خـۆی هەیـەو دەوڵەمەنـدبوون‌و فرەلایـەنی گەشەسـەندنی زمـانیش کـار دەکاتەسـەر سیسـتەمی شـێوازی زمـان، ئەمـەش دەبێتـە فاکتەری دەوڵەمەندبوونی شێواز و توانـای وشـە و دەربـڕینی هەمەچەشـن و جۆراوجـۆر، کـە بـوار دەدات بە گۆڕین‌و کارتێکردنی یەکتری، کەواتە سینۆنیم یەکێکە لە نیشانەکانی دەوڵەمەنـدبوونی زمـا ن، چـونکە زمـان ((چـەندین ڕێگـا بـۆ گەشـەکردن و دەوڵەمەنـدکردنی خـۆی دەگرێتەبـەر تـا بەهۆیانەوە بتوانێت دەربڕی گشت بیرو شت وچەمکێکی تـازە سـەرهەڵدراو و تازەپیـدابوو، بێـت ))(فـاروق عومـەر سـدیق:٢٠١٣:١١٩)، یـەکێك لـەو ڕێگایانـەی کـە فەرهـەنگی زمـان بەهۆیـەوە گەشـەدەکات وپەرەدەسـێنێت و دەوڵەمەنـددەبێت، سـینۆنیمە، لەبـەر گرنگـی و جیهـانێتی ئـەو ڕێگایانـەی کـە فەرهـەنگی زمـان پێـی دەوڵەمەنـددەبێت‌و پەیوەنـدی بـە باسـەکەمانەوە هەیـە، بـە گرنگی دەزانین سەرجەم ڕێگاکان لەم دیاگرامەی خوارەوەدا بخەینەڕو:




(سەرچاوەی پێشوو:١٢٠)

**فەرهەنگی زمانی کوردی وەك هەموو فەرهەنگەکانی تری زمانانی جیهانی سودی لە سەرجەم ئەو ڕێگایانەی سەرەوە وەرگرتووە بۆ پڕکردنو دەوڵەمەندکردنی خۆی. هەروەها یەکێك لە ئەرکە بنچینەیی و سەرەکییەکانی فەرهەنگ، تۆمارکردنی وشەو دانانی واتاکانیەتی، بە تایبەتی لە نووسینی فەرهەنگی یەکە زمانییەکاندا، ئەمەش سینۆنیم زیاتر ڕۆڵی تێدادەگێڕێت، واتە ((بۆ**

دەرخستنی چەمکی وشەیەك، فەرهەنگەوانان بە گشتی سود لە سینۆنیمەکانی ئەو وشەیە دەبینن))(کورش صفوی:١٣٩١:٦٨)، کە لە ڕووی واتاییەوە لێکچوون و نزیکیی لە نێوانیاندا هەیە.

لە سینۆنیمدا جیاوازی وردی چەمك، دەستخستنەسەری تەواوی نیشانە، یان نیشانە پلەکانی چەمك، جیاوازی پەیوەندی قسەکەر بە بابەتی قسەکراوەوە، چەسپاندنی، یان دەوڵەمەندبوونی تاقیکردنەوەی نەتەوە خاوەن زمانەکە دەردەخات، کەواتە سینۆنیم دیاردەیەکی واتایی ئونیڤەرساڵە و ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی تاقیکردنەوە یەك لە دوای یەکە کەڵەکەبووەکانی عەقڵ و هۆش و بیری نەتەوەیەکە لە بوارە جیاجیاکاندا، چونکە ((هەموو گۆڕانێك کە بەسەر عەقڵ و هۆش و بیردا دێت، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکاندا، ڕەنگ دەداتەوە و لە فەرهەنگی زمانیشدا خۆی دەبینێتەوە))(فاروق عومەر سدیق:٢٠١٣:١٧٠) هەر بۆیە فەرهەنگی زمان ((هەمیشە لە شڵەقاندندایە، ئەوەش وادەکات پەیوەندی وشەکانی زمان لە ناو خۆشیاندا، بە قەتیسماویی نەمێنن، بەڵکو هەریەکەیان لە پێناوی جێ گرتن و پارێزگاری لەخۆکردن چەندەها چەك و ڕێگا دەگرنەبەر کە یەکێکیان بە سینۆنیم بوونە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو:١٥٦).

بوونی ئەم دیاردە واتاییە لەزماندا ڕۆڵ و بایەخێکی بەرچاوی هەیە لە ئاسانکردنی ڕادەی تێگەیشتن و فێربوونی زمانی یەکەمدا، بەتایبەتی لای منالان، چونکە منالْ لەسەرەتادا خاوەن گەنجینەیەکی وشەی زمانیی دەوڵەمەند و ئاسۆیەکی بیری فراوان نییە، هەر بۆیە زۆرجار بەئاسانی لە واتا و مەبەستی وشەو دەربڕاو و دەستەواژەکانی ناو زمان ناگات، لەم حاڵەتەدا سینۆنیم ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاو دەگێڕێت و دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و ئاسانکردنی واتای ئەو وشە و دەربڕاو و دەستەواژانە و چەسپاندنیان لە بیر و مێشکدا لە ڕێگەی بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ئەو سینۆنیمانەی کە لێکچوون و نزیکی لە واتاکانیاندا هەیە، بەرامبەر بەو وشە و دەستەواژانە، سەرەنجام ئاشناو فێری دەبێت، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بوترێت((تایبەتمەندیی بوونی سینۆنیم لە ئاستی مۆرفۆلۆژی وسینتاکسدا لەخۆوەنییە و ناکرێت بەکەم تەماشابکرێت، چونکە فاکتەرێکە بۆ بەرفراوانکردنی دەربڕینەکان))(بۆداگەڤ.ڕ.ئا:١٩٧٤:٥٩) بەم پێیەش دەکرێت بەرەنگاری ئەو ڕایە ببینەوە، کە گوایە سینۆنیم زمان بەرەو گرانی و قورسبوون دەبات، چونکە نەك هەر بەرەو گرانی و قورسبوونی نابات، بەڵکو تەنانەت دیاردەی سینۆنیم بەسوودە بۆ ڕونکردنەوەو نەهێشتنی لێڵی فەرهەنگی و تەمومژی (سینتاکسی)/ مۆرفۆسینتاکی) کە زۆرجار هۆکارەکانی دەرکەوتنی لێڵی و تەمومژی واتایی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی وشەی پۆلۆسیما(Polysemy)ی و هۆمۆنیم(Homonym)ی، بەلام ((وشە هاوواتاکان، بەپێچەوانەی وشە فرە واتاکانەوە بۆ

نموونـه، بۆ لێکدانـەوەو ڕوونکردنـەوە سـودیانلێدەبینێت و تەمومـژی سینتاکسـی دروسـتناکەن)) (محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب١:١١١)، کەواتـە دەکرێـت لـە ڕێگـەی سـینۆنیمەوە لێڵـی فەرهـەنگی و تەمومژی سینتاکسی ڕوونبکرێتەوە، وەکو:

**تیژ~ خواردنی تیژ (توون)**

**تیژ~ کێرد، یان چەقۆی تیژ، کە پێچەوانەکەی (کول)ە**

**دەستی بڕی ~ کێردەکە دەستی بڕی (چەقۆکە دەستی بڕی)**

**دەستی بڕی ~ دەسەڵاتی نەهێشتووە**

**دەستی بڕی ~ هەڵیخەڵاندووە ( فریوی داوە)**

**دەستی بڕی ~ لەمیشی کرد و لەویشی کرد (بوو بە مایەی زەرەر لێدانی)**

هەرچـەندە بـە بـڕوای (عبـدالقادر الفاسـی): ((هەنـدێك تەمومـژی هەیـە کـە سـیاقی ڕاسـتەوخۆ نایڕەوێنێتەوە، بۆ نموونە وشەی وەك: ڕێزمان، فۆنۆلۆجی، بابەت،... چونکە لە نـاو یـەك سـیاقدا ژمارەیـەك مانـا دەبەخشـن، بۆیـە ناچـار بـە نزیککردنـەوەو جیـاوازیکردن و بـەکارهێنان و گـۆڕینی سیاقەکان دەگەینـە ئـەو واتایـەی کـە مەبەستە))(صـباح ڕەشـید قـادر:٢٠٠٠:٤٧) نزیککردنـەوە و جیـاوازیکردن و بـەکارهێنان و گـۆڕینی سـیاقەکان بـۆ گەیشـتن بـەو واتـاو مەبەسـتانەی کـە دەمانەوێت زیاتر لە ڕێگای بەکاهێنانی وشـە و دەسـتەواژەی سـینۆنیمییەوە ڕووندەبێتـەوە، لـەم ڕووەوە دەتوانرێت بگوترێت سینۆنیم لە هەموو ئاستەکانی زماندا لە کاردایە.

گرنگی سینۆنیم تەنها لەو لایەنانەی سەرەوەدا کورت ناکرێتـەوە، بـەڵکو سـینۆنیم فاکتـەرێکـە بـۆ بـەپێزکردن و ڕازاندنـەوەی دەربـڕین و جوانکـاری و ڕونبێـژی و بـەهێزکردنی زمـانی نوسـین و ڕێگەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردن و سـودلێوەرگرتنیان (وشـەی سـینۆنیمی) لـە دامەزرانـدنی زمـانێکی یەکگرتوودا (زمانی ستانداردی کوردی)، کە ئەمەش هەوێنی پێکهێنانی یەك نەتەوەییە.

ئاشـکرایە، کـە زۆرجـار بـەکارهێنان و هەڵبـژاردنی وشـەو دەربـڕاوو دەسـتەواژەکان بـە تونـدی گرێـدراوە بــە هەڵویســت(موقف) و کــات و شــوێن و ڕەگــەز و تەمــەن و پیشــە و پلەوپایــەی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی کە مەبەستە، لەم بوارەشدا سینۆنیم ڕۆڵی کارا و تەواو دەگێڕێت، چونکە ئەرك و بەهاو نرخـی گـەورەو گرانـی وشـە سـینۆنیمیەکان، یـاخود دیـاردەی سـینۆنیم لـە زمانـدا بریتییـە لـە پێویسـتی زمـانیی بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن و گەیانـدنی مـەرام و مەبەسـتی قسـەکەر بـە گـوێگر بـە جـوانترین و ناسـکترین و نەرمترین و ڕوونترین و ئاسانترین و بەهێزترین و بەپێزترین و پاراوترین شێوە.

## ٣/١-٣) هۆكار و سەرچاوەی دروستبوون‌و سەرهەڵدانی سینۆنیم لە زماندا:

دیاردەی سینۆنیم وەك هەموو دیاردە واتاییەكانی تری نێو زمان، لە فەرهەنگی وشەكانی هەموو زمانێكدا ڕوودەدەن، چونكە كۆمەڵێك هۆكاری جیاواز هەن، كە دەبنە مایەی چالاكبوون (ئەكتیڤبوون) و گەشەسەندنی و لە هەمان كاتدا دەبنە سەرچاوەی پەیدابوون، یان دروستبوون و سەرهەڵدانی لە نێو زماندا، كە گرنگترینیان بریتین لە:

### ٣/١-٣-١) بوونی دیالێكت‌و نیمچە دیالیكتی جیاواز لە زمانێكدا:

یەكێك لە فاكتەرە دیارو گرنگەكانی سەرچاوەی دروستبوون وسەرهەڵدانی سینۆنیم لە نێو زمانی كوردی بە گشتی‌و لە ناوچەی گەرمیاندا بە تایبەتی بوونی دیالێكت‌و چەند نیمچە دیالێكتێكی جیاوازە، وەك ئاشكرایە، زمانی كوردی خاوەنی ژمارەیەك دیالێكت‌و نیمچە دیالێكتی جیاوازە، ئەمەش وایكردووە، ژمارەی یەكەی سینۆنیمی لە نێو زمانی كوردیدا زۆر بێت، چونكە هەرچەندە ژمارەی دیالێكت‌و نیمچە دیالێكتەكان لەناو زمانێكدا زۆربێت، ئەوەندە ژمارەی یەكە سینۆنیمییەكان زۆرتر و زیاتر دەبێت‌و پێچەوانەكەشی ڕاستە. هەرچەندە یەكێك لە مەرجە بنەڕەتی‌و سەرەكییەكانی سینۆنیمبوون لە زمانەوانی نوێدا، بوونی ژینگەیەكی زمانی یەكسانە، واتە دەبێ زۆربەی قسەپێكەرانی ئەو ژینگە زمانییە بە ئاسانی لە واتای ئەو یەكە سینۆنیمانە بگەن ((دەبێ وشەكان بۆ زارێك، یان كۆمەڵە زارێكی یەكگرتوو بگەڕێنەوە))(تاڵیب حوسێن عەلی:٢٠١١:٦٨)، ئەمەش بۆ ئەو سنور و ناوچانە لەبار و گونجاوە و دەستدەدا كە بەریەككەوتن‌و تێكەڵبوونی دیالێكت‌و نیمچە دیالێكتی تێدا زۆر بەرچاودەكەوێت.

((فرە دیالێكتی كاتێك كاریگەری دەبێت، كە یەكە واتاییەكان لەناو دوو دیالێكتدا تێكەڵ بن‌و بەكاربهێنرێن))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٤٩)، ئەمەش لەگەڵ واقیع و تایبەتێتی و سروشتی ژینگەی زمانیی ناوچەی گەرمیاندا ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە و دەگونجێت، چونكە بوون‌و بڵاوبوونەوەو بەكارهێنانی چەند نیمچە دیالێكتێكی جیاجیا لە سنور وچوارچێوەی ناوچەی گەرمیاندا ڕاستییەكی زمانیی ڕوون‌و ئاشكراو حاشاهەڵنەگرەو ناتوانرێت نكۆڵی لێبكرێت، لەهەمان كاتدا تێكەڵبوون‌و ئاوێتەبوون‌و بەریەككەوتنی ئەم نیمچە دیالێكتانە لەم ناوچەیەدا، كاریگەری‌و ڕەنگدانەوەو جێپەنجەی خۆی بە جۆرێك داناوە، كە بووەتە هۆكار و سەرچاوەی پەیدابوون‌و درووستبوون‌و سەرهەڵدان‌و گەشەكردن‌و چالاككردنی ژمارەیەكی زۆری یەكەی سینۆنیمی جیاواز لە هەموو ئاست‌و بەشەكانی زمانداو لە گشت بوارە جیاجیكانی ژیاندا[٨]، وەكو:

---

[٨] – بڕوانە ( بەشی دووەم و سێیەم)

**ئەژنۆ ≈ زرانی ≈ زەنگۆڵ ≈ چۆك**

**دەزوو ≈ مەچیر ≈ تیرە**

**هاوین ≈ تاوسان**

**سایك ≈ سێوەر/ سێبەر**

**قۆپچە ≈ دوگمە**

**چرۆ ≈ وەرچ ≈ چوزە**

**نینۆك ≈ نویخان / ناخون / ناخوین / نوخان**

**پەموو ≈ لۆكە**

**ترپ ≈ تور/ تویر**

**گوڵەبەرۆژە ≈ ناوك ≈ چنچگ ≈ حەب**

**كڕین ≈ سەندن / سەنن**

**ڕووخاندن ≈ ڕماندن**

**چوون ≈ ڕۆیشتن**

### ١/٣-٣-٢) شێوازی جیاجیای ئاخاوتن:

**مرۆڤ زۆرجار لە كاتی ئاخاوتندا بۆ گەیاندنی مەبەستو ئامانج و بیروبۆچوونەكانی بە كەسانی بەرامبەر، شێوازی دەربڕینی جیاوازو جۆراوجۆرو گونجاو دەگرێتەبەر ((مرۆڤ ناكرێت بۆ هەموو بابەتێك یەك شێوازی قسەكردنی هەبێت))(بەكر عومر عەلیو شێركۆ حمەئەمین:٢٠٠٦:٣٦)، چونكە دەربڕینی ڕوون و پاراو و داڕشتنی جوان و چنینی ناسك و هۆنینەوەی بابەتەكان بەشێوازی جیاجیا، كاریگەری لە گەیاندنی مەبەستو ئامانجو بیروبۆچوونەكاندا هەیە، بەجۆرێك دەبێتە هۆكار و نیشانەی داهێنانو وردبینیو وردەكاری قسەكەر یا نووسەر لە دەربڕینەكاندا، دواتر ڕاكێشانی سەرنجی گوێگر یان خوێنەر بۆ لای خۆی، بەكارهێنانو هەڵبژاردنی شێوازی جیاجیا لە دەربڕیندا، لە ژێر كاریگەریو بەپێی (كاتو شوێنو جۆری بابەتو پیشەو ڕەگەزو هەڵوێستەو بۆنەو تەمەنو پلەو پایەی كۆمەڵایەتیو باری دەروونیو ئاستی ڕۆشنبیریو ...هتد) دایە، هەر بۆیە ئەو یەكە واتایانەی كە لە شێوازە جیاجیاكاندا بەكاردەهێنرێنو هەمان مەبەستو واتا دەگەیەنن دەبن بە سینۆنیم ((ئەو وشەو ڕستەو دەستەواژانەی كە لە شێوازی جیاجیادا دەگوترێنو هەریەك مەبەست بەدەستەوە دەدەن دەبن بە سینۆنیم))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٥٢)، وەكو:**

**جەنابتان ≈ بەڕێزتان ≈ ئێوە ≈ تۆ**

زۆرجار دەتوانرێت لە ڕێی شێوازی ئاخاوتنەوە پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر تێبینی، یان دەستنیشان بکرێت، هەندێك جار شێوازی ئاخاوتن هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی پێگەو پلەوپایەی قسەکەر، کە دەکرێت لەم ڕێگەیەوە ئاستی ڕۆشنبیری، پیشە، پلەوپایە، چینی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی ... قسەکەر دەستنیشان بکرێت، هەروەها زۆرکات بەکارهێنان و هەڵبژاردنی جۆری دەربڕاوەکان، بەشێکە لە ڕەنگدانەوە و کاریگەری کلتورو دابونەریت لەسەر قسەکەر ((دەکرێت دوو وشە ببن بە سینۆنیم لە کاتی بەکارهێناندا لە دوو شێواز یان دوو دەوروبەری تایبەتیدا))(احمد محبوب:١٣٢:١٣٨٧)، واتە دەکرێت دوو دەربڕاو یان زیاتر بە پێی کات و شوین، یان ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردەهێنرێن لە شێوازی جیاجیادا لەسەر ئاستی سیمانتیك، یان پراگماتیك ببن بە سینۆنیم، وەکو:

**هاوسەر ≈ پیاو ≈ مێرد ≈ باوکی منداڵەکان ≈ شوو**

سەرهەڵدان و دروستبووی سینۆنیم بەهۆی شێوازەوە تەنها لە ئاستی وشەی سادەدا ناوەستێتەوە، بەڵکو لە نێو وشە لێکدراوەکانی زماندا بە ئاشکرا دەبینرێت، چونکە ((لە ئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی جودا لە چۆنێتی داڕشتنی و دروستکردنی وشەدا، گەلێك وشەی سینۆنیم لە زمانی کوردیدا پەیدابوون)) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٢٢)، وەکو:

**ڕۆژئاوا ≈ خۆرئاوا**
**سەروپێ ≈ کەلەوپا ≈ کەلەپاچە**
**دەمپیس ≈ جنێو فرۆش**
**ڕق لە دڵ ≈ کینەلەدڵ ≈ قین لە دڵ**
**لوت بەرز ≈ لەخۆبایی ≈ تڕ زل**
**دەست کورت ≈ کەم دەرامەت ≈ فەقیر ≈ هەژار ≈ نەبوو ≈ نەدار ≈ ڕەجاڵ**
**ئەسڵزادە ≈ خانەدان ≈ بنەماڵە ≈ نەجیب زادە ≈ ئسول زان ≈ قەدرزان**
**سەربان ≈ بان خانی**
**گەرماوگەرم ≈ دەستبەجێ ≈ دەمودەست ≈ یەکسەر ≈ ڕاستەوخۆ**

بێگومان مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە کاتی قسەکردنیدا یان لە کاتی نووسیندا یەك جۆرە شێواز بەکارناهێنێت، بەلکو هەروەکو (ڤێرس) دەڵێت: ((ژیانی مرۆڤ پێوستی بە دەوری جۆربەجۆرە، هەریەکێك لەم دەورانەش پێویستی بە شێوازی جیاجیا هەیە))(بەکر عومەر عەلی و

شێركۆ حەمە ئەمین:٢٠٠٦:٣٢)، بۆیە زۆرجار لە ئەنجامی بەكارهێنانی شێوازی جوداجودادا بۆ گەیاندنی هەمان مەبەست و واتا هەندێك ڕستەی سینۆنیمی دێتەئاراوە، وەكو:

**لەدەورت گەڕێم ≈ بە قوربانت بم ≈ بەساقەت بم / بووم وەساقەو ≈ بێمە دەورتا دەنگی ڕادیۆكەت بەرزە ≈ بیٚ زەحمەت دەنگی ڕادیۆكەت زۆرە ≈ عەزیەت نەویٚ دەنگی ڕادیۆكەت كزكەی ≈ ئەرك نەبێت دەنگی ڕادیۆكەت كەمكەیتەوە ≈ بە یارمەتیت ئەگەر بكرێت دەنگی ڕادیۆكەت كەمكەیتەوە.**

### ٣/١-٣-٣) وشەی وەرگیراو:

خواستن و وەرگرتنی وشە لەزمانانی تر دیاردەیەكی ئاسایی زمانییەو یەكێكە لەو سەرچاوە گرنگ و بنەڕەتیانەی كە دەبێتە فاكتەری سەرهەڵدان و دروستبوونی دیاردەی سینۆنیم لە نێو زماندا. دیاردەی خواستنی كەرەستەی زمانیی لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر، دەرئەنجامی كارتێكردن و نزیكبوونەوەیانە لە یەكتر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك هۆكاری كۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری، ئاینی، سیاسی، گەشتوگوزاری، ئابوری، بەجیهانیبوون و پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا....هتد، ((بوونی ئەم دیاردەیە لە زماندا هیچ لە نرخی زمان كەم ناكاتەوە، بەڵكو بەپێچەوانەییشەوە نیشانەی بەهێزی زمانە))(دارا حەمید محەمەد:٢٠١٠:١٠٢)، فاكتەریكە بۆ دەوڵەمەندكردنی زمان چ بەگشتی و چ لە ڕووی سینۆنیمەوە بێت، لەم ڕووەوە (ستیڤن ئۆڵمان) جەختدەكاتەوەو دەڵیت: (زمانی ئینگلیزی یەكێكە لە زمانە تایبەت و دەوڵەمەندەكان، لە ڕووی سینۆنیمەوە، چونكە لە مێژەوە دەرگای والاكردووە بە ڕووی وەرگرتن وخواستنی وشەكانی زمانی لاتینی و ئەو زمانانەی، كە سەر بەهەمان زمانن، بەمەبەستی خۆ دەوڵەمەندكردن بە سەرچاوەی سینۆنیمی بەشێوەیەكی بەرفراوان، هەر بۆیە لە ئاكامدا ئەم زمانە بووە بە خاوەن سەرچاوەی ژمارەیەكی زۆری وشەی سینۆنیمی بەشێوەیەكی بەربلاو، ئەمەش وای لێكرد ببێت بە زمانی هەڵگری واتای وردو هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرو دەستەبەركردنی دەربڕینی وشێوازی جۆراوجۆر، بە شێوە وپلەو ئاستیك كە هیچ زمانیكی تری ئەوروپی پێی نەگەیشتووە)(**رمضان** عبدالتواب:١٩٩٩:٣٢٢) لەم ڕوانگەیەوە(فندریس) پێی وایە ((پێشكەوتنی زمان بە تەنها و بەبیٚ كاریگەریی دەرەكی شتێكی ئەستەم و دەگمەن و ناوازەیە، كارلێكردنی زمانانی دەوروبەر لەسەر زمانێك ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لە گەشەكردنی ئەو زمانەدا))(حاكم مالك لعیبی:١٩٨٠:١٦٥)، بۆیە دەكرێت بوترێت، هیچ زمانێك نییە بە دوور بێت لە دیاردەی خواستن و وەرگرتنی وشەی زمانانی تر، چونكە ناتوانرێت و ناكرێت بە تەنهایی و دابڕاوی و دوورەپەرێز بێت و تێكەڵی زمانانی تر نەبێت، بەتایبەتی زمانی دراوسێكانی، لەبەرئەوەی ((خواستنی وشەی زمانانی تر دیاردەیەكی

زمانی گشتییەو هەموو زمانانی جیهانی لە ڕابردوو و ئێستادا لەم دیاردەیە بە دوور نین‌و نەبوون))(گاصد یاسر الزیدی:١٩٨٧:١٨٣)، کەواتە خواستن‌و وەرگرتنی وشەی وەرگیراو زمانانی تر دیاردەیەکی گشتی‌و هەمیشەیی زمانییە.

زمانی کوردیش وەك هەموو زمانانی جیهان وشەی زمانانی تری تێدا دەبینرێت، بە تایبەتی زمانانی دراوسیێ ((هەرچەندە لە زمانی کوردیدا بۆ هەندێك مانا وشەی ڕەسەنی کوردی هەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا ڕێککەوتووە، بۆ هەمان مانا لە زمانی بێگانەوە وشە بکەونە ناو زمانەکەمانەوەو لەگەڵ وشە کوردییەکاندا ببن بە سینۆنیم))(ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٢٢).

زمانی دانیشتوانی ناوچەی گەرمیانیش وەك بەشێکی زمانی کوردی، هەندێك وشەو دەستەواژەی زمانانی تری وەرگرتووە، بەتایبەتی زمانەکانی (عەرەبی‌و تورکمانی) بەهۆی کاریگەریی دراوسێتی‌و تێکەڵییەوەیە لەگەڵیاندا، چونکە ((زمانێك کە دراوسێی زمانێکی تر بێت، شتێکی ئاشکرایە، قسەکەرانیان، بەهۆی ئەو پەیوەندییانەی کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوونیان بەیەکتری لە نێوانیاندا، دروست دەبێت، لەناو خۆیاندا وشەش کە دەربڕی ئەو پەیوەندیانەن، ئاڵوگۆڕبکەن))(فاروق عومەر سدیق:٢٠١١:٥٠)، بەڵام مەرج نییە ئەو وشەو دەستەواژانەی کە لە ڕێگەی وەرگرتنەوە دێنە ناو زمانی کوردییەوە، لای هەموو کوردێك باو بەکاربێن، بێگومان ((زمان وەك گیانلەبەرێکی زیندوو وایە، گەشە دەکات، کارلێکەرو کارتێکراوە))(عبدالقادر ابوشریفە و اخرون:١٩٨٩:٦٥).

هێنانانە ناوەوەی هەر یەکەیەکی زمانیی بۆ نێو زمانی کوردی دەبێت ((لە پێشدا بە لەبراتۆری فۆنەتیکیی زمانی کوردیدا، تێدەپەڕن، ئینجا دەکەونە کار))(فاروق عومەر سدیق:٢٠١١:٥٠)، واتە ئەو یەکە واتاییانەی دێنە ناو زمانی کوردییەوە، دەبێت بەپێی یاساکانی فۆنەتیکی‌و فۆنۆلۆژی زمانی کوردی دابڕێژرێن‌و لەگەڵ ڕێنووسی زمانی کوردیدا بگونجێنرێن، دیارە ئەمە بۆ هەموو زمانانی تریش ڕاستەو هەروایە، ((زمانی کوردی بە درێژایی مێژووی خۆی ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی زمانی دەوروبەری خۆی وەرگرتووە و بەکارهێناوە))(تاڵیب حوسێن عەلی:٢٠١١:٨٣) بە تایەبتی وشەو یەکەی واتاییەکانی زمانی هەر دوو نەتەوەی دراوسێی دێرینی ( عەرەب‌و تورکمانی)، چونکە ((لەو سنورانەی کە کوردی لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا بەیەك دەگەن، جۆرە تێکەڵبوونێك لە نێوانیاندا پەیدابووە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە لەیەکەوە نزیکن، یان لەگەڵیاندا بە یەکەوە دەژین، لە ڕووی زمانەوە دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکتری))(هەمان سەرچاوەی پێشوو:٨٢)، ئەم حاڵەت‌و دۆخەش لە ناوچەی گەرمیاندا بەرچاودەکەوێت، چونکە بەریەککەوتن‌و تێکەڵبوون لە نێوان دانشتوانی کوردی ناوچەی گەرمیان لەگەڵ هەر دوو نەتەوەی عەرەب‌و تورکماندا ڕاستییەکە نکوڵی لێناکرێت،

هەربۆیە ژمارەیکی زۆری وشەو یەکەی واتای زمانی عەرەبی و تورکمانیی لەم ناوچەیەدا لەگەڵ وشەو یەکەی واتایی دیالێکت و نیمچە دیالیکتەکانی زمانی کوردی ئەم ناوچەیە بوون بە سینۆنیم، بۆ نموونە ئەو وشە عەرەبیانەی بوونە بە سینۆنیمی وشە کوردییەکانی ناوچەی گەرمیان و بە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی ئاخاوتندا بە کاردەهێنرێن،وەکو:

بلدیە > بەلەدیٚ ≈ شارەوانی

تحلیل > تەحلیل ≈ شیکاری

جبل > جەوەڵ ≈ شاخ ≈ کێو ≈ کەژ ≈ چیا ≈ کەل ≈ ملە ≈ یاڵ

مختبر > موختەبەر ≈ تاقیگە

مشکلە > موشکیلە ≈ کێشە ≈ گیروگرفت

سحر > سحر ≈ جادوو

سجن > سجن ≈ بەندیخانە

درج > دەرەج ≈ پلەکانە / پێپلەکانە ≈ پاچینە / پاپاچینە ≈ نەردەوان ≈ قاڵدرمە

وعد/قەول > وەعد ≈ بەڵێن ≈ گفت ≈ پەیمان

فقیر> فەقیر ≈ هەژار ≈ نەدار ≈ نەبوو ≈ دەستکورت ≈ کەم دەرامەت ≈ نەدار ≈ ڕەجاڵ

اعتیادی > ئیعتیادی ≈ ئاسایی

جوراب > جۆراب ≈ گۆرەوی

قلم > قەڵەم ≈ پێنوس

فانوس > فانۆس/فانۆز ≈ چرا

مستشفی > مسەشفا ≈ نەخۆشخانە

ارض > عەرز ≈ زەوی

دلیل > دەلیل ≈ ڕێنوینیکەر

عیلاج > عیلاج ≈ چارەسەر

ترجمة > تەرجەمە ≈ وەرگێران

حیوان > حەیوان ≈ ئاژەل

سریع > سەریع ≈ خێرا

خیاط > خەیات ≈ بەرگدوور

انسان > ئینسان ≈ مرۆڤ

مدح > مەدح ≈ بێداهەڵدان

هەروەها هەندێك لەو وشە توركیانەی كە هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە و لە ناوچەی گەرمیاندا بەكاردەبرێن و بوون بە سینۆنیمی وشە كوردییەكانی ئەم ناوچەیە، وەكو:

**كوێرپە > كۆرپە ≈ منالّی ساوا**
**قەبرغە > قەبرغە ≈ تەنیشت ≈ لا**
**قاپ > قاپ ≈ كاسە ≈ سەحان ≈ دەوری ≈ دەفر**
**بێشكە > بێشكە ≈ لانكە**
**ئالّتون > ئالّتون ≈ زێڕ**
**ئیش > ئیش ≈ كار**
**كەردی > كەدو ≈ گولّ ≈ جەوە ≈ جۆگە**
**تپە > تەپە ≈ گرد / گردۆلّكە**
**پۆخلّ > پۆخلّ ≈ پیس ≈ گواوی**

جگە لە خواستنی وشەی زمانانی (عەرەبی و توركمانی) كۆمەلّێك وشەی بیانی لە میللەتانی تریش وەرگیراون و هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە، سەرەڕای ئەوەی ((لە زمانی كوردی خۆماندا وشە بۆ هەندێك هێمابۆدانراو هەبوون، وشەی بیانیی هاوواتا خواستراون و هێنراونەتە ناو زمانەكەمانەوەو چەشنێكی دیكەیان لە هاوواتا لەناو فەرهەنگەكەماندا دروستكردووە))( محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب٢:٦٧).

دانیشتوانی ناوچەی گەرمیانیش وەك بەشێك لە میللەتی كورد لە وەرگرتنی ئەو وشانەو بەكارهێنانیان بێبەش و بە دوور نییە ، بۆ نموونە:

**كاندید ≈ پالّێوراو**
**ڕیفراندۆم ≈ ڕاپرسی**
**ستایل ≈ شێوە**
**مەسج ≈ نامە ≈ پەیام**
**سانسۆر ≈ چاودێریی**
**تیرۆریست ≈ تۆقێنەر ≈ ترسێنەر**
**سپۆنسەر ≈ بریكار**
**عەولەمە ≈ جیهانگیری**
**جینۆساید ≈ كۆمەلّكوژی ≈ ڕەشەكوژی**

**٣/١-٣-٤) بوونی تابۆ لە زماندا:**

هۆکارێکی دیارو گرنگ بۆ درووستبوون و سەرهەڵدانی سینۆنیم، بوونی (تابوو)[٩] یە لە زماندا، هەربۆیە هەندێکجار وشەو دەستەواژەکان بۆ واتای بنچینەنەیی و سەرەکی خۆیان بەکارناهێنرێن، بەڵکو بۆ واتایەکی تر بەکاردەهینرێن، بێگومان ئەمەش دیاردەیەکی سروشتییە لە زماندا، چونکە ئەو کەرەستە و دەربڕینە زمانیانەی ،کە رووی وتنیان نییە و هەڵگری واتای نەشیاو ناپەسەندن و ناوهێنانیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەپێی هەندێك ئاین و کەلتوور و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان قەدەغە و رێگە پێنەدراوە، یاخود مایەی نەنگی و شەرمەزاری و بێت ئەدەبی و پێچەوانەی ڕەفتار و رێساو ئاکارەکان پیشاندەدات، بۆیە بۆ دوورکەوتنەوە لە وشە تابووەکان و پیشاندانی ڕێز و خۆڕەوشت و دەربڕینی شیاو وجوان، کۆمەڵێك وشەی سینۆنیمی لەبەرامبەر ئەو وشە تابوویانە دێنەکایەوە، کە تاڕادەیەك گوتن و بەکارهێنانیان ڕێگە پێدراوە ،بەم پێیە پەیوەندی نێوان وشە تابووەکان و ئەو دەربڕاوانەی کەشیاوی گوتنن و ڕێگە بەبەکارهێنانیان دراوە ، پەیوەندیەکی سینۆنیمیە، گۆڕینی ئەم دەربڕوانەش لەرێگەی مەجازەوە دەکرێت، لەبەرئەوەی ئەو شتو دیاردەو دەربڕینانەی کە تابوون لە زماندا، ((لە ڕێگەی بەکارهێنانی ناولێنراوی مەجازەوە گوزارشتیان لێدەکرێت، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك فاکتەری کۆمەڵایەتی، وەك (دابونەریتو خۆڕەوشت، یان بۆ ڕەچاوکردنی باری دەروونی هەمەچەشن، وەکو گەشبینیو ڕەشبینیو ژیانو ترسو خۆشەویستی، یان بۆ کۆمەڵێك پاڵنەری تر دەگەڕێتەوە، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆئەوەی ناولێنراوێکی مەجازیی لە بری ناولێنراوە ڕاستەقینەکە بەکاربهێنرێت)(حاکم مالك لعیبی:١٩٨٠:١٠٤)، پەیوەندی واتایی نێوان ناولێنراوە ڕاستەقینەکەو ناولێنراوە مەجازییەکە پەیوەندییەکی سینۆنیمییە، وەکو:

**عادە ≈ بێنوێژی ≈ سوڕی مانگانە**

**خەتەنەکردن ≈ سونەت کردن**

**سکپڕ / زگپڕ ≈ حامل ≈ دووگیان ≈ ئاوس**

زۆربەی ناوبردنی ئەو دەربڕینانەی کە پەیوەندییان بە ( سێکس، ئەندامانی زاوزێی مرۆڤ، نەخۆشی کوشندە، کفر، خۆشەویستی و پیرۆزی و ترس و ....هتد) هەیە، بەهۆی (تابوو)ەوە بە زیاتر لە وشە و دەستەواژەیەك دەردەبڕرێت: بۆ نموونە:

**عەورەت ≈ عەیب ≈ شەرم .... هتد**

---

[٩] بۆ زانیاری دەربارەی چەمكو زاراوەو بەکارهێنانی فۆرمەکانی تابوو بەپێی کەلتورو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان لە زمانی کوردیدا بڕوانە:(شاخەوان جەلال فەرج:٢٠١١).

هەندێکجار بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەو دەربڕاوی مەجاز لەبری فۆرمە تابووەکانی ناو زمان بۆ مەبەستی ((جوانکردنی وشەو دەربڕاو (پێدانی واتای جوان – بەخش).))(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب٢:٦٨) بەکاردەهێنرێن، ئەمەش زیاتر لە دەربڕینە ئەدەبییەکاندا بەتایبەتی لە شیعرو بەرهەمە فۆلکلۆرییەکاندا بەرچاودەکەوێت، وەك بەکارهێنانی وشەکانی باخی سینە، (سێو، لیمۆ، پرتەقاڵ، شەمامە...هتد) لە جیاتی ناوهێنانی (مەمك)، هەروەها بەکارهێنانەکانی (گوڵی سور، گوڵی ئاڵ...هتد) لەبری ناوبردنی (لێو و ڕوومەت)ی ئافرەت، یان هەندێکجار بۆ دەرخستن و باسکردنی جوانی و ناسکی وسپێتی پێست و لاشەی ئافرەت دەچوێنرێت بە (پەمو).

هەروەها هەندێك جار ((لە زمانی کوردیدا سڵکردنەوە لە بەکارهێنانی ناوی ڕاستەقینەی هەندێك نەخۆشی و ڕووداو و تائێستا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە: زۆرجار نەخۆشی شێرپەنجە بە (دوابڕاو) ناودەبڕێت، نەخۆشی سورێشە (موبارەکە)ی لێنراوە، وشەی (مو لێهاتن) بۆ برینی پیس بەکاردێت، دیسان زۆرجار لە جیاتی مردن (کۆچی دوایکردن) یان (ئەمری خوای کرد) ، ئەمری خوای بەجێهێنا) ، بەتایبەتی لە زمانی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت))(فاروق عومەر سدیق:١٩٩٠:١٦٧)، هەروەها ((هەموو ئەو دیاردانەی بەلای مرۆڤەوە جیگەی پیرۆزی و ترس و خۆشەویستی بوون، کەمتر بە ناوی ئاسایی دەربڕاون))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٥٩)، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بوترێت ڕۆڵ و گرنگی و بایەخ و بەها و تایبەتمەندێتی دیاردە و کەرەستە و شتەکان لە ژیانی گەلاندا ڕۆڵی کاریگەر و گرنگ و بەرچاو دەگێڕێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر زۆربوونی ناوی ئەو دیاردە و شتانەدا هەیە، بێگومان زۆربوونی ناوی دیاردەیەك یان شتێك، لە ئاکامدا سەرهەڵدان و زیادبوونی سینۆنیمی لێبەرهەمدێت. بۆیە زۆرجار بۆ جوانیدەربڕین و ڕازاندنەوە و ڕێزگرتن، کۆمەڵێك دەربڕاو سەرهەڵدەدات و دێتەکایەوە، لەوانە بۆ نموونە لەبەرئەوەی لەلای نەتەوەی کورد (شاخ) بە پشت و پەنا دادەنرێت و گرنگی و ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە ژیانی هەموو تاکێکدا، بۆیە کۆمەڵێك ناو لە (شاخ) نراوە، لەوانە (چیا، یاڵ، جەوەڵ، شاخ، کێو، کەژ، ملە...هتد) کە هەموویان لە زۆربەی کات و دەوروبەرەکاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر. ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زماناندا دەبینرێت، هەروەها ڕێزگرتن لە مرۆڤ و بەها مرۆیەکان لە ناو کلتور و دابونەریتی کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و لەلای تاکی کورد بە تایبەتی، دیاردە و شتێکی چەسپاو و بەڵگە نەویست و حاشاهەڵنەگرە، یەکێك لەو دیاردانەی کە لە مێژەوە لە ناو کۆمەڵگا و میللەتی کورددا ڕەگ و ڕیشەی بە توندی داکوتاوە و جێگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە و ڕۆڵێکی گەورە و بنچینەیی دەگێڕێت لە دیاریکردنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی تاکەکان و ڕادەی ڕێزی پێوە گرێدراوە و پیاوەتیی و پیاوبوونی پێهەڵدەسنگێنرێت ، بریتییە لە سیفەتی (ئازایەتی) لە مرۆڤدا، کەواتە لەبەر ئەو گرنگی و بایەخە زۆرەی کە وشەی (ئازا) لە ناو کلتور و دابونەریتی میللەت و کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیبووە و هەیەتی ،

وایکردووە چەندین وشە و دەستەواژە لەنێو زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەم وشەیە هەبن، کە زۆرجار و لە زۆر دەورووبەردا لە ناو خۆیاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

**ئازا ≈ قارەمان ≈ جەربەزە ≈ جەسور ≈ بەغیرەت ≈ چاونەترس ≈ شێر ≈ پڵنگ ≈ نەبەرد ≈ بوێر**

هەروەها هەندێك دەربڕین کە بەهۆی پیسییەوە ناوهێنانیان نەگونجاوە وەك(W.C، ئەدەبخانە، ئاودەست، سەرئاو، تەوالێت، دەست بەئاوگەیاندن.....هتد)ئەم وشانە سەرەڕای ئەوەی لەناوخۆیاندا دەبن بەسینۆنیمی یەکتر، لەهەمان کاتدا لەگەڵ ناوهێنانی ئەم چەشنە دەربڕاوانە کۆمەڵێك دەربڕاوی سینۆنیمی تر دێنەکایەوە بۆ نواندنی ڕێز لەکەسانی بەرامبەر ،وەکو :
**بیلامەعنا/بیلامانێ ≈ عەیب نەبێت ≈ پەرژینێکی قایم بێت لەڕووتان ≈ حاشاحازری ≈ لەڕووتان بەگوڵ بێت ≈ دووربێت لە ڕووتان ≈ شەرع شەرمی نیە ≈ ئێوەش وەك برامن /خوشکمن ...هتد.**

ئەمجۆرە مەجازە هۆکارێکە لە هۆکارە دیارو گرنگەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی سینۆنیم لەناو زماندا، کە لەم ڕێگەیەوە وشەو دەستەواژە تابووەکان دەردەبڕێن. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ((گواستنەوەی مەجاز بۆ واتای ڕاستەقینە، هۆیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ دروستبونی هوواتایی لە زماندا))(تاڵیب حوسێن عەلی:٢٠١١: ٧٧)، واتە هەرکاتێك واتای وشەو دەستەواژەکان فراوانبوون بەڕادەیەك کە زۆربەی خەڵکی توانای لێکەیشتنیان هەبوو ئیتر ئەو واتایە واتای ڕاستەقینەیی بێت یان واتای مەجازیی، گرنگ ئەوەیە ئەو وشەو دەستەواژانە بتوانن لە دەورووبەری جیاجیادا لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن، بەم جۆرەش دەبن بە سینۆنیم.

### ٤-٣/١) جۆرەکانی سینۆنیم:

هەروەکو چۆن دەربارەی چەمك و پێناسەی سینۆنیم چەند بیروڕاو سەرنجی جیاواز هەیە، بەهەمان شێوەش زمانەوانان لەسەر جۆرەکانی سینۆنیم ڕیکنەکەوتوون و بۆچوونەکان جیاوازو جۆراوجۆرن، چونکە وەك ڕوون و ئاشکرایە، زمانەوانان نەیانتوانییوە سنورو چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بۆ واتاو جۆرەکانی دەستنیشانبکەن، بەشێوەیەك هەمووان لەسەری کۆك و هاوڕابن، هەرئەمەش فاکتەری سەرهەڵدانی چەندین تیۆری واتاییە، سینۆنیمیش وەك پەیوەندییەکی ئاڵۆز و دژوار لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرانەدا تێڕوانینی جیاوازی بۆ دەکرێت، هەروەها بەکارهێنانی وشە سینۆنیمیەکان بارێکی چەسپاویان نییە و بەپێی کات و شوێن و سەردەم و باری دەروونی و

**کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری گۆڕانیان بەسەرداديَت، ئەمەش کاریگەریو کاردانەوەی دەبێت لەسەر دیاریکردنی جۆرەکانی سینۆنیم، بەلاّم ((بە گشتی واتاناسان بە دوو شێوە جۆرەکانی سینۆنیم دیاردەکەن، بەشێکیان بە گوێرەی فاکتەرەکانی دروستبوونی، بەشێکی دیکەیان بە گوێرەی توانای بەکارهێنانی ئەو دوو یەکە سینۆنیمە لە شوێنی یەکتریو لەدەورووبەری جیاجیادا))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٦١)، ئێمەش بەهەمانشێوە پایە و بنچینە و بناغەی دیاریکردنی جۆرەکانی سینۆنیم لەسەر ئەم تێڕوانینانە و بە ڕەچاوکردنی کاریگەریو پەیوەندیی دیالێکتەکان لەسەر ناوچەی گەرمیان دادەمەزرێنین.**

## ١-٤-٣/١) سینۆنیمی تەواو (perfect synonymy):

**ئەم جۆرە سینۆنیمە هەندێك جار بە سینۆنیمی (ڕەها)ش ناودەبریت. زۆربەی زمانەوانان لەسەر دەگمەنبوون، یان نەبوونی ئەم جۆرە سینۆنیمە کۆدەنگییەك لە نێوانیاندا بەدیدەکریت، یان ئەگەر هەشبێت بۆ ماوەیەکی کەمە، چونکە سروشتی وشەکانی زمانی زیندوو بەردەوام بە پرۆسەی گۆڕان و گەشەکردندا دەڕوات، لە ئەنجامدا واتاکانیان، واتای نوێ دەبەخشێت، بەلاّم بە بڕوای (ستیفان ئۆلمان) (نکوڵیکردن لە بوونی سینۆنیمی تەواو هەڵەیە، چونکە هەندێجار ئەم جۆرە سینۆنیمە لە بواری زاراوەی زانستیدا بەرچاودەکەوێت)(حاکم مالك لعیبی:١٩٨٠:٢٦٣)، وەکو:**

**فرێز ≈ گریّ**

**فرمان ≈ کار ≈ کردار**

**جێناو ≈ ڕاناو**

**ئەدەب ≈ وێژە**

**زار ≈ دیالێکت**

**ئاوەڵکار ≈ ئاوەڵکردار ≈ ئاوەڵفرمان / هاوڵفرمان ≈ ئاوڵگوزارە**

**فرێزی ناوی ≈ گرێی ناوی**

**فرێزی کاری ≈ گرێی کاری**

**ڕابردووی سادە ≈ ڕابردووی نزیك**

**تەواوکەر بەیاریدە ≈ بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

**ڕەگی فرمان ≈ ڕەگی کار ≈ ڕەگی کردار**

**کەرەستەی واتایی ≈ یەکەی واتایی ≈ دانەی واتایی**

ئەم جۆرە سینۆنیمە بەوە دەناسرێت، کە (دوو وشە بە تەواوی سینۆنیمی یەکتربن و بتوانن لە هەموو دەوروبەرێکدا شوێنی یەکتر بگرنەوە، بە جۆریك قسەپێکەرانی زمانەکەش هەست بە هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نەکەن)(احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٢٠)، کەواتە دوو وشە کاتێك دەبن بە سینۆنیمی تەواو بۆ یەکتر پێویستە کۆمەڵە مەرجێکیان تیادا بێت، بۆیە زمانەوانان چەند مەرجێکیان بۆ سینۆنیمی تەواو داناوە، لەم ڕوانگەیەوە بەباشی دەزانین ئەو چەند مەرجەی کە (جۆن لاینز) بۆ سینۆنیمی تەواوی داناوە بخەینەڕوو:

١- دەبێت وشەکان هەموو واتاکانیان وەك یەك (یەکسان)بێت.
٢- دەبێت بتوانرێت وشەکان لە هەموو دەوروبەرێکدا لە شوێنی یەکتر بەکاربهێنرێت.
٣- دەبێت وشەکان لە هەموو ڕوانگەیەکی واتاناسییەوە سینۆنیمی یەکتربن (جۆن لاینز:١٩٨٧:٥٤)، واتە دەبێت هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان وشەکاندا نەبێت لە هەموو ڕوانگەیەکی واتاناسییەوە.

جێی ئاماژەیە ئەم مەرج و پێوەرانەی، کە بۆ سینۆنیمی تەواو دانراوە، تەنها تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، واتە پێوەرێکی جیهانییەو لە هەموو زمانێکدا بەدیدەکرێت بە زمانی کوردیشەوە، پەیوەست بە مەبەست و ناوەڕۆکی تویژینەوەکە، کە سینۆنیمە لە ناوچەی گەرمیاندا، دەکرێت پەیوەندی دیالیکتەکان بخرێتەسەر ئەم پێوەرە، سەرباری ئەم پێوەرانەش بوونی سینۆنیمی تەواو لە زمانی کوردیدا ڕاستییەکی زمانییە و ناتوانرێت گومان و نکوڵی لێبکرێت، بەتایبەت لە ناوچەی گەرمیاندا، وەکو:

**باوێشك ≈ ئاژاژك**
**پور ≈ میمك**
**یاری ≈ بازی / وازی ≈ گەمە**
**بست ≈ بنگست ≈ وژە**
**شەونم ≈ ئاورنیگ ≈ ئاوم ≈ خوناو ≈ ئونگ**
**قوڵنگ ≈ قازمە**
**کلکەوانە ≈ موستیلە**
**فـیٚ ≈ پەرکەم**
**کچ ≈ کیژ ≈ کەنیشك ≈ دوێت**
**تاتە ≈ دادە**
**دوانە ≈ لفانە ≈ جومگانە**
**کڵاوکوڕ ≈ فشەکڵاونە**

پوڕزا ≈ میمزا

سوڕپیان ≈ خلیسکان

سپی ≈ چەرمی / چەرمو

چەپلەر ≈ چەپاڵ

تاوەتا/ تاکوەتاك ≈ پاوەپا

ڕۆژهەڵات ≈ خۆرهەڵات

ڕۆژئاوا ≈ خۆرئاوا

زۆر ≈ فرە

خراپ / خراب ≈ گەن

برینداد ≈ زامدار

ئاوسان ≈ پەنەمیان ≈ پەلمان

کڕین ≈ سەندن

بیستن ≈ ژنەفتن

نووستن ≈ خەوتن

ناردن ≈ کلکردن

هێنان ≈ هاوردن

ئاڵوگۆڕکردن ≈ ئاڵشتکردن

جگە لەو وشە و زاراوانەی، کە لە سەرەوە پشاندران، هەندێگ گیرەکی سینۆنیمی لە زمانی کوردیدا هەن، دەچنە سەر وشەو هەمان واتا دەگەیەنن لە هەموو دەورووبەرێکدا بەبێ ئەوەی قسەکەرانی زمانەکە هەست بە جیاوازی نێوانیان بکەن و وەکویەك بەکاریان دەهێنن، تەنها پسپۆرانی بواری زمانەوانیو ئیتیمۆلۆژی هەست بە جیاوازی نیوانیان دەکەن، وەکو :

یاریزان ≈ یاریکەر ≈ یاریچی

ڕۆژنامەوانی ≈ ڕۆژنامەگەری

زمانەوانی ≈ زماننناسی

دەروونناسی ≈ دەرونزانی

فێڵباز ≈ فێڵچی ≈ فێڵکەر

فشەباز ≈ فشەکەر

قوماریچی ≈ قومارباز ≈ قومارکەر

کفرچی ≈ کفرباز ≈ کفرکەر

بوونی سینۆنیمی تەواو لە ناوچەی گەرمیان ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت، بەڵام بەشیوەیەکی گشتی ئەم جۆرەیان لە زمانی کوردیدا ((ڕێژەکەی بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تردا کەمترەو تەمەنەکەشی کورتترە))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٦٣).

زمانی دانیشتوانی ناوچەی گەرمیانیش وەك بەشێك لە زمانی کوردی لەم ڕاستییە زمانییە بەدورنییە، چونکە کەرەستە واتاییەکان لە نێوان خۆیاندا بەردەوام لە ململانێدان، بۆئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا لە بەکارهێنانە جیاجیاکاندا زیاتر زاڵتر و دەرکەوتووتر بێت، ئەمە جگە لەوەی واتای وشە بەپێی تێپەڕبوونی کات و سەردەم و گەشەکردنی زمان، گۆڕانی واتایی بەسەردا دێت، ئەمەش فاکتەرێکە بۆئەوەی هەندێك لەیەکە واتاییەکان لە سینۆنیمی تەواو بکەون ((دەکرێت ئەو یەکە واتاییانەی کە سینۆنیم بوون لە قۆناغێکی دیاریکراوی زماندا، لە قۆناغێکی تری هەمان زماندا جیاوازبن))(حاکم مالك لعیبی:١٩٨٠:٣٦٠) دەکرێت پێچەوانەکەش ڕاستبێت، واتە بەهۆی ململانێی نێوان یەکە واتاییەکانو بە پێی تێپەڕبوونی کاتو سەردەمو گەشەکردنی زمانو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر واتای یەکە واتاییەکاندا دیت، دەکرێت هەندێکیشیان ببن بە سینۆنیم، چونکە ((بەپێی تێپەڕبوونی کات جیاوازی دەکەوێتە نێوان دەربڕاوەکانەوە، هەرچەندە لەوانەیە وابکات جیاوازی لە نێوانیاندا نەمێنێتو ببن بە سینۆنیم))(احمد مختار عمر:١٩٨٢:٢٢٦)، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە ئاوردانەوەو لێکۆڵینەوەیەکی ئیتیمۆلۆژیانەی هەندێك لەو یەکە واتاییانە هەیە کە لە ئێستادا سینۆنیمی تەواون کە ئایا پێشتر سنۆنیمی تەواوبوون، یان بە پێچەوانەوە، بێگومان ئەم کارەش لە ئیشەکەمان دورمان دەخاتەوە.

دەکرێت بگوترێت کاریگەری کاتو گەشەکردنی زمانو گۆڕینی واتای یەکە واتاییەکان شتێکی دوو جەمسەرییە، واتە دەکرێت هەندێکجار یەکە واتاییەکان لە سینۆنیمی بخاتو هەندێکجاریش دەکرێت بیانکات بە سینۆنیمی یەکتر.

## ١/٣-٤-٢) **سینۆنیمی ناتەواو** (Partial synonymy):

بریتییە لەوەی دوو وشە یان زیاتر لە ڕووی واتاییەوە، بە پلەیەك لێکنزیکدەبنەوە تەنها لەلایەن پسپۆڕانی زمانەوانەوە نەبێت بەئاسانی نەتوانرێت لێکجیابکرێنەوە (هەمان سەرچاوەی پێشوو:٢٢١)، واتە دوو یەکەی واتایی، یان زیاتر لە ڕووی واتاییەوە ئەوەندە لەیەك نزیکن دەتوانن لەیەك دەوروبەردا لە بری یەکتری بەکاربهێنرێنو جیاکردنەوەیان بۆ ئەوانەی کە زمانەوان یان پسپۆڕی بواری واتایی نین کارێکی ئاسایی نییەو ئەستەمە. هەر بۆیە کۆدەنگییەك لە نێوان زۆربەی زمانەوانەکاندا هەیە سەبارەت بە بوونی ئەم جۆرە سینۆنیمە، لە زماندا.وەکو:

**شوارب ≈ سمێڵ**

**لەیمون ≈ مسکی**

**تورنج ≈ سندی**

**قەل ≈ عەلەشیش / عەلەشویش**

**گوزگی ≈ ئاوێنە**

**بفیلك ≈ میزڵان ≈ شیشڵدان ≈ فوولێکەرە ≈ مفاقە/ نفاقە**

**بێکەس ≈ بێقەرە**

**ئیستنساخ ≈ کۆپی**

**خەستەخانە ≈ نەخۆشخانە ≈ مستەشفا**

**کێشە ≈ موشکیلە ≈ گروگرفت**

**خوار ≈ لار ≈ گێڕ ≈ چەفت / چەوت ≈ چەمیاو**

هەریەك لەو وشانەی سەرەوە ناتوانن لە هەندێك سیاقدا شوێنی یەکتر بگرنەوە، هەربۆیە بە سینۆنیمی ناتەواو ناسراون ((ناتەواوی هەریەکەیان بۆ فاکتەرێك لە فاکتەرەکانی دروستبوونی دەگەڕێتەوە. لەوانەی هەندێکیان لە شێوەزاردا جیاوازبن و هەندێکیان لە بەکارهینانیان لە نێوان زارو شێوەزارەکانداو هەندێکیان بەهۆی زمانی بێگانەوە هاتبێتنە ناو زمانەکەوە...هتد))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٦٤).

## ١/٣-٤-٣) سینۆنیمی دەوروبەربەند (context- depent synonymy):

بەو یەکە واتاییانە دەگوترێت کە بەپێی ئەو دەورووبەرەی کە تیایدا بەکاردەهێنرێت دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، واتە تەنها چوارچێوەی بەکارهێنان (دەورووبەر) ڕۆڵ لە دروستکردنی ئەم جۆرە سینۆنیمەدا دەگێڕێت، ئەگینا ئەو وشەو یەکە واتاییانە زۆرجار بەشێوەیەکی گشتی لە دەرەوەی ئەو دەورووبەرەدا نابن بە سینۆنیمی یەکتر، هەربۆیە هەندێکجار وشەو یەکە واتاییەکان ناکەونە یەك بواری واتاییەوە، کەچی بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێن بە سینۆنیمی یەکتر دەژمێرێن ، وەکو:

**مرۆڤ بە ئاسانی بەخەونەکانی ناگات ≈ مرۆڤ بە ئەستەم بە خەونەکانی دەگات**

**قسەی جوان بکە ≈ قسەی ناشرین مەکە**

**بێزەحمەت لەسەر خۆت لێخوڕە ≈ بە یارمەتیت ئەگەر بکرێ بە پەلە لێمەخوڕە**

وەك لــە نموونــەكانی ســەرەوەدا دەردەكــەوێت هەریەكــە لــە وشــەكانی (بەئاســانیو ئەســتەم)و(ناگات ودەگــات) وشــەكانی (جــوان و ناشــرین) و(بكــە ومەكــە) هــەروەها وشــەكانی (لێخوڕە و لێمەخوڕە)ەوە لە رووی واتاوە پێچەوانەو دژیەكن، بەڵام بەهۆی ئەو دەورەووبەری كە تێیدا بەكارهاتوون بوون بە سینۆنیمی یەكتر، بەمەش دەگوترێت سینۆنیمی دەورووبەربەند.

## ٣/١-٤-٤) سینۆنیمی شیكردنەوەیی (Analaytic synonymy):

ئــەم جــۆرە ســینۆنیمە دەكرێــت بوترێــت بــەزۆرترینو بــەربڵاوترین جــۆری ســینۆنیم ئــەژماردەكرێت، كــە لــە ئــەنجامی شــیكردنەوەی پەیوەنــدی واتــایی نێــوان وشــەكان یــان دانــە زمانییەكانــدا درووســتدەبێت، بــەجۆرێك یەكــە زمانییــەكانو ئــەو دەربڕینانــەی، كــە دەبنــە هــۆی شیكردنەوەی واتایی ئەو یەكە زمانییانە لەبەرامبەر یەكتردا، لە پەیوەندییەكی سینۆنیمیدا دەبن، هــەروەها پەیوەنــدی نێــوان ئــەكرۆنیمو وشــە ســەرەكییەكانی دەكەونــە چوارچێوەو سنوری ئــەو جــۆرە ســینۆنیمەوە، چــونكە ئــەكرۆنیمو وشــە ســەرەكییەكانی دوو یەكــەی پێكهاتــە جیــاوازی زمــانین، كــە هــەمان واتــا دەگەیــەننو یــەكێكیان ناســینەوەی ئــەوی دیكەیــەو مەحــەكی وشــەی جێگرمــان بۆدەردەخــاتو لــە زۆر دەوروبەریشــدا دەتــوانن لــەبری یــەكتری بــەكاریانبهێنین، بــەبێ ئــەوەی گــۆڕانی واتــایی دروســتببێت، بۆیــە دەكرێــت وەك هــەموو یەكــەكانی دیكــەی زمــانی وەكــو ســینۆنیمی یــەكتر ســەیربكرێن، هــەروەها لــە شــیكردنەوەی فرێــز و پارافرێزەكانــدا ئــەم جــۆرە سینۆنیمە زۆر بەكارە، وەكو:

لالە ≈ برای دایك
میمك ≈ خوشكی دایك/ باوك
میمزا ≈ كوڕ/ كچ میمك
خۆیزا / خوارزا ≈ كوڕ/ كچی خوشك
ئامۆژن ≈ ژنی مام
دوێكە / دوێنێ ≈ ڕۆژێك لەمەوپێش
پێرارەكە ≈ دوساڵ لەمەوپێش
سارەشەو ≈ سبەی شەو ≈ بەیانی شەوەكەی
ی.ن.ك ≈ یەكێتی نیشتیمانی كوردستان
پ.ك.ك ≈ پارتی كرێكارانی كوردستان
د.خ ≈ درودی خوای لەسەربێت
پ.د ≈ پرۆفسۆر دكتۆر

**ف.ن ≈ فرێزی ناوی**
**ف.ك ≈ فرێزی كاری**
**كات ≈ دەغلودانێك درەونەكرابێت لەساڵی داهاتوودا لە جێگەی خۆیدا سەوزببێت**
**بەیار ≈ زەوییەك ماوەی ساڵێك نەكێڵرابێت**
**وشكەوەرد ≈ زەوییەك ساڵیك لەوەوپێش كیڵرابێت و دواتر تۆوبكرێت**

## ٣/١-٤-٥) سینۆنیمی شاراوە (Implicational synonymy):

لەم جۆرە سینۆنیمەدا ئەو وشە و دەربڕاوانەی، كە هەڵگری هەمان واتای ناوەخنین (شاراوەن) دەبن بە سینۆنیم و بە زۆری لە واتای پراگماتیكدا دەردەكەون ((دوو وشە یان زیاتر كە هەمان واتای شاراوەیان هەبێت دەبن بە سینۆنیم))(كورش صفوی:١٣٨٤:١٢٥) لەم جۆرەیاندا بۆ ئەوەی یەكە واتاییەكان ببن بە سینۆنیمی یكدی، پێویستی بە شارەزایی لە كەلتورو لێكدانەوەی واتایی ئەو یەكە واتایانە هەیە، بۆ زانین و گەیشتن بە واتای وشەو دەربڕاوەكان، چونكە نزیكیی و لێكچوونی واتای شاراوەی یەكە زمانییەكان بناغە وپێوەری سینۆنیمبوونیانە، وەكو:

**نقەی لەخۆی بڕییە ≈ دەنگی لەخۆی بڕییە ≈ نزەی لەخۆی بڕییە ≈ ورتەی لە خۆی بڕییە**
**نقەی لێوەنایەت ≈ دەنگی لێوەنایەت ≈ نوزەی لێوەنایەت ≈ ورتەی لێوەنایەت**
**پێمباشە سەردانی ماڵی ئەلەند بكەین ≈ پێمخۆشە سەردانی ماڵی ئەلەند بكەین ≈ حەزدەكەم سەردانی ماڵی ئەلەند بكەین**
**براكەی ئازاد ئێژی فرویجە ≈ براكەی ئازاد گولە**

لەم نموونانەی سەرەوەدا هەریەكە لە وشەكانی (نقە، دەنگ، نوزە، ورتە) كە (كپوكپی)، یان (بێدەنگی) دەگەیەنن،هەروەها لەوشەكانی (پێباشبوون، پێخۆشبوون، حەزكردن)دا بە هەمان شێوە لە واتایی شاراوە وپراگماتیكییاندا هەموویان واتای (ئارەزووكردن) دەگەیەنن، بە هەمان شێوە وشەی(فرویج و گول) لە واتایی شاراوە و پراگماتیكییاندا (كورتە باڵیی وبچووكی قەبارە) دەگەیەنن، بۆیە هەموو ئەو دەربڕاوانە هەر یەكەیان لە ناو خۆیاندا دەبن بە سینۆنیمی یەكتر، چونكە واتای شارەوایان یەكە، هەروەها ژمارەیەك زۆر لە ئیدیۆمەكان لە واتای شاراوەیاندا دەبن بە سینۆنیم، وەكو:

**شاری بێ حاكمە ≈ هەركەس بۆخۆیەتی ≈ پاشا گەردانییە ≈ شار بێخاوەنە ≈ كەس وە كەس نییە.**


ئاشكرایە، ئەم سێ ئیدیۆمە واتایەكی شاراوەی هاوبەشیان هەیە، كە بریتییە لە ئاماژەدان بە (نەبوونی یاسا) كە لەم ڕێیەوە دەبن بە سینۆینم، واتە لە ڕێی واتای شاراوەوەیانەوە دەبن بە سینۆنیمی یەكتر .

### ٣/١-٤-٦) سینۆنیمی سیگنی فاكت:


ئەم جۆرە لە سینۆنیم بە دیارترین جۆری سینۆنیم دادەنرێت، كە تیایدا یەكە واتاییەكان بەشێوەیەكی گروپ بۆ دەربڕین و گەیاندنی یەك چەمك بەكاردەهێنرین، بەڵام بەپێی ئەو نیشانە جیاوازانەی ( تایبەتمەندییانەی) كە لە چوارچێوەی چەمكەكەدا هەن، لەیەك جیادەبنەوە (ستیپانۆڤ .یو.س:١٩٧٥:٣٤)، واتە ئەو وشە و یەكە واتاییانەی، كە چەمكێكی هاوبەش لە شێوەی گروپێكدا كۆیان دەكاتەوە و لە نێو خۆیاندا دەبن بە سینۆینم.


ئەم جۆرە سینۆنیمە بە زۆری لەگەڵ مۆرفێمە بەندە (لێكسیكی و گراماتیكی)یەكاندا، كە خاوەن چەمكێكی هاوبەشن و لە شێوەی گروپێكدان، بەكاردەهێنرێت و سودی لێدەبینرێت، هەروەها پەیوەندی واتایی، مۆرفێمەكانی گروپەكەیمان بۆ دیاری و دەستنیشاندەكات.


بۆ نموونە هەموو ئەو مۆرفێمە بەندانەی، كە گەیەنەری چەمكی (ئەپستراكت، بچووككردنەوە، لۆكاتیڤ، پیشە...هتد)ن، هەروەها هەموو ئەو مۆرفێمە بەندە گراماتیكیانەی كە گەیەنەری چەمكی (ناسراوی، نەناسراوی، كاتی ڕابردوو، كۆ....هتد)ن وگروپێك پێكدەهێنن كە چەمكێكی هاوبەشی گشتی پێكەوە گرێیاندەدات، بەم پێیە مۆرفێمەكانی نێو ئەم گروپانە دەبن بە سینۆنیمی سیگنی فاكتی یەكتر و هەندێك لە مۆرفێمەكانی ناو ئەم گروپانە دەتوانن لە بری یەكتر وەك سینۆنیم بەكاربهینرێن، وەكو:




(سازان زاهیر سەعید:٢٠٠٩:٤٨)






**ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەم جۆرە سینۆنیمە لە پەیوەندی نێوان سینۆنیم و هایپۆنیمدا کارایە.**

**۳/۱-٤-۷) سینۆنیمی دیناتات(ڕیفرێنت):**

**ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە قاوغی فۆنەتیکییاندا جیاوازن، بەڵام دەبن بە ناولێنەر بەرامبەر کەرەستەیەك لە سروشتدا، ئەمە جگە لەوەی هەریەك لەو وشانە خاوەنی چەمکی تایبەت بە خۆیانن (ستیپانۆڤ.یو.س:۳۳:۱۹۷٥)، ئەم جۆرە سینۆنیمە زیاتر کار لەسەر ئەو ناولینەرانە دەکات، کە کۆنکرێتن و خاوەن تەن و قەبارەیەکی مادیین و شوێنێك داگیردەکەن لە سروشتدا، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی سینۆنیم لەم جۆرەیاندا، لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان ناولێنەرو ناولێنراوەوە دەستەبەر دەبێت، کەواتە ئەو ناولێنەرانەی، کە بەرامبەر بە کەرەستەیەك دەوەستنەوە لە سروشتدا دەبن بە سینۆنیم، وەکو:**

**لۆکە ≈ پەموو / پەمی**
**مەگەس/ مەگەز ≈ مەوەس ≈ مێش**
**قوشقانە ≈ قازانگ ≈ مەنجەڵ ≈ پاتیلە ≈ قاپلەمە**
**تاك ≈ یەکانە ≈ نێرەی بەرراز**
**قورباقە ≈ بۆق**
**سەرین ≈ سەنگیا ≈ پشتی ≈ پاڵست**
**مێشولە ≈ پەخشە ≈ ورە**
**دەمارەکۆڵ ≈ کولاژدم ≈ دوپشك ≈ چزەوپیالاً**

### ٣/١-٥) سینۆنیم و چەند دیاردەیەکی واتایی:

ئاشکرایە کە سینۆنیم بە یەکێك لە دیاردە گرنگ و بەربڵاو و ئاڵۆزو دیار و پربایەخە واتاییەکان دادەنرێت کە لە نێوان هەموو یەکە واتاییەکان و لەگشت ئاستەکانی زماندا دەبینرێت. هەروەك چۆن پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەموو ئاستەکانی زمانییدا هەیە، بە هەمانشێوەش لە نێوان سەرجەم یەکە واتاییەکان پەیوەندییەك توند هەیە، و بە هەرهەمووشیانەوە زنجیرە و بازنەی زمان پێکدێنن، کەواتە پەیوەندی نێوان دیاردە واتاییەکان گشتی و ئاساییە و لە نێویشاندا هەندێك جیاوازی و هاوبەشی بەدیدەکرێت. هەر بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین پەیوەندی نێوان دیاردەی سینۆنیم لەگەڵ هەریەك لە دیاردەی و (پۆلۆسیمیا) و (هایپۆنیم) تاوتوێبکەین و بخەینەڕوو:

### ٣/١-٥-١)سینۆنیم و پۆلۆسیما(Polosemy):

پۆلۆسیما دیاردەیەکی واتاییە، لە نێو پەیوەندییە واتاییەکانی زماندا، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەرچاودەکەوێت. مەبەست لە دیاردەی پۆلۆسیما بریتییە لەو فۆرمە زمانیانەی کە هەڵگری زیاتر لە واتایەکن، هەروەك (Crystal) دەڵێت: (هاتنی دانەیەکی فەرهەنگی بە زنجیرەیەك واتای جیاوازەوە پێی دەگوترێت پۆلۆسیما)(صباح ڕشید قادر:٢٠٠٠:١٠)، بەواتایەکی تر ((ئێمە لە زماندا ڕووبەڕووی هەندێك وشە دەبینەوە کە هەڵگری چەند واتایەکی جیاوازن، ئەو دیاردەیەش پێی دەگوترێت پۆلۆسیما))(فرانك ر. پالمر:١٣٨٧:١١٥).

دەکرێت بوترێت ئەم دیاردە واتاییە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی چەند واتایەك لە فۆرمێکی زمانیدا سەرهەڵدەدات و دێتەبەرهەم، ئەو واتایانەش کە فاکتەری دەرکەوتەی پۆلۆسیمان لە زماندا، زۆر جار داکەوتەی واتایەکی خواستراون ((باوترین جۆرەکانی پەیوەندی نێوان واتاکانی وشە، میتافۆرە))(ف.پالمر:١٩٨٥:١١٩)، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بوترێت پەیوەندی هەردوو واتاکە لە ڕێگەی میتافۆرەوە بەبەرهەمدێت و هەمیشە واتای میتافۆر بە واتای لاوەکی ئەژماردەکرێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی پۆلۆسیمیدا، یاخود (ئەو وشانەی لە پەیوندی پۆلۆسیمیدان لە یەکێك لە نیشانە واتاییەکانیاندا هاوبەشن)(عەبدوڵلا عەزیز محەمەد بابان:٢٠٠٥:٤٦)، بوونی ئەم پەیوەندییە واتاییە لە زماندا، سودی تایبەتی خۆی هەیەو باری سەر مێشکمان سووك دەکات، چونکە ((لە نەبوونی فرەواتاییدا دەبوو بۆ هەر واتایەك (ناولێنراوێك) وشەیەك دابنرێت))(محەمەدی مەحوی:٢٠٠٩:ب٢:١٠٨).

پەیوەندی نێوان سینۆنیم و پۆلۆسیما پەیوەندییەکی ئاڵۆزو تێکچرژاوە و لە پەیوەندی نێوان واتای سەرەکی و واتای میتافۆرەوە دروستدەبێت، یان لە ئەنجامی بوونی نیشانی واتایی هاوبەش لە نێوان واتای سەرەکی و واتاکانی تردا سەرهەڵدەدات، بوونی ئەم پەیوەندییەش لە

ئاستی مۆرفێم ( مۆرفێمی بەند) و وشەو ڕستەدا دەبینرێت[10]، چونکە ((فرەواتایی ئەدگارێکی تایبەتیی لێکسیمەکانی ناو فەرهەنگە و لە مەیدا خۆی لە هاودەنگیی/ هاوبێژیو جۆرەکانی جیادەکاتەوە. ئەو ئاوەڵفرێز (paraphrase) و هاوفرێزو ڕستانەی واتای لێکسیمیکیان پێلێکدەدرێتەوە، بەهاوواتای لێکسیمەکە دادەنرێت))(محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٩:ب١:١٠٧)، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر تەماشای مۆرفێمی نەناسراوی (ێك) بکەین، لە زمانی کوردیدا، دەبینین ئەم مۆرفێمە زیاتر لە واتایەکی لە خۆهەڵگرتووە، کە ئەویش واتای نەناسراوی و واتای ژمارە یەکە، بۆیە دەکرێت وەکو پۆلۆسیما سەیربکرێت، بەم شێوەیە:

ێك ( واتای نەناسراوی دەگەیەنێت)

ێك

یەك ( واتای ژمارە یەك دەگەنێت)

وەك *دەردەکەوێت* پەیوەندی نێوان مۆرفێمی بەندی ریزمانی (ێك)و مۆرفیمی سەربەخۆی (یەك) لە رووی ژمارەوە پەیوەندییەکی سینۆنیمییە، چونکە بە دوو فۆرمی جیاوازەوە دەرکەوتووە و هەمان واتای گەیاندووە، کە ئەمەش بنەماو پێوەری بنەڕەتی سینۆنیمبوونی دوو دانەی زمانییە، هەروەها لە ئاستی وشەشدا پەیوەندی نێوان سینۆنیم و پۆلۆسیما دەبینرێت، وەکو:

چێشت (خواردن)

١- ئاش

ئاسیاو ( شوێنی هاڕینی دانەوێڵە)

ئاش ≈ چێشت ≈ خواردن

ئاش ≈ ئاسیاو

قوربانی ( قوربانی کردن) — قۆچ ≈ قوربانی

٢- قۆچ

شاخ ( شاخی ئاژەڵ) — قۆچ ≈ شاخ (شاخی ئاژەڵ)

[10] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (صباح ڕەشید قادر:٢٠٠٠)

پەیوەندی واتایی نێوان هەریەك لە واتاكانی وشەی (ئاش) لەگەڵ واتای وشەكانی (چێشت) و (ئاسیاو)دا پەیوەندییەكی سینۆنیمییە، هەروەها پەیوەندی واتایی نێوان واتای وشەی (قۆچ) لەگەڵ واتای هەریەك لە وشەكانی (قوربانی) و (شاخ)دا پەیوەندییەكی سینۆنیمییە، چونكە بە دوو فۆرمی جیاوازەوە دەركەوتوون و لەهەمان كاتیشدا دەكرێت ئەو فۆرمانە لە زۆربەی دەورووبەرەكاندا بەهەمان واتا و مەبەستەوە لەبری یەكتر بەكاربهێنرێن، بۆیە وەكو سینۆنیمی یەكتر تەماشادەكرێن.

هەروەها پەیوەندی سینۆنیمو پۆلۆسیما لە ئاستی ڕستەشدا دەبینرێت، وەكو:

١- لێمخوڕی
من لە ئەو توڕەبووم
من شوفێریم كرد ( ئۆتۆمبیلەكەم لێخوڕی)

لێمخوری ≈ من لە ئەو توڕەبووم
لێمخوری ≈ من شوفێریم كرد ( ئۆتۆمبیلەكەم لێخوڕی)

٢- پێیم شكاند
شتەكەم بەو شكاند.
ڕۆژووەكەم بە ئەو شكاند. (بەتاڵ كردەوە)
قاچی ئەوم شكاند

پێیم شكاند ≈ شتەكەم بەو شكاند
پێیم شكاند ≈ ڕۆژووەكەم بە ئەو شكاند. (بەتاڵ كردەوە)
پێیم شكاند ≈ قاچی ئەوم شكاند

وەك ئاشكرایە، رستەی (لێمخوڕی) و (پێیم شكاند) دووڕستەی پۆلۆسیمین و لەگەڵ هەریەك لە واتاكانیدا لە پەیوەندی سینۆنیمیدان، واتە واتای ڕستە سەرەكییەكە لەگەڵ واتای ڕستەكەی بەرامبەریدا دەبن بە سینۆنیم، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بمانەویت بەسادەترین شێوە جیاوازی نێوان سینۆنیم و پۆلۆسیما بكەین، دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان دوو یەكەی واتایی لە پەیوەندی سینۆنیمیدا لەسەر بنەما و پێوەری لێكچوون و وەكیەكی واتایی دامەزراوە، بەڵام لە پەیوەندی پۆلۆسیمیدا هەموو واتاكان لە واتای سەرەكییەوە خواستراوە و وەرگیراوە.

### ٢-٥-٣/١) سینۆنیم و هایپۆنیم(Hyponym):

هایپۆنیم یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییە دیارو سەرەکییەکانی نێوان وشەکانی زمان، هەندێك لە زمانەوانان زاراوەی (گرتنەوە)[١١] بۆ ئەم پەیوەندییە واتاییە بەکاردەهێنن، بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە، ((پەیوەندی گشتییە بە تایبەتەوە، یان ئەو پەیوەندییە، کە وشەی تایبەت بە گشتەوە دەبەستێتەوە))(عەبدوڵا عەزیز محەمەد بابان:١٢:٢٠٠٥)، واتە کاتێك هایپۆنیم دێتەئاراوە کە ((وشەیەك دەبێتە بەشێك لە واتای وشەیەکی تر))(جورج یول:١٤٦:١٣٨٥)بەواتایەکی تر هایپۆنیم ((ئەوەیە کە تیایدا وشەیەك یان ڕستەیەك واتای چەند وشە یان ڕستە بگرێتەوە))(احمد ابو محبوب:١٣٦:١٣٨٧)، دەکرێت بوترێت لە پەیوەندی هایپۆنیمیدا، پەیوەندییەکی واتایی لە شێوەی هەرەمدا لە نێوان وشە گشتییەکەو وشە تایبەتییەکاندا بە دی دەکرێت.

هەروەها لە پەیوەندی هایپۆنیمدا، ئەو وشەیەی کە واتایەکی گشتی دەگەیەنێت، بە وشەی سەرخان ناودەبرێت، ئەو وشانەش کە واتای تایبەت دەگەیەنن بە وشەی ژێرخان ناسراون ((وشەی سەرخان واتایەکی گشتی هەیە و دەتوانرێت واتای وشەکانی ژێرخان لە خۆ بگرێت)) (شێروان حوسێن خۆشناو:٧٦:٢٠١١)، هەروەها ((وشە ژێرخانەکان لە ناو خۆیاندا دەبنە کۆهایپۆنیمی یەکتر))(عەبدولا عەزیز محەمەد بابان:١٤:٢٠٠٥)، پەیوەندی وشەی ژێرخان لەگەڵ وشەی سەرخان پەیوەندییەکی هایپۆنیمییە، نەك بە پێچەوانەوە، واتە بەردەوام وشەی ژێرخان وشە سەرخانەکەی خۆی دەگرێتەوە، بەم پێیە دەکرێت بڵێین هایپۆنیم بریتییە لە کۆکردنەوەی گروپێك وشە لە ژێر سێبەری چەمکێکی هاوبەشدا و سەر بە هەمان بەشە ئاخاوتنن.

بۆ نموونە وشەکانی (ژن، پیاو، کوڕ، کچ،...هتد) تایبەتن و دەبن بە ژێرخان و لەناو خۆیاندا دەبن بە کۆ هایپۆنیمی یەکتر، لە هەمان کاتدا وشەی (مرۆڤ) دەبێت بە بەسەرخان وهایپۆنیمی ئەو وشانەیە، بویە دەکرێت بوترێت پەیوەندی نێوان سینۆنیم و هایپۆنیم لە کاتێکدا پەیدادەبێت، ((کە ئەگەر بیت و وشەی سەرخان (گشتی) یەکە لەگەڵ وشەیەکی ژێرخان (تایبەتی) بتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە، بێئەوەی گۆڕانی واتایی دروستبێت))(شێروان حوسێن خۆشناو:٧٦:٢٠١١)، واتە ئەگەر (A) وشەی سەرخان بێت و (B) وشەی ژێرخان بێت، (A) بتوانێت (B) بگرێتەوە، هەروەها (B) بتوانێت (A) بگرێتەوە و گۆڕانی واتایی درووستنەبێت، ئەوا (A) و (B) دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بەڵام سنوری سینۆنیم بوونیان بەشێوەیەکی ڕێژەییە،

---

[١١] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (محەمەد مەعروف فتاح:١٦٧:٢٠١١)، ( بێخاڵ عبدالله سعید:٨٩:١٩٨٩)، (سازان رضا معین:٢٢:٢٠٠٥)، (پەروین عوسمان مستەفا عەللاف:١٤٨:٢٠٠٩)، (فەرهاد تۆفیق حەسەن: ٣٨:٢٠١٠).

بۆ نموونه هەردوو وشەی (هەڵپەڕکێ)و (سێپێیی) دەکرێت لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا وەکو سینۆنیمی یەکتر تەماشابکرێت:

**١- هێمن هەڵپەڕکێیەکی فرە جوان ئەکات.**

**٢- هێمن سێپاییەکی فرە جوان ئەکات.**

هەرچەند ئەگەر بڕوانینە وشەکان (هەڵپەڕکێ )و (سێپێیی) ئەوا پەیوەندی واتایی نێوان ئەو دوو وشەیە، پەیوەندییەکی هایپۆنیمییە، چونکە (سێپایی)[١٢] جۆرێکە لە جۆرەکانی (هەڵپەڕکێ)، بەڵام پەیوەندی سینۆنیمی نێوانیان بەربڵاو نییە و ڕێژەییە. هەروەها هەندێکجار ئەو وشانەی کە کۆ هایپۆنیمی یەکترن لە ناو خۆیاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، پێچەوانەکەشی ڕاستە ((ئەو لێکسیمانەی کە بە سینۆنیم ناومان بردوون، لە هایپۆنیمدا دەبنە کۆ هایپۆنیمی یەکتر))(عەبدوڵا عەزیز محەمەد بابان:٢٠٠٥:٣٧).

بۆ نموونە وشەی (قەبارە) هایپۆنیمی وشەکانی (زەعیف، لاواز، سیسەڵ، لەڕ، ڕەقەڵ ...هتد)ە، کە لە ناو خۆیاندا دەبن بە کۆهایپۆنیمی یەکتر، هەروەها ئەو وشانە زۆرجار دەبن بە سینۆنیمی یەکتر و دەتوانرێت لە شوێنی یەکتردا بەکاربهێنرێن، وەك ئەم ڕستانەی خوارەوە:

**گاوانەکە زەلامێکی زەعیف بی.**

**گاوانەکە زەلامێکی لاواز بی.**

**گاوانەکە زەلامێکی سیسەڵ بی.**

**گاوانەکە زەلامێکی ڕەقەڵ بی.**

**گاوانەکە زەلامێکی لەڕ بی.**

دەکریت پەیوەندی نێوان سینۆنیمو هایپۆنیم لە ئاستی ڕستەشدا دەربکەوێت، بەڵام کاتێك ئەمە ڕوودەدات کە((ئەگەر ڕستەیەکی وەکو (ڕ١)، دیکەی وەکو ڕستەی (ر٢)ی گرتەوە و (ڕ٢)یش (ڕ١)ی گرتەوە، ئەوا ئەم دوو ڕستەیە دەبن بە سینۆنیم))(بێخاڵ عەبدوڵا سەعید:١٩٨٩:٧٩)، وەکو:

**١- خالۆم دوو دۆنم زەوی کڕی.**

**٢- لالەم پێنج هەزار مەتر عەرزی سەند.**

---

[١٢] – (سێپێیی، سوێسکەیی سۆرانی، حیلانی، ڕاست و چەپی، شانەشەکێ) جۆرەکانی هەڵپەڕکێن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ع.ج. سەگرمە:١٩٩٩:٥).

**وەك لـە نموونەکـەی سـەرەوەدا دەردەکـەوێت، (ڕ١) و (ڕ٢) لـەڕووی واتـاوە، هـەمان واتـا دەگەیـەنن لـە زۆربـەی دەوروبـەرە جیاجیاکانـدا، بۆیـە دەکرێـت وەکـو سـینۆنیمی یـەکتر تەماشابکرێن. لەم سۆنگەیەوە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان سینۆنیم و هایپۆنیم لە ساکارترین شێوەدا، دەکرێت بوترێت لە پەیوەندی  سینۆنیمدا پێوەری سینۆنیمبوونی کەرەستە زمانییەکان لەسـەر بنـەمای لێکچـوون و نزیکـی واتـایی دامـەزراوە، بـەڵام لـە پەیوەنـدی هایپۆنیمـدا لەسـەر بنچـینەی بـوونی واتـای کەرەسـتەیەکی زمـانیی لـەوی دیکەیـدا درووسـت دەبێـت و هـەردوو کەرەستەکەش لە ڕووی واتاوە یەکسان نین .**

## ١/٢) سینۆنیم لە چوارچێوەی فۆنێمدا:

بۆئەوەی لە زمان بگەین پێویستە یەکەکانی زمان بناسین، لە ناسینەوەی یەکەکانی زمانیشدا زۆرجار لە بچوکترن یەکەی زمانەوە هەڵدەکشێین بەرەو سەرەوە، دیارە بچوکترین دانەی زمانیش فۆنێمەکانن، کە بەشێوەیەکی ئەبستراکت لە مێشکدا هەڵگیراون. ئاراستەی شیکردنەوەکانی یەکەکانی زمان لە دوای فۆنێمەوە دەڕوات بۆ بڕگە و مۆرفێم و وشە و ڕستە، کەواتە لە باسکردنی هەر دانەیەکی زمانییدا نابێ ڕۆڵ و ئەرك وبەهای فۆنێم لەبیربکرێت و بە کەم سەیربکرێت، چونکە فۆنێم بنەما و بنچینە و بناغەی هەموو ئاستەکانی زمانی لەسەر بونیادنراوە و بە یەکەم هەنگاوی چوونە ناو زمانەوە دەژمێردرێت ((فۆنێم کۆڵەکە و پایەی پتەو و بەهێزی جێگیربووی چەسپاوە لە زماندا))(فاروق عومەر سدیق:مۆرفۆلۆژی:٢٠١٣-٢٠١٤) .

بەپێی پۆلێنکردنەکەی (نیدا) کە بۆیەکە واتاییەکانی زمانی کردووە، کە پێشتر خراوەتەڕوو[١٣] ، فۆنێم وەکو بچوکترین یەکەی واتایی لە ڕیزی مۆرفێم و وشە و ڕستەدا دادەنرێت (احمد مختار عمر:٣٢:١٩٨٢).

زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەوە هاوڕان کە فۆنێم بچوکترین فۆرمی واتاگۆڕ و واتابەخشی زمانە، واتە ((فۆنێم بەو دەنگانە دەگوترێت کە لە زماندا وشە پێکدەهێنن و بە گۆڕان و لاچونیان واتا دەگۆڕن))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٨١:١٩٨٥)، چونکە فۆنێم وەك دانەیەکی دەنگی، لە نێوان یەکە واتاییەکانی زمانێکی دیارکراودا جیاوازی واتایی دەهێنێتە ئاراوە.

دیاریکردن و دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی هەر زمانێك، کە سەرلەبەر سیستەمی زمانی پێکدەهێنن، لەسەر بنچینەی گۆڕین و جیاوازی واتایی دامەزراوە، (بە بەراوردکردنی جووتە وشەکان فۆنێمەکانی زمان دەستەبەردەبێت)(شنۆ قادر محمد:٩:٢٠٠٨)، مەبەستیش لە جووتە وشە، کە (جوتۆکە) (minimpair)شی پێدەگوترێت ئەو وشانەن کە هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن تەنها لە تاکە دەنگێکدا نەبێت جیاوازن)(وریا عومەر ئەمین:١٠:٢٠٠٩)، لەم ڕوانگەیەوە فۆنێم هۆکاری جیاوازی فۆرم و گۆڕینی واتای وشە و دەربڕاوەکانی زمانە، وەکو:

حەوت/ حەفت

نەوت/ نەفت

کەوت/ کەفت

خەوت/ خەفت

[١٣] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ل٢٣).

وەك دەردەكـەوێت بـە گـۆڕینی هەریـەك لـە فۆنێمـەكانی ( /ح/، /ن/، /ك/، /خ/) بەیـەكتری، هەریـەك لـە واتـا وفـۆرمی ئـەو وشـانە گـۆڕاون و جیاوازییـان بەسـەرداهاتووە، بـەم پێیـە ((هـەموو فۆنێمێـك هـەڵگری واتایـە، بـەڵام واتاكـەی دەرناكـەوێت تـاوەكو نەچـێتە ناوپێكهاتـەی وشـە و مۆرفێمەوە))(شیروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١٠٦)، كەواتـە هـەموو فۆنێمێك هۆكـاری جیـاوازی فۆرم و واتای یەكەكانی ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسە، بە ڕیزكردنیـان و بـەكارهێنانیان بـەپێی یاسای گراماتیكی زمان بۆ پێكهێنانی جیهانی واتا.

هەمووئاستێك یونتی تایبەت بە خۆی هەیە و زمان بەگشتی سیستەمە،هیچ دانەیـەكی زمـانی بەبێ ئەوەی لەگەڵ هاوكار و هاوڕەگەزەكەی خۆیدا جووت ببێت، ناتوانێت ئەرك و ڕۆڵ ببینێت و دروسـتنابێت و پێكنایـەت و بـەهای نابێـت، واتـە یونتـەكانی هـەر ئاسـتێك بـە تـەنهایی و بـە دورەپەرێزی هیچ ئـەرك و ڕۆڵێكیـان نابێت، بە دیوێكی تـردا، بۆئەوەی یەكە زمانییەكان ببن بە خـاوەن ئـەرك و ڕۆڵ و بـەهای خۆیـان، دەبێـت بـە شـێوەیەكی ئـەكتیڤ لـە سـنور و چوارچـێوەی زمانەكەدا بەیەكێتی كاربكـەن و دەربكـەون، فـۆنێمیش وەك هـەر دانەیـەكی تـری زمـانی بەیـەكێتی لەگەڵ دانەكانی تری زماندا بەكارە، بۆیـە ئەگـەر لـە ڕوانگـەی واتاییـەوە، تەماشـای فـۆنێم بكـەین، ئەوا بەپێی بۆچوونی (ستیپانۆڤ) هەر فۆنێمێك توانـای دروسـتكردنی جیـاوازی وگـۆڕانی واتـایی وشەیەكی هەبوو، لەڕووی واتاییەوە، دەبێتە دژیەك، وەكو:

قاز

باز

ناز

ڕاز

ساز

بـەم پێیـە هەریەكـە لـە فۆنێمـەكانی (/ق/، /ب/، /ن/، /ڕ/، /س/) لـە ڕووی واتاییـەوە دژیـەك دەوەستنەوە، چونكە دەتوانن واتای وشەكان بگۆڕن، هەروەها ( ستیپانۆڤ ) پێی وایـە، هـەركاتێك دوو فۆنێم بتوانن لە شوێنی یەكتر بەكاربهینرێن بەبێ ئەوەی واتای وشەكە گۆڕانی بەسـەردابێت، ئەوا ئەو دوو فۆنێمە دەبن بە سینۆنیمی یەكتر، بـەوەی هەنـدێك لـە پێوەرەكـانی سینۆنیمبوونیان تێدایـە. (سـتیپانۆڤ.یو.س:١٩٧٥:٨٢)، بـەڵام بـە لەبەرچـاوگرتنی فـۆنێم وەك دانەیـەكی هـەڵگری واتـا، چـونكە ((ئەگـەر وەك دانەیـەكی فیزیكـی تەماشـای فـۆنێم بكـەین ، نـابن بـە سینۆنیم، بەڵام ئەگـەر وەك دانەیـەكی  واتابـەخش سـەیری فـۆنێم بكـەین، دەكرێـت بڵـێین دەبـن بـە سـینۆنیم، وەك جیاكەرەوەیـەكی واتایی))(هــەمان سەرچـاوەی پێشــوو:٨١)، بــەپێی ئــەم پێــوەرە زۆرێــك لــە

**فۆنێمەكانی زمانی كوردی دەتوانن لە چەندین وشە و دەربڕاودا لە بری یەكتر بەكاربهێنرێن و جێگەی یەكتری بگرنەوە، بەبێئەوەی گۆڕانی واتایی بێتەكایەوە، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، كە ئەو فۆنێمانە تەنها لەو دەوروو بەرەدا و لەو وشە دەربڕاوانەدا دەبن بە سینۆنیمی یەكتر، وەك:**

**باخ ≈ باغ**

**خەم ≈ غەم**

**باخچە ≈ باغچە**

**كەوگیر ≈ كەڤگیر**

**شێوە ئاخاوتنی گەرمیانیش بە لەبەرچاوگرتنی هاوبەشیەكانی لەگەڵ شێوەزاری كرمانجی خواروو، چەندین وشە و دەستەواژەی تایبەت بە خۆی هەیە، كە تەنها بە گۆڕینی دەنگیك فۆرمێكی جیاوازی هێناوەتە ئاراوە بە بێئەوەی لە ڕووی واتاوە جیاوازییەكی هەبێت، لەگەڵ وشەكەی بەرامبەریدا، واتە بە گۆڕینی تاكە فۆنێمێك فۆرمێكی جیاوازی دروستكردووە بە هەمان واتاوە، بۆیە دەكرێت وەك سینۆنیمی یەكتر تەماشا بكرێن، وەكو:**

**/ ب/ ≈ / و/**

**زۆراب ≈ زۆراو**

**محتاب ≈ محتاو**

**ئەفتاب ≈ ئەفتاو**

**بازی ≈ وازی**

**قەبارە ≈ قەوارە**

**بەفر ≈ وەفر**

**سێبەر ≈ سێوەر**

**بەراز ≈ وەراز**

**بەران ≈ وەران**

**سەبەتە ≈ سەوەتە**

**نانەبلاّ ≈ نانەولاّ**

**دابەزین ≈ داوەزین**

**خراب ≈ خراو**

**بەهێز ≈ وەهێز**

**بەتوانا ≈ وەتوانا**

**بەتام ≈ وەتام**

**بەسوود ≈ وەسوود**

بەئاگا ≈ وەئاگا

بەلەزەت ≈ وەلەزەت

بەخۆشی ≈ وەخۆشی

بەئاسانی ≈ وەئاسانی

بەپەلە ≈ وەپەلە

تەنگەبەر ≈ تەنگەوەر

ژن بە ژن ≈ ژن وە ژن

کۆڵ بە کۆڵ ≈ کۆڵ وە کۆڵ

ماڵ بە ماڵ ≈ ماڵ وە ماڵ

قوڕبەسەر ≈ قوڕوەسەر

لایبە ≈ لایوە

بیبە ≈ بیوە

/ ز/ ≈ / س/

زلّق ≈ سلّق

زەڕە / زەڕەزەڕ ≈ سەڕە/ سەڕەسەڕ

زگ ≈ سك

زۆپە ≈ سۆپە

دەزگیر ≈ دەسگیر

دەزگیران ≈ دەسگیران

دەزگا ≈ دەسگا

نازك ≈ ناسك

/ و/ ≈ / ف/

کەوت ≈ کەفت

نەوت ≈ نەفت

خەوت ≈ خەفت

چەوت ≈ چەفت

حەوت ≈ حەفت

سێو ≈ سێف

/ ش/ ≈ / ژ/

مەڵاشوو ≈ مەلاژوو

شڵژان ≈ ژڵژان

پێشمەرگە ≈پێژمەرگە

ڕشانەوە ≈ ڕژانەوە

پاشگەزبوونەوە ≈ پاژگەزبوونەوە

**/ د/ ≈ / و/**

ئەحمەد ≈ ئەحمەو

محەمەد ≈ محەمەو

گەواد ≈ گەواو

بەد ≈ بەو

زیادە≈ زیاوە

بەدبەخت ≈ بەوبەخت

قەدپاڵ ≈ قەوپاڵ

**/ ل/ ≈ / ڵ/**

جمال ≈ جماڵ

کەمال ≈ کەماڵ

حەلوا ≈ حەڵوا

باریکەلە ≈ باریکەڵە

قوول ≈ قووڵ

ئەلێم ≈ ئەڵێم

**/ ی/ ≈ / ێ/**

گیسک ≈ گێسک

میوان ≈ مێوان

هەنگوین ≈ هەنگوێن

میز ≈ مێز

تیژ ≈ تێژ

ئیوارە ≈ ئێوار

ئەژیم ≈ ئەژێم

**/ د/ ≈ / ئـ/**

دەخۆم ≈ ئەخۆم

دەڕۆم ≈ ئەڕۆم

دەچم ≈ ئەچم

دەخوێنم ≈ ئەخوێنم

دەسێنم ≈ ئەسێنم

/ ێ/ ≈ / ا /

خوێ ≈ خوا

هاوسێ ≈ هاوسا

پێخەسوو ≈ پاخەسوو

پێ ≈ پا

پێ پەتی ≈ پاپەتی

مێ ≈ ما

ڕێبەر ≈ ڕابەر

مزگێنی ≈ مزگانی

جمێن ≈ جمان

/ وو/ ≈ / ی/

خانوو ≈ خانی

ئوتوو ≈ ئوتی

پوونگە ≈ پینگە

بوو ≈ بی

پزوو ≈ پزی

جووکەجووک ≈ جیکەجیک

زەردوو ≈ زەردی

/ ئـ/ ≈ / ع/ ≈ / ح/

قورئان ≈ قورعان ≈ قورحان

ئەرز ≈ عەرز

ئیش ≈ عیش

ئەنار ≈ عەنار

ئێل ≈ عێل

ئاسمان ≈ عاسمان

ئەشق ≈ عەشق

ئاقڵ ≈ عاقڵ

/ ك/ ≈ / ق/

كاغەز ≈ قاغەز/ قاقەز
لاسیك ≈ لاسیق
كوێخا ≈ قوێخا
خەڵك ≈ خەڵق
كڕكڕاگە ≈ قڕقڕاگە
كڕوكپ ≈ قڕوقپ
كرتاندن ≈ قرتاندن
كرماندن ≈ قرماندن

/ وو/ ≈ / وی/

شووشە ≈ شویشە
شوو ≈ شوی
روو ≈ روی
سوور ≈ سویر
تووتن ≈ تویتن

/ ه/ ≈ / ئ/

هەنار≈ ئەنار
هەڵبەتە ≈ ئەڵبەتە
هێستر ≈ ئێستر
هومێد ≈ ئومێد
هێڵنج ≈ ئێڵنج
هاوڵزاوا ≈ ئاوڵزاوا
هامووشۆ ≈ ئامووشۆ

/ و/ ≈ / گ/ ≈ / ی/

قوڕو ≈ قوڕگ ≈ قوڕی
بێوانە ≈ بێگانە ≈ بێیانە
ئاور ≈ ئایر ≈ ئاگر
سەو ≈ سەگ
بەو ≈ بەگ
دەزویران ≈ دەزگیران
مەلاژو ≈ مەلاژگ

چەرمو ≈ چەرمگ ≈ چەرمی

/ وو / ≈ / وی / لووت ≈ لویت
کووپ ≈ کویپ
موو ≈ موی
سوور ≈ سویر
دوور ≈ دویر

/ ە/ ≈ / ێ/ کەرە ≈ کەرێ
تەل ≈ تێل
پەچە ≈ پێچە
پەنج ≈ پێنج
داوەن ≈ داوێن

/ ی/ ≈ / i / شیعر ≈ شعر
نیشتەجێ ≈ نشتەجێ
پیلان ≈ پلان
شیرین ≈ شرین
لایەنگیر ≈ لایەنگر

/ i / ≈ / و/ ترش ≈ تورش
تن ≈ تون
ترشاو ≈ تورشاو
زڵف ≈ زوڵف

/ د/ ≈ / گ/ ≈ / ی/ ددان ≈ دگان ≈ دیان
مادە ≈ مایە
درژ ≈ گرژ
مەیدان ≈ مەییان

/ ا/ ≈ / ە/ چاو ≈ چەو

جێگا ≈ جێگە

سارد ≈ سەرد

باوان ≈ باوەن

ئێستا ≈ ئێستە

/ ۆ/ ≈ / و/

خۆشك ≈ خوشك

خۆشی ≈ خوشی

زۆر ≈ زور

درۆ ≈ درو

سیرەمۆزە  سیرەموزە

/ د/ ≈ / ت/

نەوەد ≈ نەوەت

مهاباد ≈ مهابات

گردن ≈ گرتن

دێم ≈ تێم

/ ج/ ≈ / ژ/

سوجدە ≈ سوژدە

ئەجداد ≈ ئەژداد

ویجدان ≈ ویژدان

جمان ≈ ژمان

/ ح/ ≈ / ه/

حەلاج ≈ هەلاج

حەلاق ≈ هەلاق

حەدیقە ≈ هەدیقە

/ م/ ≈ / ن/

مفاقە ≈ نفاقە

جامباز ≈ جانباز

بەرامبەر ≈ بەرانبەر

/ ك/ ≈ / گ/ ≈ / ە/

باوك ≈ باوگ ≈ باوە

داڵك ≈ داڵگ

جاجك ≈ جاجگ

/ خ/ ≈ / غ/ باخ ≈ باغ

باخچە ≈ باغچە

خەم ≈ غەم

/ ە/ ≈ / ی/ ئەمشەو ≈ ئیمشەو

ئەمساڵ ≈ ئیمساڵ

ئەمڕۆ ≈ ئیمڕۆ

/ ق/ ≈ / خ/ تاقم ≈ تاخم

ئازووقە ≈ ئازووخە

مەتبەق ≈ مەتبەخ

/ پ/ ≈ / ب/ قاپلەمە ≈ قاولەمە

پچڕان ≈ بچڕان

خراپ ≈ خراب

/ ھ/ ≈ / خ/ ھەرك ≈ خەرگ

ھەویر ≈ خەویر

/ ج/ ≈ / س/ جیقەتۆرە ≈ سیقەتۆرە

ئەوجا ≈ ئەوسا

/ ك/ ≈ / خ/ دکتۆر ≈ دختۆر

کەر ≈ خەر

/ و/ ≈ / م/ زمان ≈ زوان


نیو ≈ نیم

/ وو/ ≈ / ف/ جووت ≈ جفت

| | |
|---|---|
| | جووتە ≈ جفتە |
| / ه/ ≈ / i / | کەنار ≈ کنار |
| | جەنازە ≈ جنازە |
| / د/≈ / یـ/ | ئادەم ≈ ئایەم |
| | مەیدان ≈ مەییان |
| / ه/ ≈ / ۆ/ | چارەکە ≈ چارۆکە |
| | پیرەژن ≈ پیرۆژن |
| / وو/ ≈ / ۆ/ | بالووکە ≈ بالۆکە |
| | کەمووتر ≈ کەمۆتر |
| / ت/ ≈ / ز/ | سوتیا ≈ سوزیا |
| / چ/ ≈ / ت/ | چێشت ≈ تێشت |
| / ه/ ≈ / ی/ ≈ / ێ/ | چونکە ≈ چونکی ≈ چەنکێ |
| / ڵ/ ≈ / ر/ | قاڵچك ≈ قارچك |
| / ر/ ≈ / ل/ | شیرە ≈ شیلە |
| / و/≈ / ر/ | ناسیاو ≈ ناسیار |
| / ه/ ≈ / و/ | حەمام ≈ حومام |
| / ز / ≈ / ژ / | سوزن ≈ سوژن |
| / ه/ ≈ / ی/ | تەنها ≈ تەنیا |

| | |
|---|---|
| / ۆ/ ≈ / ێ/ | بۆن ≈ بێن |
| / د /≈ / و / ≈ / ی / | قەدبڕ ≈ قەوبڕ ≈ قەیبڕ |
| / ر/ ≈ / ی/ ≈ / د/ | لەوراکە ≈ لەویاکە ≈ لەوداکە |
| / ب/ ≈ / د/ | ڕەنجبەر ≈ ڕەنجدەر |
| / ب / ≈ / ر / | نۆبە ئاو ≈ نۆرە ئاو |
| / ز/ ≈ / د/ | قەرز ≈ قەرد |
| / ت/ ≈ /س/ | ئەوەتا ≈ ئەوەسا |
| / ش/ ≈ / چ/ | شت ≈ چت |
| / ق/ ≈ / ت/ | قەسەقول / قەرسەقول ≈ تەرسەقول |
| / ت/ ≈ / پ/ | تاوەتا ≈ پاوەپا |
| / پ/≈ / ق/ | شەپازلە ≈ شەقازلە |
| / ی/ ≈ / ن/ | باینجان ≈ باییجان |
| / ڤ / ≈ / و / | کەڤگیر ≈ کەوگیر |
| / و/ ≈ / ە/ ≈ / م/ | بەشکو ≈ بەشکە ≈ بەشکم |
| / ۆ/ ≈ / و/ ≈ / ن/ ≈ / ە/ | تۆ ≈ تو ≈ تن ≈ تە |

وەك لە نموونەكانی سەرەوەدا دەردەكەوێت، بە هۆی گۆڕینی فۆنێمێك بە فۆنێمێكی تر دوو وشەی فورم جیاواز هاتۆتە ئاراوە، كە ئەمەش لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا لە چوارچێوەی پرۆسە فۆنۆلۆجییەكاندا، بە یاسای دەنگگۆڕكێ ناسراوە، كە مەبەست لێی((دەنگێك جێگەی دەنگێكی دی بگرێتەوە،بێئەوەی كار بكاتە سەر گۆڕینی واتا))(ئەوڕحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:١٢٣)، واتە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێكی تر بە بێ ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەكان، كە ئەمەش بۆ خۆی بنەمای پەیوەندیی سینۆنیمیە لە نێوان فۆنێمەكانی زماندا، بەپێی ئەو تێڕوانینەی،كە (ستیپانۆڤ) بۆ دیاردەی پەیوەندیی سینۆنیمی نێوان فۆنێمەكانی زمان هەیەتی، لەم روەشەوە فۆنیمی / و/ لە ناوچەی گەرمیاندا، زۆر چالاك و ئەكتیڤە لە بەكارهێنانی لە بری كۆمەڵێكی فۆنێمی تری وەكو: (/ب/، /ف/، /پ/، /د/، /م/، /گ/، /ر/، /ە/، /i/، /ۆ/، /ی/، /ھ/، /ن/، /ڤ/، /وی/)، لە كۆمەڵێك وشە و دەستەواژەدا، وەكو:




یەكێكی تر لە یاسا فۆنۆجییەكان، كە ڕۆڵێكی زۆری هەیە لە هێنانەئارایی دوو وشەی فۆرم جیاواز بە هەمان واتاوە بریتییە لە یاسای (جێگۆڕكێی دەنگی)، مەبەست لە جێگۆڕكێی دەنگی ئەوەیە كە ((كە دوو دەنگ لە پێكهاتەی وشەیەكدا لە ئەنجامی بەدواییەكداهاتنیاندا جێگای خۆیان دەگۆڕنەوە، بە شێوەیەك كە كۆنسۆنانتی یەكەم جێگای كۆنسۆنانتی دووەم دەگرێت و كۆنسۆنانتی دووەمیش جێگای كۆنسۆنانتی یەكەم دەگرێت))(علی محمد حق شناس:١٣٩٠:١٠٦)، ئەمەش بنەمای دروستكردن و سەرهەڵدانی پەیوەندی سینۆنیمیە، چونكە

هەروەك چۆن ((جێگۆرکێی کەرەسەکانی ڕستە بەبێ گۆڕینی واتا دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەی سنۆنیم، هەر بەو شێوەیە جێگۆرکێی دەنگەکان لە چوارچێوەی وشەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەی سینۆنیم))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١١١).

پەیوەست بە مەبەست و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، هاوشێوەی زمانی کوردی کرمانجیی خواروو لە ناوچەی گەرمیانیشدا زۆرێك لە وشەکان بەهۆی جێگۆرکێی دەنگەکانییانەوە بوون بەسینۆنیمی یەکتری و بەهەمان واتاوە بەکاردەهێنرێن، وەکو:

خەڵوز ≈ زوخاڵ

ڕوعب ≈ ڕوبع

جومعە ≈ جوعمە

یۆنان ≈ وێنان

ڕفێن ≈ فڕێن / (ڕفاندن ≈ فڕاندن)

چەنەوەر ≈ چەوەنەر

ڕوانین ≈ نواڕین

لەگەڵ بوونی وشە هاوبەشەکانی نێوان شێوازی ئاخاوتنی گەرمیان و شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، هەندێك وشەی دیکە هەن تایبەتن بە ئاخێوەرانی ناوچەی گەرمیانەوە و هۆکاری جیاوازی فۆرمیشیان تەنها جێگۆڕکێی دەنگییە، بۆیە بوون بە سینۆنیم بۆ وشەکەی بەرامبەری، بەم شێوەیە:

نەعل ≈ لەعن

جنس ≈ جسن

جگەر ≈ جەرگ

یونس ≈ وینس

ئاسایش ≈ ئاشایس

مێروله ≈ مێلورە

تەسلیم ≈ تەسمیل

چاوەڕوانی ≈ چاوەنواڕی

دیلوان ≈ دویلمان

قازانج ≈ قانجاز ≈ قانزاج

جوێن ≈ جنێو

**نەعلەت ≈ لەعنەت**

**وەزع ≈ وەعز**

**قوفڵ ≈ قوڵف**

**قالۆنچە ≈ قۆلانچە**

**بنکڕ ≈ بڕکن ≈ کڕبن**

**ناخون ≈ نوخان**

**فەخوری ≈ خەفوری**

**مێروچە ≈ مۆریچە**

**((پەخشە ≈ پەشخە)) (حەمید ئێزەد پەناه:١٩٧٨ : ٤٧)**

**پریاسك ≈ پیارسك**

**گریان ≈ گیران**

**ترسنۆك ≈ ترسۆنك**

**تەنیا ≈ تەینا**

**گریا ≈ گیرا**

**شەپالزە ≈ شەپازلە**

**شەقالزە ≈ شەقازلە**

**هەریەکە لەم وشانەی سەرەوە بەهۆی جێگۆڕکێ نێوان دەنگەکانیان بوون بە سینۆنیمی یەکتری، چونکە هەرچەند لە ڕووی فۆرمە جیاوازن لەیەکتر، بەڵام لە واتا و مەبەستدا هاوبەشن، ئەمەش بنەمای سازبوونی سینۆنیمە.**

**هەندێجار واڕوودەدات کەرەستەکانی نێوان دوو وشە سینۆنیمەکە وەك یەك نیین لە ڕووی ژمارەی فۆنێمەوە، بەڵام لە ڕووی واتاوە وەکویەکن، واتا ژمارەی یەکە بەشداربووەکانی وشەیەکیان زیاترە لە یەکە بەشداربووەکانی وشە سینۆنیمەکەی تر، ئەمەش بەهۆی پەیدابوون یان هاتنەئارای دەنگێکی زیادەوە سەرهەڵدەدات، کە لە پرۆسە فۆنۆلۆجییەکاندا بە یاسای (هاتنەناوەوەی دەنگی) ناسراوە. سەرەڕای هاوبەشی نێوان هەردوو شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی گەرمیان و کرمانجی خواروو، بەڵام هەندێك دیاردەی هاتنەناوەوەی دەنگی هەیە، زیاتر مۆرکی ناوچەی گەرمیانی پێوە دیارە، لەمڕووەشەوە کومەلێك وشە ودەستەواژە و دربڕاوی لەم چەشنە لە شێوازی ئاخاوتنی ناوچەی گەرمیاندا بەکاردێت و بەرچاو دەکەوێت، کە وەکو سینۆنیمی یەکتر لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا لەبری یەکتر بەکاردەهێنرێن، وەکو:**

ڕەبیە ≈ ڕەبایە

سنگ ≈ سێنگ

گلاّ ≈ گەلاّ

مەویژ ≈ مێوژ

دەربەندیخان ≈ دەروەنیخان ≈ دەروەن

زەردەلوو ≈ زەردەلوی

ترش ≈ تورش ≈ تویرش

کورت ≈ کولّ

زستان ≈ زمسان

بێستان ≈ بۆیسان

هۆرن ≈ هۆرێن

خوشکەزا ≈ خۆیزا / خورزا

ڕۆژگار ≈ ڕۆزار

زوو ≈ زوی

بینین ≈ دوینین

زۆرخۆر ≈ بخۆر

نارد ≈ هەنارد

ڕاکردن ≈ هەراکردن

جێی ئاماژەیە دەکرێت گۆڕانکارییە دەنگییەکان[١٤]، کە بەسەر پێکهاتەی وشەو دەربڕاوەکاندا دێت، هەندێك جار لە ئەنجامی خۆشەویستی، یان گاڵتەجاڕی، یان بەمەبەستی سوکایەتی کردن بێت، هەرچەندە هەندێکجار فاکتەری گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستی ئاسانکاری دەربڕین(ئیکۆنۆمی)و خۆشیگوتن، یان دەگەڕێتەوە بۆ خێرا دەربڕینی وشەکان، لەم ڕوانگەیەوە زۆرجار دەتوانرێت لەڕێگەی جێگۆڕکێی دەنگەکانەوە سنوری جوگرافیاو شوناسنامەی کەسەکان و پلەوپایەیی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕادەی خۆێندەواری و نەخۆێندەواری بزانرێت .

١٤ _ (١) مەبەست لەگۆڕانکارییە دەنگیەکان (دەنگگۆڕکێ و جێگۆڕکێی دەنگەکان و کرتاندنی دەنگی و پەیدابوونی دەنگ ...هید) ە کەلەزمانەوانیدا بەیاسا فۆنۆلۆژییەکان ناسراوە ،ئێمە لێردا مەبەستمان لەگۆڕانکارییە دەنگیەکان دەنگۆڕکێ و جێگۆڕکێی دەنگەکانە .

## ٢/٢) سینۆنیم لە چوارچێوەی مۆرفێمدا:

دوای ئـەوەی لـە لێکۆڵینـەوە زمانەوانییەکانـدا (وشـە) وەك یەکەیـەکی زمـانی نـەیتوانی وەڵامـدەرەوەی خواسـتەکانی زمانـەوانان بێـت، زمانناسـان بیریـان لـە یەکەیـەکی تـر کـردەوە بـۆ شوێنگرەوەی وشـە، ئـەوەبوو لـە سـەرەتای چلەکانی سـەدەی بیسـتەم، لەسەردەستی (بلۆمفێڵد) بیری مۆرفێم سەریهەڵدا.((بەپێی ئەم بیرە هەموو کەرەستەیەکی ڕێزمـانی شـیدەکرێتەوە بـۆ چـەند دانەیـەکی بچـووك کـە پێـی دەگووترێـت مۆرفێم))(محەمـەد مـەعروف فتـاح:٨٤:٢٠١١)، واتـە لـەو سەردەمە بە دواوە ، مۆرفێم گرنگی پەیداکردوو و وەك بچوکترین یەکەی زمانـەوانی ناسێنرا، کە توانای دابەشبوونی نییە بۆ یەکەی بچووکتر بە مەرجێك خاوەنی واتا بێت.

زۆربەی زمانەوانان لە لێکۆڵینەوە واتاییەکاندا مۆرفێم بـە بچوکترین فـۆرمی واتـاداری زمـان و یەکەی سەرەکی ئاستی مۆرفۆلۆجی دەژمێرن، چونکە کاری مۆرفۆلۆجی لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆنـانی نـاوەوەی وشـە و پـۆلێنکردنی مۆرفێمـەکان و چـۆنیەتی پێکـەوەهاتنیان لـە پێکهاتـەی یەکـەی گـــەورەتردا ((مۆرفۆلـــۆجی لێکۆڵینەوەیـــە لـــە پێکەوەگرێـــدانی گونجـــاوی مۆرفێمـــەکان بـــۆ بەدەستخسـتنی وشـەکان))(محەمەدی مـەحوی:٢:٢٠١٠)، واتـە باسـکردنی مـۆرفێم و چـۆنێتی ڕیزکردنیان بۆ ڕۆنانی وشە و دەربڕاو و دەستەواژەکان و ئـەو گۆڕانکارییانـەی، کە دێتـەئاراوە و جـەخت کـردن لەسـەر ڕۆاڵـەتی مـۆرفێم لـە سنور و چوارچێوەی کـاری وشەسازیدایە، هەرچـەندە ئـەرکی سـینتاکس لێکۆڵینەوەیـە لـە چـۆنێتی ڕێکخسـتنی یەکـە زانییـەکان بـەپێی گونجـان و هاوڕێیـەتی ئـەو کەرەسـتانە لـە پێکهاتـەی وشـە و فرێـز و ڕسـتەکاندا، بۆیـە بـەلای (ڕادفۆرد)ەوە ((مۆرفێم بچوکترین یەکـەی پێکهاتـەی ڕێزمانییە))(ئەبوبـەکر عمـر قـادر:١٤:٢٠٠٣)، لەبـەر ئـەوەی هـەموو ئاسـتەکانی زمـان تێکچـرژاو و لەیەکـدی دانـەبڕاو و تەواوکـەری یـەکترن، بۆیـە دەکرێـت بوترێت مۆرفێم داینەمۆ و کەرەستەی خاوی ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسـازی و پراگماتیکـە، چـونکە ((بـە فۆنێمێـك یـان زیـاتر مـۆرفێم پێکـدێت، بـە مۆرفێمێـك یـان زیـاتر وشـە پێکدێت، بە وشەیەك یان زیاتر فرێز پێکدێت چەند فرێـزێکیش ڕسـتە پێکـدەهێنن))(وریا عومـەر ئـەمین:٢٢٤:٢٠٠٩) بـە یـەکگرتنی ڕسـتەکانیش دەق و ئاخـاوتن دێتـەئاراوە، کـە سـەرجەمیان دەزگای زمان پێکدەهێنن، بەم شێوەیەی خوارەوە:


**فۆنێم :   (م + ن + د+ ا+ ڵ ) + ( ئ + ا + ش ) + ( ب + خ + ۆ + ن)**

**مۆرفێم :  منالْ +  ەك + ان + ئاش + ب + خۆ + ن**

**فرێز :   منالّەکان   +   ئاش   +  بخۆن**

**ڕستە  :  منالّەکان ئاش بخۆن**

وەك دەبیـنین سـەرەتای سـازکردنی ڕسـتە وەك گـەرەترین یەکـەی زمـان لـە فۆنێمەکانـەوە دەستپێکردووە، بەیەکگرتنی فۆنێمـەکانیش، مۆرفێمـەکان دروستبوون، کـاتێکیش مۆرفێمـەکان دەچـنەپاڵ یەکـدی وشـە و فرێـز دروسـتدەکەن، سـەرەنجام بـە چـونەپاڵیەکی وشـە و فرێزەکـان گـەورەترین یەکـە دێتـەئاراوە، کـە ڕسـتە و دەق و ئاخاوتنـە، بۆیـە دەکرێـت فـۆنێم بـە بچـوکترین یەکـەی زمـانیی دابنرێـت و دەروازەیەکیشـە بـۆ دروسـتکردن و هاتنـەئارای گـەورەترین یەکـە کـە ڕستە و دەق و ئاحوتنە، ئەمەش پاڵپشتی بۆچوونی بونیادگـەرەکان دەکـات بـە تایبـەت زمانـەوان (دی سۆسێر)، چونکە ((سۆسێر لە بارەی دانەکانی زمانەوە بڕوای وایـە کـە دەبێـت لـە بچـوکترین دانەکانی زمانەوە دەستپێبکەین تا دەگـات بـە گـەورەترین دانە))(نـەریمان خۆشـناو:٢٠١٢:١٣٦)، واتە بەپێی بۆچوونی سۆسێر بێت، دەبێت لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا لە فۆنێمـەوە بـۆ ڕسـتە بچین، چونکە وەك باسکرا فۆنێم بچوکترین یەکەی زمانـە و ڕسـتەش گـەورەترین یەکەیـە. وەك لـەم هێڵکاریەدا ڕوونکراوەتەوە:




**(تەرزی بونیادگەرە ئەمریکییەکان بۆ ئاراستەی شیکرنەوەی ئاستەکان)**

(محمد دبير مقدم:١٣٩٣:١٧)

لەبەرامبەر ئەم بۆچوونەشدا کە لە بچوکترین یەکەوە بۆ گەورەترین یەکە دەچێت، بۆچوونێکی تریش هەیە کە بە پێچەوانەی ئەم ئاراستەیە کاردەکات، ئەویش ئەو بۆچوونەیە، کە پێـی وایـە، پێویستە لە لێکۆڵینەوەکاندا لە گەورەترین یەکەوە کە ڕستەیە بۆ بچوکترین یەکە بچین کە تاکە دەنگـەکانن، لـە پێڕەوانـی ئـەم بۆچـوونە (ڕێزمـانی بەرهـەمهێنان)ە، لەسـەرووی هەموویانەوە(چۆمسکی)، ((لـە ڕێزمـانی بەرهەمهێنانـدا ئاڕاسـتەی شـیکردنەوەکە بـە پێچـەوانەی

نەخشەی بونیادگەرەکانەوەیە، بەپێی ئەم نەخشەیە ڕستە گەوەترین و بەرزترین یەکەی زمانە و لە سەرەوەی نەخشەکەدایە))(هەمان سەرچاوەی پێشوو:١٧)، بۆیە شیکردنەوەی زمان لای ڕێزمانی بەرهەمهێنان لە یەکەکانی ئاستی ڕستەسازییەوە دەستپێدەکات، واتا لە ڕستە و فرێزەوە تاوەکو دەگاتە مۆرفێم کە دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆژییە و سەرەنجام بە دەنگ و فۆنێم وەك دوو دانەی ئاستی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیك کۆتاییان دێت.

سەرەڕای جیاوازی بۆچوونی زمانەوانان لەسەر دیاریکردنی ئاراستەی یەکەکانی زمان بۆ پێکهێنانی تۆڕی گشتی زمان، زمانەوانان لەسەر ناساندن و دەستنیشانکردنی مۆرفێمەکانیش هاوڕانین، هەندێك زمانەوان مۆرفێم بە کەرەستەیەکی بنچی و بنەڕەتی ئاستی وشەسازی دادەنێن، کە لە فۆنێمێك یان زیاتر پێکهاتووە و ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە، کۆمەڵێکیشیان وەك دانەیەکی سینتاکسی دەڕواننە مۆرفێم و بە بچوکترین دانەی ڕێزمانی دادەنێن، کە ئەرك و ڕۆڵی هەیە لە ڕۆنانی وشە و دەستەواژەکاندا لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا، هەروەها گروپێکی تریش لە ڕوانگەی سیمانتیکەوە تەماشای مۆرفێم دەکەن و بە بچوکترین فۆرمی واتادار کە خاوەنی ئەرکی و بەهای زمانییە دایدەنێن، کەواتە بەسەرنجدان و تێڕوانین و وردبوونەوە لە زۆربەی ئەو پێناسانەی کە زمانەوانان و شارەزایان لە زانستی زماندا بۆ چەمك و شێوە و جۆری دابەشکردنی مۆرفێمەکان کردوویانە[١٥]، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە لە


---

[١٥] – زمانەوانان لە خستنەڕووی چەمك و پێناسەی مۆرفێم و دەستنیشانکردنی جۆرەکانی مۆرفێمدا زۆرترین بۆچوونیان خستووەتەڕوو، لەوانە: (Blomfield:1933:240) بەشێوەیەکی گشتی باسی مۆرفێمی کردووە و زیاتر تیشکی خستووەتەسەر (ئەفێکس و ڕەگ). هەروەها (Yule:1996:78) مۆرفێمی بە پێی شوێن و ئەرك و واتا دابەشکردووە بۆ ( سەربەست و بەند). (Crystal:1992:257)یش لە ڕوانگەی واتاوە پێناسەی مۆرفێمی کردووە و دوو جۆر مۆرفێمی لێکجیاکردووەتەوە ئەوانیش: (مۆرفێمی ئازاد و مۆرفێمی بەند)ە. (Stageberg.N:1981:83-90)یش بە گوێرەی واتا مۆرفێمی دابەشکردووە بۆ (ئازاد و بەند) وبەپێی شوێن مۆرفێمی دابەشکردووە بۆ (بناغە و ئەفێکسەکان)، (Fromkin, Rodman:2003:104) یش بە پێی شوێن و واتا وئەرك دوو جۆری سەرەکی مۆرفێمی دیاریکردووە، کە هەریەکەیانی بۆ چەند لق و جۆرێك دابەشکردووە، جگە لە زمانەوانانی ئەوروپی، زمانەوانە کوردەکانیش لەچەند ڕوانگەیەوە باسی چەمکی مۆرفێم و جۆرەکانی کردووە ، لەوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:٣٣–٥٠) لە ڕوانگەی ئەرك و واتاوە مۆرفێمی پۆلێنکردووە بۆ ( مۆرفێمی ڕیشەیی ، سەربەخۆ و مۆرفێمی بەند ( وشەداڕێژ و وشەگۆڕ)، (محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١١:٨٤–٨٩)یش مۆرفێمی وەك دانەیەکی فیزیکی لە ڕووی گەیاندنی ئەرك و واتاوە خستووەتەڕوو،(وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٩:٣٦٤–٣٦٧)یش مۆرفێمی بەپێی دەرکەوتن و شوێن و ئەرك خستووتەڕوو و پۆلێنی کردووە بۆ سێ جۆری سەرەکی لەوانە: ١– مۆرفێم (سەربەست) یان (بەند). ٢– مۆرفێم(ڕەگ) یان ئەفێکس. ٣– مۆرفێم مۆرفۆلۆجی (اشتقاق) یان (ڕێزمانی). هەروەها (ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان:١٩٩٨:٥٨–٦١) لە ڕوانگەی واتا و فۆرم و ئەرکەوە دەڕوانێتە مۆرفێم و هەر بەوپێیەش دوو جۆر پۆلێنکاری بۆ مۆرفێم کردووە: جاری یەکەم دابەشیکردووە بۆ (سەربەست و بەند) و جاری دووەمیش بۆ

(مۆرفێمی بنجی یاخود ڕیشەیی)، مۆرفێمی بەندیشی کردوو بە دوو جۆرەوە بەم شێوەیە: أ- مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ (پێشگر، ناوگر، پاشگر. ب- مۆرفێمی وشەگۆڕ، (یووسف شەریف سەعید:٢٠١٢:٨-١١)یش لە ڕوانگەی پێکهاتەوە مۆرفێمی بۆ (مۆرفێمی ئازاد و مۆرفێمی بەند) پۆلێنکردووە، هەروەها گیرەکی بەبەشێك لە مۆرفێمی بەند دیاریکردووە، کە دەبن بە سێ بەشەوە (پێشگر، پاشگر، ناوگر) ئەمە جگە لەوەی گیرەکەکانی بەپێی ئەو ئەرکەی دەیگێڕن کردووە بە دوو جۆرەوە: (١- گیرەکی گەردانکردن، ٢- گیرەکی داڕشتن)، (عەبدولواحید موشیر دزەیی:٢٠١٣:٤٩-٦٠)یش مۆرفێمی لە ڕوانگەی ئەرك و واتاوە بۆ (١- مۆرفێمی سەربەخۆ: أ- مۆرفێمی لیکسیکی، ب- مۆرفێمی ئەرکی)، ومۆرفێمی بەند: أ- مۆرفێمی بەندی گەردانکردن (بەرگر، دواگر) ، ب- مۆرفێمی بەندی داڕشتن (پێشگر، ناوبەند، پاشگر) پۆلێنکردووە، (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠١٣:٢-٢٦) لە دوو ڕوانگەوە پۆلێنکاری بۆ مۆرفێم کردووە، بەشێوەیەك: ١- بەپێی گەیاندنی واتا مۆرفێمی بۆ سەربەست و بەند دابەشکردووە، مۆرفێمی بەندیشی بەپێی ئەرك بۆ مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی و مۆرفێمی بەندی وشەگۆڕ، ٢- بەپێی شوێنی پێوەلکانیان مۆرفێمی دابەشکردووە بۆ (پێشگر، ناوگر، پاشگر). هەروەها (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥:٧٤-٧٨) لە سێ گۆشەوە ڕوانیویەتییە مۆرفێم و بەو پێیەش پۆلێنی کردوو بۆ: (١- دەرکەوتن کە دەبێت بە سێ جۆرەوە، ئەوانیش: (دەرکەوتووە، دەرنەکەوتووە و نیمچە دیارە)، (٢- پابەندی کە لە ڕووی فۆرم و واتاوە کردوویەتی بە سێ جۆرەوە: (سەربەخۆ، بەند(پێشگر و ناوگر و پاشگر)، نیمچە سەربەست)، ٣- ئەرك: کە مۆرفێمی لە ڕووی ئەرکەوە کردووە بە دوو جۆرەوە: ١- مۆرفێمی وشەسازی (داڕشتن)، ب- مۆرفێمی ڕێزمانی). (لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ:١٩٩٨:٤٣-٤٦)یش لە ڕوانگەی واتا و ڕۆڵ و ڕۆنانی وشە وئەرکی سینتاکسییەوە دوو جۆر مۆرفێمی دەستنیشانکردووە: ١- مۆرفێمی سەربەست. ٢- مۆرفێمی بەند. هەروەها پێیوایە مۆرفێمی بەند لە شێوە وقاڵبی ( پێشگر و پاشگر و ناوگر و نیشانە)دا دەردەکەون ودەبن بە دوو بەشەوە:١- مۆرفێمی بەندی وشەگۆڕ. ٢- مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ. هەروەها (صباح ڕەشید قادر:٢٠٠٠:٥٢)یش مۆرفێمی بەپێی ئەرك و واتا دابەشکردووە بۆ ( مۆرفێمی بەند و مۆرفێمی سەربەخۆ )، هەروەها مۆرفێمی بەندیشی دابەشکردووە بۆ (ڕەگ و گیرەکەکان) دواتر گیرەکەکانی بەپێی شوێنی نوسانیان دابەشکردووە بۆ (پێشگر و ناوگر و پاشگر)، هەروەها بەپێی ئەرك و واتاکانیان دابەشیکردووەن بۆ (مۆرفێمی وشەداڕێژ و ڕێزمانی). هەروەها (شێرکۆ حەمەئەمین قادر:٢٠٠٢:٢١-٢٢) مۆرفێمی بە پێی ئەرك و واتا دابەشکردووە بۆ مۆرفێمی (سەربەست و بەند)، هەروەها مۆرفێمی بەندیشی بە پێی ئاستی کارکردنی کردووە بە دوو جۆرەوە: (وشەداڕێژ و سینتاکسی) کە ئەم دووجۆرەش لە شێوەی (ئەفێکس و گیرەك)دان. (شەهاب شێخ طیب:٢٠١٤:١٠٧)یش لە هێڵکارییەکدا جۆرەکانی مۆرفێمی دابەشکردووە بۆ ( ئازاد و بەند) مۆرفێمی ئازادیشی پۆلێنکردووە بۆ (سەربەخۆ و ئەرکی)، هەروەها مۆرفێمی بەندیشی دابەشکردووە بۆ: ١- گیرەکی (ڕێزمانی و وشەداڕێژ) لە شێوەی (پاشگر و پێشگر وناوگر و جووتە)دان، ٢- بنکەی بەند، ٣- نوسەك کە لە شێوەی (بەرگر و دواگر)دایە. دواجار (شێروان حسێن حمد:٢٠١٤:٣٦) جۆرەکانی مۆرفێمی بەهەمان شێوەی (شەهاب شێخ طیب) لە هێڵکارییەکدا پۆلێنکردووە، بەڵام تاکە جیاوازییەکەی ئەوەیە (شێروان حسێن حمد) لە گیرەکە ڕێزمانی و وشەداڕێژەکاندا باسی ناوگر و جوتەی نەکردووە. هەروەها چەندین زمانەوانی تر پۆلێنبەندییان بۆ مۆرفێم کردووە کە تاڕادەیەك نزیکن لەو زمانەوانانەی کە باسمانکرد.

ڕوانگەی چەمك و پێناسە و چۆنێتی دابەشكردنی جۆرەكانی مۆرفێمەوە كۆدەنگییەك بێتەئاراوە، بەشێوەیەك كە تێكڕای تایبەتێتی و لایەنەكانی مۆرفێم لەخۆبگرێت و هەمووان لەسەری كۆك و تەبابن.دیارە ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و جۆری بابەتی لێكۆڵینەوەكان، لەگەڵ ڕەچاوكردنی تایبەتێتی مۆرفێمەكانی جۆری ئەو زمانەی، كە توێژینەوەكەی لەسەردەكرێت، هەروەها ئەو ئاستە زمانییەی كە لێكۆڵینەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت، بەلاَم بەشێوەیەكی گشتی زمانەوانان لە ڕوانگەی واتا و ئەرك و شوێن و پێكهاتەوە دەڕواننە مۆرفێم وەك دانەیەكی زمانیی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، تا ڕادەیەك پۆلێنی جیاواز و جۆراوجۆریان بۆ مۆرفێم كردووە.

ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا پشت بە پۆلێنەكەی (فرۆمكین) دەبەستین، كە بۆ زمانی ئینگلیزی كردوویەتی، چونكە پێوەری دابەشكردنەكەی لەسەر بنەمای واتا و ئەركی مۆرفێمەكان بونیادناوە، بۆیە بەلامانەوە بۆ زمانی كوردی و بەتایبەتی بۆ كارەكەی ئێمە لەبار و گونجاوە سەرەڕای زیادكردنی پیشگر لە مۆڕفێمە گراماتییەكاندا، چونكە ئەم چەشنە مۆرفێمە لە زمانی كوردیدا هەیە، پۆلێنەكەش بەم شێوەیەیە:




(Fromkin , Rodman:2003:104 )

سەرەڕای هەموو ئەو بۆچوونانەی پێشوو،كە دەربارەی مۆرفێم خراونەتەڕوو، پێوستە ئەوەش بوترێت كە ناسینەوە و شیكردنەوەی مۆرفێم، بەبێ بایەخدان و باسكردنی (مۆرف) گرنگییەكی ئەوتۆی نییە، چونكە هەروەكو چۆن فۆن كۆنكرێتكەر و درووستكەری فۆنێم بوو، ((فۆنێم بیرێكە ئەبستراكتە و فۆن كۆنكرێتكەری ئەو بیرەیە))(مستەفا ڕەزا مستەفا:٢٠١٢:١٩)،

بەهەمان شێوەش مۆرفێم بەبێ مۆرف تەنها بوونێکی ئەبستراکت و هۆشەکییە و بوونی تەنها لە مێشکدایە، چونکە ((مۆرفێم یەکەیەکی ئەبستراکتە و بەهۆی یەکەی ترەوە دەناسرێتەوە کە پێی دەڵێن مۆرف)).(Crystal:2003:300)، کەواتە مۆرفێم دانەیەکی هۆشەکییە و تەنها لە مێشکدایە و وەك کەرەستەیەکی هۆشەکی هەستپێنەکراو و لە ڕێگەی مۆرفەوە بەرجەستە دەکرێت،((مۆرفێم یەکەیەکی ئەبستراکتە و نابەرجەستەیە، واتە بوونی لە مێشکدایە، وەك بیرۆکە کاردەکات ... و تەنها هەر هەستی پێدەکرێت، نە بەدەست دەگیرێت و نە لەبەرچاوە))(محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر:٢٠٠٦:٢١٣)، بۆ ئەوەی ئەم یەکە هۆشەکی و ئەبستراکتە، کۆنکرێت بکرێت و هەستی پێبکرێت، پێویستی بە یەکەیەکی ترە بە ناوی (مۆرف)ەوە، کەواتە ((نیشانەی بەرجەستەکراوی مۆرفێم، مۆرفە))[١٦](ایران کلباسی:١٣٩١:٢١).

بەشێوەیەکی تریش دەتوانرێت پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفێم لێکبدرێتەوە، ئەویش سروشتی پەیوەندی مۆرفە بە مۆرفێمەوە پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفێم پەیوەندییەکی بەرامبەرییە، واتا هەر دەربڕاوێك ژمارەی مۆرفەکانی یەکسانە بە ژمارەی مۆرفێمەکانی، وبە پێچەوانەشەوە[١٧]، بەم پێیە بێت نابێت مۆرفێمێك لە یەك مۆرف زیاتر لە خۆ بگرێت، بە واتایەکی تر هەر مۆرفێك، مۆرفێمێك دەنوێنێت، بەڵام لێرەدا کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات ئەویش کێشەی هەریەکە لە مۆرفێمی سفر و مۆرفێمی بەتاڵە. چونکە لە حاڵەتی مۆرفێمی سفر ومۆرفێمی بەتاڵدا هاوسەنگی و یەکسانی نێوان مۆرف ومۆرفێم تێکدەچێت، ئەوگرفتانەش بە مۆرفێمی سفر و مۆرفێمی بەتاڵ چارەسەردەکرێت.

مەبەست لە مۆرفێمی بەتاڵ (ئەو مۆرفێمانەن کە تەنها شێوەی هەیە وئەرك جێبەجێناکات) (کەوسەر عەزیز ئەحمەد:١٩٩٠:٥٨)، واتە لە مۆرفێمی بەتاڵدا فۆرم بوونی هەیە، بەڵام هیچ مۆرفێمێك بەرجەستەناکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژمارەی مۆرفەکان لە ژمارەی مۆرفێمەکان زیاترە، واتە کەرەستەیەکی زیادە لە ڕستەکەدا ئامادەیی هەیە، کە هیچ مۆرفێمێك بوونی نییە نوێنەرایەتی بکات، بەم کەرەستەیەش دەگووترێت مۆرفێمی بەتاڵ وەکو:

**خواردوویەتی**

**کردوویەتی**

لەم نموونانەی سەرەوەدا ئەگەر یەکەکانی جیابکەینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە فۆرمی (ەتی) نوێنەرایەتی هیچ مۆرفێمێك ناکات، بۆیە بە (مۆرفێمی بەتاڵ) ناودەبرێت بەم شێوەیە:

---

[١٦] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی نێوان مۆرف ومۆرفێم و بەرجەستەکردنی مۆرفێم لەلایەن مۆرفەوە بڕوانە: (ئەبوبەکر عمر قادر:٢٠٠٣:١٤)، (محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕشید:٢٠٠٦:١٥)، (بازیان یونس محیٚ الدین:٢٠٠٨:٤١).

[١٧] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەبوبەکر عمر قادر:٢٠٠٣:١٤).

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **خوارد** | + | **وو...ە** | + | **ی** | + | **ەتی** |
| **بناغەی کار** | | **ڕووکار** | | **جێناو** | | **م.بەتاڵ** |

**هەرچی (مۆرفێمی سفر)یشە کە بەلای زۆرێك لە زمانەوانانەوە بە خاڵی لاواز و لەنگی بیری مۆرفێم دادەنرێت بە پێچەوانەی مۆرفێمی بەتاڵەوەیە، واتا مۆرفێم هەیە بە بێ ئەوەی هیچ فۆرمێك لە ئارادابێت بۆ نواندنی، چونکە ((مۆرفێمی سفر، مۆرفێمێکە هیچ هێمایەکی نییە بۆ دەرکەوتن، واتە نە هێمای نوسراوی هەیە نە دەنگی))(ویدا شقاقی:١٣٩٢:٧٤) بەڵکو تەنها لە ڕێگەی ئەو ڕۆڵ و ئەرك و واتایەی کە لە کۆی مۆرفێمەکاندایە هەست بە بوونی دەکرێت، بە جۆرێك ((هەندێك مۆرفێم زیاتر لە واتایەکی لە ناو بۆتەی خۆیدا تواندووتەوە، واتە هەندێ مۆرفێم بریتییە لە کۆی چەند واتایەك))(کەوسەر عەزیز ئەحمەد:١٩٩٠:٥٤)، بۆیە دەکرێت بوترێت فۆرم و قاڵبی هەندێك مۆرفێم زیاتر لە چەمکێکی تیادا دەتوێتەوە،ئەم دیاردەیەش ((بەزۆری لە چوارچێوەی مۆرفێمە ڕێزمانییەکاندا دەبینرێت، چەند چەمکێکی ڕێزمانی لە قاڵبێکدا ئاوێتە دەبن و بەیەك فۆرم و لەیەك کاتدا دەگەیەنرێن))(شێروان حسێن حمد:٢٠١٤:٢٤) بە تایبەتی لە دەورووبەری بەکارهێناندا بۆیە ئەو چەمکانەی کە لە بۆتەی قاڵبی مۆرفێمدا دەتوێنەوە و خاوەن هێمای نوسراو و ئاوازی دەنگی نین، بە مۆرفێمی سفر لەقەڵەم دەدرێن، بەم شێوەیە:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ب** | + | **خۆ** | + | **Ø** |
| **ڕووکار** | | **ڕەگی کار** | | **کلیتیك** |
| **م.داخوازی** | | **م.ڕەگ** | | **م.گراماتیکی** |
| **م.گراماتیکی** | | **م.بەند** | | **م.سفر** |

## ٢/٢-١) سینۆنیم لە مۆرفێمی سەربەخۆ ( ئازاد)دا:

**مۆرفێمی سەربەخۆ یەکێکە لە جۆرە بەربڵاوەکانی مۆرفێم و دەتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بە تەنها دەربکەوێت و واتای تەواو ببەخشێت، ((ئەومۆرفێمانەن کە لە ڕووی فۆرم و واتاوە ئەتوانن سەربەخۆ ڕەفتار بکەن و لە ناوڕستەدا ڕۆڵی خۆیان ببینن))(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول:١٩٩٥:٧٦)، سەرجەم وشە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی دەچنە چوارچێوەی ئەم جۆرە مۆرفێمەوە و دەبنە بنچینە و بنکەی مۆرفێمە بەندەکان لە دەربڕاوە جیاجیاکاندا لە چوارچێوەی فریز و ڕستەدا، چونکە ((هیچ زمانێك ئەو توانایەی نییە تەنیا بە ڕەگ و وشەی سادە مەبەست دەربڕێ))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:٤٦).**

**بەشێوەیەکی گشتیی زمانەوانان مۆرفێمی سەربەخۆ بۆ دوو جۆر دابەشدەکەن:**

### ٢/٢-١-١) سینۆنم لە مۆرفێمی سەربەخۆی ئەرکییدا:

مـۆرفێمی سـەربەخۆی ئـەرکی ئـەوجۆرە مۆرفێمانـەن، کـە هـەڵگری چـەمکێکی ئـەرکی گراماتیکین، واتـە تـەنها ((ئـەرکی گراماتیکی لـە ڕستـەدا دەگێـڕن، یـا پـەیوەنـدی لـۆجیکی نێوان کەرەستـەکانی ڕسـتە دەردەخـەن))(Katamba:1993:41)، واتـە مـۆرفێمی سـەربەخۆی ئـەرکی بەتـەنهایی و لـە دەرەوەی ڕسـتەدا هـیچ ڕۆڵ و بـەها و واتـا و ئـەرکێکیان نییـە، بـەڵکو تـەنها لـە چوارچێوەی ڕسـتەدا بـەهۆی کەرەسـتەکانی تـری نـاو ڕسـتەوە خۆیـان پێناسـە دەکـەن و ڕۆڵ و ئەرکیان ڕادەپەڕێنن.

ئـەم جـۆرە مۆرفێمانـە ((ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدییان بـە دیـاردەی واقعییـەوە نییـە وسـەربەخۆ نـاتوانن وەك ئەنـدامێکی ڕسـتە خۆیـان بنـوێنن، بـەڵکو دەوریـان یاریـدەدانی وشـە تـەواوەکانی بەشەکانی ئاخاوتنە لـە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٥٦:٢٠١٤) هـەر لەبـەر ئەمەشـە لـە زمانەوانیـدا بـە مـۆرفێمی ئـەرکی دەناسـرێن و زیـاتر ئـەرکیان یارمەتیـدان و دەرخستنی پەیوەندییە گراماتیکییەکانە، لە سنوری ڕستەدا و ((ژمارەیان دیاریکراو و سنوردارە لە هـەموو زمانێکـدا))(ادریان اکماجیـان ودیگـران:٢١:١٣٨٢)، واتـە لـە ڕووی ژمـارەوە بـە بـەراورد لەگەڵ مۆرفێمە فەرهەنگی (لێکسیکی)یەکاندا زۆر سنوردار و کـەمترن، کەچی ((لـە بـەکارهێنان و دووبارەبوونـەوەیان، لـە نـاو ڕسـتەدا زۆر چـالاکترن و کاریگـەرییان بەسـەر وشـەکانی تـری نـاو ڕستەشەوە هەیە))(شیروان حسێن حمد:١٣:٢٠١٤)، ئەم گروپە زۆرجار لە لایەن زمانەوانانـەوە بـە پـۆلی داخـراو نـاودەبرێن، چونکە لـە ئێسـتادا داخـراون بـە ڕووی وەرگـرتنی مـۆرفێمی تـری لـەم چەشنە بۆ ناو گروپەکەیان، ئەو مۆرفێمـە سـەربەخۆ ئەرکییانـەی دەچـنە نـاو قاڵبی ئـەم جـۆرەوە، بریتین لە (ئامرازەکان، جێناوەکان، ....هتد).

سـەبارەت بـە بـوونی پەیوەنـدیی واتـایی لـە نێـوان وشـە ئەرکییەکانـدا بەگشـتی و پەیوەنـدی سینۆنیمی بە تایبەتی ((لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا بەشێکی ئـەم وشـانە دەتـوانن شـوێنی یـەکتر بگرنەوە و هەر ئەو واتا و مەبەستە بەدەستەوە بدەن))(شیروان حوسێن خۆشناو:١٢٢:٢٠١١)، کـە ئەمەش چەق و پێوەری چەمکی سینۆنیم بوونـە لـە نێـوان یەکـەکانی هـەموو ئاسـت و بەشـەکانی زماندا، کەواتە ئەو وشە ئەرکییانەی کە لە شێوەی پۆل یان گروپـدان و چـەمکێکی گشـتی کۆیـان دەکاتەوە، زۆرجار دوو وشە یان زیاتر لە ناو ئەو گروپەدا دەتـوانن بـە هـەمان واتـا و مەبەسـت لـە بری یەکتر بەکاربهێنرێن و لە جێگەی یـەکتر دابنـرێن وەك سـینۆنیمی یـەکتر بـەبێ ئـەوەی گـۆڕانی واتـایی ڕووبـدات، بۆنموونـە ئامرازەکـانی بەسـتن وەك یـەکێك لـە مۆرفێمـە سـەربەخۆ ئەرکییـەکان زۆرجار بەپێی ئەو واتا و ڕۆڵ و ئەرکەی کە دەیگێڕن دەتوانن لە نێوان خۆیاندا بن بە سینۆنیمی یەکتر، بەم شێوەیە:

**لەگەڵ ئازاد چووم بۆ بازاڕ.**

**لەتەك ئازاد چووم بۆ بازاڕ.**

**وەتەك ئازاد چووم بۆ بازاڕ.**

**تەك ئازاد چووم بۆ بازاڕ.**

**وەل ئازاد چووم بۆ بازار.**

**لێل ئازاد چووم بۆ بازاڕ.**

**یەل ئازاد چووم بۆ بازاڕ**

**وەگەرد/ گەرد ئازاد چووم بۆ بازاڕ**

**وەك لە ڕستەكانی سەرەوەدا هاتووە هەریەكە لە ئامرازەكانی (لەگەڵ، لەتەك، وەتەك، تەك، وەل، لێل، یەل، وەگەرد / گەرد) لە ڕووی گەیاندنی ئەرك و ڕۆڵەوە یەك واتایان هەیە و دەتوانن لە دەورووبەرە جاجیاكاندا لەبری یەكتر بەكاربهێنرێن ، بەواتایەكی تر دەبن بە سینۆنیمی یەكتر.**

**بەپێی ئەو پۆلێنبەندییەی كە بۆ گروپەكانی ئامرازی لێكدەر كراوە، زۆرجار دیاردەی سینۆنیم لە هەمان گروپی ئامرازەكانی لێكداندا دەبینرێت و دەتوانن لە زۆربەی دەورووبەرەكاندا بەهەمان واتا و مەبەست بەكاربهێنرێن. بەم شێوەیە:**

**ئەوجار / ئەوجا ≈ ئینجار/ ئینجا ≈ ئەوسا ...هتد**

**نەك ≈ نەوەك**

**بەڵام ≈ بەس ≈ كەچی≈ (وەلی)[18]**

**بەڵكو ≈ بەشكو / بەشكەم / بەشكی ≈ شایەت /شایەد**

**هەریەكە لەم ئامرازانەی كە بۆ گرێدان و لێكدانی دوو ڕستە بەكاردەهێنرێن و بەو پێیەی كە دەتوانن هەمان ئەرك و واتا لە زۆربەی دەوروبەرەكاندا ببینن، بۆیە دەكرێت وەك سینۆنیمی یەكتر تەماشا بكرێن، بەم شێوەیە:**

**قسە بیكوڵێنە ئەوجار/ ئەوجا بیكە**

**قسە بیكوڵێنە ئینجار/ ئینجا بیكە**

**قسە بیكوڵێنە ئەوسا بیكە**

**نان بدە وە سەگ نەك وە سفڵە**

**نان بدە وە سەگ نەوەك وە سفڵە**

---

[18] – ئەم ئامرازە، لەلایەن كوردە فەیلییەكانی ناوچەكانی خانەقین ومەندەلی و سەعدییەوە بەكاردەهێنرێت.

نەخۆشەکە دەرمانەکەی خوارد، بەڵام باش نەبوو.
نەخۆشەکە دەرمانەکەی خوارد، بەس باش نەبوو.
نەخۆشەکە دەرمانەکەی خوارد، کەچی باش نەبوو.
نەخۆشەکە دەرمانەکەی خوارد، وەلی باش نەبوو.

هەوڵدەدەم، بەڵکو بگەمە ئامانج.
هەوڵدەدەم، بەشکو بگەمە ئامانج.
هەوڵدەدەم، بەشکەم بگەمە ئامانج.
هەوڵدەدەم، بەشکی بگەمە ئامانج.
هەوڵدەدەم، شایەت/شایەد بگەمە ئامانج.

هاوشێوەی ئامرازەکانی لێکدەر، ئامرازەکانی پرسیش لە زمانی کوردیدا دەچنە خانەی مۆرفیمە سەربەخۆ ئەرکییەکان و دەتوانن لە شوێن و دەورووبەری جیاوازدا لە بری یەکتر بەکاربهێرێن و یەك واتا و مەبەست بگەیەنن و ببن بە سینۆنیمی یەکتر،بەم شێوەیە:

ئەڕا/ ئەرا ≈ ڕا / را ≈ بۆ ≈ وەڕ ≈ لەبەرچی ≈ بۆچی ≈ ئەڕای/ئەرای چە ≈ لەوەرچە

وەك دەردەکەوێت ئەم ئامرازانە لە ڕووی فۆرمەوە جیاوازن، بەڵام لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا لە بارەی هۆی ڕوودانی کارێك یان شتێك پرسیاریان پێدەکرێت، بەشێوەیەك، کە هەموویان لە ئەرك و واتا و مەبەستدا وەك یەکن و دەتوانن لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن و ببن بە سینۆنیمی یەکتر، بەم شێوەیە:

لەبەرچی تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
لەوەرچە تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
بۆچی تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
ئەڕای چە/ ئەرای چە تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
ئەڕاچە/ ئەراچە تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
ئەڕا/ئەرا تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
ڕا/ را تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
وەڕ تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟
بۆ تاکی کورد توشی بێ هیوایی بوییە؟

هەروەها پەیوەندی سینۆنیمی لە نێوان ئامرازەکانی خۆزگە و ئاواتیشدا وەك یەکێك لە مۆرفێمە سەربەخۆ ئەرکییەکاندا دەبینرێت، بەم شێوەیە:

**خۆزگە/خوزیا ≈ بریا ≈ کاشکا / کاشکێ ≈ شەڵڵا ≈ ئەشیا...هتد**

هەریەکە لەم مۆرفێمە ئەرکییانەی سەرەوە لە نێوخۆیاندا بەپێی ئەو واتا و ئەرك و مەبەستەی، کە دەیگەیەنن زۆر لەیەکەوە نزیکن و دەکرێت لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن، وەکو سینۆنیمی یەکدی، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی واتایی دروستبکەن، بەم شێوەیە:

**خۆزگە/خوزیا ئەو کارەت نەکردایە.**
**بریا ئەو کارەت نەکردایە.**
**کاشکا/ کاشکێ ئەو کارەت نەکردایە.**
**شەڵڵا ئەو کارەت نەکردایە.**
**ئەشیا ئەو کارەت نەکردایە.**

پێشناوەکانیش وەك بەشێك لە مۆرفێمە ئەرکییەکان لە هەندێك دەوروبەردا و بەپێی ئەو واتا و مەبەستەی، کە لە ڕستەدا پێیان سپێردراوە دەتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن و وەك سینۆنیمی یەکتری تەماشا بکرێن، بەم شێوەیە:

**بۆ ≈ ئەرا ≈ ئەڕا ≈ را ≈ ڕا ≈ وەڕ**
**بە ≈ وە**
**تا ≈ هەتا ≈ تاکو ≈ هەتاکو ≈ هەتاکۆرە ≈ هەتاوەکو...هتد.**

هەریەکە لەم پێشناوانە، بەهۆی ئەو لێکچوون و نزیکییەی، کە لە گەیاندنی ئەرك و واتا و مەبەستدا هەیانە و سەرەڕای توانای بەکارهێنانیان لەبری یەکتر لە دەوروبەرە جیاجیاکاندا دەکرێت وەکو سینۆنیمی تەواو تەماشابکرێن، بەم شێوەیە:

کارزان بۆ بازاڕ چت.
کارزان ئەرا بازاڕ چت.
کارزان ئەڕا بازاڕ چت.
کارزان را بازاڕ چت.
کارزان ڕا بازاڕ چت.
کارزان وەڕ بازاڕ چت.

شیرین بە پا ئەڕوات بۆ بازار.
شیرین وە پا ئەڕوات بۆ بازار.

من نایەم بۆ ماڵتان تا تو نەیەیت.
من نایەم بۆ ماڵتان هەتا تو نەیەیت.
من نایەم بۆ ماڵتان تاکو تو نەیەیت.
من نایەم بۆ ماڵتان هەتاکو تو نەیەیت.
من نایەم بۆ ماڵتان هەتاکۆرە تو نەیەیت.
من نایەم بۆ ماڵتان هەتاوەکو تو نەیەیت.

بەسەرنجدان لە نموونەکانی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مۆرفێمە ئەرکییەکان، بە تایبەتیش ئامرازەکان زۆر چالاك وکاران لە جێگرتنەوەی یەکدی، هەربۆیە پەیوەندی سینۆنیمی بەشێوەیەکی فراوان و بەربلاّو لە نێو ئەم چەشنە مۆرفێمانەدا دەبینرێت، مۆرفێم و وشە ئەرکیەکانی ناوچەی گەرمیانیش لەم تایبەتمەندییە بەدەر نین و بەشێکی زۆرییان بەپێی پۆلێنبەندی مۆرفێمەکان دەتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن و هەمان واتا و ئەرك و مەبەست بە جێ دەگەیەنن، چونکە بە شێوەیەك لێکنزیکن دەتوانرێت لە زۆربەی دەورووبەرەکاندا شوێنی یەکتر بگرنەوە، بە بێ ئەوەی هیچ جیاوازی واتایی دروستبکەن.

## ٢/٢-١-٢) سینۆنیم لە مۆرفێمی سەربەخۆی لێکسیکیدا:

مەبەست لە مۆرفێمی سەربەخۆی لێکسیکی ئەو جۆرە مۆرفێمانە دەگرێتەوە، کە بە تەنیا خاوەنی فۆرم و پێکهاتە و واتایەکی سەربەخۆی هۆشەکین و بەشێوەیەکی ئازاد لە ڕۆنانی فرێز و ڕستەدا ئەرك و ڕۆڵ دەگێڕن، واتە ئەو مۆرفێمانە دەگرێتەوە، کە خاوەن و هەڵگری چەمك و واتایەکی فەرهەنگین، هەموو وشە فەرهەنگییەکان (لیکسیکییەکان)ی زمان دەگرێتەوە، کە

هەڵگری ناوەڕۆكێكی واتایین ((بچوكترین بنكەی وشە، كە مانای سەرەكی وشە هەڵگرێت لە زانستی زماندا بە مۆرفێمی ڕیشەیی ناسراوە))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:٤٥)، وەك (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، كردار ، ئاوەڵكردار....هتد)، ئەم پۆلانەی وشەش بە((پۆلی كراوە ناودەبرێن))(ویكتۆریا فرامكین:١٣٧٨:٨٣)، چونكە بە بەردەوامی وشەی نوێ دێتە ناو ئەم پۆلەوە و وەكو وشەیەكی فەرهەنگی سەیردەكرێت، واتە (ئەمانە كراوەن بە ڕووی گۆڕان و وەرگرتنی وشەی نوێ بۆ ناو پۆلەكەی خۆیان)(ساجدە عەبدوڵڵا فەرهادی:٢٠١٣:٩) بەمەبەستی ناونان لە هەموو كەرەستە كونكرێت و ئەبستراكتەكان و دیاردەكانی ژیان و دواتر دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان، هەر بۆیە لە لێكۆڵینەوە واتاییەكاندا زۆرجار ئەم جۆرە مۆرفێمانە دەبنە سەرچاوە و چەقی نموونە و بەڵگەی پەیوەندییە واتاییەكان، واتە ((بە زۆری دانەی واتایی وشە دەبێتە یەكەی سەرەكی بۆ ڕوونكردنەوەی هەر دیاردە و پەیوەندییەكی واتایی))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١٢٠)

دیاردەی سینۆنیمیش وەك پەیوەندییەكی واتایی ستونی هەر لە مێژەوە جێگەی سەرنج و بیروڕای جیاواز وهەمەچەشنی زانایان و زمانەوانانە، ئەمەش لە ئەنجامی تێڕوانین و تێگەیشتنی زانایان و زمانەوانە لە چەمك و چوارچێوەی دیاردەی سینۆنیم وپێوەری سینۆنیمبوون، ئەمە لە لایەك، لەلایەكیتریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینیان لەمەڕ چەمكی مۆرفێمەوە.

لەبەر پێگەی گرنگ و بەرفراوانی دیاردەی سینۆنیم لە ئاستی وشەدا، بەباشی دەزانین دەستنیشانكردنی دیاردەی پەیوەندی سینۆنیمی لە سنوری وشەدا لە سۆنگەی پێكهاتە و بەشەكانی ئاخاوتنەوە وەربگرین و باسیان لێوە بكەین و هەڵوەستەی لەسەر بكەین.

## ٢/٢-١-٢-١) سینۆنیم بەپێی پێكهاتەی وشەكان:

سەرەڕای ئەوەی وشە دانەیەكی زمانی خاوەن مێژوویەكی دێرین و ناسراوە و جێگەی سەرنج و بایەخی زانایان و زمانەوانە و كۆمەڵێك زۆر نوسین و لێكۆڵینەوەی زانستی و ئەكادیمی لە بارەیەوە كراوە، كەچی تاوەكو ئێستا زمانەوانان كۆك و هاوڕا نیین و بە تێڕوانین و بیروبۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆرەوە لە دیاریكردنی سنور و نیشانە تایبەتییەكانی چەمكی وشە دەڕوانن و نەتوانراوە وشە بخرێتە ناو چوارچێوەی پێناسەیەكی یەكگرتووەوە ((سەختی و ئالۆزی پێكهاتەی وشە، كارێكی وای كردووە كە كاركردن بۆ دەست نیشاكردن و دەست خستنە لایەنە جیاواز و تایبەتییە هەمەچەشەكانیشی، هەروا ئاسن نەبێت))(فاروق عومەر سدیق:٢٠١١:١٢)، چونكە دەستنیشانكردنی سنور و چەمك و هەموو نیشانە تایبەتییەكانی وشە و ڕەنگدانەوەی لە سنور وچوارچێوەی یەك پێناسەدا كارێكی ئاڵۆز و ئەستەمە، لەبەر ئەوەی نەك تەنها وشە، بەڵكو بە شێوەیەكی گشتی هەر دیاردەیەكی زمانی لە ڕوانگەی

جۆراوجۆرەوە پێناسە دەکرێت وەك (فۆرم، واتا، ئەرك)، بۆیە پێناسەکانیش جیاواز دەبن و گرانە هەرسێ لایەنەکەش لەپێناسەیەکدا کۆبکرێتەوە، بەلاّم سەرەڕای ئەمەش، گرنگترین و بەرچاوترین سیما و تایبەتمەندی وشە، بەلای زمانەوانانەوە بە گشتی ئەوەیە کە خاوەن ڕۆنان و واتایەکی سەربەخۆیە، هەروەها هەمووان کۆکن و یەکدەگرنەوە لەوەی، کە وشە یەکگرتنی دەنگ و واتایە لە بچوکترین فۆرمدا، کەواتە ((وشە بچوکترین ڕۆنانی سەربەخۆیە لە زماندا))(Blomfeld:1933:178) وشەکانی زمان بەشێوەیەکی گشتی، بەپێی ئەو ڕۆنانەی کە هەیانە دابەشدەبن بەسەر سێ جۆردا (سادە و داڕێژراو و لێکدراو)، کە لەهەر جۆرێکیاندا بەپێی پێوەری سینۆنیمبوونی دوو یەکەی زمانیی، کە بریتییە لە لێکچوون و نزیکی واتایی دوو دانەی زمانی یان زیاتر، لەگەڵ توانای بەکارهێنانیان لە بری یەکتر لە دەورووبەری جیاجیادا، لە نێوان هەموو چەشنەکانی وشە بە سادە و داڕێژراو و لێکدراوەوە دیاردەی سینۆنیمبوون دەبینرێت، بەم شێوەیە:

## ٢/٢-١-٢-١-١) سینۆنیم لە وشەی سادەدا:

مەبەست لە وشەی سادە ئەوەیە، کە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە تاکە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکهاتووە، واتە ((ئەو وشانەن بەسەر مۆرفیمدا دابەشنابن))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:٦٥) و بە تەنها و بەبێ هیچ زیادەیەك لە فەرهەنگی زمانەکاندا دەبینرێت و خاوەنی واتای خۆیەتی.

پەیوەست بە پەیوەندییە واتاییەکانەوە، وشەی سادەش وەکو هەموو مۆرفیمە سەربەخۆکان لە بوونی پەیوەندی واتایی بەری نییە، بە تایبەت دیاردەی سینۆنیم، کە مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

دیارە ناوچەی گەرمیانیش بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کەلتوری و ڕۆشنبیری خۆی، خاوەنی چەندین وشەی سادەی فۆرم جیاوازە، کە هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن و دەتوانرێت لە زۆربەی دەورووبەرە جیاوازەکاندا لەبری یەکدی بەکاربهێنرێن بە بەبێ ئەوەی هەست بە گۆڕینی واتایی بکرێت، بەم شێوەیە:

پەراسو ≈ دەنە

شوتی ≈ شامی

تور ≈ ترپ

چرۆ ≈ وەرچ ≈ جوزە

عەلاگە ≈ دەڵق ≈ کیسە

**ئالیك ≈ ئاڵف**

**داو ≈ تەڵە**

**مرۆڤ ≈ مەردوم ≈ مەردم ≈ ئایەم**

**بنێشت ≈ جاجك/ جاچكە ≈ علچ**

**فرمێسك≈ عەسر ≈ ئەشك**

**زراو ≈ زاور ≈ زاڵە ≈ زێڵ**

**پیاو ≈ زەلام**

**ماك ≈ لوز ≈ قاژ**

**دیل ≈ بەند ≈ ئەسیر ≈ یەخسیر**

**بست ≈ بنگست ≈ بموس ≈ وژە**

**مێشك ≈ مەغز ≈ مەژگ**

**نۆرە ≈ سرە**

**لم ≈ قوم**

**مێ ≈ مەها ≈ مێنە (جنس)**

**جرم ≈ چڵك ≈ جەراعەت**

**شەكەت ≈ ماندوو ≈ هیلاك**

## ٢/٢-١-٢-١-٢)سینۆنیم لە وشەی داڕێژراودا:

**وشەی داڕێژراو بەوە دەناسرێت، كە لە ڕووی ڕۆنانەوە لە مۆرفێمێك سەربەخۆ و باوەند مۆرفێمێك پێكدێت، واتە وشەی داڕێژراو یەكێك لە كەرتەكانی وشەی سەربەخۆیە و كەرتەكەی تری یان كەرتەكانی تریان زیادەیەكە كە بە تەنها هیچ واتایەكی نییە، بە شێوەیەكی گشتی ئەو وشەیەیە كە لە وشەیەكی سەربەخۆ،یان لە بناغەیەك و زیادەیەك پێكدێت، كە سەربەخۆ واتا نابەخشن، كەواتە وشەی داڕێژراو لە ئەنجامی یەككگرتن ولكانی ئەومۆرفێمانەی كە لە شێوەی گیرەك (affixes) دا بە فۆرمە فەرهەنگییەكان، یان هەندێك بە بناغە و قەدەكانەوە دەلكێن لە پرۆسەی وشە ڕۆناندا دروست دەبێت، گیرەكەكانیش هەندێكیان وەكو پێشگر (perfix) بە سەرەتایانەوە دەلكێنرێن، هەندێكیشیان وەكو پاشگر (suffix) بە كۆتایی وشە فەرهەنگییەكان یان قەدەكانەوە دەلكێن، سەرەڕای ئەمەش هەندێك جار لە هەردوولاوە مۆرفێمی بەند وەردەگرن، واتە هەم پێشگر وەردەگرن هەم پاشگر.**

**هەرچی پەیوەندی بە مەبەستی تویژینەوەكەوە هەیە، كە خۆی لە بوونی دیاردەی سینۆنیمیدا دەبینێتەوە لە وشە داڕێژراوەكاندا، هاوشێوەی وشە سادەكان.زۆرێك لە وشە**

داڕێـژراوەکان دیـاردە واتاییـەکان بەتایبـەت سـینۆنیم لـە نێوانیانـدا هەیـە، واتـا دوو وشـەی داڕێژراو، یان زیاتر بە زیاد لە یەك فۆرمەوە بەکاردێن، بەڵام بە هـەمان واتـا، کە ئەمـەش بۆخـۆی یەکێکە لە پێوەرەکانی سینۆنیمبوون.

ناوچەی گـەرمیانیش چـەندین وشـەی داڕێـژراوی تێدایـە، کـە بـەهۆکاری جیـاوازەوە لـە چـەند فۆرمێکـدا خۆیـان دەنـوێنن، بـەڵام هـەمان واتـا و ڕۆڵ و ئـەرکیان هەیـە، واتـە دەبـن بـە سـینۆنیمی یەکتر، وەکو:

پێکەنین ≈ خەنینە

نابووت ≈ ناشرین

بێکەس ≈ بێ قەرە

نەدار ≈ نەبوو

نەخۆش ≈ ناساق

بێ بەها ≈ بێ نرخ ≈ بێ قیمەت

دەستە ≈ باقە ≈ دەسك ≈ چەپك

بە زەحمەت ≈ ناڕەحەت

بێعەقڵ ≈ بێمێشك ≈ بێمەغز ≈ بێمەژگ

بێکار ≈ بێئیش

ئاژەڵداری ≈ حەیوانداری

چەپلەر ≈ چەپاڵ

لەپڕ ≈ لەنەکاو

ڕاکشان ≈ هەڵاژیان

### ٢/٢-١-٢-١-٣) سینۆنیم لە وشەی لێکدراودا:

وشـەی لێکـدراو ئـەوجۆرە وشـە ناسـادانەیە کـە بەلایـەنی کەمـەوە دوو مـۆرفێمی سـەربەخۆ بەشـداری لـە ڕۆنانیـدا دەکـەن، واتـە وشـەی لێکـدراو لـە ئـەنجامی یـەکگرتنی دوو مـۆرفێمی سـەربەخۆ، یـان زیـاتر دێتەبەرهـەم، بەواتایـەکی تـر زورجـار وشـەی لێکـدراو ((ئـەو وشـەیەیە کـە بەلایەنی کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدایە))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:١٠٢)، یـان دوو بناغـە، یـان زیـاتر لـە ڕۆنـانی ئـەم جـۆرە وشـیەدا بەشداریدەکات، کـە لـە ئەنجامـدا ((واتـای وشـە نوێیەکـە یـا پەیوەنـدی بـە واتـای وشـە پێکهێنەرەکانیـەوە هەیـە،یاخود نییەتی))(میـدیا مـراد محمدامین:٢٠٠٩:٩٠).

وێـڕای جۆراوجـۆری و جیـاوازی یاسـا و ڕێسـاكانی داڕشـتنی وشـەی لێكـدراو لـە زمـانی كوردیدا بە ناوچەی گەرمیانیشەوە كە مەبەستی توێژینەوەكەی ئێمەیە، هاوشێوەی جۆرەكانی تری وشە لە بوونی پەیوەندییە واتاییەكان بەتایبەت پەیوەندی سینۆنیمی بێبەش نییە، وەكو:

خۆڵەمێش ≈ خۆڵەكەوە

هیلكەوڕۆن ≈ خایەوڕۆن

پاوەپا ≈ تاوەتا / تاكوەتاك

كەسوكار ≈ قەوم وقیلە ≈ خزم و خوێش

سەربان ≈ بان خانی

ئاوەڵكراس ≈ دەرپێ

هەورە گرمە ≈ هەورە تریشقە ≈ هەورە چەماخە / هەورەچەخماخە ≈ هەورە بروسكە

لووز ≈ قاژ ≈ ماك ≈ كووز / لووزلووز ≈ قاژقاژ ≈ ماكماك ≈ كووزكووز

سەڕە ≈ زەڕە / سەڕەسەڕ ≈ زەڕەزەڕ

دەموقەپۆز ≈ دەموفلَق

سەروشكڵ ≈ سەروگوێلاك ≈ سەروپۆتاڵ

سەرومۆقل ≈ سەروفیساڵ

گفتوگۆ ≈ وتووێژ

زووخاو ≈ رینچكاو ≈ زیچكاو ≈ ( چڵك)

تەریق كردنەوە ≈ پەشیمان كردنەوە ≈ وتان كردنەوە

خەجاڵەتكردن ≈ شەرمەزاركردن

زراو چوون ≈ زاڵە تەرەق ≈ زنەق چوون ≈ زەندەق چوون ≈ زڕەكردن ≈ زێڵ تەرەق

گولبوون ≈ گەڕبوون

گاڵتە كردن ≈ سوعبەت كردن

نانخواردن ≈ ئاشخواردن

جنیودان ≈ جماندان ≈ خراودان

نقوم بوون ≈ غەرق بوون

یاریكردن ≈ گەمەكردن ≈ وازی كردن / بازی كردن ≈ كایەكردن

پیاوكوژ ≈ زەلامكوژ ≈ ئایەمكوژ

دەستبڕ ≈ قۆڵبڕ

چڵكاو ≈ سیانكاو

چاوشۆڕ ≈ چاوخوار

کوتومت ≈ یەکشکڵ

سەرسەخت ≈ کەللەڕەق ≈ یەکلا

چل دوور ≈ بەرگدوور

دەستبەسەر ≈ دەستوەسەر

خۆفرۆش ≈ چڵکاوخۆر

ئابروبەر ≈ حەیابەر

پاپەتی ≈ پێخاوس

دەمڕاست ≈ دەم چەرمو/ دەم چەرمی

زۆربڵی ≈ فرەوێژ ≈ چەقەچناوە ≈ چەناکە شکیاو ≈ چەنەباز ≈ کاجیرە شکیاو ≈ ژاکدەر ≈ چەنەوەر ≈ ژاکدەر

دوودڵ ≈ ڕاڕا

دەمپیس ≈ زمان پیس ≈ جمان فرۆش ≈ جنێوفرۆش

کوت کوت ≈ پارچە پارچە ≈ لەت لەت

کڕوکپ ≈ قڕوقپ

بانەڕۆژ ≈ پاشە رۆژ ≈ دواڕۆژ

دەستوبرد ≈ جێوەجێ ≈ جێبەجێ ≈ یەکسەر

هەرگیزاو هەرگیز ≈ بڕای بڕ ≈ قەت قەتین ≈ قەرارقەتحی ≈ قەتاوقەت

جێی ئاماژەیە، زۆرجار وشە و دەربڕاوەکانی ناو فەرهەنگی زمانی کوردی بە گشتی (زمانی ناوچەی گەرمیانی وەك بەشێك لە فەرهەنگی زمانی کوردی) لە ڕووی فۆرم و ڕۆنانەوە جیاواز و جۆراوجۆرن ، واتە سادە یان داڕێژراو یان لێکدراون، کەچی لە ڕووی پەیوەندی واتاییانەوە دەکرێت ببن بە سینۆنیمی یەکتر ، بۆیە فۆرم و پێکهاتەی وشەکان ناکرێت بکرێت بە پێوەری سینۆنیمبوون، بەڵکو لێکچوون و لێکنزیکی واتایی ئەو وشە و دەربڕاوانە لەگەڵ توانای بەکارهێنانیان لە بری یەکتر لەزۆربەی دەوروبەرەکاندا دەکرێت بە پێوەری سەرەکی سینۆنیمبوونیان، واتە مەرج نییە هەموو ئەو وشانەی کە دەبن بە سینۆنیمی یەکتر لە ڕووی فۆرم و ڕۆنانەوە وەکو یەك بن، بۆیە دەکرێت وشەیەکی لێکدراو یان داڕێژراو ببێت بە سینۆنمی وشەیەکی سادە، یاخود بە پێچەوانەوە، بەم شێوەیە:

بۆکس ≈ مشتەکۆڵ

هەژار ≈ فەقیر ≈ نەدار ≈ نەبوو ≈ ڕووتوڕەچاڵ ≈ دەستکورت ≈ کەم دەست ≈ کەم دەرامەت

بێدەنگ ≈ وسکوت

ئاسیاو≈ ئاش

زوڕات ≈ شامداری ≈ گەنمەشامی

گوێدرێژ ≈ کەر ≈ خەر

باپیران ≈ باوباپیران ≈ ئەژداد

دۆشاوی تەماتە ≈ ئاو تەماتە

سەگی ئاوی ≈ سەوەگڵاوی / سەگڵاوی

فرەوێژ/ زۆربڵێ ≈ منجڕ ≈ هەڵەوەڕ ≈ بێژۆك ≈ لەوچە

سەرخۆش ≈ مەست

گاڵتەچی ≈ قسەخۆش ≈ قۆشمە

کورتەباڵ ≈ زەیتەڵ ≈ گول

خۆش باوەڕ ≈ ساویلکە

دز ≈ گیرفانبڕ ≈ جەردە

بێدەسەلأت ≈ دەسەپارچە

هەندێ سینۆنیم لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا لە ناوچەی گەرمیاندا تەنیا بە جێگۆڕکێی کەرتە پێکهێنەرەکانی دروست دەبێت، وەکو:

لەرزوتا ≈ تاولەرز

ئاودەس ≈ دەس ئاو

ماساو ≈ ئاوماس

دەم هەراش ≈ هەراش دەم

## ٢/٢-١-٢-٢ ) سینۆنیم لە هەندێك لە بەشە ئاخاوتنەکاندا:

مێژووی سەرهەڵدان و دەستنیشانکردنی بەشە ئاخاوتنەکان دەگەڕێتەوە بۆ زانای یۆنانی (ئەفلاتۆن)، کە یەکەم کەس بوو بەشەکانی ئاخاوتنی دۆزییەوە، کە لەو سەردەمەدا بریتیی بوو لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی بەشەکانی وشە (نەریمان عەبدوڵاخۆشناو:٢٠٠٩:٩)،واتە (ئەفلاتۆن) یەکەم کەس بووە، کە پەی بۆ بەشەکانی ئاخاوتنی بردبێ، کە لەو سەردەمەدا لە سنور و چوارچێوەی بەشەکانی وشەدا باسیکردوون، یاخود بە بەشەکانی وشە ناوی بردوون.

بەپێی ئەو دۆکۆمێنتانەی کە لەبەردەستان (سەعید صدقی کابان) یەکەم کەس بووە لە ناو زمانەوانای کورددا بەشەکانی ئاخاوتنی دابەشکردووە، کە ئەو کات بە جۆرەکانی وشە ناوی بردوون و پێنج جۆری دیاریکردووە[19] ، دابەشبوون وجیاکردنەوەی وشەکانی زمان بۆ چەند بەشێکی سەرەکی لەسەر بنەما و بنچینەی واتا و ئەرکی ئەو وشانەیە، کە لە چوارچێوەیەکی تایبەتییدا دەیگێڕن،، واتە (کەرەستە زمانییەکان بەپێی تایبەتی واتایی لە وشەسازیدا و بەگوێرەی شوێن و ئەرکیان لەڕستەدا دابەشدەکرێن بەسەر بەشەکانی ئاخاوتندا)(محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١٠:٣٠٥)، ئەم دابەشبوونەش دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەیە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:٨).

بوونی دیاردەی سینۆنیمی لە نێو گشت بەشەکانی ئاخاوتندا، وەك هەموو پەیوەندییە واتاییەکانی تر ڕاستییەکی زمانییە، کە لەسەر بنەما و پێوەری نزیکی و لێکچوونی واتایی و توانای بەکارهێنانیان لەبەری یەکتری بونیات نراوە.

ئێمە لێرەدا چەند بەشێکی ئاخاوتن بەشێوەی سەربەخۆ وەردەگرین و پەیوەندی سینۆنیمی نێوانیان دەخەینەڕوو، بەتایبەت ئەو وشانەی، کە لە شێوە ئاخاوتنی گەرمیاندا بەکاردێن و لە نێوان خۆیاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، مەبەست لە بوونی پەیوەندی سینۆنیمی نێوان بەشەکانی ئاخاوتنیش ئەوەیە، ئەو یەکە زمانیانەی،کە دەبن بە سینۆنیمی یەکتر سەر بە یەك بەشی ئاخاوتنن، جێی ئاماژەیە، دەرکەوتنی دیاردەی سینۆنیم لە نێو بەشە ئاخاوتنەکاندا چوونیەك نییە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا هەڵوەستە لەسەر چەند بەشە ئاخاوتنێکی دیاریکراو دەکەین.

## ٢/٢-١-٢-٢ -١)سینۆنیم لە ناودا:

ناو گرنگترین وسەرەکیترین بەشە ئاخاوتنە، کە لە ڕووی واتاوە مەبەست لێی ((ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێگیانێك یان بیرێك یان کارێك دیاری دەکات))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:١٠٢)، وەك دانەیەکی زمانیی بە سەربەخۆیی هەڵگری چەمکێکی واتادارە و بەهۆی والاکردنی دەرگای ئەم بەشە ئاخاوتنەوە، بە ڕووی وەرگرتنی ئەم چەشنە وشانە بۆ نێو زمان، لە ڕێگای وشەسازی و خواستنەوە، دەکرێت بە چالاکترین وکاراترین بەشە ئاخاوتن ئەژمار بکرێت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا .

لە زانستی زماندا زمانەوانەکان چەند پۆلێنێکیان بۆ ناو کردووە وەك ناوی (گشتی و کونکرێت و ئەبستراکت و سادە و داڕێژراو و لێکدراو، تاك و کۆ و نێر ومێ....هتد) کە هەر

[19] – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سیعد صدقی کابان:١٩٢٨:٦).

پۆلێکیان تایبەتە بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ناو، بۆ نموونە ناو لە ڕووی ژمارەوە کراوە بە ناوی (تاك و کۆ) یان ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە کراوە بە ناوی (نێر ومێ).....هتد.

هەرچی پەیوەندی بە بوونی دیاردەی سینۆنیمەوە هەیە، بەبێ جیاوازی و سەرتاپا هەموو پۆلێنەکانی ناو، لە بوونی دیاردەی سینۆنیم بێبەری نییە، بە واتایەکی تر ناو بە هەموو جۆر و لقێکییەوە بە چەند فۆرمێکەوە دەردەکەوێت و بە هەمان واتا و مەبەستەوە بەکاردێت و دەبن بە سینۆنیمی یەکتری، بەم شێوەیە:

برۆ ≈ قاژ

زنج ≈ چەناکە

سەرین ≈ سەنیا / سەنگیا

پشتی ≈ پاڵشت

گوێز ≈ گردەکان

ئەسکڵ / ئەسکوڵ ≈ زکڵ

تیکە ≈ پارو

قۆپچە ≈ دوگمە

گەروو ≈ قورگ

ئاهوو ≈ ئاسك ≈ مامز

ناخون ≈ نینۆك

سیما ≈ ڕووخسار

خەربز ≈ کاڵەك

نمەك ≈ خوا / خوێ

مێرۆچە / مۆریچە ≈ مێروولە

گڵێم ≈ جاجم

کەوش ≈ پاتە ≈ پێڵاو ≈ قۆندەرە

گەرمەسێر ≈ گەرمیان

کەوچك ≈ چەمچە

قۆڵەخە ≈ ئەسکۆ

لەباو / لباو ≈ نەوو ≈ تەکیموو

شێر ≈ بەلووعە ≈ بۆڕی ≈ حەنەفی ≈ زەمبەلە

گۆچان ≈ گاڵۆك

شەونم ≈ ئاورنگ ≈ ئاوم

**جامانی ≈ جەمەدانی**

**پەموو / پەمی ≈ لۆکە**

**قامیش ≈ نەیجە ≈ تەرکە**

**پێست ≈ پێستە ≈ پۆسە ≈ پووس**

**قەیسی≈ زەردەلوو/ زەردەلوی**

**توێکڵ ≈ تۆك**

**هەلیسە ≈ کەشکەك**

**مەشکەدڕە ≈ کولە**

**جۆلانە ≈ هەڕازانێ ≈ حەولانکێ**

**ئسقان ≈ سوقان**

**زەمبیل ≈ قەوشەر**

**بووك ≈ وەوی**

**دووخێن ≈ بەنەخوێن**

**دەنە ≈ پەراسو**

**گۆل ≈ دێراو ≈ کەردوو/ کەردووی**

**تەویلە ≈ حەیارە ≈ بەهاربەنی ≈ گەوڕ**

**بوخچە ≈ پریاسك ≈ پیارسك**

**تەپاڵە ≈ سەنێر ≈ لاس**

**تیرە ≈ تایەفە ≈ خێڵ ≈ هۆز ≈ عەشرەت ≈ ئێل**

**مامە ≈ ماموو ≈ مەموو**

**پەنجە ≈ کلك**

**زراو ≈ زاور ≈ زاڵە**

**هەوێن ≈ هامیان**

**تۆژگ ≈ توێژ**

**قانچی / قەیچی ≈ مەقەس**

**قۆ ≈ پەرکەم**

**لفانە ≈ دوانە ≈ جمگانە**

**قازمە ≈ قوڵنگە**

**پرسە ≈ تەعزێ**

**چارۆکە ≈ شاڵ ≈ پاشێل ≈ کۆڵوانە**

**ئالوبالو ≈ ئاڵووباڵوو ≈ ئوینجاز/ئینجاز**

**مارمێلك ≈ مارمێلکە ≈  قومقمۆکە ≈ دڵقەور**

**باوەگەورە ≈ بابا ≈ باوەلیٚ ≈ باپیرە**

**داپیرە ≈ دادا ≈ نەنك ≈ دایەلیٚ ≈ دایەگەورە**

## ٢/٢-١-٢-٢ -٢) سینۆنیم لە جێناودا

مەبەست لە جێناو، ئەو بەشە ئاخاوتنەیە، کە دەتوانرێت لە بری ناوێك، یان کەسێك، یان شتێك، یان گیانلەبەرێك بەکاربهێنرێت و لەسنور و چوارچێوەی ڕستەدا هەموو ئەرکەکانی ناو بگێڕێت. واتە ((جێناو وشەیەکە دەتوانێت شوێنی ناوێك یان فریێزێك پڕبکاتەوە)) (Finch,G:2000:114) لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت جێناو، دەبێتە جێگرەوەی ناو، هەرچەندە جێناوەکان لە ڕووی ژمارەوە پۆلێکی بچوك و دیاریکراو وسنوردارن، بەڵام ڕادەی بەکارهێنانیان لە ئاخاوتندا، بە بەراورد لە گەڵ وشەکانی بەشە ئاخاوتنەکانی تر بە پلەی یەکەم دێت، چونکە گەلێك ئەرکی گەورە و گرنگی ڕێزمانی دەگێڕن لەزماندا (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:٨١).پەیوەست بە مەبەستی لێکۆڵینەوەکە، جێناوەکانیش هاوشێوەی بەشە ئاخاوتنەکانی تر دیاردە واتاییەکان بەتایبەت دیاردەی سینۆنیمی تیایاندا دەبینرێت، بەتایبەت لە ناوچە جیاوازەکان و شێوە ئاخاوتنە ناوچەییەکان. ناوچەی گەرمیانیش بەهۆکاری جیاواز،جگە لە فۆرمی جێناوە سەرەکییەکان، خاوەن کۆمەڵێك فۆرمی جێناوی جیاوازە، ، کە بە هەمان واتا و مەبەست بەکاردەهێن، بۆیە دەکرێت وەکو سینۆنیمی یەکتر سەیربکرێن، جێناوەکان لە زمانی کوردی چەند لق و بەشێکیان لێدەبێتەوە و هەریەکەیان مەبەست و واتایەکی هەیە، لەوانە (جێناوی کەسیی، جێناوی هەیی، جێناوی پرس، جێناوی نیشانە، ... هتد)، بەلاٚم ئێمە لێرەدا و لە سنوری لێکۆڵینەوەکەماندا تەنها هەڵوەستە لەسەر بەشێك لەو جێناوانە دەکەین، کە لە ناوچەی گەرمیاندا بە فۆرمی جیاوازەوە خۆیان دەنوێنن و بەکاردەهێنرێن، بە تایبەت جێناوە کەسییەکان و جێناوە نیشانەییەکان، بەم شێوەیە:

### أ-جێناوە کەسییە سەربەخۆکان:

جێناوە کەسییەکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو جۆر دابەشدەبن (سەربەخۆ، لکاو)، هەریەکە لەم جۆرە جیاوازانەش بە تایبەت لە ناوچەکانی گەرمیاندا[٢٠] بە هۆکاری جیاواز بە زیاتر لە

---

[٢٠] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانی هەندێك لە ناوچکانی گەرمیان، بڕوانە: (تارا عەبدوڵلاٚ سەعید:١٩٩٨)، (نیعمەت عەلی سایە:٢٠٠٤:١٩-٢٢)، (عبدالمحسن بنى ويس:١٩٨٥ :ا:١٤٤)، (عبدالمحسن بنى ويس:١٩٨٥:ب:٩١-٩٢)، (ئاسۆ عبدولڕەحمان کەریم:٢٠٠٨:١٤)، (ئومێد بەرزان برزۆ:٢٠٠٩:٩٩)، (ئومێد بەرزان برزۆ:٢٠١٢:١٧٧٦)، (ڕۆکان عەبدوڵلاٚ محەمەد:٢٠١٥:١٦٢).

فۆرمێك دەردەكەون، كە هەر هەموویان هەڵگری یەك چەمكن و بە هەمان واتا و مەبەستەوە بەكاردێن، بۆیە دەكرێت وەك سینۆنیمی یەكتر تەماشا بكرێن، ئەگەر سەرنجی جێناوە كەسییە سەربەخۆكان بدەین لە ناوچەكانی گەرمیاندا هاوشێوەی دیالێكتی كرمانجیی خواروو یەك دەستەیە، بەڵام لە ڕووی فۆرمەوە هەندێك جیاوازە و هەر یەكەیان بە چەند فۆرمێكی جیاوازەوە دەردەكەون، بەم شێوەیە :

| ژمارە | كەس | جێناوەكەسییەكانی كرمانجیی خواروو | جێناوەكەسییەكانی شێوە ئاخاوتنەكانی ناوچەی گەرمیان |
|---|---|---|---|
| تاك | ١ | من | من/ مە / م/ |
| | ٢ | تۆ | تۆ/ تو/ تە/ تن/ ت |
| | ٣ | ئەو | ئەو/ ئەوی |
| كۆ | ١ | ئێمە | ئێمە/ ئیمە/ یەمە |
| | ٢ | ئێوە | ئێوە/ ئیوە/ ئوە/ئویە |
| | ٣ | ئەوان | ئەوان/ ئوان |

من ≈ مە ≈ م

من كورد ≈ مە كورد ≈ م كوردم

تۆ ≈ تو ≈ تە ≈ تن ≈ ت

تۆ هاتی≈ تو هاتی ≈ تە هاتی ≈ تن هاتی ≈ ت هاتی

ئەو ≈ ئەوێ

ئەو كوردە ≈ ئەوێ كوردە

ئێمە ≈ ئیمە ≈ یەمە

ئێمە كوردین ≈ ئیمە كوردین ≈ یەمە كوردین

ئێوە ≈ ئیوە ≈ ئوە ≈ ئۆیە

ئێوە كوردن ≈ ئیوە كوردن ≈ ئوە كوردن ≈ ئۆیە كوردن

ئەوان ≈ ئوان

ئەوان كوردن ≈ ئوان كوردن

**ب–جێناوی نیشانە:**

جێناوی نیشانە وەك یەكێك لە جۆرەكانی جێناو لە سنورێكی تەسكتر بە بەراورد بە جێناوە كەسییەكان بەكاردێن، بەڵام هاوشێوەی جێناوە كەسییەكان لە بری ناو یان شتێك بەكاردێن (جێناوی نیشانە ئەگەر بەتەنها بەكاربێت لە دروستەی قووڵیاندا ناوێك بەدیدەكرێت) (عەبدلجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١٠:٢٠)، گرنگرین فۆرمەكانییشی بریتیە لە:

| | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەمە | ئەمانە |
| دوور | ئەوە | ئەوانە |

هەریەكە لەم جێناوانەش لە ناوچەی گەرمیاندا جگە لەم فۆرمە سەرەكیەیی، بەپێی ناوچە جیاوازەكانی سنوری جوگرافیای گەرمیان چەند فۆرمێكی تریشان بۆ بەكاردێت، بەتایبەت بۆ (تاك و كۆی نزیك) و دەبن بە سینۆنیمی یەكتر، بەم شێوەیە:

**ئەمە ≈ ئەیە**

**ئەمە پیاوەكەی كوشت ≈ ئەیە پیاوەكەی كوشت**

**ئەمانە ≈ ئەیانە**

**ئەمانە وڵاتیان دواخست ≈ ئەیانە وڵاتیان دواخست**

## ٢/٢–١–٢–٢ –٣) سینۆنیم لە ئاوەڵناودا:

ئاوەڵناو یەكێكە لە بەشە گرنگ و دیارەكانی ئاخاوتن لە سنوری فرێز و ڕستەدا، كە وەسفی ناوێك، یان جێناوێك دەكات ، چونكە ئاوەڵناو ((واتای چۆنێتی و خاسیەت و نیشانە ڕادەگەیەنێ))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:١٠٩)، بەشێوەیەكی گشتی ڕۆڵ و ئەركی ئاوەڵناو دیارخەری ناو و جێناوە لە ڕستەدا، هەر بۆیە لە سنور وچوارچێوەی ڕستەدا بەتوندی و بە تەواوەتی بە ناو و جێناوەوە پەیوەست و گرێدراوە.

بوونی پەیوەندی سینۆنیمی لە ناو یەكەكانی ئەم بەشە ئاخاوتنەدا بەشێوەیەكی ئاشكرا وبەربڵاو دەبینرێت، بەم شێوەیە:

**لەڕ ≈ زەعیف ≈ لاواز ≈ ڕەقەڵ ≈ باریكەلە**

**چرچ ≈ سیس**

خوار ≈ لار ≈ گێڕ ≈ چەفت ≈ چەوت

هەراسان ≈ بێزار ≈ جاڕس

پەڵپ ≈ وڕك

بچووك ≈ بیچك/ بویچك

غافڵ/ خافڵ ≈ بێئاگا

خاس ≈ باش ≈ چاك

بۆگەن ≈ گەنیاو

شیٚ ≈ نسرم

وێرانە ≈ کەلاوە

خراپ / خراب / خراو ≈ گەن

سوێر ≈ شۆر

گەنج ≈ جایەڵ / جاحێڵ

دز جەردە ≈ ڕێگر ≈ چەتە ≈ دەخەڵ / دەغەڵ

پاك ≈ بێگەرد ≈ تەمیز ≈ خاوێن

ناسك ≈ تەرچك

شین ≈ کەوە / کەو

مۆر ≈ بەنەوشە پەیوەست و گرێدراوە

سپی ≈ چەرمی / چەرموو / چەرمگ

مۆن ≈ عەبووس ≈ درژ ≈ گرژ

قرمز ≈ سور ≈ سویر

قەشەنگ ≈ جوان

شکستە ≈ شکیاو (شکاو)

خام ≈ کاڵ ≈ خاو

ئاوسان ≈ پەنەمیان

کوت ≈ لەت ≈ نیم ≈ نیو

لفانە ≈ دوانە ≈ جومك

بێشەرم ≈ بێڕوو ≈ ڕوودار / ڕویدار

شکستە / شکست ≈ زەوە

ناکەس / ناکەس بەچە ≈ ناجسن ≈ ناڕەسەن ≈ ناپەسەن ≈ ناپەساڵ

کەمدەست ≈ کەم دەرامەت ≈ فەقیر ≈ هەژار ≈ نەبوو ≈ نەدار ≈ دەستکورت

**ناودار ≈ بەناوبانگ**
**هاولف ≈ هاوتەمەن ≈ هاوعومر**
**کۆسپ کەوتو ≈ کۆس کەفتوو ≈ خەفەتبار**
**ڕەنج بێوەر ≈ ڕەنج وەزاح**
**خوساو ≈ فیساو**
**چوراشانە ≈ کەتە ≈ کەڵەگەت**
**سەرقەوی / کەلەقەوی ≈ سەرزل / کەلەزل**
**شەکەت ≈ ماندوو ≈ هیلاك**
**شۆخ ≈ قەشەنگ / شەنگ**
**بێگوێ ≈ لاسار**
**پەشۆکیاو ≈ شپرز / شەپرزە**

**جگە لەو ئاوەڵناوانەی سەرەوە، جۆرێکی تری ئاوەڵناویش هەیە بە ناوی بە ئاوەڵناوی نیشانەوە، کە مەبەست لێی ئاماژەکردنە بۆ نیشاندانی ناوێك یان جێناوێك و دەبن بە دیارخەری ئەو ناوەی کە دەریدەخەن، بەمشێوەیەی خوارەوە خۆیان دەردەخەن:**

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەم .... ە | ئەم .... انە |
| دوور | ئەو .... ە | ئەو .... انە |

**هاوشێوەی جۆرەکانی تری ئاوەڵناو، ئاوەڵناوی نیشانەش لە شێوە ئاخاوتنی هەندێك لە ناوچەکانی گەرمیاندا بە زیاتر لە فۆرمێك دەردەکەون و لەبەکارهێناندا هەمان ئەرك و واتا و مەبەست دەگەیەنن، بۆیە دەتوانرێت بە سینۆنیمی یەکتر دابنرێن، بەم شێوەیە:**

**ئەم ....ە ≈ ئەی .... ە**
**ئەم سەیارە مەسێنە ≈ ئەی سەیارە مەسێنە .**
**ئەم .... انە ≈ ئەی .... انە**
**ئەم سەیارانە کۆنن ≈ ئەی سەیارانە کۆنن.**

### ٢/٢-١-٢-٢ -٤) سینۆنیم لە ئاوەڵکرداردا:

ئاوەڵکردار وەك بەشە ئاخاوتنێك سادەت+ڕین پێناسەی بریتییە لەو دەربڕاوەی، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کردارەوە هەیە و وەسفی کات و شوێن و چۆنێتی ڕوودان و ڕوونەدان و چەندێتی ....هتد دەکات، کردارەکە لە چوارچێوەی ڕستەدا پیشاندەدات، واتە ئاوەڵکردار تایبەتێتی کردار دەستنیشاندەکات (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١١٩:٢٠١٤)، چونکە ئاوەڵکردار لە بنەڕەتدا بە کردارەوە پەیوەست و گرێدراوە.

پەیوەست بە مەبەستی توێژینەوەکە، هاوشێوەی بەشەکانی تری ئاخاوتن، لە ئاوەڵکرداریشدا بە هەموو جۆر و بەشەکانییەوە دیاردە واتاییەکان بە گشتی و دیاردەی سینۆنمی بەتایبەتی دەبینرێت، ئەمەش بەپێی نزیکی ولێکچوون و توانای بەکارهێنان لە شوێنی یەکتردا لە دەورووبەری جیاوازدا بەدیدەکرێت، بەمشێوەیە:

پاش ≈ دوا

پێش ≈ بەر

دوێنیٚ ≈ دوێکە

ژێر ≈ خوار

دور ≈ دێر ≈ درەنگ

پار ≈ پارەکە ≈ ساڵی ڕابردوو ≈ ساڵێك بەرلە ئیسا ≈ ساڵێك لەمەوبەر

کاتێك ≈ وەختێك ≈ عانێك

هەمیشە ≈ بەردەوام ≈ دایم

جار ≈ گلە/ گلەت ≈ کەڕەت ≈ دەفعە

پێرار ≈ پێرارەکە ≈ دووساڵ لەمەوبەر ≈ دوو ساڵ بەرلەئیسا

تاوسان ≈ هاوین

گوزەشت ≈ ڕابورد ≈ تێپەڕی

نێوەشەو ≈ نیمەشەو

سبەی شەو ≈ سارە شەو ≈ سویٚ شەو

بەیانی زوو ≈ بەیانی شەبەق / بەیانی شەفەق ≈ شەوەکی ≈ بەرەبەیان ≈ دەمەوبەیان

نیوەڕۆ ≈ نیمەڕۆ

هێدی هێدی ≈ هێواش هێواش ≈ سوك سوك ≈ یاپشە یاپشە

هەرگیزاو هەرگیز ≈ بڕای بڕ ≈ بڕای بڕ ≈ قەت قەتین ≈ قەرار قەتحی ≈ بەهیچ جۆرێك ≈ بە هیچ شێوەیەك

فۆرمێکی تری ئاوەڵکردار هەیە کە ئاماژە بۆ شوێنی شتێك یان کەسێك دەکات، لە فرێز و ڕستەدا بەکاردەهێنرێن، وەکو:

**ئەویٚ**

**ئێرە**

بەبەراورد بە جۆرەکانی تری ئاوەڵکردار ئەم جۆرەیان لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچەی گەرمیاندا زۆرترین فۆرمی جیاوازی هەیە و لە زۆر دەورووبەردا بە هەمان واتا و مەبەستەوە بەکاردێت و دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بەم شێوەیە:

**ئێرە ≈ ئەیرە ≈ ئەیراکە ≈ ئەمرە ≈ ئەمراکە ≈ ئەمیٚ ≈ ئەمینە ≈ ئەیرە ≈ ئەیرداکە ≈ ئەمداکە**

ئێرە خۆشە ≈ ئەیرە خۆشە ≈ ئەیراکە خۆشە ≈ ئەمرە خۆشە ≈ ئەمراکە خۆشە ≈ ئەمیٚ خۆشە ≈ ئەمێنە خۆشە ≈ ئەیرە خۆشە ≈ ئەیرداکە خۆشە ≈ ئەمدامە خۆشە.

**ئەویٚ ≈ ئەورە ≈ ئەوراکە ≈ ئەوێنە ≈ ئەورداکە ≈ ئەوداکە**

ئەویٚ ماڵی ئێمەیە ≈ ئەورە ماڵی ئێمەیە ≈ ئەوراکە ماڵی ئێمەیە ≈ ئەوێنە ماڵی ئێمەیە ≈ ئەوردە ماڵی ئێمەیە ≈ ئەوداکە ماڵی ئێمەیە.

### ٢/٢-١-٢-٢ -٥) سینۆنیم لە کرداردا:

کردار هەرە گرنگترین و کاریگەرترین بەشی ئاخاوتنە، کە بە هەوین وکاکڵەی گراماتیك ئەژمار دەکرێت و کۆڵەکە و بەردی بناغەی پێکهاتەی ڕستەسازییە، کە گوزارشت بە ڕوودانی کارێك دەکات لە کاتێکی دیاریکراو ولە شوێنیکی تایبەتدا.

ئەم بەشە ئاخاوتنە لە هەموو بەشە ئاخاوتنە پێکهێنەرەکانی تری ڕستە، پێویستتر و گرنگترە وبوونی لە ڕستەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ناچارییە، واتە بوونی پێویستە، ئەم بەشە ئاخاوتنە زۆرجار لە سادەترین قاڵبیدا، سیٚ مۆرفیمی لەخۆی گرتووە کە ئەوانیش (کەس و کات و ڕەگی کردار)ەکەیە، هەر ئەمەش وایکردووە ((لە زمانی کوردیدا ناو و کردار بە چەندێتی هەروەها لە دەورو چالاکیدا دوو بەشی هەرە گرنگی ئاخاوتنن))(ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٧).

له ڕوانگەی بوونی پەیوەندییە واتاییەکانیشەوە بەتایبەتی سینۆنیم، بەشە ئاخاوتنی کردار پانتاییەکی فراوانی لەخۆی گرتووە و لە دوای ناو بەپلەی دووەم دێت (کلیۆیڤان.ڤ.ن:١٩٦١:٧) هەرچی پەیوەستە بە ناوچەی گەرمیانیشەوە پەیوەندی واتایی بەگشتی و دیاردەی سینۆنیمی بەتایبەتی لە ناو بەشێکی کردارەکاندا لەسەر بنەمای لێکچوون و نزیکی واتایی و توانای بەکارهێنانیان لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا لەبری یەکتر بەهەمان واتا و مەبەست دەبینرێن، وەکو:

ژمارد ≈ حساوکرد

خلیسکا ≈ سوڕیا ≈ گلیا ≈ خزا

بوو ≈ بوی/ بی

نەبوو ≈ نەوی ≈ نەبی

ئەبێ ≈ دەبێ ≈ ئەوێ

نابێ ≈ ناوێ

گەیشت ≈ ڕەسی

پێکەنی ≈ پێخەنی ≈ کەنی

بیست ≈ ژنەفت

گوشی ≈ وشارد ≈ فڵقاند

ئەڵێم ≈ ئێژم

بەست / بەستوو ≈ ماسیا / ماسیاو ≈ ڕچیا / ڕچیاو

ڕاژەنی ≈ شەکاند

دەمەوێت ≈ گەرەکمە ≈ توام ≈ ئەتوام

هێنا ≈ هاورد

کڕی ≈ سەند

نارد ≈ کلکرد

بینی ≈ دوینی / دینی

دێم ≈ تێم

پاڵنا ≈ بۆقنا

ئاوسا ≈ پەنەمیا

خووسا ≈ فیسیا

چڕی ≈ بانگکرد

نارد ≈ کلکرد

ڕووخا ≈ ڕمیا

شێواند ≈ تێکدا

لێدا ≈ کوتا

کرماند ≈ قرماند

هەڵفڕی ≈ باڵیگرتەوە

وەرگەڕا ≈ قڵپۆبوو

چەسپاند ≈ لکاند

ڕاکشا ≈ هەلأژیا

بووریەوە ≈ لەهۆشخۆیچوو ≈ بێوانبوو

دانەوی ≈ داچۆڕیا

داخورما ≈ هەرەسهێنا

چەوساندنەوە ≈ چرۆساندنۆ

داپڵۆساند ≈ داملْکاند

ڕاوەشاند ≈ ڕاتەکاند / داتەکاند

لێخوڕی ≈ ڕانی

داگیرسا ≈ دەمدا

داخست ≈ نووقاند

داخست ≈ ڕاخست

نووشتاند ≈ چەماند

وردکرد ≈ هەنجاند

ڕاچەڵکا ≈ داچەڵەکیا

پیاسەیکرد ≈ گڕیخوارد

تونکرد ≈ قایمکرد

فریودا ≈ خەڵەتاند

توڕدا ≈ فڕەدا

ئاڵوگۆڕمکرد ≈ ئاڵشتمکرد

ونبوو ≈ گمبوو

والأکرد ≈ وازکرد

لافلییێدا ≈ گەزافلییێدا

هەلأوديم ≈ قەڵپەودیم

**ئەڵهایدەکت ≈ بیریدەکاتك ≈ یادیدەکاتك**
**باوێشکیدا ≈ ئاژاژگیەدا**
**شپرزەبوو ≈ شڵژیا**
**هەڵاوگێربوو ≈ هەڵاودیوبوو / هەڵەودیمبوو ≈ قڵپەودیمبوو**
**وازیهێنا ≈ وازیهاورد**

## ٢/٢-٢) سینۆنیم لە چوارچێوەی مۆرفیمی بەندا:

مۆرفیمی بەند، ئەو مۆرفێمانەن کە بە تەنیایی واتایەکی فەرهەنگی نابەخشن و هەرگیز وەك دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەون، هەمیشە گرێدراو و پەیوەستن بە مۆرفێمێکی ترەوە، (بەردەوام لە شێوەی گیرەك دەردەکەون)(علاء الدين طباطبائي:١٣٧٦:١٠)، واتە بۆ گەیاندنی واتا یان ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی گراماتیکی وابەستەی مۆرفێمێکی ترن، هەر ئەمەش وای لێکردووە یەکێك لە سیما سەرەکی وبنەڕەتییەکانی ئەم جۆرە مۆرفێمانە، ئەوەبێت کە هەمیشە لە شێوەی ئەفێکسدا (Affixe) دا دەلکێن بە مۆرفێمی ڕەگ یان مۆرفێمی ئازادەوە و بەسەربەخۆیی و بە دابڕاوی کار ناکەن و بەکارناهێنرێن، ((تەنانەت لە فەرهەنگی وشەنامەدا هەر لەگەڵ بەندکەرەکانیان، هەڵدەگیرێن))(شیروان حسێن حمد:٢٠١٤:١٠)، بۆیە هیچ مۆرفێمێکی بەند لە فەرهەنگدا بە تەنهایی نابینین،خاوەن دەروازەی فەرهەنگی خۆی بێت، هەرچەند هەڵگری چەمك و واتان، چونکە ئەم چەشنە مۆرفێمانە لە ئێستادا بە تەنهایی و دورەپەرێزی خاوەن بوونێکی سەربەخۆنین، کە بەتەواوی واتایان ڕوونبکاتەوە، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێت زۆرێك لە مۆرفێمەبەندەکان کە ئێستا باوەند مۆرفێمن لە بنەڕەتدا و لە پێشوتردا فری مۆرفێم بوونە، بۆ نموونە:

((باوەند مۆرفێمی |-گا| و |-گە| داڕێژەری ناوی هەندێك شوێنن، بە چەن قۆناغێکدا تێپەڕیوون، بەم شێوەیە:

گاثوا > گاث > کاس >گاە>- گا>-گە

(گاثوا) لەبنجا بەشوێن یان جێ وتراوە ،واتە لەبەهلەویدا(ئۆثۆگـاس)کە بە واتای جێی ئێستر یان شوێن ئێستر هاتووە، بەڵام لە لە ئێستادا تەنها (گا) و (گە)ی ماوتەوە و وەکو باوەند مۆرفێم سەیردەکرێت))(فاروق عمر سديق:مۆرفۆلۆژی:٢٠١٣- ٢٠١٤).

مۆرفێمە بەندەکانی زمانی کوردی بەپێی ئەو ئەرکەی کە دەیگێڕن دابەش دەبن بۆ دووجۆر ئەوانیش (مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ) و (مۆرفێمی بەندی گراماتیکی)ن، پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە، پەیوەندییە واتاییەکان لە هەردوو جۆری مۆرفێمی بەندا دەبینرێت، بەڵام دۆزینەوە و خستنەڕووی هەموو پەیوەندییەکان کارێکی دووجار ئاڵۆز و قورسە بەتایبەت

**خستنەڕووی دیاردەی سینۆنیمی نێوان مۆرفێمە بەندەکانی ناوچەی گەرمیان، چونکە پێشتر نە هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مۆرفێمە بەندەکانی ئەم ناوچەیە کراوە، نە لەسەر بوونی پەیوەندیی سینۆنیمی مۆرفێمە بەندەکانی کراوە، هەروەها زۆربەی ئەو مۆرفێمانەی کە لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بەتایبەتی دیالێکتی کرمانجیی خوارودا بەکاردەهێنرێت بە هەمان واتا و مەبەستەوە لە ناوچە جیاوازەکانی گەرمیانیشدا بەکاردەهێنرێت، بۆیە هەڵوەستەش لەسەر ئەو مۆرفێمە بەندانە دەکەین، کە بە هۆکاری جیاواز بە فۆرمی جیاوازەوە لە ناوچە جیاوازەکانی گەرمیاندا دەبینرێت.**

## ٢/٢-٢-١) سینۆنیم لە مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژدا:

**مۆرفێمی وشەداڕێژ، گروپێکن لە مۆرفێمە بەندەکان، کە لە شێوەی ئەفێکسدا دەچنەسەر مۆرفێمێکی تری وەك بناغە، یان وشە، ئەرکیان داڕشتن و دروستکردنی وشەی نوێیە، بە فۆرمێکی نوێ لەبەرامبەر چەمك و دیاردەی نوێ لە زماندا، واتە ئەم جۆرە مۆرفێمانە ((واتای نوێ دەبەخشن بە وشە، کاتێك دەچنەسەری))(بازیان یونس محیٚ دین:٢٠٠٨:١٦)، ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە مۆرفێمانە، لەلایەکەوە پێویستییەکی زمان پڕدەکاتەوە بۆ خۆگونجاندن و گوزارشتکردن لە کەرەستە و شتومەکەکانی دەورووبەر و بیری نوێ لە ڕێگای سازکردن و بەرهەمهێنانی وشەی نوێوە، لەلایەکی تریشەوە فاکتەرێکن بۆ دەوڵەمەندکردن و گەشەسەندنی فەرهەنگی زمان، کەواتە(ئەم جۆرە مۆرفێمانە ئەرکیان تەنها لە ئاستی ومۆرفۆلۆژی و فەرهەنگدایە)(عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ:١٩٩٥:٧٧)، بۆیە وشە نوێیەکە لەلایەکەوە دەچێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە و لەلایەکی تریشەوە هەندێکجار پۆلی سینتاکسی وشەکان دەگۆڕێت، لەم سۆنگەیەوە مۆرفێمە بەندە داڕێژەرەکان، دەبنە کەرەستەی داڕشتن و ڕۆنانی وشەی نوێ، بۆ واتا و مەبەستێکی دی، فاکتەرێکن بۆ گۆڕینی فۆرمی وشە و هەندێکجاریش پۆلەکەشی، هەروەها خاوەنی چەندین تایبەتیترن[٢١]، بەشێوەیەکی گشتی ئەمجۆرە مۆرفێمانە لە زمانی کوردیدا لەسەر بنەما و پێوەری گەیاندنی چەمکی هاوبەش بەسەر چەند گروپێکدا دابەشکراون[٢٢]، لەم ڕوانگەشەوە دەکرێت ئەم مۆرفێمانەی کە لە ژێر چەتر و سێبەری چەمکێکی تایبەتی هاوبەشدا**

---

[٢١] – **بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تایبەتییەکانی مۆرفێمی بەندی وشەداڕێژ بڕوانە: (صباح ڕشید قادر:٢٠٠٠ :٥٥-٦٣)، (شێرکۆ حەمەئەمین قادر:٢٠٠٢:٢٥-٣٢)، (ئەبوبەکر عومر قادر:٢٤،٢٠٠٣:٢١-٢٥)، (ڕۆژان نوری عبدالله:٢٠٠٧:٢٨-٣٣).**

[٢٢] – **بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی دابەشکردنی ئەمجۆرە مۆرفێمانە بەسەر چەندپۆلێکدا بڕوانە:(شێرکۆ حەمەئەمین قادر:٢٠٠٢:٤١-٦٨)، (سازان زاهیر سەعید:٢٠٠٩:١٧-١٨)، (مستەفا ڕەزا مستەفا:٢٠١٣:٤٨-٤٩)، (نەرمین عومەر ئەمین:٢٠١٠:٣٥-٥٨)، (شیروان حسێن حمد:٢٠١٤:٨٠-١٤٨).**

كۆدەبنەوە، دەكرێت وەك سینۆنیمی سیگنی فاكت، تەماشابكرێن، واتە ((دووجۆرە سینۆنیم لە نێو ئەم جۆرە مۆرفێمەدا هەست پێدەكرێت، كە یەكێكیان لەسەر بنەمای چەمكی مۆرفێمەكانە،ئەوی تریان لەسەر بنەمای توانای بەكارهێنانە لە شوێنی تر))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١٤٤)، بۆ نموونە هەموو ئەو مۆرفێمە بەندانەی، كە وەك پێشگر بە بناغەی وشەوە دەلكێن و چەمكی ناوی ڕووداوی داڕێژراو كۆیان دەكاتەوە، دەكرێت وەكو سینۆنیمی سیگنی فاكت سەیربكرێت، بەم شێوەیە:

م.ن.ڕ

|–هەڵ| ← هەڵدان
|– دا| ← داخستن
|– ڕا| ← ڕاكردن
|– پێ| ← پێدان
|– ڕۆ| ← ڕۆچوون
|–تێ| ← تێكردن

هەروەها گروپی ئەومۆرفێمە بەندانەی كە لە ڕۆنانی ناوی پیشەدا بەشداری دەكەن و دەربڕی یەك چەمكن دەبن بە سینۆنیمی سیگنی فاكتی یەكتر، وەكو:

م.ن.پ

|– چی| ← یاریچی
|– كەر| ← نانكەر
|– ەوان| ← باخەوان
|– ساز| ← چەخماخەساز
|– گەر| ← ئاسنگەر
|– مەند| ← بەهرەمەند
|– یار| ← سەنیار

|– وەن| ⟵ گاوەن

|– باز| ⟵ کەمۆترباز

|– ەن| ⟵ درەوەن[٢٣]

|– وان| ⟵ دالێوان

|– ە | ⟵ پێشمەرگە

| ئەف–| ⟵ ئەفسەر

|– ێر| ⟵ وەرزێر

|– ەوا| ⟵ نانەوا

|– لەوان| ⟵ حوشترلەوان/ شترلەوان

|– مەن| ⟵ وایەرمەن

سەرەڕای ئەوەی ئەم مۆرفێمانە دەبن بە سینۆنیمی سیگنی فاکت، لەبەر ئەوەی هەڵگری چەمکێکی هاوبەشن، کەچی هەندێك لەم مۆرفێمە داڕێژەرانەی ناوی پیشە لەنێوان خۆیاندا وەك سینۆنیمی یەکتر بەهەمان واتاوە لە هەندێك وشەدا دەردەکەون ، وەکو:

|– چی | ≈ |– کەر| ⟵ یاریچی ≈ یاریکەر

|– چی| ≈ |–کەر| ≈ |– باز| ⟵ فێلچی ≈ فێلکەر ≈ فێڵباز

|– چی| ≈ |– کار| |–کەر| ⟵ ڕیاچی ≈ ڕیاکار ≈ ڕیایکەر

|– چی| ≈ |– کار| ⟵ خزمەتچی ≈ خزمەتکار

|– چی| ≈ |– گر| ⟵ ئێشکچی ≈ ئێشکگر

|– چی | ≈ |– گێڕ| ⟵ ئاژاوەچی ≈ ئاژاوەگێڕ

|– گەر| ≈ |– وەر| ⟵ دادگەر ≈ دادوەر

هەروەها گروپێکی تری مۆرفێمی وشەداڕێژ هەیە، کە بەشداری لە سازکردنی چەمکی ناسك و نازداری و بچووککردنەوە دەکەن، هەر هەموویان لە گەیاندنی ئەم چەمکەدا هاوبەشن و دەبن بە سینۆنیمی سیگنی فاکتی یەکتر، وەکو:

---

[٢٣] – هەندێك ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی |– ەوان|ی داڕێژەری ناوی پیشە لەناوچەی گەرمیاندا بەرچاو دەکەوێت وەکو: **(گاوەن** |–وەن|، دلێوان |–وان|، حوشترلەوان |–لەوان|، فۆرمەن |–مەن|، درەوەن |–ەن|، دارەوەن |–ەوەن|) ، بەلاّم سنوری بەکارهێنانیان بەرفراوان نیە .

م.ن.ب

| | |
|---|---|
| \|– كە\| | ڕەشكە |
| \|–ۆكە\| | كێلۆكە |
| \|– ە \| | ڕیزە |
| \|– ەكە\| | عەتەكە |
| \|– ۆك\| | بەرۆك |
| \|– ەك\| | مێخەك |
| \|–وو\| | پووشوو |
| \|–ك\| | چەپك |
| \|– ووك\| | دەنووك |
| \|–لە\| | مێروولە |
| \|–ۆڵە\| | كچۆڵە |
| \|–ەڵە\| | ڕەقەڵە |
| \|–یلە\| | وردیلە |
| \|–وولە\| | مێشوولە |
| \|– ۆل\| | بچكۆل |
| \|– ڵە\| | گۆزەڵە |
| \|– ەلە\| | باریكەلە |
| \|–ۆڵ\| | ئاسكۆڵ |
| \|– ۆلە\| | بەرخۆلە |
| \|–ەڵ\| | دوومەڵ |
| \|–یلكە\| | جامیلكە |
| \|– ویلكە\| | داسویلكە |
| \|– یلانە\| | خنجیلانە |
| \|–ۆڵكە\| | تەپۆلكە |
| \|–وولكە\| | تەشوولكە |
| \|–چكە\| | گوێچكە |
| \|–ۆچكە\| | شارۆچكە |

**|–چك| ← قنچك**

**|–ویچك| ← مەلویچك**

**|–چگ| ← بنجگ**

**|– چە| ← خوانچە**

**|–یچە| ← مۆریچە**

**|– کەلە| ← ڕەشکەلە**

**|–کیلە| ← جوانکیلە**

**|–کەڵە| ← باریکەڵە**

**|–ئێنك| ← چاڵێنك**

**|–ێنکە| ← ملێنکە**

**|–مێلکە| ← مارمێلکە**

**|–مێلك| ← مارمێلك**

**|–وێنك| ← ملوێنك**

**|–کەلانە| ← سپی کەلانە**

**|–ەلانە| ← بچکەلانە**

**|–ەڵانە| ← بیچکەڵانە**

**|–کەل| ← بچکەل**

**|–کۆڵ| ← بچکۆڵ**

**|–کۆل| ← بچکۆل**

**|– نگ| ← ئاونگ**

**|–گ| ← جویجگ**

**مۆرفێمە داڕێژەرەکانی ناوی بچوككردنەوە سەرەڕای ئەوەی وەکو گروپ دەچنە ژێر سێبەری سینۆنیمی سگنی فاکتەوە، هەندێکیان لە نێوان خۆیاندا دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە و وەکوسینۆنیمی یەکتر، بە هەمان واتا و ئەرك و مەبەست لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا بەکاربهێنرێن لەبری یەکدی، وەکو:**

**|–کەڵە| ≈ |–کەڵانە| ≈ |–کەلانە| ≈ |–کەلە| ← بچکەڵە≈ بچکەڵانە ≈ بچکەلانە ≈ بچکەلە**

**|–کەل| ≈ |–کۆلە| ≈ |–کۆڵ| ≈ |–کۆل| ← بچکەل≈ بچکۆلە ≈ بچکۆڵ ≈ بچکۆلانە**

**|–ۆڵە| ≈ |–ۆلانە| ≈ |–ۆلە| ≈ |–ە | ← بەرخۆڵە ≈ بەرخۆلانە ≈ بەرخۆلە ≈ بەرخە**

|–چە| ≈ |–لە| ≈ |–یچە| ← **مێرووچە ≈ مێروولە ≈ مۆریچە**
|–ە | ≈ |–ك| ≈ |–ەكە| ≈ |–ۆڵە| ← **نەسە ≈ نەسك ≈ نەسەكە ≈ نەسۆڵە**
|–ە | ≈ |– ك| ≈ |–ۆل| ← **خەجە ≈ خەجك ≈ خەجۆل**
|–یلە| ≈ |– یلانە| ← **خنجیلە ≈ خنجیلانە**
|–چك| ≈ |– چگ| ← **بنچك ≈ بنچگ**
|–ولكە| ≈ |–ویلكە| ≈ |–ویلە| ← **داسولكە ≈ داسویلكە ≈ داسویلە**
|–كەلە| ≈ |–كەڵانە| ← **سپیكەلە ≈ سپیكەلانە**
|–ەلە| ≈ |– ەڵە| ≈ |–بەلە| ← **باریكەلە ≈ باریكەڵە ≈ بەلە باریك**

**جۆرێكی تری مۆرفێم بەندی وشەداڕێژ هەن، كە ڕۆڵی كارایان لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زماندا هەیە، ئەویش مۆرفێمی ناوی شوێنە، ئەم مۆرفێمانە لە شێوەی گروپێكدان و چەمكی ناوی شوێن لە نێوانیاندا هاوبەشە و لە ژێر ئەو چەمكەدا هەموویان كۆدەبنەوە، بۆیە هەموویان سینۆنیمی سگنی فاكت پێكدێنن، بەم شێوەیە:**

**م.ن.ش**

|– گە| ← **لەوەڕگە**
|–ستان| ← **كوردستان**
|–سان| ← **قەورسان**
|– گا| ← **پەیمانگا**
|– دان| ← **ئاوردان**
|– ەڵان| ← **زیخەڵان**
|– ەوار| ← **شوێنەوار**
|– زار| ← **گوڵزار**
|–شەن| ← **گوڵشەن**
|– جاڕ| ← **پیازەجاڕ**

|– کوان|[٢٤] ← زبڵکوان

|– ێنك/ –وێنك| ← چاڵێنك/ چاڵۆینك

|– وەن| ← کاوەن

|–وی| ← کەرتوی

|– ەك| ← پشتەك

|–یەن| ← کایەن

|–ەکات| ← شۆڕەکات

**هەندێك لەم مۆرفێمانەی، کە داڕێژەری ناوی شوێنن، لە ناوچەی گەرمیاندا دەتوانن لە هەندێك دەورووبەردا جێگەی یەکتر بگرنەوە، بەهەمان واتا ومەبەست، بۆیە دەکرێت وەك سینۆنیمی یەکتر تەماشابکرێت، وەکو:**

|– گە| ≈ |– گا| ← جێگە ≈ جێگا

|– دان| ≈ |–کوان| ← زبڵدان ≈ زبڵکوان

|–ستان| ≈ |–سان| ← قەبرستان ≈ قەورسان

|–زار | ≈ |–دان| ≈ |–ستان| ← گوڵزار ≈ کوڵستان ≈ گوڵدان

|–دان| ≈ |–وەن| ≈ |–یەن| ← کادان ≈ کاوەن ≈ کایەن

**گروپێکی تری مۆرفێمە وشەداڕێژەکانی زمانی کوردی، کە هەڵگر و دەربڕی چەمکی ئەبستراکتن،[٢٥] وەك پاشگر لەگەڵ وشەکانی زماندا دەردەکەون کە دواتر تێکڕای وشەکە گوزارشت لە ((بیرێك یاخود مەفهومێك وە دەلالەت لە خاسیەتی یا حاڵەتیٚ یاخود کەسێك یان شتێك یاخود ناوی کارێك دەکات کە نەدەتوانریٚ ببینرێت یاخود دەستی لێبدرێت یا بۆنی بکرێت))(فاروق عومەر سدیق:١٩٧٥:٤٢١)، واتە ئەرکی ئەم جۆرە مۆرفێمانە بریتییە لە وێناکردنی ئەوشتانەی کەلە جیهانی مادیی(ماتریالی)دا بوونیان نییە و لە هزر و مێشکی مرۆڤدان، لە ڕێگەی لکاندنیان بە وشە و دەربڕاوە زمانییەکانەوە، بۆ بەرهەمهێنانی ناوی ئەبستراکت، کەواتە ئەم جۆرە مۆرفێمانە لە ژێر بەیداغی ناوی ئەپستراکتدا کۆدەبنەوە، چونکە لە**

---

[٢٤] - هەندێك مۆرفێمی داڕێژەری ناوی شوێن هەن، کەتایبەتن بەناوچەی گەرمیانەوە هەندێکیان ئەلۆمۆرفیی مۆرفێمەسەرەکییەکانی ناوی شوێنن وەك (|–کەوان|، |–ێنك|، |–وێنك |، |–وەن|، |–وی|، |–ك|، |–مە|، |–ەکات|، |– ە |، |–سان|)، بەلاّم ڕادەی بەکارهێنانی هەندێکیان بەرفراوان نییە .

[٢٥] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چەمکی ئەبستراکت، بڕوانە : (مستەفا ڕەزا مستەفا:٢٠١٣:٤–٣٤).

زمانی کوردیدا هەر هەموویان دەربڕ و داڕێژەری ناوی ئەبستراکتن، لەم سۆنگەیەوە دەکرێت وەك سینۆنیمی سگنی فاکت تەماشابکرێن، وەکو:

م.ن.ئە

|–ی| ⟵ کەمۆتربازی، چەرمەسەری

|–ایی| ⟵ ڕاسایی، تەختایی

|– ێتی| ⟵ هاومالێتی، کەرێتی

|–ایەتی| ⟵ میمکایەتی، دوژمنایەتی

|– ەتی| ⟵ پیاوەتی، برسیەتی

|– ە| ⟵ هەفتە، شەوە

|– ێنی| ⟵ بوکێنی، کچێنی

|– ار| ⟵ گرفتار، کوشتار

|– ست| ⟵ توانست

|–انە| ⟵ کەنیشکانە، لفانە

|– ا| ⟵ سەرما، گەرما

|– ینی| ⟵ ماتەمینی

|–ندە| ⟵ گازندە

|–ەوانە| ⟵ گوێزەوانە

|– یانە| ⟵ برایانە

هەندێك لەمۆرفێمەکانی ئەم گروپە لە زۆربەی دەورووبەرە جیاجیاکاندا لە بری یەکتر بەکاردێن بۆ گەیاندن وگوزارشتکردن لە هەمان واتا ومەبەست، بۆیە دەکرێت وەك سینۆنمی یەکتر تەماشابکرێن، وەکو:

|–ی| ≈ |–ێتی| ⟵ بەدبەختی ≈ بەدبەختێتی، هاومالی ≈ هاومالێتی

|–ێتی| ≈ |–ایەتی| ⟵ هاوسێتی ≈ هاوسایەتی

|–ی| ≈ |–ایەتی| ≈ |–ێتی| ⟵ شەریکی ≈ شەریکایەتی ≈ شەریکێتی

|–ە| ≈ |–انە| ⟵ هەفتە ≈ هەفتانە

|–ەتی| ≈ |–انە| ⟵ پیاوەتی ≈ پیاوانە

### ٢/٢-٢-٢) سینۆنیم لە مۆرفێمی بەندی گراماتیکی (وشەگۆڕ)دا:

مۆرفێمی بەندی گراماتیکی، ئەوجۆرە مۆرفێمانەن، کە لەشێوەی ئەفێکسدان، هەڵگر و دەربڕی چەمکێکی گراماتیکین، لە سنور و قەبارەی فرێز و ڕستەدا دەردەکەون وهەر لەو چوارچێوەیەشدا ڕۆڵ و ئەرك دەگێڕن، چونکە لە دەرەوەی دروستەی ڕستە و فرێزدا هیچ بەها و ئەرکێکیان نییە، واتە ((لە چوارچێوەی دەربڕینی ڕستەدا کاردەکەن))(ئەبوبەکر عومر قادر:٢٠٠٣:٢٢)، بەپێی سیستەمێکی چەسپاو و دەستنیشانکراوی گراماتیکی دیاریکراو بەشێوەیەکی دیار و بەرفراوان بەکاردەهێنرێن، لە بەجێهێنانی ئەرکی گراماتیکیدا، بەشێوەیەك ((هیچ ڕستەیەك نییە مۆرفێمی گراماتیکی تێدا نەبێت، ئەگەر بوونی فیزیاویشی لە ڕستەدا نەبێت، ئەوا بە سفر دادەنرێت))(شێرکۆ حەمەئەمین قادر:٢٠٠٢:٣٤)، چونکە بوونی ئەم جۆرە مۆرفێمانە بە پێویستییەکی گراماتیکی و زمانیی ئەژمار دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی چاڵە گراماتیکییەکانی دروستەی فرێز و ڕستە لە پێناو ڕێکخستن وگونجاندنی ڕۆنانی کەرەستە پێکهێنەرەکانیان، بە مەبەستی دەرخستن و گەیاندن و ئاشکراکردنی واتاکانیان. هەر ئەمەش وای کردووە ئەم جۆرە مۆرفێمانە ((حاڵەتی ڕێزمانی جیاجیا نیشانبدەن))(ئازاد ئەمین فەرج باخەوان:١٩٩٨:٦٠)، وەك پیشاندانی حاڵەتی کۆ و ناسراوی و نەناسراوی وڕابردوو وڕانەبردوو....هتد، بۆیە دەکرێت وەك دانەیەکی پێکهاتەی سینتاکسی تەماشای ئەم مۆرفێمانە بکرێت. ئەم جۆرە مۆرفێمانە بە پێچەوانەی مۆرفێمە وشەداڕێژەکانەوە ((بە هیچ جۆرێك پۆلی وشە ناگۆڕن))(Scalise,S:103:1986)، بەڵکو تەنها حاڵەتی گراماتیکی دەگۆڕێت. لە ڕووی ژمارەشەوە بەبەراورد بە مۆرفێمی وشەداڕێژەکان زۆر کەمترن و دەتوانرێت بەئاسانی بژمێردرێن، چونکە بەئاسانی مۆرفێمی نوێ نایەتە ناو ئەم گروپانەوە، هەر لەبەرئەمەشە بە پۆلی داخراو ناودەبرێن، واتە داخراون بەڕووی وەرگرتنی مۆرفێمی نوێدا، بۆ ناو پۆلەکەیان و هەڵگری چەندین تایبەتی ترن[٢٦].

لە ڕوانگەی مەبەستی لێکۆڵینەوەکەمانەوە، پەیوەندی واتایی بە تایبەتی پەیوەندی سینۆنیمی لە نێو ئەم جۆرە مۆرفێمەدا هاوشێوەی مۆرفێمەکانی تر بە ئاشکرا دەبینرێت، بە واتایەکی تر هەموو ئەم مۆرفێمانە لەبەرئەوەی گەیەنەری چەمکێکی هاوبەشن، بۆیە دەبن بە سینۆنیمی سگنی فاکت، هەروەها هەندێك لە مۆرفێمەکانی ناو ئەم گروپانە دەتوانن لەبری یەکتر لە زۆربەی دەورووبەرەکاندا وەکو سینۆنیمی یەکتر بەهەمان واتا و مەبەست و ئەرکەوە

---

[٢٦] - بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی تایبەتمەندییەکانی مۆرفێمی بەندی گراماتیکی، بڕوانە: (کەوسەر عزیز ئەحمەد:١٩٩٠:٢٩-٣٠)، (صباح ڕەشید قادر:٢٠٠٠:٨٨-٩٦)، (شێرکۆ حەمەئەمین قادر:٢٠٠٢:٣٣-٣٩)، (ئەبوبەکر عمر قادر:٢٠٠٣:٢٣-٢٥)، (بازیان یونس محیٚ الدین:٢٠٠٨:١٨).

بەکاربهێنرێن. لەم ڕوانگەیەوە سەرەتا هەندێك لە مۆرفیمە گراماتیکییەکان دەخەینەڕوو، کە لە شێوەی گروپدان و چەمکێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، لەوانە: (مۆرفیمی کۆ و ئەلۆمۆرفەکانی، مۆرفیمی ناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی، مۆرفیمی ناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی، مۆرفمی بەندی گەردانکردنی کردار....هتد)، دواتر بەپێی بەکارهێنانیان لە ناوچە جیاوازەکانی گەرمیاندا لە ڕوانگەی پەیوەندی هاوبەش و بەکارهێنانی هاوبەشەوە لە دیاردەی سینۆنیمی نێوانیان دەدوێین.

## ٢/٢-٢-٢-١) مۆرفیمی بەندی کۆ:

یەکێك لەو مۆرفیمە چالاکانەی زمانی کوردی، کە لە سنورێکی بەرفراواندا بەکاردێت، مۆرفیمی بەندی کۆیە، ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی کۆمەڵە مۆرفیمێکەوە ئەنجامدەدرێت، لەسەر بنەمای ئەرکی هاوبەش کە کۆکردنەوەی ناوێکە، یان جێناوێکە، وەکو گروپ دەبن بە سینۆنیمی سگنی فاکتی یەکتر، بەم شێوەیە:

م.ب.ك

| | |
|---|---|
| \|-ان\| → | کوڕان |
| \|-یان\| → | مامۆستایان |
| \|-ەها\| → | ساڵەها |
| \|-وات\| → | ئاغاوات |
| \|-گەل\| → | مێگەل، گەلە گورگ |
| \|-ات\| → | مالات |
| \|-هات\| → | دێهات |
| \|-جات\| → | میوەجات |
| \|-ین\| → | چەندین |
| \|-یەها\| → | دەیەها |
| \|-ێل\| → | پیاوێل |
| \|-ەیل\| → | ژنەیل |
| \|-یەیل\| → | مامۆستایەیل |
| \|-وەل\| → | گاوەل |
| \|-ییێل\| → | شاییێل |

وەك دەبینین، چەمكی كۆ لە زمانی كوردیدا بەگشتی لە ڕێگەی كۆمەڵە مۆرفێمێكی هاوبەشەوە بەئەنجام دەگات، بەڵام پەیوەست بە مەبەستی لێكۆڵینەوەكەمانەوە، هەندێك مۆرفێم هەن تەنها تایبەتن بە ئاخێوەرانی گەرمیان و لە شێوەی گروپدا لە هەندێك لە ناوچە جیاوازەكانی گەرمیاندا بەكاردەهێنرێن و شوێنی یەكتر دەگرنەوە لە زۆربەی دەورووبەردا، وەكو:

|–ان| ≈ |–ێل| ≈ |–ەیل|[27] ← كوڕان ≈ كوڕێل ≈ كوڕەیل
|–ان| ≈ |–ەها| ≈ |–ین| ← چەندان ≈ چەندەها ≈ چەندین
|–یان| ≈ |–یەیل| ≈ |–ییێل| ← مامۆستایان ≈ مامۆستایەیل ≈ مامۆستاییێل
|–یان| ≈ |–یەها| ← دەیان ≈ دەیەها
|–وەل| ≈ |–یەل| ← گاوەل ≈ گایەل
|–ان| ≈ |–ەیل| ≈ |–ێل| ← ڕانەمەڕ ≈ مەڕان ≈ مەڕەیل ≈ مەڕێل
|–هات| ≈ |–یەل| ← دێهات ≈ دێیەل
|–جات| ≈ |–یەل| ← میوەجات ≈ میوەیەل
|–ات| ≈ |–ێل| ← چەرەزات ≈ چەرەزێل

## ٢/٢-٢-٢-٢) مۆرفێمی بەندی ناسراویی:

كردەی ناسراویی یەكێكی ترە لە تایبەتمەندیەكانی ناو لە زمانی كوردیدا، كە لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆ و هاوكات لە ڕێگەی مۆرفێمی بەندیشەوە دەتوانرێت بناسرێتەوە. پەیوەست بە مەبەستی لێكۆڵینەوەكەوە، تەنها هەڵوەستە لەسەر مۆرفێمی بەند دەكەین، لە گەیاندنی چەمكی ناساندندا، ناسراوترین مۆرفێمیش كە لەم بوارەدا ڕۆڵ دەگێڕێت، مۆرفێمە بەندەكانی |–ەكە| ، |–ە | یە، هەریەكە لەم دوو مۆرفێمە چەندین فۆرمی جیاوازیان هەیە و بە چەند شێوەیەكی جیاواز خۆیان دەنوێنن، هەموویان پێكەوە گەیەنەری چەمكێكن و دەكرێت وەك سینۆنیمی سیگنی فاكت سەیربكرێت، وەكو:

[27] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەردوو مۆرفێمی كۆی (ەیل، ەل) بڕوانە: (نیعمەت عەلی سایە:٢٠٠٤:١٤)، (ئاسۆ عەبدولڕەحمان كەریم:٢٠٠٨:٣٨-٣٩)، (ڕۆكان عەبدوڵڵا محەمەد:٢٠٠٨:٨٢).

م.ب.ن

| | | |
|---|---|---|
| \|–ەکە\| | ← | کۆڵاژدمەکە |
| \|–کە\| | ← | مامۆستاکە، چەقۆکە |
| \|–ێکە\| | ← | خانێکە |
| \|– ە \| | ← | ژنە |
| \|–ۆکە\| | ← | پەمۆکە |
| \|–ەك\| | ← | کەمۆترەکان |
| \|–ێك\| | ← | ماسێکان |
| \|–ك \| | ← | دوگمەکان |
| \|–ۆك\| | ← | پەمۆکان |
| \|– ەگە\| | ← | دوێتەگە |
| \|– گ \| | ← | مامۆستاگان |
| \|–ێگە\| | ← | خانێگە |
| \|–گە\| | ← | مانگاگە |
| \|–ەگ\| | ← | دارەگان |
| \|–وەکە\| | ← | خانووەکە، دەزووەکە |
| \|–وەك\| | ← | خانووەکان، دەزووەکان |
| \|–وەگە\| | ← | چەقووەگە |
| \|–وەگ\| | ← | چەقووەگان |

وەك دەردەکەوێت چەمکی ناساندن لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی کۆمەڵە مۆرفێمێکی بەندەوە دەگەیەنرێت، بەڵام هەندێك لەم مۆرفێمانە تەنها تایبەتن بە ناوچەکانی گەرمیانەوە و دەبن بە سینۆنیم بۆ مۆرفێمەکانی تر ، لەبەر ئەوەی وەکو گروپ هەڵگری چەمکێکی هاوبەشن دەکرێت وەکو سینۆنیمی سگنی فاکت سەیر بکرێن، ئەمە جگە لەوەی هندیك لەم مۆرفێمانە لە ناو خۆیاندا دەتوانرێت لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن وەك سینۆنیمی یەکدی، وەکو:

| | |
|---|---|
| \|ـەكە\| ≈ \|ـەگە\| ≈ \|ـ ە \| ← | ژنەكە ≈ ژنەگە ≈ ژنە |
| \|ـكە\| ≈ \|ـگە\| ← | مانگاكە ≈ مانگاگە |
| \|ـەك\| ≈ \|ـەگ\| ← | دارەكان ≈ دارەگان |
| \|ـك \| ≈ \|ـگ \| ← | پیاڵەكان ≈ پیاڵەگان |
| \|ـێكە\| ≈ \|ـ ۆكە\| ≈ \|ـێگە\| ← | خانێكە ≈ خانۆكە ≈ خانێگە |
| \|ـۆك\| ≈ \|ـێك\| ← | خانۆكان ≈ خانێكان |
| \|ـوەكە\| ≈ \|ـوەگە\| ← | خانووەكە ≈ چەقووەگە |
| \|ـوەك\| ≈ \|ـوەگ\| ← | خانووەكان ≈ چەقووەگان |

### ٢/٢-٢-٢-٣) مۆرفێمی بەندی نەناسراوی:

یەكێكی تر لە مۆرفێمە گراماتیكییەكان، كە بە زیاد لەیەك فۆرمەوە دەردەكەون و دەبن بە سینۆنیمی یەكتر لە گەیاندنی چەمكێكی هاوبەشدا، مۆرفێمی گراماتیكی (نەناسراوی)یە، نیشانەی سەرەكی نیشانەی نەناسراوی لە زمانی كوردیدا مۆرفێمی |ـێك| ە، بەڵام بەهۆی هەندێك هۆكاری فۆنۆلۆجی و شێوەزارەكانەوە، بە چەند شێوەیەكی تریش خۆی دەنوێنێت، كە هەموویان دەبن بە سینۆنیمی سگنی فاكت ، بەمشێوەیە:

م.ب.نە

| | |
|---|---|
| \|ـێك\| ← | كوڵاژدمێك |
| \|ـیەك\| ← | پیاڵەیەك |
| \|ـێ \| ← | كەمۆترێ |
| \|ـیێ\| ← | شامییێ |
| \|ـییێك\| ← | گاییێك |
| \|ـێگ\| ← | مامرێگ |
| \|ـییێگ\| ← | گاییێگ |

هەموو ئەم مۆرفێمانە گەیەنەری چەمكێكی هاوبەشن، ئەویش چەمكی نەناسراوییە لە زمانی كوردیدا، بۆیە دەبن بە سنۆنیمی سیگنی فاكت، هەروەها هەندێك لەم مۆرفێمانە سنوری بەكارهێنانیان تەنها تایبەتە بە هەندێك ناوچەی گەرمیانەوە و دەتوانرێت لە بەكارهێناندا، وەكو سینۆنیمی یەكتر تەماشابكرێن، بەم شێوەیە:

|–ێك| ≈ |–ێگ| ≈ |–یٚ| ⟵ مامرێك ≈ مامرێگ ≈ مامریٚ

|–یەك| ≈ |–یەگ| ≈ |–ییٚ| ⟵ شامییەك ≈ شامییەگ ≈ شامییٚ

|–ییێك| ≈ |–ییێگ| ≈ |–ییٚ| ⟵ گاییێك ≈ گاییێگ ≈ گاییٚ

وەك دەردەكەوێت چەند مۆرفێمی تایبەتی ئاخێوەرانی گەرمیان هەیە، كە دەتوانن ببن بە سینۆنیمی مۆرفێمی |–ێك|، بەپێی ئەو دەورووبەرەی كە مۆرفێمەكەی تێادەركەوتووە، لە ناو ئەو مۆرفێمانەشدا، مۆرفێمی |–یٚ| لە هەموو مۆرفێمەكانی تر چالاكترە و بەشێوەیەكی ئەكتیڤ دەتوانێت جێگەی مۆرفێمەكانی تر بگرێتەوە و هەمان ئەرك و مەبەست بگەیەنێت، تەنها لە حاڵەتێكدا نەبێت، كاتێك ئەو ناوەی كە مۆرفێمەكە وەردەگرێت بە دەنگێكی نەبزوێن كۆتایی هاتبێت، چونكە لەو كاتەدا مۆرفێمەكە شێوەی |–ییٚ|، وەردەگریٚ، وەكو:

**مۆرفێی |–یٚ| شوێنی مۆرفێمی(|–ێك|، |–ێگ|) دەگرێتەوە، وەكو:**

**مەگەزێك ≈ مەگەزیگ ≈ مەگەزیٚ**

**قازانێك ≈ قازانێگ ≈ قازانیٚ**

**مۆرفێی |–ییٚ| شوێنی مۆرفێمی |–یەك| و |–یەگ| دەگرێتەوە، وەكو:**

**مێرووچەیەك ≈ مێرووچەیەگ ≈ مێروچەییٚ**

**پەخشەیەك≈ پەخشەیەگ ≈ پەخشەییٚ**

**مۆرفێی |–ییٚ| شوێنی مۆرفێمی |–ییێك| و |–ییێگ| دەگرێتەوە، وەكو:**

**كەواییێك ≈ كەواییێگ ≈ كەوایییٚ**

**گاییێك ≈ گاییێگ ≈ گاییٚ**

## ٢/٢–٢–٢–٤) مۆرفێمی بەندی دانەپاڵ:

لە پێكهاتەی فرێزدا دیارخەر و دیارخراو وەك دوو بەشی سەرەكی فرێز بەهۆی جۆرە مۆرفێمێكەوە پێكەوە دەبەسترێنەوە، پێی دەگوترێت مۆرفێمی دانەپاڵ. دیارترین مۆرفێمیش، كە ڕۆڵی ڕێكخستن و یەكخستنی دیارخەر و دیارخراو دەبینێت لە چوارچێوەی فرێزدا لە زمانی كوردیدا بریتییە لە |–ی |، |–ە |، بەم شێوەیە:

م.ب.د

|–ی| ⟵ گولی سور

|– ە| ⟵ کوڕە زیرەکەکە

زۆرجار لە کاتی ئاخاوتندا لە هەندێك ناوچەی گەرمیاندا بەتایبەت ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە دەنگێکی کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبوو، دەکرێت مۆرفیمی دانەپاڵ لە فۆرمی (سفر)دا بێت، واتا دەرنەکەوێت، ئەمەش دەبێتە سینۆنیم بۆ مۆرفیمی |–ی| ی دانەپاڵ، بەم شێوەیە:

|–ی| ≈ | ø |

**ماڵی باوکم ≈ ماڵ باوکم**

**شاری کەلار ≈ شار کەلار**

**بانی خانی ≈ بان خانی**

**سێوەری ماڵتان ≈ سێوەر ماڵتان**

**خەیاری تەرچك ≈ خەیار تەرچك**

**زمانی کوردی ≈ زمان کوردی**

## ٢/٢–٢–٢–٥) سینۆنیم لە ئەسپێکتدا:

بە پرۆسەی دیاریکردنی ماوەی ڕوودانی کردار و بەردەوامییەکەی دەگوترێت ئەسپێکت، بە واتایەکی تر ئەسپێکت ئەو پرۆسەیەیە، کە ((لە وەسفی ڕێزمانی کاردا بەکاردێت))(ئەبوبەکر عومر قادر:٢٠٠٣:٦٣)، بەشێوەیەك، کە ((ماوەی ڕوودانی کردار لە ئێستا و ڕابردوو و ڕانەبردوودا))(ئومێد بەرزان برزۆ:٢٠١٠:١١٨) پیشاندەدات لەم ڕوانگەیەوە لە زمانی کوردیدا ئەسپێکتەکانی کردار لە ڕێی چەند مۆرفیمێکەوە پیشاندەدرێت، لەوانە:

### ١– ئەسپێکتی (دە):

ئەم ئەسپێکتە وەك ئەسپێکتی نیشاندانی کاتی ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو بەکاردێت، وەکو: (دەخوێنم، دەم خوێند، دەڕمێم، دەڕمام...هتد)، وەك ئاشکرایە، ئەم ئەسپێکتە دەچێتەسەر کار و ماوەی ڕوودانی کار دەگەیەنێت، بەڵام ئەم ئەسپێکتە هەمیشە و لە هەموو جێگایەك ئەم فۆرمە جێگیرەی نییە، بەتایبەتی لە کاتی ئاخاوتندا. زۆرێك لە ئاخێوەرانی ناوچەکانی گەرمیان فۆرمی

(ئـە) بـۆ ئـەم ئەسـپێکتە بـەکاردەهێنن، بـەبێ ئـەوەی هـیچ گۆڕانێـك لـە واتـا بێنێتـەئاراوە، بۆیـە دەتوانرێت وەك سینۆنیمی تەواوی یەکتر تەماشابکرێن، وەکو:

دە ≈ ئە

دەیبەم ≈ ئەیوەم

دەخەوم ≈ ئەخەوم

دەبەی ≈ ئەوەی

فێر دەکرد ≈ فێرئەکرد

دەسەنم ≈ ئەسەنم

دەم هاورد ≈ ئەم هاورد

هەڵدەخەم ≈ هەڵئەخەم

ڕادەماڵین ≈ ڕائەماڵین

قوڵپ دەبێتۆ ≈ قوڵپ ئەوێتۆ

وەکـو لـە نموونەکانـدا دەردەکـەوێت هـەردوو فـۆرمی (دە) و (ئـە) دەتـوانن بەهـەمان واتـاو مەبەستەوە لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن و شوێنی یـەکتر بگرنـەوە لـە هـەموو دەورووبەرێکدا، بۆیـە دەتوانن ببن بە سینۆنیمی تەواو بۆ یەکتر.

یەکێکیتر لە فۆرمەکانی ئەسپێکتی (دە) بریتییـە لـە مـۆرفێمی (سـفر) واتـە لـە شـێوەی سـفردا دەردەکەوێت، ئـەم مۆرفێمـەش لەلایـەن هەنـدێك لـە دانیشـتوانی ناوچـەی گەرمیانـەوە، بەتایبـەتی ناوچـەکانی خانــەقین و مەنــەلی و ســەعدییە ودەوروبــەری جــەوەڵ حــەمرین و هەنــدێك لــە دەنیشـتوانی ناوچـەی زەنگابـاد و کـوردە فەیلییـەکانی ئـەو ناوچـانە وناوچـەکانی دەورووبـەری شـاری کەرکووك...هتـد، واتـە ئـەو ناوچـانەی، کـە بـە زۆری شـێوازی ئاخاوتنیـان سـەربە نیمچـە دیالێکتی (کەلهوڕی و فەیلی)یە بەکاری دێنن، ئەمەش وادەکـات کـە مـۆرفێمی (سـفر) و مـۆرفێمی |دە-|، ببن بە سینۆنیمی یەکتر، بەم شێوەیە:

|دە-| ≈ |Ø|

دەخۆم ≈ خوەم

دەبەم ≈ بەم

دەخوێنم ≈ خۆنم

دەسێنم ≈ سەنم

دەڕۆم ≈ ڕۆم

دەچم ≈ چم

ڕادەکەم ≈ ڕاکەم

دادەنشم ≈ دانشم

بەسەرنجدان لە نموونەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەسپێکتی (دە) دوو فۆرمی تری هەیە ئەوانیش (ئە) و (Ø)یە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت هەریەکە لە فۆرمەکانی (دە)، (ئە)، (Ø) دەبن بە سینۆنمی یەکتر لە ناوچەی گەرمیاندا و دەتوانرێت لە زۆربەی دەورووبەرەکاندا لەبری یەکتر بە هەمان ئەرك و واتا و مەبەست وەك سینۆنیمی یەکتر بەکاربهێنرێن، بەم شێوەیە:

|دە–| ≈ |ئە–| ≈ |Ø|

دەخەفم≈ ئەخەفم ≈ خەفم

دەکەنم ≈ ئەکەنم ≈ کەنم

دەڕانم ≈ ئەڕانم ≈ ڕانم

دەخوٚم ≈ ئەخوٚم ≈ خوٚم

دەسێنم ≈ ئەسێنم ≈ سەنم

دەچم ≈ ئەچم ≈ چم

هەڵدەگرم ≈ هەڵئەگرم ≈ هەڵگرم

دادەخەم ≈ دائەخەم ≈ داخەم

٢- ئەسپێکتی( ەوە/ وە):

ئەم ئەسپێکتە وەك مۆرفێمێکی بەندی گراماتیکی دەچێتە کۆتایی کار و بۆ دڵنیابوونەوە بەکاردێت، بە دوو شێوە دەردەکەوێت ئەوانیش (|–وە|، |–ەوە|)[٢٨]یە، بۆ نموونە:

هینایەوە

ڕووخایەوە

نووسیەوە

کردەوە

لە ڕوانگەی مەبەستی لێکۆڵینەوەکەمانەوە، هەندێکجار لە ناوچەکانی گەرمیاندا ئەم فۆرمانە گۆڕانیان بەسەردا دێت و بەچەند شێوەیەکی تریش خۆیان دەردەخەن، بۆیە دەتوانرێت وەك

[٢٨] – بەکارهێنانی ئەم دوو فۆرمە پەیوەستە بە ژینگەی فۆنۆلۆجی ئەو بناغەیەی، کە ئەسپێکتەکە وەردەگرێت، واتە ئەگەر بناغەکە بە کۆنسۆنانت کۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی (|–ەوە|) وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر بناغەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبوو ئەوا مۆرفێمی (|–وە|) وەردەگرێت.

سیۆنیمی یەکتر تەماشابکرێن،چونکە دەتوانن لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن بە هەمان واتا و مەبەستەوە، بەم شێوەیە:

|–ەوە| / |–وە| ≈ |–ۆ| ≈ |–ەو|
خوێندەوە ≈ خوێندۆ ≈ خوەنستەو
هاتەوە ≈ هاتۆ ≈ هاتەو
نووسییەوە ≈ نووسیۆ ≈ نوسانەو
بردەوە ≈ بردۆ ≈ بردەو
شاردەوە ≈ شاردۆ ≈ شاردەو

کەواتە بەسەرنجدان لە نموونەکان دەتوانین بڵێین ئەسپێکتی (ەوە/وە) لە ناوچە جیاوازەکانی گەرمیاندا دوو سینۆنیمی تری هەیە، کە دەتوانن لە زۆربەی دەورووبەرەکاندا لەبر یەکتری بە هەمان واتا و مەبەستەوە بەکاربهێنرێن.

### ٣–ئەسپێکتی( ە/ س):

ئەم ئەسپێکتە بۆ کاتی ئێستایە و لەگەڵ کرداری ناتەواودا دەردەکەوێت بە دیاریکراوی بۆ کەسی سێیەمی تاک، چونکە فۆرمی جێناوە لکاوەکە مۆرفێمی سفرە بۆیە ئەسپێکتەکە دەردەکەوێت، بەڵام بۆ کەسەکانی تر دەرناکەوێت، وەکو:

| | |
|---|---|
| من مامۆستام | ئێمە مامۆستاین |
| تۆ مامۆستایت | ئێوە مامۆستان |
| ئەو مامۆستایە | ئەوان مامۆستان |

وەك دەردەکەوێت تەنها لە کەسی سێیەمی تاکدا ئەسپێکتەکە دەرکەوتووە.

پەیوەست بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ئەم ئەسپێکتە لە ناوچەی خانەقین و دەوروبەری وەك یەکێك لە شێوە ئاخاوتنەکانی سنوری ناوچەی گەرمیان فۆرمێکی تری هەیە ئەویش (س)ە، ئەمەش کاتێك دەردەکەوێت، کە ((تەواوکەرەکە بە دەنگێکی بزوێن کۆتایی هاتبێت))(ئومێد بەرزان برزۆ:٢٠١١:٥٣)، وەکو:

| | |
|---|---|
| من مامۆستام | ئێمە مامۆستاین |
| تۆ مامۆستایت | ئێوە مامۆستان |
| ئەو مامۆستاس | ئەوان مامۆستان |

**لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بووترێت ئەسپێکتی (ە) و (س) دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، چونکە یەك ئەرك و واتا و مەبەست دەگەیەنن .**

## ٢/٢-٢-٢-٦) سینۆنیم لە ڕووکاردا:

**ڕووکار تایبەتمەندییەکی تری کەتیگۆری کردارە و تێیدا ((هەستی قسەکەر بەرانبەر بە ڕاستی ڕوودان یان کار، لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێبوون یان جێبەجێنەبوونی کارەوە پیشانداداتدات))(ئەبوبەکر عمر قادر:٢٠٠٣:٦٧).**

**ڕووکار لە زمانی کوردیدا دابەشی سێ جۆر دەبێت، ئەوانیش: (هەواڵە ڕووکار و دانانییە ڕووکار و فەرمانە ڕووکار)ن، هەریەکە لەو فۆرمانەش بەهۆی چەند کەرەستەیەکەوە دەنوێنرێت.بەم شێوەیە:**

### ١- هەواڵە ڕووکار:

**لە هەواڵە ڕووکاردا ئەم مۆرفێمانە ڕۆڵ دەگێڕن:**

**أ- |دە-|:**

**ئەم مۆرفێمە بۆ پیشاندانی ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو بەکاردێت و دەچێتە پێش بناغەی کارەوە، لە ناوچە جیاوازەکانی گەرمیاندا چەند سینۆنمێکی هەیە، بەم شێوەیە[٢٩] :**

**ڕانەبردوو: دەبەم ≈ ئەبەم ≈ بەم**

**دەخۆم ≈ ئەخۆم ≈ خۆم**

**ڕابردووی بەردەوام: دەمبرد ≈ ئەم برد ≈ بەمەی**

**دادەنیشم ≈ دائەنیشم ≈ دانشم**

**ب- |-ووە|، |-وە|، |-وو|، |-و|:**

**ئەم فۆرمانە وەك مۆرفێمی گەیاندنی چەمکی تەواوەتی و بڕانەوەی کاریگەری کارەکە لە ڕابردوودا بەکاردێن، بەم شێوەیە:**

**هاتووە**

**هێناوە**

**هاتووی**

**سوتاوی**

---

[٢٩] -بڕوانە : ( ٢/٢-٢-٢-٦)

وەك دەردەكـەوێت مـۆرفێمی چـەمكی تـەواوەتی لـە زمـانی كوردیـدا بـە چـەند فـۆرمێكی جیاوازەوە دەردەكەون[٣٠]، بەدەر لەم فۆرمانە لە هەندێك ناوچەی گەرمیاندا چەند فۆرمێكی تـریش هەیـە بـۆ گەیانـدنی ئـەم چـەمكە و دەتـوانن لـە بـری یـەكتری بـەكاربێن و هـەمان چـەمك و واتـا و مەبەست بگەیەنن، بەم شێوەیە:

|–ووە| ≈ |–ە| ≈ |–یە|
هاتووە ≈ هاتە/ هاتییە
هاوردووە ≈ هاوردە/ هاوردیە
كەفتووە ≈ كەفتە/ كەفتیە
ناردووە≈ ناردە/ نادریە

لێرەدا لەبەرئەوەی مۆرفێمی |–ە| دەتوانێت لە هەموو دەورووبەرێكدا لەبری مـۆرفێمی |–ووە| بەكاربێت بۆیە دەكرێت وەك سینۆنیمی یەكتر تەماشابكرێت، هەروەها وەك دەردەكەوێت یەكێكی تر لەو فۆرمانەی كە لە هەندێك ناوچەی گەرمیاندا بەكاردێت و دەتوانرێـت ببێـت بـە سـینۆنیم بـۆ مـۆرفێمی |–ووە| بریتییـە لـە مـۆرفێمی |–یـە| ئەمـەش زۆر جـار كاتێـك بـەكاردێت كـە بناغـەكـە بـە یەكێك لە ڤاوڵەكانی (ا، ی، و) كۆتـایی هاتبێـت، واتـە لێـرەدا نیمچـە كۆنسـۆنانتی (یــ) دەكەوێتـە نێوان بناغەكە و مۆرفێمی (ە) و فۆرمی مۆرفێمەكە دەبێت بە |–یـە| و دەتوانرێـت لـە دەورووبـەری جیاوازدا لەبری مۆرفێمی |–ووە| بەكاربێت و ببێت بە سینۆنیمی، وەكو:

|–وە |≈ |–یە|
نووسیووە ≈ نووسیە
ڕمیاوە≈ ڕمیایە
بووە ≈ بییە

پ– |–بوو| :

ئـەم مۆرفێمـە لـە زمـانی كوردیـدا بـۆ گەیانـدنی چـەمكی ڕابـردووی دوور بـەكاردێت و دەچێتـە سەر بناغەی كار، بەم شێوەیە:

هاتبوو، كردبوو، خوێندبوو

---

[٣٠] – دەركەوتنی ئەم فۆرمە جیاوازانەی ڕابردووی تەواو دەگەڕێتەوە بۆ ژینگـەی فۆنۆلـۆجی ئـەو بناغەیـەی كـە مۆرفێمەكە وەردەگرێت، بەشێوەیەك ئەگەر بناغەكە بە دەنگێكی كۆنسۆنانت كۆتـایی هـاتبوو، ئـەوا مـۆرفێمی |–ووە| وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر بە دەنگێكی ڤاوڵ كۆتایی هاتبوو، ئەوا مۆرفێمی |–وە| وەردەگرێت.

ئەم مۆرفێمە سەرەڕای فۆرمە جێگیرەکەی، لە هەندێك لە ناوچەکانی گەرمیاندا بە چەند فۆرمێکی ترەوە دەردەکەوێت و دەتوانرێت بەهەمان واتا و مەبەست و ئەرکەوە لەم ناوچەیەدا بەکاربێت و ببن بە سینۆنیم بۆ مۆرفێمی |–بوو |، وەکو:

|–بوو| ≈ |–وو| ≈ |–وی| ≈ |–بی| ⟵ کەفتبوو ≈ کەفتوو ≈ کەفتوی ≈ کەفتبی

⟵ سەندبوو ≈ سەندوو≈ سەندوی ≈ سەندبی

⟵ نوسیبوو ≈ نوسیوو ≈ نوسیوی ≈ نوسیبی

**٢- ڕووکاری مەرج و خۆزگە و دانانی:**

لەم ڕووکارەدا چەندین مۆرفێمی بەند هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەوە هەیە تەنها مۆرفێمی کاتی ڕابردووی تەواوی |–بێت | ە بە فۆرمی جیاوازەوە لە ناوچە جیاوازەکانی گەرمیاندا بەکاردەهێنرێت، ئەویش مۆرفێمی |–وێ|/ |–وێت | ە، ئەمەش واتا گۆڕینی دەنگی (ب) بە دەنگی (و) کە دیاردەیەکی بەرفراوانە لە ناوچەکانی گەرمیاندا، بەم شێوەیە:

|–بێت| ≈ |–وێ|/ |–وێت| ⟵ سەندبێت ≈ سەندوێ / سەندوێت

⟵ ڕمیابێت ≈ ڕمیاوێ / ڕمیاوێت

⟵ کەفتبێت ≈ کەفتوێ/ کەفتوێت

## ٢/٢-٢-٢-٧) مۆرفێمی بەندی گەردانکردنی کردار:

تایبەتمەندییەکی تری کردار ((یەك پەیرەوییانە لە ڕێکخستنی فۆرمەکانیان و بەدیهێنانی گۆڕان لە ڕوانگەی کەس و ژمارەوە، دیارە گۆڕینی ڕەگەزەکانی کەس و ژمارە لە ڕێی کەرەستە مۆرفۆسنتاکسییەکانەوە (مۆرفێمە وشەگۆڕەکانەوە) ڕوودەدات))(ئەبوبەکر عومەر قادر:٢٠٠٣:٧٤)ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە و زیاتر لەگەڵ توێژینەوەکەدا دەگونجێت جێناوە کەسییە لکاوەکانە، چونکە کەس و ژمارە لە ڕێگەی جێناوە کەسییە لکاوەکانەوە دەنوێنرێت، کەواتە جێناوە کەسییە لکاوەکان بریتیین لەو مۆرفێمە بەندە گراماتیکییانەی کە لە ڕستەدا لەبری جێناوە کەسییە سەربەخۆکان، یان ناوی کەسی بەکاردەهێنرێن، لە شێوەی ئەفێکسدا بە هەمان واتا و ئەرکەوە، واتە ((جێناوی لکاو بۆ دەربڕینی دەووری کەسی وپەیوەندیی وەسفی لە ڕستەدا بەکاردێت. هەمیشە بە وشەیەکی دییەوە دەلکێنرێت))(کوردستان موکریانی:١٩٨٠:٢٤٠)، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت جێناوەکەسییە لکاوەکان هەڵگر و

دەربڕی چەمکی ناوی کەسین، لە پەیوەندی سینۆنیمیدا ئەو جێناوانەی، کە هەڵگر و دەربڕی هەمان چەمکن ولە ژێر خێوەتی گروپێکدا هەمان ئەرك و واتای هاوبەش کۆیان دەکاتەوە دەبن بە سینۆنیمی سگنی فاکت. لە ناوچەی گەرمیاندا جێناوە کەسییە لکاوەکان دەبن بە دوو دەستەوە، هەر دەستەیەکیان بەپێی کەس و ژمارە لە شەش جێناوی لکاو پێکدێن، زۆرێك لەم جێناوانە بە چەند فۆرمێکی جیاوازەوە دەردەکەون و دەتوانرێت لە دەورووبەری جیاوازدا لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن بۆ هەمان واتا و مەبەست، وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژمارە | کەس | جێناوی سەربەخۆ | جێناوی لکاو | |
|---|---|---|---|---|
| | | | A | B |
| تاك | ١ | من | م | م |
| | ٢ | تۆ | ت / د | یت / ی / ید |
| | ٣ | ئەو | ی | Ø، د / ات / ێت |
| کۆ | ١ | ئێمە | مان | ین / یم / یمن / یمان |
| | ٢ | ئێوە | تان / دان | ن / ین / یتان |
| | ٣ | ئەوان | یان | ن |

وەك لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، زۆربەی جێناوەکان لە شێوەی گروپدان و چەمکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەم گروپە جێناوانەش جگە لەوەی دەبن بە سینۆنیمی سگنی فاکت، لە هەمان کاتدا هەر گروپێك، لە ناو خۆیاندا لە زۆر دەورووبەردا لە شوێنی یەکتر بەکاردێن بە هەمان واتا و ئەرك و مەبەستەوە، کە ئەمەش بنچینە و کاکڵەی پێوەری سینۆنیمبوونی دانە زمانییەکانە، بۆیە دەکرێت وەك سینۆنیم تەماشابکرێن، وەکو:

## کۆمەڵەی یەکەم:

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A) جگە لە جێناوەکانی کەسی دووەمی تاك و کۆ، هەموو جێناوەکانی تر تەنها یەك فۆرمی جێگیریان هەیە، بەڵام جێناوە لکاوەکانی کەسی دووەمی تاك و کۆ خاوەن زیاتر لە فۆرمێکن، لە هەندێك ناوچەی گەرمیاندا بەکاردێن و هەمان واتا و مەبەستی فۆرمە سەرەکییەکە دەگەیەنێت، بۆیە دەکرێت وەك سینۆنیم تەماشا بکرێن، بەم شێوەیە:

|–ت| ≈ |–د| ⟵ خواردت ≈ خواردد، ناشتت ≈ ناشتد، وشاردت ≈ وشاردد

|–تان| ≈ |–دان| ⟵ سەندتان ≈ سەنددان، نوسیتان ≈ نوسیدان، خوێندتان ≈ خوێنددان

## کۆمەڵەی دوەم:

وەك لە خشتەکەدا هاتووە یەکێکی تر لە گروپە جێناوەکانی ناوچەی گەرمیان، گروپی (B)یە، ئەم گروپەش لە شەش کەسی جیاواز پێکهاتووە، هەر گروپێکیان دەتوانن لە ناو خۆیاندا لەبری یەکتر لە دەورووبەرە جیاجیاکاندا بەهەمان ئەرك و واتاوە بەکاربهێنرێن، وەکو سینۆنیمی یەکتر. ئەم گروپەش لە ڕووی فۆرمەوە خاوەن زیاتر لە فۆرمێکن، بەم شیوەیە:

### کەسی یەکەم:

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك تەنها یەك فۆرمی هەیە و بریتییە لە |–م|، بەڵام جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ بە چەند فۆرمێك دەردەکەوێت، کە لە نێوان خۆیاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بەم شێوەیە:

|–ین| ≈ |–یم| ≈ |–یمن| ≈ |–یمان| ⟵ **هاتین≈ هاتیم ≈ هاتیمن ≈ هاتیمان**

⟵ **کەفتین ≈ کەفتیم ≈ کەفتیمن ≈ کەفتیمان**

⟵ **خەفتین≈ خەفتیم ≈ خەفیمن ≈ خەفتیمان**

### کەسی دووەم:

جێناوە لکاوەکانی کەسی دووەم بە کەسی تاك و کۆوە چەند فۆرمێکی جیاوازیان هەیە، کە لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، چونکە هەمان ئەرك و واتا و مەبەست بە جێ دەگەیەنن، بەم شێوەیە:

**کەسی دووەمی تاك:**

**|–یت| ≈ |–ی| ≈ |–ید|** ⟵ **هاتیت ≈ هاتی ≈ هاتید**

⟵ **کەفتیت ≈ کەفتی ≈ کەفتید**

⟵ **خەفتیت ≈ خەفتی ≈ خەفید**

**کەسی دووەمی کۆ:**

|–ن| ≈ **|–یتان|** ⟵ **هاتن ≈ هاتیتان**

⟵ **کەفتن ≈ کەفتیتان**

⟵ **خەفتن≈ خەفتیتان**

**کەسی سێیەم:**

کەسی سێیەمی تاکیش چەند فۆرمێکی جیاوازی هەیە، کە لە نێوان خۆیاندا، لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا، دەتوانرێت لە بری یەکتر وەکو سینۆنیم بەکاربهێنرێن، بەڵام کەسی سێیەمی کۆ، تەنها بە یەك فۆرمەوە دەردەکەوێت بەم شێوەیە:

**کەسی سێیەمی تاك:**

جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك بۆ کاتی ڕابردووی تێنەپەڕ لە شێوەی سفر (|-Ø |)[31] دایە، بەم شێوەیە:

**کەفت، چوو، هات، ڕوشت...هتد.** ⟵ (|-Ø)

بەڵام جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك بۆ کاتی ڕابردووی تێپەڕ چەند شێوە وفۆرمێکی جیاوازی هەیە، کە دەتونرێت لە زۆریك لە دەوروبەرە جیاجیاکاندا لەبری یەکدی وەکو سینۆنیمی یەکتر بەکاربهێنرێن، بەم شێوەیە:

|-د| ≈ |-ات| ≈ |-ێت| ⟵ **دێد ≈ دێت**

⟵ **کەفد ≈ دەکەفێت**

⟵ **خوەد ≈ دەخوات**

**کەسی سێیەمی کۆ:**


جێناوی لکاوی کەسی سێیەمیکۆ تەنها یەك فۆرمی هەیە،بەم شێوەیە:

|-ن| ⟵ **هاتن، چوون، دەبەن، دەچن...هتد.**

[31] – ئەم فۆرمە بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا فۆرمێکی جێگیرە و لە هەموو دەورووبەرێکدا بەکاردێت.

## ١/٣) سینۆنیم لە چوارچێوەی فرێزدا:

یەکەکانی زمان لە بچوکترین یەکەوە بۆ گەورەترینیان لە پەیوەندییەکی بەهێز و پتەودان، پێکەوە تەواوکەری یەکترن، بە یەکگرتن و چوونەپاڵیەکی یەکە زمانییەکان، ڕۆنانێکی لەخۆی گەورەتر دێتە ئاراوە، بۆ نموونە بەیەکگرتنی فۆنێمەکان، مۆرفیم پێکدێت، بە یەکگرتنی مۆرفێمەکان، یەکەیەکی وەك وشە دروستدەکرێت، وشەکانیش بە چوونە پاڵ یەك ڕۆنانێکی گەورەتر پێکدێنن کە فرێزە، فرێزەکانیش پێکەوە ڕستە پێکدەهێنن، کە گەورەترین یەکەی واتاداری زمانە، بەم پێیە فرێز وەك یەکەیەکی زمانیی ((پێکهێنێکی ناوەندییە ودەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە))(حاتەم ولیا محەمەد:٢٠٠٦:١٨)، واتە فرێز لەڕووی ڕۆنان و دروستەوە لە وشە گەورەترە و لە ڕستە بچوکترە، بۆیە لە پێناسەی فرێزدا دەتوانرێت بگوترێت فرێز ((بریتییە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسی گۆکردنێکی سینتاکسی هەبێت و لە جێکەوتەی تری ڕستەدا وەك ئەو یەکەیە بەکاربهێنرێت))(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف:٢٠١٠:١٣)، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ڕستەی (ئازاد نامە ئەنووسێت) بدەین، بەپێی یاسای فرێز پێکهێنان بەمشێوەیە دەخرێتەڕوو:




وەك لە هێڵکارییەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ڕستەکە لە دوو فرێز پێکهاتووە. ئەوانیش فرێزی (ئازاد) کە فرێزێکی ناوییە و لە تەنها وشەیەك پێکهاتووە، و فرێزی (نامە دەنوسێت)، کە فرێزێکی کردارییە و لە دوو یەکە پێکهاتووە، ئەوانیش (نامە) و (دەنوسێت) ، بە شێوەیەك کە (نامە) فرێزێکی ناوییە و ئەرکی بەرکار دەبینێت و (دەنووسێت)، کە فرێزێکی کارییە و لە تەنها کارێك پێکهاتووە، کەواتە فرێز دەشێت لە تەنها وشەیەك پێکهاتبێت و دەشکرێت لە وشەیەك زیاتر پێکهاتبێت، هەموویان پێکەوە ڕستە پێکدێنن، واتە فرێز ((لە وشەیەك یان زیاتر کە بە

یەکەوە یەکەیەکی ڕێزمانیی تاك دروست دەکەن))(کەمال میراودەلی:٢٠٠٧:٨٧)، خودی فرێزیش لە چەند یەکەیەك پێکهاتووە، یەکێك لە یەکەکانی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و یەکەکانی تر دەبن بە دەرخەر، یان تەواوکەری ((فرێز بریتییە لە ژمارەیەك واژە، کە پێکەوە پێکهاتەیەك دروستدەکەن و توخمێکیان ڕۆڵێکی بە ئەستۆیە))(مستەفا قادر حەسەن:٢٠١٠:٢٨)[٣٢]، چونکە خودی فرێزیش دەشێت لە دوو یەکە پێکهاتبێت، بە بەشە سەرەکییەکە دەگوترێت سەرە یان دەرخراو و بە بەشەکەی تریش دەگوترێت دەرخەر، دەرخەر و دەرخراویش بە یارمەتی مۆرفێمی خستنەسەر ڕۆنانێکی سینتاکسی پێکدێنن و پێکەوە گەیەنەری واتایەکی سەربەخۆن. یەکە پێکهێنەرەکانی فرێز ((سەرباری ئەوەی کە پێوەندییەکی ڕێزمانی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، لە ڕووی واتایشەوە، بە دانەیەکی واتایی هەژماردەکرێت و پێوەندی واتاییش ڕۆڵێکی گرنگ، لە دروستکردنی ئەم یەکە زمانییە و دارشتنی لە قالبێکدا دەبینێت))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١٨٧)، سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی واتایی لە نێو یەکەکانی فرێزدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، لە چوارچێوەی فرێزەکانیشدا هەست بە پەیوەندییە واتاییەکان دەکرێت، هەر لە دیاردەی دژ واتاییەوە تاوەکو هایپۆنیم و پۆلسیما وسینۆنیم.....هتد.

پەیوەست بە ناوەڕۆك ومەبەستی توێژینەوەکە، تەنها هەڵوەستە لەسەر بوونی دیاردی سینۆنیم دەکەین لەچوارچێوەی فرێزدا، ((پێوەندییە واتاییەکان لە چوارچێوەی فرێزیشدا دەبینرێن، وەك هەموو دانە واتاییەکانی دیکە لە نێویشیاندا سینۆنیم))(شێرکۆ حمەئەمین قادر:٢٠٠٩:٦٤)، مەبەست لە سینۆنیم بوونی فرێز ئەوەیە، کە دوو فرێزی جیاواز گەیەنەری هەمان واتابن و بتوانن لە زۆرترین دەوروبەردا بە هەمان واتاوە بەکاربهێنرێن، بۆ نموونە:

**کوردستانی ڕۆژئاوا ≈ ڕۆژئاوای کوردستان ≈ کوردستانی سوریا**

**لەسەر خانووەکە ≈ لەبان خانێگە**

**جەنگی جیهانی یەکەم ≈ جەنگی یەکەمی جیهانی**

**لە صمود ≈ لە ناحیەیی ڕزگاری**

**ناحیەیی جەلەولا ≈ ناحیەیی قەرەغان ≈ ناحیەیی گولاڵە**

ئەگەر سەرنجی نموونەکانی سەرەوە بدەین، فرێزەکانی لای ڕاست دەبن بە سینۆنیمی فرێزەکانی لای چەپ، بە واتایەکی تر هەموو ئەو فرێزانە گەیەنەری هەمان واتان، بەڵام بە کەرەستە و شێوازی جیاوازەوە بەکارهاتوون و بوون بە سینۆنیمی یەکتر.

---

[٣٢] – لە ( شهلا حمید محمد:٢٠٠٩:١٤)ەوە وەرگیراوە.

یەکێك لە فۆرمە دیارەکانی فرێز، بریتییە لە فرێزی پێشناوی، کە لە ناوچەی گەرمیاندا خاوەن کۆمەڵێك فۆرمی جیاوازە، بە تایبەت هەردوو پێشناوی(لە، بە) دوای دەرکەوتنیان لەگەڵ جێناوەکانی نیشانەی نزیك(ئێرە)، دوور(ئەوێ)دا و پاش زیادکردنی پاشگری(ەوە، دا) بۆ هەریەکەیان، واتە ئەم فرێزانە بە چەند فۆرمێکی جۆراوجۆرەوە لە هەندێك ناوچەی گەرمیاندا بەکاردێن و لە ڕووی واتا و ئەرکەوە، هەمان واتا و ئەرك و مەبەست لە زۆربەی دەوروبەرە جۆراوجۆرەکاندا دەگەیەنن، بۆیە دەکرێت وەکو سینۆنیمی یەکدی تەماشابکرێن، بەم شێوەیە:

**لێرە≈ لەمرە ≈ لەمرانە ≈ لەمراکە ≈ لەیرانە ≈ لەیرەکە ≈ لەیراکە ≈ لەمیا ≈ لەمیانە ≈ لەیرداکە ≈ لەیلانە ≈ لەمێ ≈ لەمێنە ≈ لەمداکە**

لێرە مەوێسە ≈ لەمرە مەوێسە ≈ لەمرانە مەوێسە ≈ لەمرا مەوێسە ≈ لەمراکە مەوێسە ≈ لەیرانە مەوێسە ≈لەیرە مەوێسە ≈ لەیراکە مەوێسە ≈ لەمیا مەوێسە ≈ لەمیانە مەوێسە ≈ لە یرداکە مەوێسە ≈ لەیلانە مەوێسە ≈ لەمێ مەوێسە ≈ لەمێنە مەوێسە ≈ لەمداکە مەوێسە.

**لەوێ ≈ لەورە ≈ لەوراکە ≈ لەوێنە ≈ لەورداکە ≈ لەوداکە**

لەوێ مەنیشە ≈ لەورە مەنیشە ≈ لەوراکە مەنیشە ≈ لەوێنە مەنیشە ≈ لەورداکە مەنیشە ≈ لەوداکە مەنیشە.

**بە ئێرەدا ≈ وەمرا ≈ وەمراکە ≈ وەیراکە ≈ وەیرا ≈ وەیرانا ≈ وەمیا ≈ وەمیانا ≈ وەمێنە ≈ وەیرداکە ≈ وەیداکە**

بە ئێرەدا مەڕۆ ≈ وەمرا مەڕۆ ≈ وەمراکە مەڕۆ ≈ وەیراکە مەڕۆ ≈ وەیرا مەڕۆ ≈ وەیرانا مەڕۆ ≈ وەمیا مەڕۆ ≈ وەمیانا مەڕۆ ≈ وەمێنە مەڕۆ ≈ وەیرداکە مەڕۆ ≈ وەیداکە مەڕۆ.

**بەئەوێدا ≈ بەوێدا ≈ وەویدا ≈ وەورا ≈ وەویا ≈ وەوراکا ≈ وەورداکە**

بەئەوێدا مەچۆ ≈ بەوێدا مەچۆ ≈ وەویدا مەچۆ ≈ وەورا مەچۆ ≈ وەویا مەچۆ ≈ وەوراکا مەچۆ ≈ وەورداکە مەچۆ .

**لێرەوە ≈ لێرۆ ≈ لەیرەوە ≈ لەیراکەوە ≈ لەیراکەۆ ≈ لەمراکەوە ≈ لەمراکەۆ ≈ لەمێوە ≈ لەمێۆ ≈ لەیراکانەوە ≈ لەمراکانەوە ≈ لەمراکانۆ ≈ لەمێنەوە ≈ لەیرداکەو ≈ لەیداکە**
**لەوێوە ≈ لەورەوە ≈ لەورەۆ ≈ لەوراکەۆ ≈ لەورانەوە ≈ لەورۆ ≈ لەوراکانەوە ≈ لەوێردەوە ≈ لەوداکەو**

ئەگەر بە وردی بڕوانیینە هەریەك لەو فرێزانەی سەرەوە بە هۆكاری جیاواز بوون بە سینۆنیمی یەكتر، كە ئەمەش پەیوەستە بە هۆكارەكانی بە سنۆنیم بوونی فرێزەوە.

## ٣/١-١) هۆكارەكانی بە سینۆنیمبوونی فرێز:

دیاردەی سینۆنیمبوونی فرێزەكان هەمووی بەیەك شێوە نییە و یەك فاكتەری دیاركراو نییە بۆ سینۆنیمبوونی فرێز، واتە زیاد لە هۆكارێك بوونی هەیە، بۆ بە سینۆنیمبوونی دوو فرێز یان زیاتر، بۆیە پێویستە هۆكارەكان بخەینەڕوو بۆ ئەوەی دیاردەی بە سینۆنیمبوونی فرێزەكان باشتر ڕوونبكرێنەوە.

ناوچەی گەرمیانیش كە مەبەستی توێژینەوەكەی ئێمەیە، وەك یەكێك لە ناوچەكانی كوردستان، وەك لە بەشی یەكەمدا ڕوونكراوەتەوە[٣٣] خاوەنی سنورو پانتاییەكی بەرینە و چەند نیمچە دیالێكتێكی زمانی كوردیی لە خۆ گرتووە، لە دیاردەی بە سینۆنیمبوونی فرێزیشدا خاڵی زۆر هاوبەشی هەیە لەگەڵ دیالێكتی كرمانجیی خواروو و هەموو ئەو هۆكارانەی خوارەوەی تێیدا پەیڕەودەكرێت بە شێواز و ڕێگەی جیاوازەوە، بەم شێوەیە:

## ٣/١-١-١) زانیاری تاك لەسەر جیهانی دەرەوە:

زۆرجار هۆكاری سینۆنیمبوونی دوو فرێز دەگەڕێتەوە بۆ زانیاری كەسی قسەكەر لەسەر جیهانی دەرەوە، واتە كەسی قسەكەر بە پێی ئەو زانیارییەی كە هەیەتی دەتوانێت فرێزەكان لە بری یەكتر بەكاربهێنێت، بەبێ ئەوەی جیاوازی واتایی بێتەئاراوە، ئەم جۆرە سینۆنیمە تەنها لەو كاتەدا گونجاوە كە قسەكەر و گوێگر زانیاری پێویستیان هەبێت بۆ گەیاندنی مەبەستەكەیان، وەك لەم نموونەدا خراوەتەوەڕوو:

**هەموو ساڵێك لە یادی كارەساتی ئەنفالدا گەرمیان ڕەش ئەپۆشێت ≈ هەموو ساڵێك لە چواردەی چواردا گەرمیان ڕەش دەپۆشێت.**

**كوردستانی باشور ≈ كوردستانی عێراق**

**دوو مسقاڵ ئاڵتونم سەند ≈ دە گرام ئاڵتونم كڕی**

**موبایلەكەم وە چوار وەرەقە سەند ≈ موبایلەكەم وە چوارسەد دۆلار سەند**

**چوار دۆنم زەوی ≈ دەهەزار مەتر زەوی**

**تەنێك ئارد ≈ هەزار كیلۆ ئارد**

**چارەكە سەدەیەك ≈ بیست و پێنج ساڵ**

---

[٣٣] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(ل١٩).

**یەك گەز قوماش ≈ (١٠٠) سانتیمەتر قوماش**
**وەزنەیەك جۆ ≈ هەشتا كیلۆ جۆ**
**دوو كوت شەوار ≈ دوانزەی شەو**
**ڕێگەی نێوان كەلار كفری سێ چارەكە ≈ ڕێگەی نێوان كفری كەلار چل وپێنج خولەكە**
**شاری بابەگوڕگوڕ هێمای پێكەوە ژیانە ≈ شاری كەركوك هێمای پێكەوە ژیانە.**

لە فرێزی (كارەساتی ئەنفال)دا قسەكەر وگوێگر بەهۆی ئەو زانیارییەی كە لەسەر جیهانی دەرەوە هەیانە و دەزانن كە (كارەساتی ئەنفال) لە گەرمیاندا لە (چواردەی چوار)دا ڕوویداوە، بۆیە هەردوو فرێزەكە دەبن بە سینۆینمی یەكتری، بەهەمان شێوەش شارەزایی لەسەر ئەوەی كە (كوردستانی باشور) بەشێكە لە (وڵاتی عێراق)، هۆكارە بۆ بە سینۆنیمبوونی ئەو دوو فرێزە، سەبارەت بە فرێزەكانی تریش بە هەمان شێوەیە.

## ٣/١-١-٢) پاش و پێشخستنی كەرەستەكان:

هەندێجار هۆكاری سینۆنیمبوونی دوو فرێز دەگەڕێتەوە بۆ پاش وپێشخستنی كەرەستە پێكهێنەرەكانی فرێزەكە، واتە پاش و پێشخستنی دیارخەر و دیارخراو سەرچاوەی درووستبوونی سینۆنیمە لە نێوان دوو فرێزدا، بە مەرجێك ئەو پاش و پێشخستنە نەبێتە هۆی تێكدانی واتای فرێزەكە و بتوانرێت لە دەوورووبەری جۆراوجۆردا بەكاربهێنرێت، بەم شێوەیە:

**خولی یەكەم ≈ یەكەم خول**
**جەنگی جیهانی یەكەم ≈ جەنگی یەكەمی جیهانی**
**ئامادەیی كوڕانی گەرمەسێر ≈ ئامادەیی گەرمەسێری كوڕان**
**جاری یەكەم ≈ یەكەمجار**
**ساڵی پار ≈ پارساڵ**
**خانووی دووەم ≈ دووەم خانوو**
**دەیەمین ژمارە ≈ ژمارەی دەیەم**
**یەكەم ژوور ≈ ژووری یەكەم**
**ژنی یەكەم ≈ یەكەم ژن**
**قاتی حەوتەم ≈ حەوتەم قات**
**پاپاچینەی دووەم ≈ دووەم پاپاچینە**

لە نموونەکانی سەرەوەدا پاش وپێشخستنی دیارخەر و دیارخراو هۆکار و ڕێگایەکە بۆ هاتنەئارایی سینۆنیمبوونی فرێزەکان، چونکە ئەو پاش و پێشخستنانە نە بوونەتە هۆکاری تێکدانی واتای فرێزەکان و دەتوانرێت لە زۆربەی دەوروبەرەکاندا لە بری یەکتر بەکاربهێنرین.

## ٣/١-١-٣) سینۆنیمیبوونی یەکە بەشداربووەکان:

هەندێجار سینۆنیمبوونی دوو فرێز دەگەڕێتەوە بۆ سینۆنیمبوونی یەکەیەکی ناو فرێزەکە، بە واتایەکی تر یەکێك لە یەکە پێکهێنەرەکانی ناو فرێزەکان لە فەرهەنگدا سینۆنیمی یەکترن، کاتێکیش دەخرێنە ناو پێکهاتەی فرێزێکەوە، ئەوا دەرئەنجام کۆی فرێزەکە دەبێت بەسینۆنیمی یەکدی، بۆ نموونە:

لە جیاتی ≈ لە باتی
نەبوو ≈ نەدار
لەبان ≈ لەسەر
بێشك ≈ بێگومان
نانی نیوەڕۆ ≈ چێشتی نیمەڕۆ ≈ خواردنی نیمەڕۆ ≈ ئاش نیمەڕۆ
سپێنەی هێلکە ≈ چەرمێنە هێلکە
یەکەم نهۆم ≈ یەکەم قات
پلەکانەی دووەم ≈ پاچینەی دووەم
دووەم پلەکانە ≈ دووەم پاپاچینە ≈ دووەم نەردەوان ≈ دووەم دەرەج ≈ دووەم پاچینە ≈
دووەم قاڵدرمەی ≈ دووەم پێپلەکانە
ئاوی سوێر ≈ ئاوی شۆر
یەك جار ≈ یەك کەڕەت ≈ یەك گلەت ≈ یەك دەفعە
جلی ئیش ≈ کەلپەلی ئیش
مریشکی برژاو ≈ مامری برژاو
بیبەری تون ≈ بیبەری تفت ≈ بیبەری تیژ ≈ بیبەری گەرم ≈ دەلوبیبەر
ڕەگی دار ≈ ڕیشەی دار
برۆ هەڵتەکاندن ≈ قاژ هەڵتەکاندن ≈ چاو هەڵتەکاندن
گۆرانی بێژ ≈ گۆرانی چڕ

**له نموونەکانی سەرەوەدا، لەبەر ئەوەی هەریەکە لە وشە ومۆرفێمە بەشداربووەکانی، وەکو (بە، وە) و(جیاتی، باتی)، (مریشك، مامر)، (تون، تفت، تیژ)، (ڕەگ، ڕیشە)، (سپێنە، چەرمێنە)،(پلەکانە، پاپاچینە، نەردەوان، دەرەج، پاچینە، قاڵدرمە، پێپلەکانە)....هتد، سینۆنیمی یەکترن، بۆیە فرێزەکانیش لە زۆربەی دەورووبەرەکاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، بەبێ ئەوەی گۆڕانی واتایی ڕووبدات، دەتوانرێت لە زۆربەی دەوروبەرە جیاجیاکاندا بە هەمان واتا لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن.**

**وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دیارە، ژمارەی کەرەستە بەشداربووەکانی ناوفرێزەکان وەکو یەکە و بە چەند هۆکارێکی جیاواز وەك لەسەرەوە ڕوونکرایەوە بوون بە سینۆنیمی یەکتری، بەڵام ڕووشدەدات کە فرێزێك سینۆنیمی تاکە وشەیەك بێت، یان بە پێچەوانەوە، وشەیەك ببێتە سینۆنیمی فرێزێك ((هەموو کاتێك دوو ڕۆنانی چوونیەك، مەبەستمان درێژی و کورتی پێکهاتەکانە نابن بە سینۆنیم لە دەقدا، زۆرجار فرێز سینۆنیمی وشە دەبێت))(شێرکۆ حەمەئەمین:٢٠٠٩:٦٥)، لەم سۆنگەوە پەیوەندییەکی واتایی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکس ئاشکرا و دیار دەبێت، بەم شێوەیە:**

**ژووری میوان ≈ دیوەخان**

**نانی بەیانی ≈ قاوەڵتی**

**نانی ئێوارە ≈ شام**

**ورچی نێرە ≈ خرس**

**بای باران ≈ وەشت**

**بەرازی نێر ≈ تاك/ یەکانە**

**مەنجەڵی نان / تەشتی نان ≈ خوانچە**

**دوو بووکی یەك ماڵ ≈ هامۆی ≈ هێوەر ≈ هاوبووك**

**بەیانی زوو ≈ شەوەکی**

**ژنی مامە ≈ مامۆژن**

**کوڕ/کچی میمك ≈ میمزا**

**سەگی ئاوی ≈ سەوەگڵاوی**

**دۆشاوی تەماتە ≈ ئاوتەماتە**

**دووساڵ لەمەوبەر ≈ پێرارەکە**

**ساڵێك لەمەوبەر ≈ پارەکە**

**سبەی شەو ≈ سارەشەو ≈ سویّ شەو**

**گیای سەوز ≈ سەوزە گیا**
**خەیاری چەمەرە ≈ چەمەرە خەیار**
**پیاوی گێل ≈ گێلە پیاو**
**هاوڕێی کۆن ≈ کۆنە هاوڕێ**

هەندێجار پەیوەندی سینۆنیمی لە نێوان کورتکراوەیەك کە بە (ئەکرۆنیم) ناودەبرێت و ((لەم سەردەمەدا بە تایبتمەندییەکی زۆر پێشکەوتووی زمان دەژمێردرێت)) (ماسلۆڤ.یو.س:١٩٧٥:١٩٨)، لەگەڵ فریزێکدا دەبینرێت، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە ئەکرۆنیمەکە وەکو وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کرا، چونکە ناوە ئەکرۆنیم کراوەکە وەکو فریزێك خۆی دەنوێنێت، بۆ نموونە:

**داعش ≈ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام**

لێرەدا وشەی (داعش) بووە بە ناوێك بۆ ناولێنراوێك، کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە، بەڵام لە بنەڕەتدا کورتکراوەی فرێزی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)ە، هەروەها لەم نموونانەی خوارەوەدا لەبەر ئەوەی ئەکرۆنیمەکە، هەمان واتا و مەبەستی فرێزەکە دەگەیەنێت و لە زۆر شوێندا دەتونرێت لە بری یەکدی بەکاربهێنرێن، بۆیە دەبن بە سینۆنیم، وەکو:

**فاتیلە ≈ فاتمە و ئاتیلا**
**حسك ≈ حزبی سۆشیالستی کوردستان**
**پەکەکە ≈ پارتی کرێکارانی کوردستان**
**پژاك ≈ پارتی ژیانەوەی کوردستان**

## ٢/٣) پەیوەندییە واتاییەکان لە ئاستی ڕستەدا:

ڕستە وەك گەورەترین یەکەی سینتاکسی، هاوشێوەی یەکەکانی تری زمانیی لەوانە (فرێز، وشە، مۆرفێم، فۆنێم) لە بوونی پەیوەندییە واتاییەکان بە دوور نییە، بەو واتایەیی هەموو ئەو پەوەندییە واتاییانەی، کە لە نێو یەکەکانی تری زماندا هەیە، لە ڕستەشدا بەرچاودەکەوێت، لەوانە (هایپۆنیم ودژیەك وسینۆنیم وپۆلۆسیما....هتد)، واتە ((ئەو تیۆرییانەی کە وشە لێکدەدەنەوە، واتای ڕستەش لێکدەدەنەوە و پەیوەندییە واتاییەکانیشی لەم چوارچێوەیەدا دیاریدەکرێن))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١٨٠)، بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی و بەرفراوان

هەموو پەیوەندییە واتاییەکان لە ڕستەدا بەرچاوبکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی هەریەکە لەم ڕستانەی خوارەوە بدەین:

**ئازاد گەمە ئەکات × ئازاد گەمە ناکات**
**نەوزاد کوڕێکی باشە × نەوزاد کوڕێکی خراپە**

لە نمونەکانی سەرەوەدا دەبینین ڕستە بەرامبەرەکان، دژبەیەکن و دوو هەواڵی جیاواز دەگەینن، ئەویش (کردن، نەکردن) و (باش، خراپ) ین، کە دوو چەمکی پێچەوانەن، بۆیە پەیوەندی واتایی دژبەیەکی لەم ڕستانەدا بەدیدەکرێت، یان ئەگەر سەنجی ئەم ڕستانەی خوارەوە بدەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە نێوان ئەم ڕستانەدا پەیوەندییەکی هایپۆنیمی هەیە، چونکە وشەی (سەوزە)، کە لە ڕستەی یەکەمدا دەبێت بە هایپۆنیم بۆ وشە کۆهایپۆنیمەکانی (کەرەوز و کەوەر و ڕشاد)، بەم شێوەیە:

**دەسکێك سەوزەم سەند.**
**دەسکێك کەرەوزم سەند.**
**دەسکێك کەوەرم سەند.**
**دەسکێك ڕەشادم سەند.**

هەروەها لە نێویان ئەم ڕستانەی خوارەوەشدا، بوونی پەیوەندی سینۆنیمی دەبینرێت، چونکە هەموو ڕستەکان یەك واتایان هەیە و دەگونجێت لە زۆر شوێندا لە بری یەکتر وەکو سینۆنیمی یەکدی بەکاربهێنرێن، بەم شێوەیە:

**من و تو شەو لەبان خانی ئەخەفین ≈ شەو من و تو لەبان خانی ئەخەفین ≈ لەبان خانی من وتو شەو ئەخەفین ≈ لەبان خانی شەو من وتو ئەخەفین ≈ تو و من شەو لەبان خانی ئەخەفین ≈ شەو تو و من لەبان خانی ئەخەفین ≈ لەبان خانی تو و من شەو ئەخەفین ≈ لەبان خانی شەو تو و من ئەخەفین.**

هەروەها لە ناو ڕستەکاندا پەیوەندی هاوبێژی بەرچاودەکەوێت، دیارە مەبەست لە پەیوەندی هاوبێژی لە ئاستی ڕستەدا، بریتییە لەوەی کە ((دوو ڕستە یان زیاتر لە سیمادا جووت بن، کەچی لە ڕۆنانی ژێرەوەدا زیاتر لە لێکدانەوەیەکی هەبیت))(صباح رشید

قادر:٢٠٠٠:١٨)، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستەیە بدەین، دەبینین چەند واتایەکی جیاواز لە خۆدەگرێت، بەم شێوەیە:

پێمگرت ← ئەو شتەم بە ئەو گرت
← من قاچی ئەوم گرت
← کەوتمە سەرپی

ئەگەر سەرنجی نموونەکان بدەین، دەبینین پەیوەندییە واتاییەکان جگە لەوەی لە یەکەکانی وشە و مۆرفیمدا دەبینرێن، لە ئاستی ڕستەشدا بە تەواوی و بە شێوەیەکی بەربلاو بەرچاو دەکەوێت، بەلاّم ئەوەی مەبەستی توێژینەوەی ئێمەیە، هەڵوەستە کردنە لەسەر بوونی پەیوەندیی سینۆنیمی لە نێوان ڕستەکاندا.

## ٣/٢-١) سینۆنیم لە چوارچێوەی ڕستەدا:

مەبەست لە پەیوەندی سینۆنیمی لە ئاستی ڕستەدا ئەوەیە ((کە بتوانین لە زنجیرە ئاخاوتنێکدا، ڕستەیەك لە بری ڕستەیەکی تر، بەبێ ئەوەی واتای زنجیرە ئاخاوتنەکە بگۆڕێت، بەکاربهێنین))(کورش صفوی:١٣٩٢:١٣٢)، یان بە واتایەکی تر ((بە دوو ڕستەی خاوەن یەك واتا دەگوترێت سینۆنیمی ڕستەیی))(ویلیام اگردی و دیگران:١٣٩١:٢٨٨)، واتە ئەو ڕستانەی کە هەڵگری هەمان چەمك و واتا و مەبەستن ودەتوانرێت لە زۆربەی بە کارهێنانەکاندا شوێنی یەکتر بگرنەوە، ئەوا دەبن بە سینۆنیمی یکدی، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی هەریەکە لەم ڕستانەی خوارەوە بدەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموو ڕستەکان سینۆنیمی یەکترن، چونکە بە ئاسانی دەکرێت لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن بەبێ ئەوەی گۆڕان وجیاوازی واتایی دروست ببێت، بەم شێوەیە:

**هاوسێکەمان پیاوێکی زۆر باشە ≈ هاومالّەکەمان زەلامێکی فرە چاکە ≈ هاوساکەمان ئایەمێکی زور خاسە.**

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، بۆ دیاریکردن و دەرخستنی دیاردەی پەیوەندیی سینۆنیمی لە ئاستی ڕستەدا، پێویستە لە پێشدا بۆ شیکردنەوەی ڕستە، ئەو ڕێباز و قوتابخانەیە دیاریبکەین، کە کارەکەی لەسەر بونیاددەنرێت، چونکە بۆ نموونە (جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕێبازی گواستنەوە و ڕێبازی ئەرکییدا هەیە، لە بارەی دیاریکردنی ڕستە

سـینۆنیمیەکانەوە و پێوەرەکانیـان بـۆ دەستنیشـانکردنی ئـەم جـۆرە ڕسـتانە بـە شـێوەیەکی جیاوازە)(شـێروان حوسـێن خۆشـناو:٢٠١١:١٨٤-١٨٥)، بۆیــە ئەگــەر لــە ڕوانگــەی ڕێبــازی گۆاستنەوەوە بڕوانینە ئەم ڕستانەی خوارەوە:[٣٤]

**١- مامۆستاکە بە دڵێکی فراوانەوە ڕەخنەی قوتابییەکانی پەسەندکرد.**
**٢- بە دڵێکی فراوانەوە مامۆستاکە ڕەخنەی قوتابییەکانی پەسەندکرد.**
**٣- ڕەخنەی قوتابییەکان بە دڵێکی فراوانەوە لەلایەن مامۆستاکەوە پەسەندکرا.**
**٤- پەسەندکرا ڕەخنەی قوتابییەکان بە دڵێکی فراوانەوە لەلایەن مامۆستاکەوە.**
**٥- مامۆستاکە ڕەخنەی قوتابییەکانی بە دڵێکی فراوانەوە پەسەندکرد.**

ئـەوا دەبـن بـە سـینۆنیمی یـەکتری، چـونکە ڕسـتەکانی (٢، ٣، ٤، ٥) هـەموویان لـە ڕسـتەی یەکەمەوە وەرگیراوە و دەتوانین بە پەیڕەوکردنی یاسای گواستنەوە لە یەکەم ڕستەوە ڕستەکانی تر دابڕێژین، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ڕێبازی ئەرکییەوە بڕوانییە ڕستەکانی سەرەوە، ئەوا ئەم ڕستانە نـابن بـە سـینۆنیمی یـەکتر و جیـاوازن لـە یـەك، چونکە (هـەر پێکهاتەیـەك لەوپێکهاتانـەی سەرەوە ئەرکێکی جیاواز بە جێدێنێت و قسەکەر دەتوانێت بە پێی هەلومـەرج و بـارودۆخی جیا ڕۆنانێك لـە ڕۆنانـەکان بەکاربهێنێت)(ساجیدە عەبـدوڵلا فـەرهادی:٢٠٠٨:١٥)، بۆیـە پێویسـتە لـە شـیکردنەوەی دیـاردەی پەیوەنـدی سـینۆنیمی لـە ئاسـتی یەکـە سینتاکسـییەکانی وەك فرێـز و ڕسـتەدا، لــە ڕوانگــەی ڕێبــازی گۆاسـتنەوەوە بڕوانینــە بابەتەکــە، نــەك لــە ڕوانگــەی ڕێبــازی ئەرکییەوە.

## ٢/٣-١-١) ڕێژەییبوونی سینۆنیمبوونی ڕستەکان:

هاوشێوەی ڕێژەییبوونی سینۆنیم لە ئاستی وشە و مۆرفێمەکاندا، سینۆیمبوونی ڕستەش شێوەیەکی ڕەهای نییە، بەڵکو ڕێژەییە، چونکە بـەو پێیـەی، کـە ((سینۆنیمی ڕەهـا لـە نێـو هیچ دوو ڕستەیەکدا نییە لە زماندا و هیچ ڕستەیەك ناتوانێت لە هـەموو بـارودۆخ و هەلومەرجێکدا لـە بری یەکتری بەکاربهێنرێن))(کورش صفوی:١٣٩٢:١٣٣)، بۆیە گرنگترن هۆکارەکانی ڕێـژەیبوونی سینۆنیم لـە ئاسـتی ڕسـتەدا[٣٥]، زۆر جـار دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی، کـە ئـەو دوو رسـتەیەیی، کـە دەکرێت سینۆنیمی یەکتربن، دەگەڕێنەوە بۆ دوو شێوازی جیاوازی زمانیی، بۆ نموونـە جیـاوازی

---

[٣٤] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ساجدە عەبدوڵا فەرهادی:٢٠٠٨:١٥).
[٣٥] - بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (کورش صفوی:١٣٩١:٨٣)، (کورش صفوی:١٣٩٢:١٣٣).

نێوان زمانی فەرمی و زمانی ئاخاوتن وقسەکردنی ئاسایی، سەرچاوەی سینۆنیمبوونی ڕستەکانن، بەڵام مەرج نییە بۆ هەموو بارودۆخێك گونجاوبن، بەم شێوەیە:

**فەرهاد هاوسەرگیری نەکردووە ≈ فەرهاد ژنی نە هاوردە ≈ فەرهاد بێژنە ≈ فەرهاد سەڵتە ≈ فەرهاد جایەڵە.**

لێرەدا وشەی (هاوسەرگیری نەکردوو) زیاتر فۆرمێکی فەرمی هەیە و تایبەتە بە زمانی فەرمییەوە، بەڵام (ژنی نە هاوردە، بێژنە، سەڵتە، جایەڵە) زیاتر شێوازێکی زمانی سادەی پێوەدیارە و بەزۆری لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن، بۆیە هەرچەند ڕستەی یەکەم لەگەڵ ڕستەکانی تردا هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بتوانن لە بری یەکتر لە هەموو هەلومەرج و بارودۆخێکدا لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن.

هەروەها هەندێکجار ئەگەرچی دوو ڕستە هەڵگری هەمان واتا بن، بەڵام لایەنی دەروونی و سۆزداری (عاتیفی) دەبێتە هۆکاری جیاوازی واتایی دوو ڕستەکە و ناتوانرێت هەمیشە لە بری یەکتری بەکارببرێن، بەم شێوەیە:

**چاوەڕێکە ≈ بێسە ≈ نەجولێیت**

هەریەکە لەم ڕستانەی سەرەوە ئەگەرچی ئاماژە بۆ یەك بار دەکەن، کە ئەویش (وەستان و نەجوڵانە لە شوێنێکدا)، بەڵام شێوازی دەربڕینی ڕستەکان جیاوازە و هەریەکەیان بۆ بارودۆخێکی دەروونی و عاتیفی جیاواز دەگەڕێنەوە و زۆرجار ناتوانرێت هەمیشە و بەردەوام لە هەموو دەوروبەرێکدا شوێنی یەکدی بگرنەوە. یان هەندێکجار واڕیك دەکەوێت، لە نێوان دوو ڕستەی سینۆنیمدا پەیوەندی هایپۆنیمی هەبێت، واتە ڕستەیەك بتوانێت لە بری ڕستەیەکی تر بەکاربێت، بەڵام پێچەوانەکەی نەگونجاوبێت، بۆ نموونە:

**لە باخەکە دارێکم نا.**
**لە باخەکە دارسێوێکم نا.**
**لە باخەکە دار خورمایەکم نا.**

ڕستەی یەکەم ئەگەرچی دەتوانێت لەبری ڕستەکانی تر بەکاربهێنرێت، چونکە واتایەکی فراوانتری لە ڕستەکانی تری هەیە و هەموو جۆرە درەختێك لە خۆدەگرێت، بەڵام ڕستەکانی تر ناتونرێت لە بری رستەی یەکەم دابنرێت.

بەسەرنجدان لەوەی، کە وترا، دەتوانین بڵێین دیاردەی پەیوندیی سینۆنیمی لە ئاستی ڕستەدا ڕێژەییە و زۆر ئەستەمە دوو ڕستە بە تەواوەتی و بەشێوەیەکی ڕەها و لە هەموو شوێنێکدا بتوانرێت لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن.

## ٣/٢-٢) هۆکارەکانی سینۆنیمبوونی ڕستەکان:

سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیاردەی سینۆنیم لە هەموو ئاستەکانی زماندا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ڕستەدا بەندە بە چەند فاکتەرێکەوە، بۆیە لێرەدا گرنگتری ئەو ڕێگایانە دەخەینەڕوو کە بەهۆیانەوە دوو ڕستە یان زیاتر دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، لەوانە[٣٦]:

### ٣/٢-٢-١) جێگۆڕکێی کەرەستە بەشداربووەکان:

ڕیزکردنی کەرەستەکانی ڕستە لە پێکهاتەی ڕستەدا لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدان و بەپێی یاسا سینتاکسییەکان دەخرێنەپاڵ یەك، ئەم ڕیزکردنەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕدرێن، ئەمە سەرەڕای جیاوازی زمانەکان لە جۆری کەرەستەکان، پەیوەست بە زمانی کوردییەوە (ڕستە لە کەرەستەی سەرەکی و ناسەرەکی پێکدێت، کەرەستە سەرەکییەکان بەخورتین کە (بکەر و بەرکار و تەواوکەر و کار) دەگرێتەوە و بوونیان پێویستە و کەرەستە ناسەرەکییەکان سەرپشکین و بە ئارەزوون، کە دەتوانریت لاببرێن)(ئومێد بەرزان برزۆ:٧٨:٢٠١٢)، ڕیزکردنی ئەم کەرەستانەش بە شێوەیەکی گشتی و لە سنور و چوارچێوەی ڕستەدا دوو جۆر ڕیزبوونی هەیە، ڕیزبوونێکی چەسپاو (ناچاری)، کە بوار و ڕێگە بە یەکەکانی ناو ڕستە نادات شوێنیان بگۆڕدرێت. هەروەها ڕیزبوونێکی ئازاد هەیە، کە کەرەستەکان دەتوانرێت جێگۆڕکێیان پێبکرێت، بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر لایەنی واتایی و گراماتیکی ڕستەکە، بۆیە دەرکەوتنی دیاردەی پەیوەندیی سینۆنیمی تەنها دەتوانرێت لەو جۆرە ڕستانەدا بەرچاوبکەوێت، کە کەرەستەکانی ڕێزبوونێکی ئازادیان هەیە و بە شێوەی جیاواز خۆیان دەنوێنن، بەبێ ئەوەی واتا و مەبەست و سیستەمی گراماتیکی بشوێنن و لەدەستبدەن، چونکە ((لەم جۆرە ڕستانەدا کەرەستەکان بە شێوەیەکی سەربەست وبزێو شوێنی خۆیان دەگۆڕن، بەبێ ئەوەی کار لە ڕێزمانێتی و واتای ڕستەکە بکەن))(ئومێد بەرزان برزۆ:٧٨:٢٠١٠) بەم جۆرەش دیاردەی پەیوەندی سینۆنیمی لە ئاستی ڕستەدا دێتەئاراوە، وەکو:

---

[٣٦] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێگاکانی بە سینۆنیم بوونی ڕستە، بڕوانە: (کورش صفوی:٨٢:١٣٩١)، (کورش صفوی:١٣٢:١٣٩٢)، (شێروان حوسێن خۆشناو:١٩١:٢٠١١).

**هەموو یاریزانەکان زۆر بە باشی لە یارییەکەدا دەرکەوتن ≈ لە یارییەکەدا هەموو یاریزانەکان زۆر بە باشی دەرکەوتن.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان چوارمانگە موچەی بە فەرمانبەرانی نەداوە ≈ چوارمانگە حکومەتی هەرێمی کوردستان موچەی بە فەرمانبەرانی نەداوە.**

ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانەی سەرەوە بدەین، دەبینین کەرەستەکان لە هەردوو ئەو ڕستانەی کە سینۆنیمن هاوبەشن، تەنها بە جێگۆڕکێکردنی بەشێك لە کەرەستە بەشداربووەکانی ناو ڕستەکان دوو ڕستەی جیاوازمان بە هەمان واتاوە بۆ هاتووەتە بەرهەم، بە واتایەکی تر ئەم دووڕستەیە بە جێگۆڕکێی کەرەستەکانیان بوون بە سینۆنیمی یەکتر.

پەیوەست بە مەبەستی توێژینەوەکە، ئەم ڕێگایەش لە شێوە ئاخاوتنی گەرمیاندا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بە تایبەتی لە ناوچەی (داوێ و ناوچەکانی دەورووبەری) کە زۆرجار لە کاتی ئاخاوتندا جێگۆڕکێ بە کەرەستەکان دەکەن بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکان بگۆڕێت، وەکو:

**بەوکارەی پیاو شێت ئەکات ≈ بەو کارەی شێت پیاو ئەکات**

لێرەدا هەردووشەی (شێت) و (پیاو) وەك دوو کەرەستەی بەشداربوون لە پێکهاتەی ڕستەدا، جێگۆڕکێیان پێکراوە و بوون بە سینۆنیمی یەکتری، چونکە ((لە فۆرمی ڕووکەشدا دوو فۆرمی جیاوازیان هەیە، بەڵام بەهۆی بوونی سیمای واتایی هاوبەشی وشەکان و واتای یەکسانیان، بوون بە سینۆنیمی یەك))(احمد ابو محبوب:١٣٨٧:١٣١).

شێوازێکی تری جێگۆڕکێی کەرەستەکان بۆ پێکهێنانی دوو ڕستەی سینۆنیمی، جگە لە جێگۆڕکێی بکەر و تەواوکەر، پێچەوانەکردنەوەی واتای کرداری ڕستەکەیە، ((جێگۆڕکێی بکەر و تەواوکەر و وەرگرتنی کرداری هەمبەر بە کرداره بەکارهاتووەکە (دژەکەی) سەرچاوەی بەسینۆنیم بوونە))(کورش صفوی:١٣٩٢:١٣٢)، وەکو:

**١- ئازاد کتێبێکی دا وە نەوزاد ≈ نەوزاد کتێبێکی لە ئازاد وەرگرت**
**٢-بەختیار خانییەکی لە ئارام سەند ≈ ئارام خانییەکی وە بەختیار فرۆشت**

لێرەدا سەرەڕای جێگۆڕکێی (بکەر) و (تەواوکەر) کردارەکەش لە نموونەی یەکەمدا لە (دان)ەوە بووە بە (وەرگرتن)، کە واتاکانیان دژیەکە، هەروەها بە هەمان شێوە لە نموونەی دووەمیشدا سەرەڕای جێگۆڕکێی (بکەر) و (تەواوکەر) کردارەکەش لە (سەندن)ەوە بووە بە

(فرۆشتن)، کە لە واتادا دژیەکن، بەم جۆرەش لە هەردوو نمونەکەدا دوو ڕستەی جیاواز لە ڕووی ڕۆنانەوە درووستبوون ،بەڵام لە ڕووی واتاوە هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن، بۆیە دەکرێت وەك سنۆنیمی یەکتر تەماشابکرێن.

## ٢/٣-٢-٢) بوونی وشە ودەستەواژەی سینۆنیمی:

یەکێك لە چالاکترین و کاراترین ڕێگاکانی بە سینۆنیمبوونی ڕستە، بوونی وشە یان دەستەواژەی سینۆنیمییە، لەناو پێکهاتەی ڕستەدا، واتە بەهۆی بوونی ئەو وشە سینۆنیمانەوە کۆی ڕستەکان دەبن بە سینۆنیمی یەکتر و دەتوانن لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن، وەکو:

**کچەکان ئامادەی تاقیکردنەوەکە بین ≈ کەنیشکەکان ئامادەی تاقیکردنەوەکە بین**

لە ڕستەکانی سەرەوەدا لەبەر ئەوەی وشەکانی (کچ) و(کەنیشك) سینۆنیمی یەکن، بۆیە بەشدارییان لە پێکهاتەی ڕستەکانیشدا هۆکاری بە سینۆنیمبوونی ڕستەکانە، پەیوەست بە ناوەرۆکی توێژینەوەکە، زۆربەی ڕستە سینۆنیمەکانی شێوازی ئاخاوتنی گەرمیان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی وشە، یان دەستەواژەی سینۆنیمی لە چوارچێوەی ڕستەدا، وەکو:

**کچەکە نانەکەی خوارد ≈ کەنیشکەکە نانەکەی خوارد ≈ دوێتەکە نانەکەی خوارد**
**ئازاد وە بۆکسێك پەراسوی ئارامی شکاند ≈ ئازاد وە بۆکسێك دەنەی ئارامی شکاند**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا هەریەکە لە وشەکانی (کەنیشك و دوێت) لە ناوچە جیاوازەکانی گەرمیان بەکاردێت، وسینۆنیمی وشەی (کچ)ن، هەروەها وشەکانی (پەراسوو و دەنە) لە ذیوچەی گەرمیاندا یەك واتا دەگەیەنن، بۆیە ڕستەکان بوون بە سینۆنیمی یەکتر .
پێویستە ئەوەش بوترێت مەرج نییە تەنها یەك وشەی سینۆنیمی هەبێت لە پێکهاتەی ڕستەیەکدا بۆ ئەوەی ڕستەکان ببن بە سینۆنیم، واتە هەندێجار لە ڕستەیەکدا زیاتر لە کەرەستەیەکی سینۆنیمی هەیە و دەتوانرێت لە ڕستەیەکی تردا ئامادەیی هەبێت، بەو هۆیەوە ڕستەکان دەبن بە سینۆنیمی یەکتری، وەکو:

**خۆزگە یاریزانەکە لە یارییەکەدا گۆڵی بکردایە ≈ شەڵڵا یاریچییەکە لەیارییەکەدا گۆڵی تۆمار بکردایە.**

لەم نموونەی سەرەوەدا هەریەکە لە وشەکانی (خۆزگە و یاریزان و گۆڵکردن) سینۆنیمی وشەکانی (شەڵڵا و یاریچی و گۆڵ تۆمارکردن) ی ڕستەی دووەمە، بۆیە ڕستەکان بوون بە سینۆنیمی یەکتر.

هاوشێوەی حاڵەتەکانی سەرەوە لە شێوە ئاخاوتنی گەرمیاندا لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری وشەی سینۆنیمی هەیە، بۆیە ئاسایی دەتوان بە ڕێژەی جیاواز لە یەك ڕستەدا ئامادەییان هەبێت و ببن بە سینۆنیم لە چوارچێوەی ڕستەدا، بەم شێوەیە:

**لەگەڵ پورزاکەم یاریم بە میزڵدانەکە کرد ≈ لەتەك میمزاکەم وازیم وە پیفیلکەکە کرد ≈ لێل کچە پلکەکەم گەمەم بە شیشڵدانەکە کرد ≈ وەل کەنیشکەی میمکمدا بازیم وە مفاقەکە کرد≈ وەگەرد دوێتەگەی میمگم گەمەم وە نفاقەگە کرد.**
**دوێتەگە قزانیٚ ئاشی حازرکردە ≈ کەنیشکەکە قوشقانەیٚ خواردنی دروستکردە ≈ کیژەکە مەنجەڵیٚ چێشتی لێناوە ≈ کچەکە پاتیلەیە نانی کردە.**

لە پێکهاتەی ئەم ڕستانەی سەرەوەدا زیاد لە دەربڕاوێکی سینۆنیمی دەبینرێت، بۆیە کۆی ڕستەکان بوون بە سینۆنیمی یەکتر، چونکە ئەو وشە ودەربڕاوانەی کە بەشدارن لە ڕۆنانی ئەم ڕستانەدا، لە بنەڕتدا و لە فەرهەنگی زماندا سینۆنیمی یەکن، بەم شێوەیە:

**پورزا ≈ میمزا ≈ کچە پلك ≈ کەنیشکی میمك ≈ کچ پوور ≈ دوێتی میمگ**
**یاری ≈ وازی ≈ گەمە ≈ بازی**
**میزڵدان ≈ پیفیلك ≈ شیشڵدان ≈ مفاقە**
**لەگەڵ ≈ لەتەك ≈ لێل ≈ وەل ≈ وەگەرد**
**وە ≈ بە**
**ەکە ≈ ەگە**
**دوێت ≈ کەنیشك ≈ کیژ ≈ کچ**
**قزان ≈ قوشقانە ≈ مەنجەڵ ≈ پاتیلە**
**حازرکردن ≈ دروستکددن ≈ لێنان ≈ نانکردن**

جێی ئاماژەیە هەریەك لە کردارەکانی(حازرکردن، دروستکددن، لێنان، نانکردن) بەپێی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا بەکارهێنراون بوون بە سینۆنیمی یەکتر، چونکە دەکرێت لە بەکارهێنان و دەوروبەری جیاوازی تردا وەك سینۆنیمی یەکدی دەرنەکەون.

### ٣/٢-٢-٣) بوونی زانیاری لەسەر جیهانی دەرەوە:

یەکێکی تر لە ڕێگاکانی بە سینۆنیمبوونی چەند ڕستەیەك، یان دوو یەکەی زمانی دەگەڕێتەوە بۆ زانیاری ئێمە لە جیهانی دەرەوە، واتا لە کردەی ئاخاوتندا کاتێك کەسی قسەکەر و کەسی گوێگر زانیارییان لەسەر بابەتێکی زمانی یان جیهانی دەرەوە هەیە، دەتوانن بە زیاتر لە فۆرمێك مەبەستەکەیان دەرببڕن و بە یەکتری بگەیەنن، وەکو:

**براکەم هێشتا جایەڵە ≈ نەوزاد هێشتا گەنجە ≈ برا گەورەکەم هێشتا ژنی نە هاوردە**

ئەم ڕستانە لەو کاتەدا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، کە گوێگر یان لایەنی بەرامبەر بزانێت، کە ناوی برا گەورەکەم (نەوزاد)ە.
یان کاتێك دەگوترێت:

**کۆبوونەوەی (پێنج قۆڵی) نەگەیشتنە ڕێککەوتن.**
دەبێتە سینۆنیمی :

**کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو نەگەیشتنە ڕێککەوتن.**
**یان**
**کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و بزووتنەوەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان نە گەیشتنە ڕێککەوتن.**

چونکە لێرەدا کەسی بەرامبەر دەزانێت مەبەست لە کۆبوونەوەی (پێنج قۆڵی) بریتیین لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی و پارتی)یە.
لەسەر ئەم بنەمایە بە پشتبەستن بە زانیاری جیهانی دەرەوە دەگەین بەوەی بتوانرێت بووترێت: ((جێگۆڕکێی ناوێکی تایبەت و سیفەتێك (ئاوەڵناوێك) بەپێی زانیاری لەسەر جیهانی دەرەوە دەبن بە سینۆنیمی یەکتر))(کورش صفوی:١٣٩٢:١٣٢).

### ٣/٢-٢-٤) سینۆنیمیبوون بەپێی واتای دەورووبەر(پراگماتیك):

پراگماتیك وەك یەکێك لە ئاستەکانی زمان بریتییە لە چۆنیەتی داڕشتنی واتا لە دەورووبەردا، هەروەك(StephenC.Levison) دەڵێت: ((پراگماتیك لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی سیستمی هێمایی و بەکارهێنانی لە دەورووبەردا دەکات و پێکەوە لەگەڵ سیمانتیکدا بەشێك لە تیۆری گشتی واتا پێکدەهێنن))(هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم:٢٠١٤:٤)

واته بەپێی زانستی پراگماتیك زۆر جار ڕستەیەك یان دەستەواژەیەك بەکاردەهێنرێت بەپێی ئەو دەوروووبەرەی، کە تێیدا بەکارهاتووە دەبێتە سینۆنیمی ڕستەیەکی تر بە فۆرمی جیاوازەوە، واتە کەسێك قسەیەك دەکات، کە مەبەستی لەو واتایە نییە، کە لە کەرەستەکانی ڕستەکەدا هەیە، بەڵکو مەبەستێکی تری هەیە، بۆیە پەیوەندی نێوان ڕستەکە و مەبەستە شاراوەکە دەبن بە سینۆنیمی یەکتری، ئەم جۆرە سینۆنیمەش، بە سینۆنیمی دەوروبەربەند ناسراوە، وەکو:

١- تەلەفزیۆنەکە دەنگی بەرزە.

٢- دەنگی تەلەفزیۆنەکە کەمکەرەوە (کزکە).

٣- تینوییومە.

٤- هەستە ئاوی خواردنەوەم بۆ بهێنە.

لە ڕستەی یەکەمدا کەسەکە مەبەستی لە (تەلەفزیۆنەکە دەنگی بەرزە)، گەیاندنی هەواڵێك نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە دەیەوێت فەرمانێك بکات و بە ناڕاستەوخۆیی دەڵێت(**دەنگی تەلەفزیۆنەکە کەمکەرەوە**). ئەمەش پێویستە لە دەوروووبەرێکدا ڕووبدات کە پێویستی بەو گفتوگۆیە هەیە، هەروەها لە ڕستەی سێیەمدا، مەبەست لەئەوەی، کە دەڵێت(**تینوییومە**)، ئەوەیە بە کەسی بەرامبەر بڵێت (**هەستە ئاوی خواردنەوەم بۆ بهێنە**)، بۆیە ئەو ڕستانەی سەرەوە بە هۆی واتای پراگماتیکییانەوە دەبن بە سینۆنیمی یەکدی .

### ٢/٣-٢-٥) داڕشتن:

مەبەست لە کردەی داڕشتن، داڕشتنی ڕستەیە لە فۆرمی جیاوازدا، بە تایبەتی پێچەوانە کردنەوەی کاری ڕستەکان یان سیفەتێك لە سیفەتە بەکارهاتووەکان، هەروەکو کورش صفوی دەڵێت: ((بەکارهێنانی کردارێکی ئەرێ لەپاڵ ئاوەڵناوی نەرێدا، سینۆنیمی بەکارهێنانی کارێکی نەرێیە لە ئاوەڵناوی ئەرێدا))(شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:١٩٩)، لێرەدا ڕستەکان بە دوو فۆرمی جیاوازەوە خۆیان دەنوێنن، بەڵام یەك مەبەست و واتا دەگەیەنن، بۆیە جۆرێك لە سینۆنیم پێکدەهێنن، وەکو:

**پیاوێکی ڕەسەن نەبوو $\approx$ پیاوێکی ناڕەسەن بوو**

**بڕیارەکانی پەرلەمان یاسایین $\approx$ بڕیارەکانی پەرلەمان نایاسایی نین**

لێرەدا کردارەکانی (ڕەسەن بوو ) و (ناڕەسەن بوو)، یان(یاسایین) و (نایاسایی نین) هەرچەند دوو فۆرمی جیاوازن و تیایدا ئاوەڵناوێکی ئەرێیی لەگەڵ کارێکی نەرێیی هاتووە، بەڵام یەك واتا دەگەیەنن، بۆیە بوون بە سینۆنیمی یەکتر.

**بە وردبوونەوە و سەرنجدان لەوەی، کە باسمانکرد، دەتوانرێت بوترێت هەریەکە لەم ڕێگایانە بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێگای بە سینۆنیمبوونی دوو ڕستە، یان زیاتر دەڕەخسێنن، چونکە وەك ڕوونکرایەوە ڕستەکانی نموونەکان هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن، ئەگەرچی لە رووی فۆرمەوە لەیەکتر جیاوازن، بەڵام لەبەرئەوەی یەك واتایان هەیە، بۆیە سینۆنیمی یەکترن.**

## ۳/۳) سینۆنیم و هەندێك چەمك و دەستەواژەی واتایی و کۆمەڵایەتی:

**لە ناو هەموو زمانە جیاوازەکانی جیهاندا کۆمەڵە چەمك و دەستەواژەیەك هەیە، کە بۆ مەبەستی جیاواز و بە شێوازی جیاواز، ئاخێوەرانی زمان بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی، کە هەیانە بەکاریدێنن، هەریەکە لەم چەمك و دەستەواژانەش بۆ بۆنە و بواری جیاوازی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، هەر بۆنەیەکیش بەپێی کەلتوری کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت و کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و پێویستە قسەکەرانی ئەو کۆمەڵگایە پێیەوە پەیوەست بن.**

**کۆمەڵگای کوردی بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی بەهۆی بوونی ئەو پەیوەندییە قوڵە کۆمەڵایەتییەی، کە لە نێوان تاکەکانیدا هەیە، وایکردووە ببێتە خاوەن فەرهەنگ و پاشخانێکی دەوڵەمەندی ئەو جۆرە چەمك و دەربڕاو و دەستەواژانە، کە لە بۆنە و بوارە جیاواز و جۆراوجۆرەکاندا بەکار دەهێنرێن. گرنگترین ئەو چەمکانەش کە لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین زیاتر بریتین لە (ئیدیۆم، سوێندخواردن، دوعاکردن، سڵاوکردن، پاڕانە....هتد).**

**هەموو ئەم چەمکانە بەشێوەیەکی ئامادەکراو و قاڵبگرتوو لە فەرهەنگدا هەن، ((ئەو دەربڕاوانە بە ئامادەکراوی لە زماندا هەن، واتا لە کاتی قسەکردندا دروستناکرێن و هەر بۆنەیەکیش یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و لە بۆنەی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بەکاریاندەهێنێت، و بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری دەگۆڕێن))(پێشکەوت مەجید:۲۰۱۳:۸٤-۸٥)، وەکو یەکەیەکی ڕێزمانی خاوەنی ڕۆنانی ڕێزمانین و واتای سەربەخۆی خۆیان هەیە و بە وشە یان فرێز یان ڕستەیەك دەردەبڕێن.**

**هەریەکە لەم یەکە فەرهەنگییانە وەکو هەموو دانە زمانییەکانی تر هەموو((ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە، کە لە وشە و هەر دانەیەکی دیکەی فەرهەنگیدا هەن، بۆیە دەکرێت هەریەکە لە پێوەندییەکانی سینۆنیمی و گرتنەوە و دژواتایی... هتد، لە چوارچێوەی ئەم دانە زمانییەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییە ڕێزمانیی و واتاییەی، کە هەیانە دەستنیشانبکرێت))(شیروان حوسێن خۆشناو:۲۰۱۱:۲۰۸)، لەم ڕوانگەیەوە پەیوەست بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە هەڵوەستە لەسەر بوونی پەیوەندییە واتاییەکان بە تایبەتی دیاردەی سینۆنیمی دەکەین لە چوارچێوەی ئەو چەمك و دەستەواژانەدا، لەگەڵ خستەڕووی نموونەی شێوە ئاخاوتنی گەرمیان.**

### ١-٣/٣) سینۆنیم وئیدیۆم(Idiom):

ئاشـکرایه، بـەکارهێنانی زمـان وەك کەرەسـتەی پەیوەنـدیکردن و لێکتێگەیشـتن لـە کـردەی ئاخاوتندا تەنها بەیەك شێوەی دیاریکراو پەیڕەوناکرێت، بەڵکو بەپێی خواست و ویستی کۆمەڵ و مەبەستی گەیاندنەکە و جۆری پەیامەکە شێوازی جیاواز بەکاردەهێنرێت. واتـە پێویستییەکان ئـەوە دەخوازێـت، کـە چ شـێوازێکی زمـان بـەکاربهێنین، ((ئاخـاوتن تـەنیا لـە وشـە و دەربـڕاو و ڕستەی ئاسایی، کـە لـە کـاتی قسـەکردندا ڕیزدەکرێـت و دەردەبڕێن، پێکنایـەت))(شیلان عومـەر حسـەین:٢٠٠٩:١١)، بـەڵکو بـەپێی ئـەو بـارودۆخ و مەبەسـتەی لـە گەیانـدنی پەیامەکـەدا هەیـە، شێوازی ئاخاوتنەکەش دەگۆڕێت، هەرچەند یەکە بەکارهاتووەکانیش هەمان یەکەی زمانیی بن لە کاتی ئاخاوتنی ڕستەی ئاساییدا، یەکێك لەو ڕێگایانەش کە لە ئاخاوتندا پەنای بۆ دەبردرێت و مەبەستیکی تری هەیە لە بەکارهێنانیدا، ئیدیۆمە، چونکە((ئیدیۆم یەکێکە لەو ڕێگایانـەی زمـانی خـوازەیی تێـدا بـەکاردەهێنرێت))(زوبێر عـەلی عـارف:٢٠١٢:٢٨)، واتـە هـەروەك (V.Frokin) دەڵێت: ((ئیدیۆمەکان شێوازێکی تری زمان بەکارهێنانن))(شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٩:٧٥)، کە قسەکەرانی زمانە جیاوازەکان بۆ گەیاندنی مەبەستەکەیان پەنای بۆ دەبەن، لەبەر ئـەوەی ئیـدیۆم ڕەنگدانــەوە و تاقیکردنــەوەی کەڵەکــەبووی دنیــابینی و داب ونــەریت و کــەلتور و فەرهــەنگی قسەپێکەرانی زمانەکەیە کە ڕێکەوتنی کۆمەڵگای لەسەرە، کەواتە ((ئیدیۆم ئەو دەربڕاوەی زمانە، کــە واتــای ســـەرجەمی لـــە کـــۆی واتـــای یەکـــە یەکـــەی دانـــە پێکهێنەرەکانییـــەوە وە دەســتناخرێت))(محەمــەد مــەحوی و ئــەوانی تــر:٢٠١٠:١٤٤)، بــەم پێیەئیــدیۆم بریتییــە لــە بەکارهێنانی یەکەکانی زمان بۆ واتا و مەبەستێکی تـر، جیـاواز لـە واتـای فەرهـەنگییان، هـەروەك (Trask. R.I) دەڵێت: ((ئیدیۆم دەربڕاوێکە لـە دوو وشـە یـان زیـاتر پێکهـاتووە و ناتوانرێـت لـە ڕێی واتـای وشـە پێکهێنەرەکانیـەوە واتاکـەی بەدەسـت بخرێـت))(زوبێر عـەلی عـارف:٢٠١٢:٢٩)، لـەم سـونگەیەوە دەکرێـت بوترێـت واتـای یەکـە پێکهێنـەکانی ئیـدیۆم جیـاوازە لـە واتـای یەکـە پێکهێنەرەکانی تری وەك (وشە وفرێز و ڕستەی ئاسایی) چونکە ئیـدیۆم لـە ڕێگـەی واتـای یەکـە پێکهێنەرەکانیــەوە ناناســرێتەوە و هەنــدێکجاریش پێــڕەوی یاســا گراماتیکییــەکان ناکــات، هەرچەندە ((ئەو دەربڕینانە کە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین، بـەڵام لـە ژێـرەوە زڕدانـەی واتاسـازین لەسـەری ڕێکـەوتوون و خۆیـان لـە زمانـدا چەسـپاندووە))(فتاح مامـە عـەلی:١٩٩٨:٣٨)، جێـی ئاماژەیـە، پێناسـە و ناسـاندنی جیـاواز بـۆ ئیـدیۆم وجۆرەکـانی ئیـدیۆم لەزمانـە جیاوازەکانـدا کـراوە[٣٧]، بـەڵام ئـەوەی مەبەسـتی لێکۆڵینەوەکـەی ئێمەیـە، بـوونی پەیوەندییـە واتاییەکانـە بـە تایبــەتی دیــاردەی ســینۆنیمی لــە نــاو چوارچــێوەی ئیدیۆمەکانــدا، چــونکە ئیــدیۆم وەکــو

---

[٣٧] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئیدیۆم بڕوانە: ( شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٩)، (محەمەد مەحوی و ئەوانی تر:٢٠١٠)، (زبێر عەلی عارف:٢٠١٠)، (جەلال مەحمود عەلی:٢٠١٢).

کەرەستەیەکی فەرهەنگی، هەڵگری هەموو تایبەتمەندییەکی زمانییە وەك گشت کەرەستە زمانییەکانی تری ناو فەرهەنگ، لەڕوانگەی پێوەندییە واتاییەکانیشەوە ئیدیۆم وەك وشە و ڕستە و هەموو دانە واتاییەکانی تر بەشێکی زۆری پەیوەندییە واتاییەکانی وەك سینۆنیم و پۆلۆسیما و دژواتا و ... هتد لە نێویدا دەبینرێت، هەروەك چۆن ((لە زمانی کوردیدا وشەی سینۆنیم و وشەی فرەواتا هەیە، هەمان دەستور بەسەر ئیدیۆمیشدا دەچەسپێت، ئیدیۆمی فرەواتا هەیە، ...ئیدیۆمی سینۆنیمش هەیە))(عەبدولوەهاب شێخانی:٢٠٠٩:٣٤١)، هەروەها جگە لە پۆلۆسیمایی و سینۆنیمبوونی ئیدیۆم، ئیدیۆمی دژ بە یەکیش هەن (جەلال مەحمود عەلی:٢٠١٢:٢٠)، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەم نموونەی خوارە بدەین، دەبینین لەبەرانبەر ئیدیۆمەکاندا، ئیدیۆمێکی دژیش بوونی هەیە. بەم شێوەیە:

ڕووگرژ × ڕووخۆش

دەست کورت × دەست ڕۆیشتوو

خوێن شرین × خوێن تاڵ

بێپشت × خاوەن پشت

ڕووڕەش × ڕووسپی

دەمراس × دەملار

سەرچەفت × سەرڕاس

وەك باسکرا پەیوەندی واتایی پۆلۆسیمیش لە نێو ئیدیۆمەکاندا هەیە، واتا تاکە ئیدیۆمێك زیاد لە واتایەکی هەڵدەگرێت: وەکو:

پشت شکاند ←
- کارێك ببێتە مایەی زەرەر و زیان
- قسەی شکاند (بەقسەی نەکرد)
- خراپی لێکرد
- بێکەسی کرد
- پشتی تێکرد / پشتی لێکرد/ پشتی لێهەڵکرد
- باشی پێکرد
- بەزاندی
- پشتی نەگرت
- پشتی داوە خۆڵۆ
- فەوتانی

دەسەوێسان ←
- دەسەپارچە
- بێدەسەڵات

پەیوەست بە مەبەستی توێژینەوەکەوە، دیاردەی سینۆنیم بەشدارییەکی کارای هەیە لە نێو ئیدیۆمەکاندا، واتە ئیدیۆم هەیە بە زیاتر لە یەك فۆرمەوە خۆی دەنوێنێ، ئەگەرچی خاوەنی یەك واتا و مەبەست و چەمکن، ((زۆر ئیدیۆم هەیە یەك واتا دەبەخشێ))(عەبدولوەهاب شێخانی:٢٠٠٩:٣٤١) دەکرێت ئەو جۆرە ئیدیۆمانە وەك سینۆنیمی یەکتر تەماشابکرێن، وەکو:

**منجڕ ≈ کاجێرشکیاو ≈ فرەوێژ ≈ زۆربڵێ ≈ درێژدادڕ ≈ چەناکەشکاو ≈ چەناباز ≈ چەقەچناوە ≈ لەوچە ≈ ژاکدەر**

**وەتڕوفیز ≈ لەخۆبایی ≈ لووت بەرز ≈ وە تڕ گوێز ئەشکێنێ ≈ شا وە سەپانی خۆی ئەزانێ**

**قەرزکویر ≈ سەرچەفت ≈ سەرلار**

**بێ دەموپل ≈ مەوەس لە دەمیا تۆپییە**

وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت، ئیدیۆمەکان دەتوانن بە چەند فۆرمی جیاوازەوە خۆیان بنوێنن، و ببن بە سینۆنیمی یەکتر، بەبێ ئەوەی واتاکەیان جیاواز بێت.

دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت هەموو کۆمەڵگایەك خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی، تایبەت بە خۆیەتی و زۆر جار جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی تر، زمانیش وەك یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندییە کلتوریەکانی مرۆڤ و یەکێك لە یەکە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵ دەکەوێتە ژێر ئەو تایبەتمەندییەوە، ئیدیۆمیش ڕەنگدانەوەی بەشێکی دیار و گرنگی کاریگەریی کۆمەڵە لەسەر زمان، چونکە ((ئیدیۆم ئاوێنەیەکە بۆ ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی کۆمەڵ بۆ ژیان و دەوروبەر، ئەویش بەو هۆیەوە کە بەشێکی دانەبڕاوە لە زمان و لێی جیانبێتەوە و کەلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو دەنوێنێت))(زوبێر عەلی عارف:٢٠١٢:٤٠).

ناوچەی گەرمیانیش ئەگەرچی خاڵی هاوبەشی لەگەڵ کۆی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە و بەشێکی دانەبڕاوە لێی، بەڵام ئەمە نابێتە هۆکار بۆ نەبوونی جیاوازیی ئاخێوەرەکانی ناوچەکە لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا، هەر ئەم جیاوازیەش بەدیهێنەری زۆر جیاوازیی زمانییە، بە ئیدیۆمیشەوە، چونکە وەك ئاشکرایە، ئیدیۆم بەشێکی گرنگ وسەرەکی و بنچینەیی وشە گشتییەکانی زۆربەی هەموو زمانێك پێکدەهێنێت، کە بێگومان ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی هەڵسوکەوت و شێوازی تایبەتی بیرکردنەوە و ڕەفتار و درککردنی ڕاستییەکان و ئەزموونەکانی ژیان وخۆڕەوشت و دابونەریتی پێوەدیارە، بەم پێیە کۆی واتای گشتیی ئیدیۆم ڕنگدانەوە و ((ئاوێنەی کولتور و ڕۆشنبیری میللەتانە و دیاردەیەکە لە زمانی ئاخاوتندایە))(شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٩:٦٧).

لـەم ڕوانگەیـەوە سـەرەڕای ئـەوەی بەشـێکی زۆری ئیدیۆمـەکانی زمـانی کـوردی لـە شـێوازی ئاخاوتنی گەرمیانیشدا بوونی هەیە، بەڵام بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و شێوازی بیرکردنـەوە و جۆری ژیان و هۆکارە دینامیکییەکانی ژیان لە خاك و سروشت و گەشەی بیروباوەڕ و ئابووری و پێکهاتـەی خێـزان و پێوەنـدی نێـوان تاکەکانی...هتـد، خـاوەنی مـۆرکێکی فەرهـەنگ و کلتـوری تایبـەت بەخۆیـەتی، ئـەم تایبەتمەندییانـەش لـە نـاو ئیدیۆمەکانـدا ڕەنگیداوەتـەوە و کەرەسـتەی زمانیی و دەربڕاوی ئیدیۆمی جیاوازی هێناوەتەبەرهەم. ئەمەش بە چەند جۆرێك ئەنجامدەدرێت:

هەنـدێك جـار بـەهۆی بـوونی یەکـەی سینۆنیمی لـە نێـوان دەربـڕاوە ئیدیۆمییەکانـدا، دەبێتـە فاکتەری بە سینۆنیمبوونی ئیدیۆمەکان، بەم سێوەیە:

**دەم هار ≈ دەم هەراش ≈ هەراش دەم ≈ دەم بادەر ≈ زوان درێژ ≈ دەمدرێژ**

**سەروەئۆین ≈ سەروەگۆبەن ≈ قن وە ئۆین**

**ئێسك قورس ≈ ئیسك تاڵ ≈ ڕەزا قورس ≈ ڕەزا تاڵ ≈ خوێن تاڵ**

**ساقیان بە سواری کەر ئەڕواتە ڕێوە ≈ ساقییان وە کۆڵێ کەرەشەل ئەگەڕێ**

وەك لـە نموونەکانـدا دەردەکـەوێت هەریەکـە لـە ئیدیۆمـەکان بـەهۆی ئـەوەی یـەکێك لـە یەکـە پێکهێنـەرەکانیان سـینۆنیمی یـەکترن، بۆیـە سـەرجەمی دەربـڕاوە ئیدیۆمـەکان لـە نێـوان خۆیانـدا بوونە بە سینۆنیمی یەکتر.

هەندێك سینۆنیمی تـر هەیـە فۆرمـەکانیان تـەواو لەیـەك جیـاوازن، بـەڵام یـەك واتـا و مەبەسـت دەگەیـەنن، ((دەربـڕینی ئیـدیۆمی هەیـە، کـە دەتوانرێـت هاوواتاکانیـان بـە دوو، یـان سـێ فـۆرم دەرببرڕێن، هەمان واتا بگەیەنن))(شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٩:٥٩)، واتە هەندێك لە ئیدیۆمـەکان لێکچـوون، یـان لێکنزیکییـەکی ئـەوتۆ لـە نێـوان یەکـە پێکهێنەرەکانیـدا نییـە، بـەڵام لـە کـۆی واتاکانیاندا دەبن بە سینۆنیمی یەکتر، وەکو:

**لەگلەگی کەر ≈ ماستاوچی ≈ ڕیایچی ≈ چەورە**

**ندی وبدی / نەدی و بدی ≈ هەتیم چەك**

**عانەیەك نایەرێ ≈ یەك فلس ناکات**

**ڕیشەی دەرهێنا ≈ دەماری دەرکرد**

**جێی مشت پالەقەیە ≈ هەرکەسێ دەرزییەکی پێتاکرد سوزنێکی پیابکە ≈ لە جێی قوزەڵقورد سنانە**

**ڕێی لێ گۆڕیاوە ≈ لە خشتەوەدەرکرا ≈ گومڕابییە**

جۆرێکی تری ئیدیۆمی سینۆنیمی هەیە، کە فۆرمەکانیان لێك نزیکن، بەڵام وشە ودەربڕاویی سینۆنیمیان تێدا نییە، بەڵکو لەڕووی واتا و گەیاندنی مەبەستەوە وەکیەکن، واتە ئەم جۆرەیان دەکەوێتە نێوان هەردوو ئەو جۆرە سینۆنیمانەی، کە لەسەرەوە باسمانکردن، وەکو:

**لە گوڵ پاکترە ≈ لە شیر سافترە**

**لوتی دەشکێنم ≈ پۆرتی دەشکێنم**

**ملهوڕ ≈ گەوج ≈ ملپان**

**بەرەڵا ≈ مەرەخەس**

**ئەوەی چاوەڕێی کاسە هاوسێ بکا سەر وە بێ شام ئەناتۆ ≈ یاخوا ئەم دەس موحتاج ئەو دەس نەوێ**

هەریەکە لەم جۆرە سینۆنیمانەی سەرەوە، ئەگەرچی لە ڕووی فۆرمەوە نزیکن لەیەك، بەڵام هیچ وشەیەکی سینۆنیمی لەنێو پێکهاتەکەدا نییە، کەچی دەگونجێت وەك سینۆنیمی یەکتر سەیربکرێن، هەروەها لە ڕووی پێکهاتەشەوە ئیدیۆمەکان جیاوازن لەیەك (ئیدیۆم بە قاڵب و فۆرمی جیاوازەوە دەردەکەوێ، لەوانە ڕستەی ئیدیۆمی و فرێزی ئیدیۆمی و وشەی ئیدیۆمی) (شیلان عومەر حسەین:٢٠٩٩:٤٩)، کەواتە لەڕووی پێکهاتەوە ئیدیۆمەکان فۆرمێکی جێگیریان نییە و بە شێوە و فۆری جیاوازەوە دەردەکەون، بۆ نموونە مەبەست لە ئیدیۆمی وشەیی هەموو ئەو ئیدیۆمانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی ڕۆنانەوە وشەی لێکدراون واتە خاوەنی پێکهاتەیەکی ناسادەن ((ئیدیەمە وشەییەکان لە دروستەی مۆرفۆلۆژییاندا بەشێوەیەکی سەرەکی لە شێوەی چەشنەکانی وشەی لێکدراودان))(محەمەد مەحوی و ئەوانی تر:٢٠١٠:١٤٥)، بۆ نموونە:

**حەپۆل ≈ گەرحۆل ≈ حۆل ≈ ملهوڕ**

**کەلەڕەق ≈ یەکەلا / یەکلا ≈ سەرسەخت**

**دەمڕاست ≈ دەمسپی ≈ دەمچەرمی**

**ڕوودار ≈ بێچاووڕوو ≈ بێڕوو ≈ بێشەرم ≈ چاوقایم**

**دەمشڕ ≈ دەمدڕیاو ≈ دەهۆڵکوت**

**گەجەر و گوجەر ≈ هەرچی و مەرچی ≈ هیچ و پوچ**

**ڕووسور ≈ سەربەرز**

**چاوحیز ≈ چاوباشقاڵ**

**تێر و تەسەل ≈ تێروپڕ**

**عەوداڵ ≈ بێلانە ≈ لانەواز ≈ سەرگەردان**

هەرچی فرێزی ئیدیۆمییە، ئەو ئیدیۆمانە دەگرێتەوە کە لە قاڵبی فرێزدا خۆیان دەنوێنێن بە هەموو جۆرەکانیانەوە[٣٨]، بۆ نموونە:

**قرچەی گەرما ≈ قرپەی گەرما ≈ قرچەی هاوین ≈ قرپەی تاوسان**
**قسەی ڕەق ≈ قسەی تڕن ≈ قسەی وشك ≈ قسەی زبر**
**قوتەی سەرلەشکر ≈ قوتەی بەرلەشکر ≈ سوورەی بەرلەشکر ≈ فاتەی سوورەوەن**

هەروەها یەکێکی تر لە قاڵبە چالاکەکانی ئیدیۆم، ئیدیۆمی ڕستەییە، مەبەست لە ئیدیۆمی ڕستەیی ئەوەیە کە واتای ڕستەکە لە واتای فەرهەنگی وشەکانەوە بەدەست نایەت، بەم شێوەیە:

**داوێن پیسە ≈ شەرواڵ پیسە**
**من دەڵێم نێرە تۆ دەڵێی بیدۆشە ≈ من ئێژم نێرە تۆ ئێژی بیدۆشە**
**دڵ ئاگای لە دڵە ≈ دڵ ئاوینەی دڵە ≈ دڵمان لە حەنای یەك پاکە ≈ دڵمان لە یەك سافە**
**کێچ کەفتەتە کەوڵی ≈ سەبری لێ بڕیا**
**سەری پێوە نییە ≈ خاوەن سەری خۆی نییە**
**تەقەی سەری دێت ≈ سەری لێدەرناکات**
**گەڕی پیادەکات ≈ گێچەڵی پی ئەگێڕێت**
**خەمی کەوتەتە بەر ≈ سەر دونیای لێهاتووەتە یەك**
**قوڕ دریاوەماڵیەوە ≈ ماڵی لە قوڕ گیرا**
**تۆبەی گورگ مەرگە ≈ تۆبەی چەقەڵ بێت، مەشکە ڕەق بخوات**
**ئاسن وەساردی ئەکوتیٚ ≈ ئاسن وە ساردی ئەکوتیٚ**
**دنیا کشوماتە ≈ دنیا خامۆشە**
**دوو گا لە دۆڵێك بلەوەڕیٚ نە چێتە پێست یەك دەچنە یەك خوو ≈ گایەك لای گایەکۆ دابنە یاخووی ئەگریٚ یا ڕەنگی**

---

[٣٨] – بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئیدیۆمی فرێزی وجۆرەکانی بروانە: (شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٩:١٠١)، (محەمەد مەحوی و ئەوانی تر:٢٠١٠:١٤٦).

### ٢-٣/٣) سینۆنیم و سوێندخواردن:

یەكێك لە دیاردە كۆمەڵایەتییە باوەكانی ناو كۆمەڵگای كوردی بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی چەمكی سوێندخواردنە، مەبەست لە سوێندخواردن بەكارهێنانی دەربڕاوێكی ئامادەكراوی زمانییە بۆ مەبەستی پشتڕاستكردنەوە یان ڕەتكردنەوەی ئەو پەیامەی كە دەتەوێت بیگەیەنیت، چونكە زۆرجار قسەیەك كە دەكرێت بۆ ئەوەی كەسی بەرامبەر باوەڕ بە قسەكە بكات پێویستە بە كەرەستە، یان دیاردەیەك سوێندبخورێت كە لەلای كەسی بەرامبەر جێی بایەخ و بڕوا بێت، لەبەرئەوەی كەلتور و ئاین و بیروباوەڕ و دونیابینی هەر نەتەوەیەك لە زمانەكەیدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە سوێندخواردنیش وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی سەرەڕای جیاوازییان بەپێی كەلتوری نەتەوەكان لە هەموو زمانێكدا هەیە، بە فۆرم و شێوازی جیاوازەوە.

هەندێك لە چەمك و دەستەواژەكانی سوێندخواردن پەیوەستە بە زانیاری دەوروبەر و ژینگەی نازمانییەوە، بۆیە ((لە ڕێگەی پراگماتیكەوە واتاكانیان لێكدەدرێتەوە، بەوەی كە تێكەڵ بە هەندێك زانیاریی تاكەكەسیی و كەلتوریی و بیروباوەڕی تایبەت دەكرێن، بۆیە بە تەنها بە واتای سیمانتیكی مەبەستەكەیان ناگات))(شیروان حوسێن خۆشناو:٢٠١١:٢٢٢)، بۆیە سەرەڕای جیاوازی دەستەواژەكانی سوێندخواردن لە كۆمەڵگا جیاوازەكاندا، لە نێو كۆمەڵگای كوردیشدا بەپێی جیاوازیی ناوچەكان و ئاخێوەرانی ناوچە جیاوازەكانی كۆمەڵگای كوردی جیاوازی بەدیدەكرێت، بەتایبەت كاتێك سوێندپێخوراو ناوێك یان نازناوێك یان شتێكی پیرۆزی تایبەت بە ناوچەیەكی جیاواز بێت.

لە ڕوانگەی پێوەندییە واتاییەكانیشەوە بەشێكی زۆری دیاردە واتاییەكان بە تایبەت دیاردە و پەیوەندیی سینۆنیمی، كە مەبەستی لێكۆڵینەوەكەی ئێمەیە لە چوارچێوەی چەمكی سوێندخواردندا زور بە ڕوون و ئاشكرا دەبینرێت، بە تایبەت كاتێك سوێندپێخوراو هەمان كەس یان ناوبێت، بۆ نموونە سوێندخواردن بە (ناوی خوای گەورە) لە زۆر فۆرمی جیاوازدا دەردەكەوێت لە كاتێكدا هەموویان یەك مەبەست و واتایان هەیە.

لەبەرئەوەی بەشێكی زۆری كۆمەڵگای كوردی بیروباوەڕی ئاینی و بە تایبەت ئاینی ئیسلام زاڵە بەسەر تاكەكانیدا، بۆیە دیاردەی سوێندخواردن بە خوای گەورە و نازناوەكانی و سیفەتەكانی و پێغەمبەری ئیسلام و قورئانی زۆر بەربڵاوە، ئاخێوەرانی ناوچەی گەرمیانیش خاوەن پانتاییەكی بەربڵاو و بەرفراوانە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی كەلتوری و جۆری ژیان و باوەڕی دیاریكراویان و هەڵكەوتەی جوگرافییان، جگە لە بوونی بەشێكی زۆری ئەو دەربڕاوانە، بە تایبەت كاتێك سوێندپێخوراو خاڵی هاوبەشی هەموو كۆمەڵگای كوردەواری بێت، خاوەنی چەند دەربڕاوێكی تری سوێندخواردنن كە تەنها تایبەتن بە ناوچەی گەرمیانەوە و مۆركی شێوازی ئاخاوتنی دانیشتوانی گەرمیانی پێوە دیارە، بە تایبەتی سوێندخواردن بە شێخ

و كەسایەتییەکان، چونکە لە کردەی سوێندخواردندا زۆرجار ئاخێوەران سوێند بەو کەسایەتییانە دەخۆن کە لای خۆیان و بەرامبەرەکەش پیرۆزە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بەپێی شوێنە جیاجاکانی ناوچەی گەرمیان وشە و دەستەواژە و دەربڕاوی جیاجیا دەبینرێت لە بواری سوێند خواردندا، ئێمەش لێرەدا هەوڵمانداوە ئەو دەربڕاوانەی، کە بۆ هەمان واتا و مەبەست بەکاردێن وهەمان چەمکیان هەیە وەکو سینۆنیمی یەکتر سەیردەکرێن، چونکە بنەما و پێوەری سینۆنیمبوونیان تێدایە، بەم شێوەیە:

**سوێندخواردن بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان:**

**بەوخوایەی کە گیانی هەموومانی بەدەستە ≈ بەوەی هەموومانی خەڵق کردووە ≈ بەوخوایەی کە ئەرز و ئاسمانی هاوەدەس ≈ بەو خوایەی کە ئەچینە بەر دیوانەکەی ≈ بەو کەسەی کە تاك و تەنهایە ≈ بە زات وسیفەتی خوا ≈ بە ئیلاهی ≈ وەڵلاّ / بە الله ≈ وەوکەسەی ئاگای هالە دڵی من و تۆ ≈ وەوخوایەی کە قسمەتی منی خستە ئەم حاڵە ≈ وەوخوایەی کە خوایەتر لەولاوەی نییە ≈ وەوکەسەی قسمەتی منی خستە ئەم خواردنە ≈ وەوخوایەی ئاگای هالە خشەی مۆریچە ≈ وەو خوایەی ڕوحی من و توی وە دەستە ≈ بەو کەسەی کەس شەریکی نییە ≈ وەو کەسەی کەس لە ڕەنگی نییە ....هتد.**

**سوێند خواردن بە پێغەمبەر(د.خ):**

**بە پێغەمبەر ≈ بە ڕەسولە ڵلاّ ≈ بە فەخری کائینات ≈ وە پێغەمبەی ئاخر زەمان ≈ وە فەخری عالەم ≈ وەو کەسەی ئسراو میعراجی پێکرا.....هتد**

**سوێندخواردن بە قورئانی پیرۆز:**

**وە قورئان ≈ وە کەلامی خوا ≈ وە کتابی خوا ≈ وەو قورئانەی هالە ئەو مزگفتا ≈ وە سی جوزئەی قورئان ≈ وەو قورئانەی وا من وتۆ بسمیلامان لێ کردە ≈ وەحەق قورئان**

**سوێندخواردن بە کەسایەتییە پیرۆزەکانی تر:**

**وە غەوزەکەی بەغا ≈ وە غەوزی گەیلانی ≈ وە شیخ عەبدالقادر گەیلانی ≈ وە حەزرەتی غەوز وە ئەسحابە ≈ وە ئیمام عەلی ≈ وە ئیمام حوسێن ≈ وە ئیمام عومەر ≈ وە هەر چوار ئیمام ≈ وەهەرچوار مەزەو / مەزهەب ≈ وەئیمام غەباس**

**وە ماڵ خوا ≈ بە کەعبەی شەریف ≈ وەو قیبلەیەی وا گشت موسڵمان ڕوو تێ ئەکەن وەو نیعمەتە ≈ وەو نانە کە لە پێش قورئان هاتەتە خوارۆ**

**وە شێخ سمایلی کلاٚوقووچ ≈ وە عوسمانی بڕنە ≈ وەو باوەنوورە ≈ وە سەری شێخ عومەری بیارە ≈ وە شێخ محەمەدی تەڕاتەوەن**
**وە سەی مدری ≈ وە باباسەید**

## سوێندخواردن بە گیان و گۆڕی کەسێك، یان شتێکی پیرۆزی دیاریکراو:

**وە ڕۆحی شەهیدان ≈ وە گیانی شەهیدان**
**وەسەری براکەم ≈ وە گیانی براکەم≈ بە گیان کاکەم**
**وە خاکی کوردستان ≈ وە کوردستان**
**وە قەوری باوکم ≈ وە گۆڕ باوك**

## سوێندخواردن بە چەند دیاردەیەکی تر:

**بە تەلاقم ≈ وە شەرەفم ≈ وە ناموسم ≈ بە نیکاحم ≈ بە غیرەتم ≈ بە کەرامەتم ≈ وە شیر دایکم ≈ بە حەیسێتم...هتد.**

## ۳/۳-۳) سینۆنیم و دوعاکردن:

زۆرجار کارێك دێتەپێشەوە، کە ئەنجامدان و جێبەجێکردنی لە توانای مرۆڤەکان بەدەرە، لەم ڕووەوە مرۆڤەکان هەستیان بە هێزێکی باڵاتر لە خۆیان کردووە و بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە پەنایان پێبردووە، بەم کردەوەیەش دەگوترێت (دوعاکردن)، واتە ((دوعا یان نزاکردن جۆرێکە لە ئاوات خواستن و پاڕانەوە))(هێمن عەبولحەمید شمس:٢٠٠٦:١٦١).

لە کردەوەی دوعاکردندا کەسێك پەنادەباتە بەر کەسێك، یان شتێکی لەخۆی بەهێزتر وگەورەتر و داوای لێدەکات مەبەست و ویستەکانی بۆ بەدیبهێنێت، ئەم کردەیەش لە ڕێگەی چەند چەمك و دەربڕاوێکی تایبەتی و ئامادەکراوە ئەنجامدەدرێت ولە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکاندا وەك فۆرمێکی ڕێزمانی لێیدەڕوانن، بێگومان کردەوەی نزا و دوعاکردن پەیوەندییەکی بەهێزی بە کەلتور و بیروباوەڕ و تێڕوانینی گەلانەوە هەیە بەرامبەر گەردوون و ژیان بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە هەر گەلێك بەپێی کەلتور و باوەڕەکەی بەشێوەیەکی جیاواز دەڕوانێتە دوعاکردن و هەر گەل و میللەتێك و تەنانەت هەندێك جار تاکەکانیش بەپێی ئەو بیروباوەڕە تایبەتەی، خۆی هەیەتی دوعا و نزا دەکات و هەندیکجاریش دەربڕا و دەستەواژەی تایبەتیی لەم کردەیەدا بەکاردێت، گەلی کوردیش بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی پابەند بوونی بە ئاینی ئیسلامەوە و موسڵمانبوونییەوە زۆرجار پەنادەباتە بەر خوای گەورە و داوای جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆرجار بەپێی ناوچە و کەسەکان

جگە لە خوا پەناش بۆ چەندین کەسایەتی و پیاوچاك و شوێنی پیرۆز دەبرێت و هیوادارن ویست و ئارەزووەکانیان بۆ بهێننەدی.

لە لێکدانەوەی دەربڕاوی دوعاکردندا پێویستە بەپێی واتای سیمانتیکی وپراگماتیکی شرۆڤەی بۆ بکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی، کە ئەم دەربڕاوانە بەزۆری لە ڕێگای واتای یەکە بەشداربووەکانیەوە واتاکەی بەدەستدێت، کەچی هەندێك دەربڕاوهەیە پێویستی بە واتای پراگماتیکی و زانیاریی دەورووبەر هەیە بۆ ئەوەی لە واتاکەی بگەین. وەکو:

**شێخ ساڵەح بگەیە فریامان، یان سوێند بە (شێخ باوە) و(باوە مەحموی) دەخورێت ...هتد.**

لێرەدا ناوی (شیخ ساڵەح) و (شێخ باوە) و (باوە مەحموی) کەسایەتی باوەڕداری ناوداری تایبەتە بە هەندیك ناوچەی گەرمیانەوە و کەسانێك هەن سوێندیان پێدەخۆن و لێیان دەپاڕێنەوە وهانایان بۆ دەبرێت، بەڵام مەرج نییە ئاخێوەرێکی تری ناوچەکانی تر بەکاریبهێنن و تەنانەت بشیناسن.

لە ڕوانگەی پێوەندییە واتاییەکانیشەوە هەروەك چۆن لەنێو یەکەکانی زمان و دەربڕاوەکانی تردا پەیوەندییە واتاییەکان بە تایبەت دیاردەی سینۆنیم بوونی هەیە، لە نێو دەربڕاوەکانی بواری دوعاکردنیشدا دیاردەی سینۆنیم دەبینرێت، وەکو:

**خوا لێت خۆش بێت ≈ خوا عافوت بکات**
**خوا لە دایك وباوکت نەسێنێت ≈ خوا بتهێڵێت بۆ دایك و باوکت**
**خوا ڕێنوویت بکات ≈ خوا هیدایەتت بدات**
**خوا دەست بە باڵتەوە بگرێت ≈ خوا بتپارێزێت ≈ یاجوا تەمەن دریژ بیت**
**ئاخیر خێربیت ≈ عاقیبەت وەخێربیت**

هەریەکە لەم دەربڕاوانەی سەرەوە هەرچەند لە ڕووی فۆرمەوە جیاوازن، بەڵام هەموویان یەك واتا و مەبەست دەگەیەنن، ئەویش پاڕانەوە و دوعاکردنە بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێك، بۆیە دەبن بە سینۆنیمی یەکتر. هەندێکجار بەپێی باوەڕی کەسەکان پەنادەبرێتەبەر کەسێکی تر جگە لە خوا و بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێك لە دەربڕاوەکاندا بەکاردەهێنرێت، وەکو:

**غەوزی گەیلانی بتپارێزێت ≈ شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئاگادارت بێت ≈ غەوزەکەی بەغا دەسی وە سەرتۆ بێ.**

هەندێجاریش جگە لە کەسایەتییە پیرۆزەکان چەند دەربڕاوێك بەکاردەهێنرێت، مەبەست لێی دوعاکردنە بۆ کەسی بەرامبەر، وەکو:

**خوا قەزا ≈ قەزات بکەوێت لێم / قەزات لە من کەوێت ≈ قەزاوەگێڕت بم ≈ لە دەورت گەڕێم/لە دەوری سەرت گەڕێم ≈ بێمە دەورتا.**
